حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە

# کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لای دەستەبژێری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا

## (فەیسبووک وەک نموونە)

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کولێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ڕاگەیاندندا.

توێژەر
دلێر عەبدولخالق حاجی

بە سەرپەرشتی
پ.ی.د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد

٢٠٢٣

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (دلێر عەبدولخالق حاجی) بە ناونیشانی (کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لای دەستەبژێری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا، فەیسبووک وەک نموونە)، بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ئەنجامدراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن)دا، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

**واژۆ:**
سەرپەرشت: د.پاڤێ جەمیل ئەحمەد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ڕێکەوت: / /٢٠٢٣

**بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**واژۆ:**
پ.ی.د. یۆهان عثمان حمە حسێن
سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن
ڕێکەوت: / /٢٠٢٣

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی خوێندکار (دلێر عەبدولخالق حاجی)، بەناونیشانی (کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لای دەستەبژێری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا، فەیسبووک وەک نموونە)، خوێندنەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (        ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن)دا پێبدرێت.

**سەرۆک**
واژۆ
ناو: پ.د. عمر احمد رمضان
ڕێکەوت: ١٨/ ٤/ ٢٠٢٣

**ئەندام**
واژۆ
ناو: پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مصطفى
ڕێکەوت: ١٨/ ٤/ ٢٠٢٣

**ئەندام**
واژۆ
ناو: پ.ی.د. صادق حمەغریب حمەصاڵح
ڕێکەوت: ١٨/ ٤/ ٢٠٢٣

**ئەندام و سەرپەرشتیار**
واژۆ
ناو: پ.ی.د. پاڤێ جمیل احمد
ڕێکەوت: ١٨/ ٤/ ٢٠٢٣

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی پەسەندکرا**

**واژۆ**
پ.ی.د.پاڤێ جەمیل ئەحمەد
ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
٢٢/ ٥/ ٢٠٢٣

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

ئەم نامەی خوێندکار (دلێر عەبدولخالق حاجی)، بەناونیشانی (کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لای دەستەبژێری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا، فەیسبووک وەک نموونە)، پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەی تێیدا بووە ڕاستکراونەتەوە، بەمەش نامەکە لەڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆ.

**واژۆ:**
پ.د. شیلان عومەر حسێن
ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣

# پێشکەشکردن

ئەم هەوڵە پێشکەشە بە

- دایک و باوکی خۆشەویستم.
- مامم (عەبدولواحید دوکانی).
- خێزانەکەم (دەژین، دلین، دیاڤ).
- هاوڕێ و برا (محەمەد ئەحمەد/ خەلیفە).

**دلێر عەبدولخالق حاجی**

# سوپاس و پێزانین


- سوپاسگوزاریی بەردەوام بۆ نیعمەت و بەخششەکانی خوای گەورە.
- سوپاس و پێزانین، بۆ سەرپەرشتیار (پ.ی.د.پاڤێ جەمیل ئەحمەد)، کە تەواویی دڵسۆزیی و توانایی خۆی خستەگەڕ بۆ نووسینی ئەم نامەیە.
- سوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلێژ و بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی.
- سوپاس بۆ کاک (دانا عەبدولکەریم) وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، کە لە پڕکردنەوەی فۆڕمی وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم هاوکار بوو.
- سوپاس بۆ خاتوو (گوڵستان سەعید)، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، کە لە پڕکردنەوەی فۆڕمەکانی ئەندامانی پەرلەمان هاوکار بوو.
- سوپاس بۆ پڕۆفیسۆر (د. شیلان عومەر حسێن)، کە پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ نامەکە کرد.
- سوپاس بۆ کاک (ئۆڕاڵ ئەبوبەکر)، کە ئەرکی دیزاینکردنی نامەکەی لە ئەستۆگرت.
- سوپاس بۆ هاوڕێیانم (هێرش عەبدولڕەحمان، هەکار مەحمود، لانە سەردار قادر) لە پەیداکردنی چەند سەرچاوەیەک هاوکار بوون.
- سوپاس بۆ کاک (زاهیر ڕەحیمی) لە وەرگێڕانی سەرچاوە فارسییەکان هاوکاری کردم.
- سوپاس بۆ هاوڕێکانم (عەبدولوەهاب عەلی، مەسعود هادی، عیسا سان ئەحمەد، ئازا ئیبراهیم)، کە لە پڕکردنەوەی فۆڕمەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، هاوکاربوون.
- سوپاس بۆ (نوسراودانی وشە)، کە وەک گەنجینیەکی دەوڵەمەندی سەرچاوەکان لێی سوودمەندبوم.
- سوپاس بۆ کتێبخانەکانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی.

**توێژەر**

# پوختەی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی (کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لای دەستەبژێری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا، فەیسبووک وەک نموونە)، شیکردنەوە و زانینی ئاستی کاریگەریی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەسەر پرۆسەی سیاسیی، بە تایبەت کاردانەوە و کارلێکی کارەکتەرەکانی دەسەڵاتە فەرمی و نافەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی لەناو پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، وەک شێوازێکی نوێی میدیایی بۆ پەیڕەوکردنی جۆرێک لە حوکمڕانیی دروست لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

توێژینەوەکە دەچێتە خانەی توێژینەوە وەسفییەکان، کە تێیدا شرۆڤە و ڕاڤە بۆ پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، وەک ئامرازێکی میدیای نوێ لەناو کایەی گشتی و پەیوەندیکردنی سیاسیی دەکات و ئاستی کاریگەریی لەسەر کایەی سیاسیی و دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەڵدەسەنگێنێت.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە؛ نمایشی کارەکتەرانی دامەزراوە فەرمییەکانی حوکمڕانی (پەرلەمان، حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری)، لەگەڵ میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان دەکات، سامپڵی توێژینەوەکەش ژمارەیان (٢٤٠) بەشداربووە و لەڕێگەی سامپڵی ناهەرەمەکی مەبەستدارەوە ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران، وەزیرەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری، میدیاکاران و چالاکوانانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەرگیراون.

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی وەسفی (ڕوپێویی) بەکارهێنراوە و لەڕێگەی ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسییەوە زانیارییەکان کۆکراونەتەوە، دواتر بە پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بۆ داتاکانی ئامرازی توێژینەوەکە شیکردنەوە کراوە و پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوی سەرەکی و دەرئەنجامەکان دیاریکراون.

لە دیارترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە؛ زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەکاردەهێنن و بایەخیان بۆ پرسە سیاسییەکان هەیە، زۆرینەی زۆری بەشداربوون بە بەردەوام و هەندێجار گرنگی بە هەواڵ و زانیاریی پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست دەدەن و کارلێک لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکان دەکەن، هەروەها بە ئاستێکی بەرز سامپڵی توێژینەوەکە دید و بۆچوونەکانیان لەڕێی فەیسبووکەوە سەبارەت بە حوکمڕانیی دروست دەخەنەڕوو، زۆرینەی پەرلەمانتاران، وەزیرەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری، میدیاکاران و چالاکوانان تێڕوانینیان وایە؛ فەیسبووک وەک ئامرازێکی فشار، کاریگەری لەسەر گۆڕینی بڕیار و هەڵوێستەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەیە.

## پێڕستی بابەتەکان


| ژمارەی لاپەڕە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| ج | پێشکەشکردن |
| چ | سوپاس و پێزانین |
| ح | پوختەی توێژینەوە |
| خ | پێڕستی بابەتەکان |
| ر | پێڕستی خشتەکان |
| **١-٣** | **پێشەکی** |
| **٤-٢٦** | **بەشی یەکەم/ چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە** |
| ٥ | یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە |
| ٦ | دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٦ | سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە |
| ٨ | چوارەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە |
| ٨ | پێنجەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| ٨ | شەشەم: سامپڵی توێژینەوەکە |
| ٨ | حەوتەم: ئامڕازەکانی توێژینەوەکە |
| ٩ | هەشتەم: گریمانەی توێژینەوەکە |
| ٩ | نۆیەم: ڕاستی ڕواڵەتی |
| ٩ | دەیەم: جێگیری ناوخۆیی |
| ١٠ | یازدەهەم: سنوری توێژینەوەکە |
| ١٠ | دوازدەهەم: هاوکێشە ئامارییەکان |
| ١١ | سیازدەهەم: تیۆری بەکارهاتوو (پشتبەستن بە ئامڕازەکانی میدیا) |
| ١٥ | چواردەهەم: توێژینەوەکانی پێشوو |
| ٢٤ | پازدەهەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو |
| ٢٥ | شازدەهەم: دیاریکردنی چەمکەکان |
| **٢٧-٩٤** | **بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری سۆشیال میدیا و حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا** |
| **٢٨** | **باسی یەکەم/ چوارچێوەی تیۆری سۆشیال میدیا** |
| ٢٨ | ١. چەمک و لێکدانەوە و پاشخانی سۆشیال میدیا. |
| ٣٥ | ٢. پلاتفۆڕمە بەربڵاوەکانی سۆشیال میدیا. |
| ٤٥ | ٣. تایبەتمەندییەکانی سۆشیال میدیا. |
| **٤٩** | **باسی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری و چەمککاری حوکمڕانیی دروست** |
| ٤٩ | ١. چەمک و ناساندنی حوکمڕانیی دروست. |

| | |
|---|---|
| ٢. ئەكتەرەكانی حوكمڕانیی تەندروست. | ٥٤ |
| ٣. تایبەتمەندییەكانی حوكمڕانیی دروست. | ٥٩ |
| **باسی سێیەم/ كاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر حوكمڕانیی دروست لە هەرێمی كوردستاندا** | **٦٦** |
| ١. سۆشیال میدیا وەک ئامڕازێکی حوكمڕانیی دروست. | ٦٦ |
| ٢. دامەزراوەكانی حوكمڕانیی لە هەرێمی كوردستاندا. | ٧٣ |
| ٣. كاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوكمڕانیی دروست لە هەرێمی كوردستاندا. | ٨٠ |
| **بەشی سێیەم/ چوارچێوەی پراكتیكی توێژینەوەكە** | **٩٥-١٢٥** |
| یەكەم/ تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەكە. | ٩٦ |
| دووەم/ وەڵامی سامپڵی توێژینەوەكە. | ٩٨ |
| سێیەم/ تاقیكردنەوەی گریمانەكان و شیكردنەوەیان | ١٢٠ |
| دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەكان | ١٢٦ |
| سەرچاوەكان | ١٣٣-١٤٧ |
| پاشكۆ | أ – ح |
| پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی عەرەبی (ملخص) | خ |
| پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی (Abstract) | د |

# پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١٠ | جێگیریی توێژینەوە | ١ |
| ٩٦ | تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ٢ |
| ٩٨ | ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | ٣ |
| ٩٩ | ڕۆژانەی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | ٤ |
| ١٠٠ | دیارترین ئەو بابەتانەی لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە جێی بایەخن لە سۆشیال میدیادا | ٥ |
| ١٠١ | دیارترین ئەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانەی کە سامپڵی توێژینەوەکە، بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا پشتیپێدەبەستن | ٦ |
| ١٠٢ | شوێنی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | ٧ |
| ١٠٢ | ئاستی بەشداریکردن بە کۆمێنت و کاردانەوە لەسەر ناوەڕۆکی هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | ٨ |
| ١٠٣ | گرنگیدان بە دابەزاندن و ئەرشیفکردنی بابەتی بڵاوکراوەکان لەسەر پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا بۆ دووبارە بینینەوە وخوێندنەوە و گوێگرتن لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | ٩ |
| ١٠٣ | ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | ١٠ |
| ١٠٤ | مەبەستی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | ١١ |
| ١٠٥ | ئاستی پشتبەستن بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بۆ بڵاوکردنەوە و ئاڵوگۆڕی هەواڵ و زانیاری پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | ١٢ |
| ١٠٥ | ئاستی متمانەی سامپڵی توێژینەوەکە بەو هەواڵ و زانیاری و دەربڕینانەی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە | ١٣ |
| ١٠٦ | ئاستی گرنگیدان بە هەواڵ و زانیاری پەیوەست بەحوکمڕانیی دروست لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | ١٤ |
| ١٠٧ | تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بووەتە ئامرازێک بۆ خستنەرووی هەواڵ و زانیاری پەیوەست بەهۆشیارکردنەوەی تاک و گروپ سەبارەت بە سەروەری یاسا لەهەرێمی کوردستاندا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە | ١٥ |
| ١٠٧ | تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هانی سامپڵی توێژینەوەکە دەدات، بۆ بەشداری سیاسیی لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا | ١٦ |
| ١٠٨ | ئاستی کارلێکردن لە ڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک سەبارەت بەشەفافیەت و بە دەستهێنانی زانیاری پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا لەلایەن بەرتوێژانی توێژینەوەکەوە | ١٧ |
| ١٠٩ | تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و خستنە ژێر بەرپرسیارێتی دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی پەیڕەوکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی دروست لەلایەن بەرتوێژانی توێژینەوەکەوە | ١٨ |
| ١١٠ | تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بووەتە ئامرازێکی یاریدەدەر بۆ خستنەرووی دۆسییەکانی گەندەڵی و فشار دروستکردن لەسەر کاربەدەستان و دامەزراوە و خاوەن بەرژەوەندییەکان لەلای سامپڵی توێژینەوەکەوە | ١٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بووەتە ناوەندێک بۆ وەڵامدانەوەی خێرای داخوازی و داواکاری بەکارهێنەران لای سامپڵی توێژینەوەکەوە | ١١٠ |
| ٢١ | تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بووەتە ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ کارلێک و پەیوەندی بەردەوام لەنێوان بەکارهێنەران و دامەزراوەکانی حوکمڕانی لەلای سامپڵی توێژینەوەکەوە | ١١١ |
| ٢٢ | تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلای سامپڵی توێژینەوەکە، وەک سەکۆیەکی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری بەشـــداربووە لە نزیککردنەوەی بۆچوون و دیدگا جیاوازەکان بۆ دروســـتکردنی جۆرێک لە کۆدەنگی لەســـەر بنەمای پاراســـتنی بەرژەوەندی گشـــتی لە هەرێمی کوردستاندا | ١١٢ |
| ٢٣ | کاردانەوە وهەڵوێسـتی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسـبووک کاریگەریی لەسـەر گۆڕینی بڕیار و هەڵوێستەکانی سامپڵی توێژینەوەکە هەبووە | ١١٣ |
| ٢٤ | بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و ئاستی هۆشیارییان لەسەر حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا | ١١٤ |
| ٢٥ | هاوکێشـــەی پەیوەســـتی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا | ١٢٠ |
| ٢٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەی ئاماریی لەنێوان ســـامپڵی توێژینەوەکە، لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی: (ڕەگەز) | ١٢٠ |
| ٢٧ | ئەنجامی تـاقیکردنەوەی (کـا2) بۆ جیـاوازی ئـامـاژەکـانی پەیوەنـدی ئـامـاریی لەنێوان بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی: (تەمەن) | ١٢١ |
| ٢٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سـامپڵی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی: (ئاستی خوێندن) | ١٢١ |
| ٢٩ | ئەنجامی تـاقیکردنەوەی (کـا2) بۆ جیـاوازی ئـامـاژەکـانی پەیوەنـدی ئـامـاریی لەنێوان بەرتوێژانی توێژینەوەکە هەیە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەپیی: (جۆری کار) | ١٢٢ |
| ٣٠ | ئەنجامی تـاقیکردنەوەی (کـا2) بۆ جیـاوازی ئـامـاژەکـانی پەیوەنـدی ئـامـاریی لەنێوان بەرتوێژانی توێژینەوە لەبەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی: (شوێنی نیشتەجێبوون) | ١٢٢ |
| ٣١ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەی ئاماریی لەنێوان ســـامپڵی توێژینەوەکە، سەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست، بەپێی: (ڕەگەز) | ١٢٣ |
| ٣٢ | ئەنجامی تـاقیکردنەوەی (کـا2) بۆ جیـاوازی ئـامـاژەکـانی پەیوەنـدی ئـامـاریی لەنێوان بەرتوێژانی توێژینەوەکە ســـەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروســـت بەپێی: (تەمەن) | ١٢٣ |
| ٣٣ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سـامپڵی توێژینەوەکە ســـەبارەت بە بۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروســـت بەپێی: (ئاســـتی خوێندن) | ١٢٤ |
| ٣٤ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سـامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست بەپێی: (جۆری کار) | ١٢٤ |
| ٣٥ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سـامپڵی توێژینەوەکە ســـەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروســـت بەپێی: (شـــوێنی نیشتەجێبوون) | ١٢٥ |

# پێشەکی

هاوشانی دەسەڵاتە فەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی (پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری)، چەند ئەکتەرێکی دیکە، وەک میدیا، پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە پرۆسەی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا بەشدارن، لەم ڕاستییەوە، بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیای پەیوەندییکردن و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، دەرفەتی زیاتری بە خەڵک و بەکارهێنەران بەخشیوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسە گشتییەکان، بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیی، شەفافییەت و ئاسانی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان، ئازادی ڕادەربڕین و چاودێربوون بەسەر دامەزراوەکانی حوکمڕانی، کە هەموو ئەم تایبەتمەندییانە بەسەر یەکەوە ئەڵقەیەکە لە زەمینەسازی بۆ پەرەپێدانی جۆرێک لە حوکمڕانیی دروست.

لە سێ دەیەی ڕابردوودا، سۆشیال میدیا وەک بەربڵاوترین پلاتفۆرمی پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری، کە گوزارشتە لە کۆمەڵێک ماڵپەڕ لە نەوەی دووەمی ئینتەرنێت (Web2)، کاریگەری بەسەر هەموو کایەکانی ژیان و لەناویاندا بواری سیاسەت و کایەی حوکمڕانی جێهێشتووە، بەشێوەیەک ئەم سەکۆ ئۆنلاینانە وەک بەشێک لە کایەی گشتی (Public Sphere) و ئامرازی پەیوەندی سیاسیی (Political Communication)، نەک تەنها گۆڕانکاری ڕیشەیی لە شێوازی پەیوەندیکردن کردووە، بەڵکو توانای گۆڕانکاری لەسەرلەنوێ دابەشکردنەوەی هێز و کاریگەری نێوان هاوڵاتیان و حکومەتەکان هەبووە، بەو ئاڕاستەیە گەشەکردنی میدیای نوێ چەند چەمکێکی دیکەی بۆ فەرهەنگی زانستی و زمانەوانی زیادکرد، کە هەموویان ئاماژەن بۆ بەهێزبوونی پێگەی خەڵک لەناو بونیادی ئەو میدیایەدا، لەوانە میدیای دیموکراسی، دیموکراسیەتی دیجیتاڵی، میدیای خەڵک، میدیای کارلێکی، میدیای پەراوێزخراوەکان و ڕۆژنامەنووسی هاوڵاتی.

لە بەرمبەردا، هاوتەریب بە گەشەکردنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و میدیای ئەلیکترۆنی، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بیری حوکمڕانیی دروست وەک چەمکێکی بەهایی لە فەرهەنگی سیاسیی و ئابوری و کارگێڕیی وڵاتان برەوی پەیداکرد، ئەم جۆرە لە فەرمانڕەوایی ئاماژەیە بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسیی بە ئاڕاستەی گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵ و دابینکردنی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی، کە لە بنەڕەتدا وەک پەرچەکردارێک بوو، بۆ چارەسەر و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵێک قەیران و ئاڵنگاری سیاسیی و ئابوری و کارگێڕیی دەوڵەتە گەشەنەدەکان، لەوانە لاوازی سەروەری یاسا، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکان، نەبوونی ڕەوایەتی سیاسیی، زاڵبوونی دەسەڵاتی حیزب بەسەر دەوڵەتدا، بڵاوبونەوەی هەژاری و بێکاری، لاوازی گەشەپێدانی مرۆیی، نادادی لە دابەشکردنی داهات و ساماندا.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بە ئاڕاستەی دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و کاریگەری و کاردانەوەی لەسەر بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بایەخی ئەم کۆششە ئەکادیمییە

لە دوو ڕەهەندی سەرەکیدا چڕ دەبێتەوە، یەکەم: سۆشیال میدیا و حوکمڕانیی دروست، وەک دوو دیاردە و چەمکی نوێ جێی مشتومڕ و بایەخی زانستی میدیا و سیاسەت و کۆمەڵناسین. دووەم: ئەم توێژینەوەیە کێشەیەک دەکاتە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی؛ پەیوەندیدارە بە زۆرایەتی ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردستان، کە بەکارهێنەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووکن، هاوکات ئەزموونی سیاسیی و شێوازی حوکمڕانی هەرێم دەرگیری کۆمەڵێک کێشە و قەیرانی بونیادییە، کە پێویستی بە بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی دروستە، بۆ چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکان و دروستکردنەوەی متمانە لەنێوان هاوڵاتیان و دامەزراوەکانی حوکمڕانی و نیشاندانی مۆدیلێکی جیاواز لە خۆبەڕێوەبەری کوردیدا؛ کە کورد وەک نەتەوە بەردەوام قوربانی دەستی حوکمڕانی خراپی ڕژێمە یەک لە دواییەکان بووە.

لەم سۆنگەیەوە، بە پشتبەستن بە پێودانگە زانستییەکان و واقیعی سیاسیی، بنەماکانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا لاوازن، بە دیوێکی دیکەدا، ئەگەرچی هەرێمی کوردستان، وەک قەوارەیەکی سیاسیی خاوەنی هەموو ئەکتەرەکانی حوکمڕانیی دروستە لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بەڵام هەموو ئەم دامەزراوانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ و ئاڵنگاری دەبنەوە، کە لەمپەڕن لەبەردەم پەرەپێدانی حوکمڕانیی دروستدا؛ هەربۆیە هەڵوەستەکردن لەسەر ڕۆڵی میدیای نوێ و کاریگەریی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک لەسەر دامەزراوەکانی حوکمڕانی، لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، بەشێوەیەک کاردانەوەی هاوڵاتیان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ناوەندەکانی بڕیار و بڕیارسازان (صناع القرار) بخرێتەڕوو، هاوکات ئاستی بەدەنگەوەهاتن و وەڵامدانەوەی ئەکتەرەکانی حوکمڕانی لەڕێی فەیسبووکەوە بۆ داخوازی و خواستەکانی هاوڵاتیان ئاشکرا بکرێت.

بە میتۆدی سەرنجدان و ڕوانگەی توێژەر، لە دوای ساڵی (٢٠١٠)ەوە، بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە زیادبوون و فراوانبووندابووە، بە گوێرەی ئەو توێژینەوانەی لەو بوارەدا لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان ئەنجامدراون؛ زۆرینە سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەکاردەهێنن، ئەمەش ڕادەی کاریگەریی و بایەخی سۆشیال میدیا و فەیسبووک لەسەر واقعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەردەخات، بەشێوەیەک هاوڵاتیان لە ڕێگەی ئەو پلاتفۆرمانەوە بەردەوام لە پەیوەندیدان و بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر ئاستی خزمەتگوزارییەکان و پێهەستانی دامەزراوەکان و حکومەت بڵاودەکەنەوە، لە بەرامبەردا دامەزراوەکانی حوکمڕانی، پارتەکان، ڕێکخراوەکان، کەناڵەکانی میدیا و کۆمپانیاکان لەڕێی پەیجەکانی فەیسبووک و پلاتفۆرمەکانی دیکە بازاڕدۆزی بۆ هەڵوێست و چالاکییەکانیان دەکەن، ئەم پرۆسە کارلێکییە پردی پەیوەندی نێوان خەڵک و دامەزراوەکانی بەهێزترکردووە و لە حاڵەتی دروست بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووکدا تا ئەندازەیەک کاریگەری ئەرێنیان لەسەر خستنەڕووی کەیسەکانی گەندەڵی، پرەنسیپەکانی شەفافییەت و خستنەڕووی زانیارییەکان، کاراکردنی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە، وەڵامدانەوەی خێرای دامەزراوە گشتیەکان بۆ داواکاری خەڵک دەبێت؛ کە ئەم پێنوێنانە لە بنەما لەپێشینەییەکانی حوکمڕانیی دروستن.

پەیکەری ئەم توێژینەوەیە، لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم: بریتیە لە (چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە، کە خۆی دەبینێتەوە لە کێشە، ئامانج، گرنگی، جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە، لەگەڵ گریمانە و ئامراز و کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە، هاوکات شیکردنەوەی پێوەرە ئامارییەکان، خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو، تیۆری بەکارهاتوو و دیاریکردنی چەمکەکانی لەخۆگرتووە). بەشی دووەم: (تایبەتە بە تیۆرینامەی توێژینەوەکە و لەڕێگەی سێ باسەوە؛ (چوارچێوەی تیۆری سۆشیال میدیا و ڕەهەندە پەیوەندیدارەکان، چوارچێوەی تیۆری و چەمککاری حوکمڕانیی دروست، لەگەڵ کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا تاوتوێکراون). بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە دەگرێتەوە، کە تێیدا شیکردنەوە بۆ داتا و زانیارییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە کراوە و ڕێکاری ئاماری بۆ سەلماندنی گریمانەکان و دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان گۆڕاوە سەرەکییەکان ئەنجامدراوە، لەم چوارچێوەیەدا دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە.

دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە.

سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە.

چوارەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە.

پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

شەشەم: گریمانەی توێژینەوەکە.

حەوتەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

هەشتەم: سامپڵی توێژینەوەکە.

نۆیەم: ڕاستی ڕواڵەتی.

دەیەم: جێگیری ناوخۆیی.

یازدەهەم: سنوری توێژینەوەکە.

دوازدەهەم: هاوکێشە ئامارییەکان.

سیازدەهەم: تیۆری بەکارهاتوو (پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا).

چواردەهەم: توێژینەوەکانی پێشوو.

پازدەهەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو.

شازدەهەم: دیاریکردنی چەمکەکان.

## بەشی یەکەم/ میتۆدنامەی توێژینەوەکە:

### یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە:

هەنگاوی یەکەمی هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە هەستکردن بە کێشەیەک و ناڕوونی و ئاڵۆزیی بابەتێکەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم سۆنگەیەوە توێژەر ئەو ناڕوونی و ئاڵۆزییەی پەیوەندیدارە بە کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لای دەستەبژێری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا؛ کردووەتە کێشەی توێژینەوەکەی.

سۆشیال میدیا نەوەی دووەمی ئینتەرنێتە (Web2)، تێکڕای ئەو تۆڕ و پلاتفۆڕم و ئەپڵیکەیشنانەی بواری خزمەتگوزاریی پەیوەندییکردن دەگرێتەوە، کە لەلایەن چین و توێژی جیاواز و بە زمانی جیاواز بۆ کارلێک و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، سیاسیی، سەوداگەریی و بازرگانی بەکاردێن، پەیدابوونی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا گۆڕانکاری بنچینەیی لە زۆربەی کایەکانی ژیاندا دروستکردووە، جێکەوت و لێکەوتی ئەو گۆڕانکارییانەش لە کایەی سیاسەت و دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا زیاتر ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش لە چەند ئاستێکی جیاوازدا بەرجەستە دەبێت لەوانە، سۆشیال میدیا دەرفەتی زیاتر بۆ بەشداری سیاسیی هاوڵاتیان لە کایە گشتیەکاندا ڕەخساندووە، بووەتە ئامڕازێکی دیکەی میدیایی بۆ زیادبوونی هۆشیاری سیاسیی و وەڵامدانەوەی خێرا بۆ ڕووداو و پرسە سیاسیەکان، کاریگەری لەسەر ڕەفتاری خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردن و پەسەندکردنی بەرنامە سیاسیەکان و لایەنگیری بۆ پارتە سیاسیەکان دروستکردووە، هاوکات کاربەدەست و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان پشت بە پلاتفۆڕمەکان، بۆ بڵاوکردنەوەی هەڵوێست و ئاگاداربوون لەو بابەتانەی جێی سەرنجی خەڵکن دەبەستن، زۆرجاریش وەکو کەناڵی فشار دژی دەسەڵاتی سیاسیی بەکاردێت و کاریگەری لەسەر گۆڕینی بڕیارە سیاسیەکان و گۆڕانکاری لە شێوازی حوکمڕانی و ئیدارەدانی هاوڵاتیان هەیە.

لێرەوە، توێژەر کێشەی توێژینەوەکە لە پرسیارێکی سەرەکیدا دەخاتەڕوو؛ ئاستی کاریگەریی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا سەبارەت بە پەرەپێدانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا چەندە؟ لەم پرسیارە سەرەکییەوە توێژەر چەند پرسیارێکی لاوەکی دەخاتەڕوو:

1. ئاست و قەبارەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای سامپڵی توێژینەوەکە چەندە؟
2. ئەو بابەتانە کامانەن، کە سامپڵی توێژینەوەکە لە سۆشیال میدیا زیاتر گرنگی پێدەدەن؟
3. پلەی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، لە ئاڵوگۆڕی هەواڵ و زانیاری پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست چەندە؟
4. تاچەند تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هانی سامپڵی توێژینەوەکە، بۆ بەشداری سیاسیی لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا دەدات؟
5. ئایا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک یارمەتیدەرە بۆ سامپڵی توێژینەوەکە، لە خستنەڕووی دۆسییەکانی گەندەڵی و فشار دروستکردن بە ئاڕاستەی سنووردارکردنی؟
6. سروشتی ئەو کاردانەوە و هەڵوێستانە چین، کە لای سامپڵی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی فەیسبووک و ڕەنگدانەوەی لەسەر گۆڕینی بڕیارەکان و باشترکردنی کارایی حوکمڕانیدا دروست دەبن؟

7. دیارترین ئەو جیاوازییانە چین، کە لەلای سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە حوکمڕانیی دروست ڕوودەدەن، بەپێی تایبەتمەندی دیموگرافی ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، جۆری کار و شوێنی نیشتەجێبوون؟

**دووەم/ ئامانجی توێژینەوەکە**

گرنگترین ئامانجە بابەتی و ئەکادیمییەکانی ئەم توێژینەوەیە، خۆی دەبینێتەوە لە:

1. زانینی ئاست و قەبارەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بە گشتی و فەیسبووک بە تایبەتی، لەلای سامپڵی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستاندا.
2. خستنەڕووی جۆری ئەو بابەت و دەربڕین و هەڵوێستانەی سامپڵی توێژینەوەکە، لەسەر پرس و بابەتە گشتیەکان هەیانە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر حوکمڕانیی دروست.
3. ئاشکراکردنی پلەی پشتپێبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە، بۆ وەرگرتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری سەبارەت بە حوکمڕانیی دروست لەڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا وە.
4. زانینی ئاستی کاریگەری پلاتفۆڕمی فەیسبووک، لەسەر پڕۆسەی بەشداری سیاسی و گەیاندنی هەڵوێستی سامپڵی توێژینەوەکە، بە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی.
5. ئاشکراکردنی ئەو کاردانەوە و هەڵمەتانەی لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاوە لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی دروستدەبێت و ئاستی بە پیرەوەچوونی دامەزراوەکانی حوکمڕانی بەرامبەریان.
6. خستنەڕووی سروشتی بەکارهێنانی فەیسبووک لای سامپڵی توێژینەوەکە و ڕەنگدانەوەی لە پڕۆسەی سیاسیی و پەرەپێدانی حوکمڕانییەکی دروست و لێوەشاوە و وەڵامدەرەوەدا.
7. زانینی ڕادەی بەردەستبوونی زانیارییەکان و خێرایی لە گواستنەوە و گەیاندنیان لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە؛ وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ شەفافیەت و ڕوونی و ئاشکرایی زیاتر لە کایەی حوکمڕانی و حکومڕانیی دروستدا.

**سێیەم/ گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەناونیشانەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کار لەسەر دوو گۆڕاوی سەرەکی ناو کایەی میدیا و سیاسەتدا دەکات، ئەوانیش سۆشیال میدیا و حوکمڕانیی دروستە؛ کە هەردووکیان وەک دوو دیاردە و چەمکی نوێ جێی گفتوگۆ و بایەخی زانستی میدیا و پەیوەندی سیاسی و کایەی گشتین و کاریگەرییان لەسەر شێوازی حوکمڕانی و پڕۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی هەیە، هاوکات بابەتی کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا؛ دەبێتە یەکەمین هەوڵ و توێژینەوەی زانستی، کە بە میتۆدی زانستی لێکۆڵینەوە لەسەر پرسێکی گرنگ و پڕ بایەخی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات، لەلایەک پەیوەندیدارە بە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە، کە بەکارهێنەری پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکن، لەلایەکی دیکە پڕۆسەی سیاسی و شێوازی حوکمڕانی هەرێم دەرگیری کۆمەڵێک کێشەی بونیادییە، کە پێویستی بە پەیڕەوکردنی جۆرێک لە حوکمڕانیی دروستە بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی لێوەشاوە و دروستکردنەوەی متمانە لەنێوان دەسەڵاتی سیاسیی و هاوڵاتیاندا.

لێرەدا، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەسەر دوو ئاست دەخەینەڕوو:

**یەکەم/ ئاستی تیۆری:**

أ. هاولاتیان و کاربەدەستانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەڵوێست و دروستکردنی کاریگەری و کاردانەوە لەسەر یەکتر بەکاردەهێنن، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە لەڕووی زانستییەوە بایەخی بەرچاوی هەیە، بەتایبەت لە ڕوانگەی زانینی پەیوەندی نێوان پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و دامەزراوەکانی حوکمڕانی.

ب. هەوڵ و کۆششێکی زانستییە بۆ زیادکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی مەعریفە و توێژینەوەکان، پەیوەست بە کاریگەریی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، وەک بەربڵاوترین ئامرازەکانی میدیای نوێ، لەسەر شێوازی حوکمڕانی و بیناکردنی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.

پ. کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیارییەکان لە چوارچێوەی میتۆدی لێکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی کاریگەری ئەرێنی، یان نەرێنی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا و پلەی پشتبەستنی کارەکتەرەکانی ناوەندی بڕیاری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بەو پلاتفۆرمانە و ڕەنگدانەوەیان لە شێوازی حوکمڕانیدا.

ت. دەروازەیەکە بۆ توێژینەوە و کارکردنی زیاتر لەسەر بابەتی کارلەسەرکراو، کە هەل دەڕەخسێنێت بۆ توێژەران لە گۆشەنیگا و ڕەهەندی جیاوازترەوە لێکۆڵینەوەی زانستی دیکە ئەنجامبدەن.

**دووەم/ لایەنی پراکتیکی:**

أ. ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە؛ دەبێتە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ ناوەندە زانستییەکان، بەتایبەت بۆ مامۆستایان و فێرخوازانی کایەی میدیا و سیاسەت و بواری کۆمەڵناسی، کە دەکرێت وەک نموونەی کرداری سوودی لێوەربگیرێت.

ب. دامەزراوە فەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا (پەرلەمان، حکومەت، دەسەلاتی دادوەری) لەلایەک و، دامەزراوە نافەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی پارتەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا سوود لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وەردەگرن، بۆ ناساندن و دیاریکردنی ئاستی پەیوەندی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، لەسەر حوکمڕانی و دامەزراندنی جۆرێک لە حوکمڕانیی دروست.

پ. لەڕێی ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەوە، دامەزراوەکان و پارتە سیاسییەکان و کەسایەتییەکان، لە ئاڕاستەکردنی گوتاری سیاسیی و بازاڕدۆزی سیاسیی بۆ هەڵوێستیەکانیان لەڕێی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاوە سوودمەند دەبن، بەشێوەیەک ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاڕاستە و هەڵسوکەوتی جەماوەر و قبوڵکردنی هەڵوێستە سیاسیەکان هەبێت.

ت. بۆ کۆمەڵ، کە زۆرینەی ئەندامەکانی بەکارهێنەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکن؛ سەرچاوەیەکی باشە بۆ دروستکردنی هۆشیاری لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو پلاتفۆرمانە لە ژیانی ڕۆژانە و زانینی کاردانەوە ئەرێنی و نەرێنییەکانی سۆشیال میدیا، لەسەر کایەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا و ڕەنگدانەوەی لە ئاڕاستەکردنی کایەی حوکمڕانی و گۆڕانکاری لە هەڵوێست و بڕیاری سیاسییدا.

**چوارەم/ جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

سروشتی ئەم توێژینەوەیە کە لە پەیوەندی بەکارهێنەرانی فەیسبووک و شێوازی حوکمڕانی و حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا دەکۆڵێتەوە؛ وا دەخوازێت توێژینەوەیەکی وەسفی بێت بۆ شیکردنەوەی دۆخی میدیا لە چوارچێوەی سیستمی سیاسیدا و کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها میتۆدی ڕووپێویی تێیدا بەکارهاتووە؛ وەک یەکێک لە بەربڵاوترین میتۆدەکانی توێژینەوە زانستییەکان، کە بایەخ بە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان سەبارەت بە گۆڕاوەکان و تاکەکانی توێژینەوەکە دەدات.

**پێنجەم/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای توێژینەوە ئەو پێکهاتە مرۆییە دەگرێتەوە، کە خەسڵەتی تێبینیکراوی هاوبەشیان هەیە، لێرەدا کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە نمایشی دوو گروپ دەکات، یەکەمیان بریتیە لە کارەکتەرانی دامەزراوە فەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی؛ کە هەریەک لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) دەگرێتەوە، دووەمیان بریتیە لە کارەکتەرەکانی دەسەڵاتە نافەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی، کە هەریەک لە (میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) لە هەرێمی کوردستاندا دەگرێتەوە.

**شەشەم/ سامپڵی توێژینەوەکە:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە جێبەجێکردووە، لە گروپی یەکەمدا، واتە (پەرلەمانتاران و وەزیرەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری) لە هەرێمی کوردستان ژمارەیان (٩٣) کەسە و بە مەبەستدار وەرگیراون، بەهەمان شێوەش لە گروپی دووەمدا (میدیاکاران و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی) ژمارەیان (١٤٧) کەس وەرگیراون، کە کۆی گشتی سامپڵی هەردوو گروپی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ژمارەیان دەکاتە (٢٤٠) کەس، بەپێی تایبەتمەندییە دیموگرافیەکانی، وەک: (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، جۆری کار و شوێنی نیشتەجێبوون).

**حەوتەم/ ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی گریمانەکان و هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر فۆڕمی ڕاپرسی، وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، ئەمەش بەمەبەستی زانینی کاریگەری پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەسەر پەیڕەوکردنی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا؛ هەموو ئەم ڕێکارانەش لەسەر بنچینەی ڕێوشوێنە زانستیەکان ئامادەکراوە، کە خۆیان دەبیننەوە لە ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بە سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو و تێبینیکردنی توێژەر و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژمارەیەک لە سامپڵی توێژینەوەکە.

**هەشتەم/ گریمانەی توێژینەوەکە:**

١. پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

٢. جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکەدا لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا هەیە، بەپێی تایبەتمەندنی دیمۆگرافی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، جۆری کار و شوێنی نیشتەجێبوون).

٣. جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە بۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست هەیە، بەپێی تایبەتمەندنی دیمۆگرافی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، جۆری کار و شوێنی نیشتەجێبوون).

**نۆیەم/ ڕاستی ڕواڵەتی:**

توێژەر ڕاستی ڕواڵەتی بۆ بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە (فۆڕمی ڕاپرسی) ئەنجامدا، پاش گەڵاڵەکردنی بەشێوەی سەرەتایی؛ فۆڕمەکە خرایە بەردەست چەند پسپۆڕێک لەبواری ڕاگەیاندندا* بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و تۆمارکردنی تێبینییەکان و بڕیاردان لە ئاستی شیاوی پرسیارەکان، دواتر لەسەر بنەمای دادوەری و هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان چەند گۆڕانکاری و هەمواریێک بۆ زیاتر گونجاندنی فۆڕمەکە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە خرانەڕوو و گۆڕانکاریکرا.

ئەو بنەمایەی کە هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت = بڕگە ڕاستەکان/کۆی بڕگەکان×١٠٠، واتە: ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسی ڕا =

$$\frac{\text{بڕگەگونجاوەکان}}{\text{کۆ بڕگەکان}} = \frac{98}{115} \times 100 = 85{,}2\%$$

کە ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە.

**دەیەم/ جێگیری ناوخۆیی:**

جێگیری توێژینەوەکە: توێژەر بۆ جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی ڕا جێگیری ناوخۆیی بەکارهێناوە، بۆ داتاکانی توێژینەوە، بە بەکارهێنانی (هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرونباخ)، بۆ پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

---

* هەڵسەنگێنەران:
- پ.ی.د فواد عەلی ئەحمەد، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن/ کۆمیونیکەیشنی سیاسیی.
- پ.ی.د. عومەر ئەحمەد ڕەمەزان، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن/ میدیای ئەلیکترۆنی.
- پ.ی.د. یەحیا عومەر ریشاوی، زانکۆی پۆلیتەکنیک، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا، ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە.
- پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مستەفا، بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیک/ میدیای نوێ.
- پ.ی.د. باقر داود حسێن، زانکۆی پۆلیتەکنیک، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا، ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە.
- پ.ی.د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە.
- پ.ی.د. کارزان محەمەد ئەحمەد، زانکۆی پۆلیتەکنیک، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا، ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامەنووسی.
- پ.ی.د. شوان ئادەم ئەیڤەس، زانکۆی پۆلیتەکنیک، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا، ڕاگەیاندن/ ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن.
- د. بەرهەم خالید ئەحمەد، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن/ میدیای نوێ.

خشتەی (١)

جێگیری توێژینەوە

| بڕگە | ژمارەی بڕگەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
|---|---|---|
| پرسیار | ٤٩ | ٠,٩٨٨ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت، کە جێگیری توێژینەوە بۆ پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی، بریتییە لە (٠,٩٨٨)، کە ئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

**یازدەهەم/ سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوە لە چەند بوارێک پێکدێت، لەوانە:

أ. بواری مرۆیی: دەستەبژێرێکە لە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، لەناو دامەزراوە فەرمییەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان (پەرلەمان و حکومەت و دادوەری)دا، لەگەڵ ژمارەیەک لە چالاکوانانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکاران، کە ژمارەیان (٢٤٠) کەسە.

ب. بواری کات: بواری پراکتیکی توێژینەوەکە، لە ناوەڕاستی مانگی ئابی (٢٠٢٢)، تا کۆتایی تشرینی دووەمی (٢٠٢٢)ی خایاندووە.

پ. بواری شوێن: لێکدانەوە و شیکردنەوەی کاریگەری سۆشیال میدیا و بەکارهێنانی فەیسبووکە، لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، واتە بەکارهێنەران و دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**دوازدەهەم/ هاوکێشە ئامارییەکان:**

ئامڕازە ئاماری و بیرکارییە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەکەدا:

دوای کۆتایی هێنان بە ڕێکاری کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، پشتبەست بە پسۆڕی میدیا و شارەزا لەبواری پرۆگرامی (SPSS)دا، نەخشاندنی فۆڕمی ڕاپرسی ڕا بەپێی تەوەر و پرسیارەکان کرا، دواتر داتاکان بەشێوەی ئەلیکترۆنی تۆمارکروان، پشت بەست بەئاماری وەسفی بەشێوازی نا پارامێتریک (Non Parametric) شیکردنەوە بۆ تێکڕای داتاکان کراوە، بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری و بیرکاری جۆراو جۆر:

١. دوبارە و ڕێژەی سەدی.

٢. ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوەری.

٣. پلەی ئازادی و ئاستی باوەڕی.

٤. ئاماژەکانی گرنگی ڕێژەیی.

٥. ئامڕازی پەیوەندی سپێرمان(Spearman Correlation Coefficient).

٦. تێستی مان ویتنی (Mann – Whitney – Test)، بۆ جیاوازی ڕیزبەندی داتای نێوان دوو گروپی سەربەخۆ لە سامپڵی توێژینەوە.

٧. تێستی کروسکاڵ والیس (Kruskal Wallis)، بۆ جیاوازی ڕیزبەندی داتای نێوان زیاتر لەدوو گروپ لە سامپڵی توێژینەوەدا.

**سیازدەهەم/ تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا:**

بۆ تێگەیشتن و دیاریکردنی ئاستی ئەو کاریگەرییەی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا دروستی دەکات؛ ئەم توێژینەوەیە تیۆری پشتبەستن بە ئامڕازەکانی میدیا (Media Dependency Theory) بەکاردەهێنێت.

تیۆری پشتبەستن بە ئامڕازەکانی میدیا یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی بواری ڕاگەیاندن، کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر تاک و کۆمەڵ، لە ساڵی (١٩٧٦) لەسەر دەستی (Sandra Ball Rokeach, Melvin L. Defleur) "ساندرا بوڵ رۆکێچ" و "میلفین دی فلیر" دانراوە[1]. سەرەتاکانی کارکردن لەسەر تیۆری پشتبەبەستن بە ئامڕازەکانی میدیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژینەوەی (بۆڵ-ڕۆکێچ)، لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بڵاویکردەوە، بە ناونیشانی (تێگەیشتن لە زانیاری)، تیایدا پێداگیری لەسەر ئەوە کردبوو لەبری گرنگیدان بە ڕاگەیاندن وەک ئامڕاز و سیستمێکی باوەڕپێهێنان، پێویستە سەیری ڕاگەیاندن بکرێت، وەک سیستمێکی زانیاری، بە جۆرێک سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوەکان، کۆمەڵ و تاکەکان پشت بە ڕاگەیاندن دەبەستن، بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەی لە بەدیهێنانی ئامانج و پێویستییەکان یارمەتیان دەدات، دەرکەوتنی تیۆرەکانی بەکارهێنان و تێربوون و تیۆری پشیبەستن بە ئامڕازەکانی میدیا گەڵاڵەکردنی تێڕوانینێکی نوێی بوو، کە جەماوەر ڕەگەزێکی کارا و هۆشیاری پڕۆسەی پەیوەندیکردنە و کاراییان لەسەر هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی پەیامەکان هەیە[2]. لەبارەی چەمکی زانیاری لەم تیۆرەدا؛ تەنها مەبەست ئەو زانیارییانە نییە کە پەیوەستە بە ڕووداو و بابەتە ڕۆژەکان، بەڵکو ئەو زانیارییانەش دەگرێتەوە کە پەیوەندیدارە بە بابەتەکانی کەیفخۆشی و کات بەسەربردن، لێرەوە چەمکی زانیاری ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو پەیامانەی لەڕێگەی ئامڕازەکانی میدیاوە بڵاودەکرێتەوە و کاریگەری لەسەر شێوازی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و ئاڕاستەکردنی تاک و کۆمەڵ دروست دەکەن [3].

ئەم تیۆرە، جەخت لەسەر کاریگەری ئامڕازە جیاوازەکانی میدیا لەسەر کۆمەڵگە دەکاتەوە، ئاستی پشتبەستی تاک و کۆمەڵ بە ئامڕازەکان و جیاوازی ئاستی ئەو کاریگەرییە شرۆڤە دەکات، کە میدیا لەسەر جەماوەر هەیەتی، ئەو کاریگەرییەش بەپێی ناوەڕۆکی پەیامەکان دەگۆڕێت؛ هەندێکجار کاریگەرییەکە ڕاستەوخۆ و بەهێزە، هەندێکجار ناڕاستەوخۆ و لاواز[4]. تیۆری پشتبەستن بە ئامڕازەکانی میدیا پێناسە دەکرێت بەو پەیوەندی و پشتبەستنە ئاڵوگۆڕکارییانەی لەنێوان تاکەکان و ئامڕازەکانی میدیادا هەن، بەشێوەیەک تاکەکان و گروپەکان لەناو سیستمی کۆمەڵایەتیدا پشت بە زانیاری و پەیامەکانی ئامڕازەکانی میدیا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەبەستن، لەو چوارچێوەیەی میدیاکان توانستێکی زیاتریان لە ڕێکخستن و کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوە و گەیاندنی زانیارییەکان هەیە[5].

---

[1] پاڤێ جەمیل ئەحمەد صالح، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە (ئاوارەکانی شەڕی داعش لە پارێزگای سلێمانی بە نموونە)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٨، ل٢٧.

[2] عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، ڕۆڵی پێگەی ئەلیکترۆنی کوردی لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستاندا (٢٠١٤-٢٠١٧) تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٠: ل٣٨.

[3] محمد عبدالحمید، نظریات الأعلام و اتجاهات التأثیر، القاهره: عالم الکتب، ٢٠٠٤، ص:٢٩٨-٢٩٩.

[4] حسن عماد مکاوي و لیلی حسین السید، الاتصال و نظریاته المعاصرة، القاهرة: الدار المصریة اللبنانیة، ٢٠٠١، ص٣١٤.

[5] Ball-Rokeach, S. J. De Fleur, M. L, A dependency model of mass-media effects, Communication Research. 1976, Vol.3, No.1, p.6.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری تیۆرەکە، بە پێویست دەزانرێت هەڵوەستە لەسەر ئامانج، گریمانە، کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە، سۆشیال میدیا و پەیوەندی بە تیۆری پشت بەستن بە ئامرازەکانی میدیا بکرێت:

**أ. ئامانجی تیۆرەکە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم تیۆرەیە، دیاریکردنی توانای ئامرازەکانی میدیایە، کە دەکرێت زۆرترین کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروستبکات؛ بەتایبەت کاتێک زانیارییەکان ڕاست و دروست لە خزمەتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵ بێت، هێزی ئەو کاریگەرییەش زیاتر دەبێت، کاتێک سەقامگیری و ئارامی بەرقەرار بێت. ئەو ئامانجانەی تاک و گروپەکان لە ڕێگەی پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا هەوڵی بە دیهێنانی دەدەن، بریتین لە تێگەیشتن، ئاڕاستەکردن، خۆشی و کات بەسەربردن. مەبەست لە تێگەیشتن ناسینی خود و دروستبوونی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییە دەربارەی ئەوەی لە جیهان و دەوروبەرمان هەیە، ئامانجی ئاڕاستەکردن خۆی لە کارلێکی دوولایەنەیە دەبینێتەوە، دوای وەرگرتنی زانیارییەکان بڕیاری چی دەدرێت و چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پرسەکاندا دەکرێت و هەڵوێستیان لەبارەوە دەردەبڕدرێت، بابەتی کەیفخۆشی و کات بەسەربردن پەیوەندیدارە بە پشوو و سەرگەرمی تاکەکان کە لەڕێی ئامرازەکانی میدیاوە دەستەبەردەبێت[1].

**ب. گریمانەکان:**

بۆڵ-ڕۆکێچ و دیفلەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی تیۆرەکەیان چەند گریمانەیەکیان خستۆتەڕوو:

یەکەم: کاریگەری ئامرازەکانی میدیا پەیوەستە بەو پەیوەندییەی، لەنێوان سیستمە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی میدیا لەو سیستمە و پەیوەندی جەماوەر بە میدیا بوونی هەیە.

دووەم: ڕادەی پشتبەستی جەماوەر بە زانیاری میدیا، ڕەگەزی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لەوەی کەی و بۆچی ئامرازەکانی میدیا بیروباوەڕ، هەست و سۆز و ڕەفتاری خەڵک دەگۆڕن.

سێیەم: لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا، ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا زیاتر دەبیت، أ: بۆ تێگەیشتن لە ژینگەی کۆمەڵایەتی. ب: بۆئەوەی بەشێوەیەکی مانادار و کاریگەرانە لە کۆمەڵگا ڕەفتار بکەین. ج: بۆ زاخاوی مێشک و هەڵهاتن لە واقیع.

چوارەم: بوونی پێویستیی زیاتر بە میدیا سەردەکێشێت بۆ پشتبنەستی زیاتر بە ئامرازەکانی میدیا، ئەوکات ئەگەری کاریگەریی پەیامەکانی میدیا زیاتر دەبێت، تاکەکان بەشێوەیەکی یەکسان کاریگەر نابن، بەڵکو ئەوانەی زیاتر پێویستیان بەو ئامرازانە هەیە؛ زیاتر پشتی پێدەبەستن و دواجار زیاتر پێی کاریگەر دەبن[2].

---

[1] ملفين ديفلير و ساندر ابول روكتيش، نظريات وسائل الاعلام، ترجمة كمال عبدالرؤوف، القاهرة: الدار الدولية لنشر و التوزيع، ١٩٩٣، ص: ٤١٨ و ٤٢٦.

[2] عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

**پ. کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە:**

تیۆردانەرانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا؛ چەند کاریگەرییەکیان دیاریکردووە، کە ئامرازەکانی میدیا لەسەر تاکەکان و کۆمەڵ بە گشتی دروستیدەکەن، ئەو کاریگەرییانەیان بەسەر کاریگەری مەعریفی و ویژدانی و رەفتارییەکاندا دابەشکردووە.

**١. کاریگەریی مەعریفی:** مەبەست لە کاریگەری ئاوەزداریی ڕاگەیاندنە؛ یان کاریگەریی ئامرازەکانی میدیایە، لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و دروستکردنی ئاراستەی زانین و بیرکردنەوە و ڕێکخستنی بایەخبەندی ئەندامانی کۆمەڵ. ئەم کاریگەرییەش لە پێنج دۆخدا بەرجەستە دەبێت، کە بریتین لە دۆخی ناڕوونی، واتە کاتێک لە ئەنجامی کەمی و دژبەیەکی زانیارییەکان، کەسەکان تێگەیشتنی تەواویان لەسەر ناوەڕۆکی ڕووداوەکان نابێت و ناڕوونی دروستدەبێت بەهۆی نەبوونی زانیاری پێویست. دۆخی دووەم، دروستکردنی بۆچوون، یان پێکهێنانی ئاڕاستەکانە، کە خۆی دەبینێتەوە لە بایەخی ئامرازەکانی میدیا لە گەڵاڵەکردن و دروستکردنی بۆچوون و ئاڕاستەی تاکەکان لەسەر پرس و بابەتە گشتییەکان. دۆخی سێیەم، بایەخبەندی کارنامەیە بە واتای ڕۆڵ و ئەرکی ئامرازەکانی میدیا لە ڕێکخستنی کارنامە و بایەخبەندی وەرگر بۆ بابەتە دیار و گرنگەکان لەڕێگەی ئەو پەیامانەی بڵاویدەکەنەوە. دۆخی چوارەم، بەهێزکردنی بیروباوەڕە، کە مەبەست لێی ئامرازەکانی میدیا بەشدارە لە فراوانبوون و بەهێزکردنی بیروباوەڕەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی وەرگرتنی زانیارییە هەمەچەشنەکان. دۆخی پێنجەم، بەهاکانە، کە بریتین لە کۆمەڵێک بیروباوەڕی چەسپاو، کە تاک لەگەڵ لەدایکبوونی هەیەتی و میدیا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە ڕوونکردنەوەی گرنگی بەهاکاندا[1].

**٢. کاریگەریی ویژدانی:** ئەم کاریگەرییە پەیوەستە بە لایەنەکانی سۆز و هەستی مرۆڤ، کە بە سروشتی خۆی هەست و کاردانەوەی وەک خۆشەویستی، ڕق، ترسی بەرامبەر پەیامەکان هەیە، لێرەوە کاتێک مرۆڤ بۆ بە دەستهێنانی زانیارییەکان پشت بە ئامرازەکانی میدیا دەبەستێت؛ ناوەڕۆکی زانیارییەکان کاریگەری لەسەر لایەنی ویژدانی و هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی دروستدەکات، بۆ نموونە کاتێک ئامرازەکانی میدیا دیمەنی شەڕ و توندوتیژی و کردەکانی تیرۆر بڵاودەکەنەوە؛ ترس و دڵەڕاوکێ لای خەڵک دروست دەکەن لەبارەی چارەنووسی ئێستا و ئایندەیان، زۆرجاریش پەیامەکانی میدیا دەبنەهۆی دروستبوونی هەستی نامۆبوون، یاخود بەهێزکردن و لاوازکردنی لایەنە مۆڕاڵیەکانی تاک لەناو کۆمەڵگەدا[2].

**٣. کاریگەریی ڕەفتاریی:** کاریگەرییە ڕەفتارییەکانی ئامرازەکانی میدیا بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەکرێت، ئەوانیش کاریگەری "چالاککردن"، کە ئاماژەیە بۆ ڕەفتاری جەماوەر لە ژێر کاریگەری پەیامەکانی میدیادا، شارەزایان باوەڕیانوایە، کاریگەرییە ڕەفتارییەکان بەرهەمی ئەو کاریگەرییە مەعریفی و ویژدانیانەیە، کە لەسەر تاک دروستدەبێت، بۆ وێنە ئافرەتێک بەردەوام وەرگری ئەو پەیامانەیە پەیوەستن بە مافەکانی ئافرەت و جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز؛ لە کۆتاییدا بەهۆی کاریگەریی کەڵەکەبووی ئەو پەیامانە لەسەری هاندەر دەبێت، بۆ بەشداریکردنی لەو چالاکی و خۆپیشاندانانەی دژی پێشێلکاری مافی ئافرەت ڕێکدەخرێن . جۆری دووەم،

---

[1] پاڤێ جەمیل ئەحمەد صالح، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨-٣٩.

[2] محمد منير حجاب، نضريات الاتصال، القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠١٠: ص٣٠٥

کاریگەری "ناچالاککردنە"، کە مەبەست لێی ڕەنگە تاک بیەوێت کارێک بکات، بەڵام بەهۆی کاریگەریی پەیامەکانی میدیاوە دەستبەرداری دەبێت و وازی لێدەهێنێت، بۆ نموونە دوورکەوتنەوەی تاک لە بەشداری سیاسیی و پرۆسەی دەنگداندا[1].

**ت. سۆشیال میدیا و تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا:**

ئەم توێژینەوەیە کە کار لەسەر دەرخستنی ئاستی کاریگەریی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا، لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستان دەکات، بە پێویست زانراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، سوود لە چوارچێوەی تیۆریی و ئامانج و گریمانە و پرسیارەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا ببینرێت؛ ئەمەش لەو ڕوانگەیەی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا، وەک بەشێک لە دەرکەوتەکانی میدیای نوێ و نەوەی دووەمی ئینتەرنێت درێژکراوەی قۆناغەکانی گەشەکردنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و ئامرازە کلاسیکیەکانی میدیان.

لەم چوارچێوەیەدا، تیۆردانەرانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا، لەڕێی توێژینەوە و وتاری زانستییەوە، لە هەوڵی خۆگونجاندن و گەشەپێدانی تیۆرەکەیان بوون هاوتەریب، بە گەشەکردنی میدیای ئینتەرنێتی و ئامرازەکانی میدیای نوێ، کە سۆشیال میدیا ئێستا بەربڵاوترین ئامرازی میدیاییە، کە زۆرترین بەکارهێنەری لەسەر ئاستی جیهاندا هەیە، هەربۆیە "بۆڵ ڕۆکیچ و هاوڕێکانی"، لە توێژینەوەیەکدا جەختیان لەسەر وەڵامدانەوەی پێویستیی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان کردووەتەوە؛ کە تاکەکان بۆ دەستکەوتنی زانیاری دەربارەی ڕووداو و پرسەکان زیاتر پشت بە ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای نوێ دەبەستن[2].

ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و میدیا کاریگەریان لەسەر ئاڕاستەکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ بڕیاردان و هەڵوێست وەرگرتن لەهەمبەر دۆخ و ڕووداو و کێش و گۆڕانکارییە سیاسییەکان هەیە، بەشێوەیەک تاکەکان زانیاری لە کۆمەڵەوە وەردەگرن و تێڕوانینیان بۆ هەڵسوکەوتکردن لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و چۆنییەتی مامەڵەکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دروستدەبێت، هاوکاتیش لەڕێی زانیارییەکانەوە کارلێکی کۆمەڵایەتی و کارلەیەککردنی تاکەکان زیاتر دەبێت[3]، لەم روانگەیەوە، میدیای نوێ و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا سەرچاوەگەلی بێ سنووری مەعریفەی خستووەتە بەردەست بەکارهێنەرانی، بەجۆرێک کاتێک لە تویتەر، یان فەیسبووک پرسیارێک دەکەیت لەماوەی چەند چرکەیەکدا وەڵامەکەت دەستدەکەوێت، ئەمە جگەلەوەی پێچەوانەی ئامرازە کلاسیکییەکانی میدیا، سەرچاوەی زانیاری بە ئاسانی سانسۆر و کۆنترۆڵ ناکرێت، ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە لە هەموو بارودۆخێکدا بەکارهێنەران دەتوانن پشتیپێ ببەستن[4].

---

[1] عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

[2] Ball-Rokeach, S. J Kim, Y. and Matei, S, Storytelling Neighborhood: Paths to Belonging in Diverse Urban Environment. Communication Research, 2001, P.28.

[3] ڕێبەر کوران مصطفى و فاروق عبدول مولود، دور الاعلام التفاعلي فى تشكيل اتجاهات النخبة الأكاديمية نحو الخلافات بين الحكومة الاتحادية و حكومة اقليم كوردستان، مجلة اكاديميان كوردستان، عدد ٣، قسم B، ٢٠١٥، ص٢٣٢.

[4] بڕوانە، عەبدولخالق ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

پەیوەندیدار بەم توێژینەوەیە، جگەلەوەی پشت بە ناوەڕۆکی تیۆری پشتبەستن بە ئامڕازەکانی میدیا بەستراوە، بۆ داڕشتنی پرسیار و ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە، هاوکاتیش بۆ دیاریکردنی ئاستی کاریگەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، کە دەستەبژێرێکن لە کارەکتەرەکانی کەناڵە فەرمی و نافەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان؛ لەڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە ئاستی بەشداری و کاریگەربوونی ئەو کارەکتەرانە بە پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا بە گشتی و فەیسبووک بە تایبەتی دیاریکراوە، لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ئاستی ئەو بەشدارییە لە داڕشتنی بڕیاری سیاسیی و پەیڕەوکردنی جۆرێک لە حوکمڕانیی دروست لە ڕێگەی دنیای گریمانەیی فەیسبووک و گواستنەوەی بۆ پرۆسەی حوکمڕانی.

**چواردەهەم/ توێژینەوەکانی پێشوو**

لێرەدا، چەند توێژینەوەیەک دەخرێتەڕوو، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ، یان لێکچوونیان لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکە، یاخود گۆڕاوێک لە گۆڕاوەکانی ناونیشانی توێژینەوەکە هەیە، پۆلبەندی توێژینەوەکان بەپێی زەمانی بڵاوکراوەی توێژینەوەکان و، تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر و توێژینەوە بڵاوکراوەکان لە گۆڤار و کۆنفرانسە زانستییەکاندا کراون.

**توێژینەوە کوردییەکان:**

**١. بەرهەم خالد احمد صالح، (٢٠٢١)[1]**

تێزێکی دکتۆرایە، پێشکەش بە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، لە بنەڕەتدا، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، کە لێکدانەوەی بۆ ڕۆڵ و کاریگەری ئامڕازەکانی میدیای نوێ و سۆشیال میدیا لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی(Decision-Making Process) لە هەرێمی کوردستاندا کردووە.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە، بریتیە لە پەرلەمانی کوردستان، وەک ناوەندی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی لە هەرێمدا، نموونەی دەستنیشانکراویش سەرجەم پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمە، بە دەستەی سەرۆکایەتیشەوە، کە ژمارەیان (١١١) ئەندامە. بەشێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە؛

- زانین و ناساندنی میدیای نوێ و سۆشیال میدیا و کاریگەریان لەسەر پرۆسەی سیاسیی.
- زانینی ڕادەی پشتبەستنی دروستکەرانی بڕیاری سیاسیی، بە ئامڕازەکانی میدیای نوێ و سۆشیال میدیا.
- کاریگەری میدیای نوێ، لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان و ڕەنگدانەوەی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسییدا.
- دەرخستنی ڕادەی پشتبەستی پەرلەمانتاران، بە ئامڕازەکانی میدیای نوێ، وەک پردی پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و دەوروبەر.

[1] بەرهەم خالد احمد سالح، ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی، لە هەرێمی کوردستاندا. تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٢١.

لە گرنگترین دەرئەنجامیش:

- سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی فراوان، لەلایەن دەستەبژێری سیاسیی و بڕیاربەدەستانەوە بەکاردەهێندرێت.
- فەیسبوک زۆرترین بەکارهێنانی لای پەرلەمانتاران هەیە و لەو ڕێگەیەوە زیاتر ئاگاداری داواکارییەکانی خەڵکن.
- پەرلەمانتاران بۆچوونی خەڵک لەسەر پرۆژە یاسا و بڕیارەکان بە هەند وەردەگرن، کە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێیاندەگات.
- سۆشیال میدیا، بووەتە ئامرازێکی بەهێز بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمانتار و خەڵکدا، زۆرینەیان کاریگەر دەبن بە بڵاوکراوە و هەڵمەتەکانی سۆشیال میدیا، لەهەمبەر پرسەکانی چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

### ٢. دانا فاضل محمد، (٢٠٢٠)[1]

تێزێکی دکتۆرایە، توێژەر لەڕێگەی شیکردنەوەی زانیارییەکان هەوڵی خستنەڕووی ئاستی کاریگەری ئامرازەکانی سۆشیال میدیای داوە، لە دروستکردنی هۆشیاری سیاسیی و، بەراوردکردنی چالاکوانانی ناو ئەو پێگە ئەلیکترۆنییانە لەگەڵ چالاکوانە مەیدانییەکانی کایەی سیاسەت و پەیوەندیان بە ئاستی هۆشیاری سیاسییەوە.

خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەن، داتاکانیش لەڕێگەی سامپڵی توێژینەوە و بە نموونەی (هەڕەمەکی، چینایەتی، ڕێژەیی)؛ (٣٧١) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز وەرگیراون. گرنگترین دەرئەنجامەکان بەپێی ڕەگەزەکانی توێژینەوە:

- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لە ئاڕاستەکردنی هەست و دروستکردنی لایەنداری سیاسیی و هۆشیاری سیاسیی هەیە.
- بەکارهێنانی ئەو تۆڕانە کاریگەریان لەسەر خوێندنەوەی وردی روداو و پێشهاتە سیاسییەکان هەیە.
- سۆشیال میدیا کاریگەری لەسەر زیادبوونی بەشداری خوێندکاران لە چالاکییە سیاسیەکاندا هەیە.

### ٣. پێشڕەو علی محمدامین، (٢٠١٩)[2]

تێزێکی دکتۆرایە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی ژمارەیەک، لە ڕێکخراوی جیهانی و سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان؛ لە پەیوەندی نێوان حوکمڕانیی دروست و کارابوونی ئەرکەکانی سیستمی سیاسیی دەکۆڵێتەوە. ئەم توێژینەوە شیکارییە، بۆ گەیشتن بە راستی و دروستی گریمانە و، ئامانج و وەڵامی پرسیارەکان سودی لە میتۆدەکانی شیکردنەوەی سیستمیی، شیکردنەوەی بونیادی، شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ شیکارکردنی داتاو ژمارەو زانیارییەکان بینیوە.

---

[1] دانا فاضل محمد، ڕۆڵی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسیدا، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەناو قوتابیانی زانکۆی سلێمانیدا، تێزی دکتۆرا، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە، ٢٠٢٠.

[2] پێشڕەو عەلی محمدامین، کاریگەریی حوکمڕانیی دروست لەسەر کاراکردنی ئەرکەکانی سیستەمی سیاسی، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.

گرنگترین ئامانجەکانی:

- زانینی ئاستی پێویستی حوکمڕانیی دروست بۆ بەڕێوەبردنی وڵات.
- کاریگەری ئەو جۆرە لە حوکمڕانی، لەسەر بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، شەفافیەت، سەروەری یاسا و بەشداری سیاسیی.
- خستنەڕووی ئەو هەنگاوانەی کاریگەریان لەسەر کاراکردنی ئەرکەکانی سیستمی سیاسیی هەیە.

لەبارەی دەرئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوتووە؛

- لە هەر وڵاتێک بنەما و ئامڕازەکانی حوکمڕانیی دروست کاری پێکرا؛ سیستمی سیاسیی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرکەوتوودەبێت.
- نیشاندەرەکانی حوکمڕانیی دروست ئاماژەیە، بۆ گوزارشتکردنی ئازادانەی هاوڵاتیان، لە کاروباری گشتی و داڕشتنی سیاسەت و بڕیارەکان لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا.
- بوونی شەفافیەت و سنوردارکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی، هەوێنی گەشەپێدان و سەقامگیری سیاسیی و پێشکەوتنە.

## ٤. سەرتیپ وەیسی کەریم، (٢٠٢٢)[1]

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە و پشتی بە میتۆدی ڕوپێوی بەستووە، لە پەیوەندی و ڕۆڵی سۆشیال میدیا بە پرۆسەی سیاسیی و گۆڕانکاری دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا دەکۆڵێتەوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە قوتابیانی کۆلێژەکانی ئاداب و زانستە لە زانکۆی سەلاحەدین و کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە گشتییەکان لە زانکۆی جیهان، کە سامپڵی توێژینەوەکە، بەشێوەی مەبەستداری هەڕەمەکی لە (٣٧١) لێتوێژەر پێکهاتووە.

لە گرنگترین ئامانجەکان:

- دەرخستنی ڕۆڵی میدیای کوردی و سۆشیال میدیا لە دیموکراتیزەکردن و گەشەپێدان و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردستاندا.
- دیاریکردنی ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان سۆشیال میدیا و پرۆسەی سیاسیی و بازاڕسازی لە پرسی دیموکراسیدا هەیە.
- زانینی ئەو ئاستەنگ و لەمپەرانەی دێنە بەردەم گۆڕانکاری دیموکراسی، لەڕێگەی میدیای نوێ و سۆشیال میدیاوە.

توێژینەوەکە لە ئەنجامدا بە چەند خاڵێک گەیشتووە، لەوانە بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا کاریگەری هەمەلایەنیان لەسەر گەشەپێدانی دیموکراسیەت و گۆڕانکاری هەیە، هەروەها پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا چەند هۆکار بوون بۆ گۆڕانکاری سیاسیی، ئەوەندەش هۆکار بوون بۆ بێ ئومێدکردنی خەڵک لە حیزبەکان و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، هاوکات سۆشیال میدیا لە بابەتی ئۆپۆزسیۆن، خۆپیشاندان، بەشداری سیاسیی، گروپەکانی فشار، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چاودێریکردنی کایەی حوکمڕانی بووەتە سەکۆیەک بۆ گۆڕانکاری سیاسیی.

---

[1] سەرتیپ وەیسی کەریم، ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە گۆڕانکاری دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، پێشکەش بە ئەنجومەنی کولێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر کراوە، ٢٠٢٢.

**٥. کاروان عەلی قادر، (٢٠٢١)[1]**

توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین (ژمارە ٣، لە سێپتەمبەری ٢٠٢١) بڵاوکراوەتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ڕۆڵ و کاریگەری پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لە بەشداریی سیاسیی و هەڵبژاردنە گشتیەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا؛ ئامانجەکانی خۆی دەبینێتەوە لە:

- دیاریکردنی ئاستی کاریگەری پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا، لەسەر ڕەفتار و بڕیاری دەنگدان لای خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
- خستنەڕووی شێوازی کاردانەوە و وەڵامی خوێندکاران، بۆ ئەو پەیام و بابەتانەی لە سۆشیال میدیادا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان دەریدەگرن.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، خوێندکارانی زانکۆ (حکومی و ناحکومی)، کە لەڕێی فۆڕمی ڕاپرسییەوە (٣٤٤) خوێندکار لەنێوان تەمەنەکانی (١٨-٣٦)ساڵ بەشداریانکردووە. ئامڕازێکی دیکەی کۆکردنەوەی زانیاریش بریتی بووە لە سەرنجدانی توێژەر بۆ بابەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی توێژینەوەکە.

بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

- سۆشیال میدیا کاریگەرییەکی ڕێژەیی کەمی لە پرۆسەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان بە کاندید و لایەنێکی دیاریکراودا هەیە.
- ڕێژەیەکی کەم لە بەرتوێژان کاردانەوە و وەڵامیان بۆ پەیامەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان لە سۆشیال میدیادا هەیە، ئەمەش بەهۆکاری نەبوونی متمانەیە بە بەڵێن و هەڵوێستەکانی کاندید و لایەنە سیاسیەکان.
- لەبارەی کاریگەری ڕاپرسییەکان لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زۆرینەی بەشداربووان بڕوایان بە ئەنجامی ئەو ڕاپرسیانە نییە و پێیانوایە ڕەنگدانەوەی واقیع نین.

**٦. کارزان محەمەد ئەحمەد، (٢٠٢١)[2]**

توێژینەوەیەکە لە ژمارە (٤)ی (مانگی ١٢ی ٢٠٢١)ی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین بڵاوکراوەتەوە. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە و تیشکخراوەتەسەر دەرخستنی ئاستی کاریگەری سۆشیال میدیای فەیسبوک لە هەڵماڵینی حاڵەتەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها بەکارهێنانی ئەو میدیا ئۆنلاینانە، وەک ئامڕازی فشار بۆ قەڵاچۆکردن و دروستکردنی هۆشیاری جەماوەری بۆ خۆپارێزی لە گەندەڵی.

لەبارەی لایەنی پراکتیکی، سنوری توێژینەوەکە ناو شاری سلێمانییە و توێژەر پشتیبەستووە بە ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ (٣٢٤) بەرتوێژ، لە هەردوو ڕەگەز، کە بەکارهێنەری فەیسبووک و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیان. گرنگترین ئامانجەکانیش بریتین لە:

- خستنەڕووی ئاست و ڕێژەی بایەخدانی فەیسبووک بە دیاردەی گەندەڵی.

---

[1] کاروان عەلی قادر، کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا، خوێندکارانی زانکۆکان بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین (ژمارە ٣، لە سێپتەمبەری ٢٠٢١).

[2] کارزان محەمەد ئەحمەد، ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی(فەیسبوک) لە ڕوماڵی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین: ژمارە (٤)ی (مانگی ١٢ی ٢٠٢١).

- چۆنیەتی مامەڵەکردنی بەکارهێنەران لەگەڵ حاڵەتەکانی خراپبەکارهێنانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا،

دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە؛

- بایەخی بەکارهێنەرانی فەیسبووک بۆ بابەتەکانی گەندەڵی لە ئاستێکی بەرزدایە.
- ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە بنکۆڵکاری و ڕوماڵی حاڵەتی گەندەڵی، بەرچاوە.
- فەیسبووک کاریگەری هەبووە بۆ خۆپارێزی لە حاڵەتەکانی گەندەڵی و، بڵاوکردنەوەی داتا و زانیارییەکان هۆکار بوون بۆ شەفافیەت و هۆشیاکردنەوەی بەکارهێنەران لەمەڕ مەترسییەکان و فشارکردن بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی.

## توێژینەوە عەرەبییەکان

### ٧. رآفت مهند عبدالرزاق، (٢٠١٣)[1]

نامەیەکی ماستەرە پێشکەش بە زانکۆی ئەلبترا-ی ئەردەنی کراوە. توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری لە توێژینەوەکەدا بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لە زانکۆکانی موسڵ، تکریت و ئەنبار لە عێراقدا. ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاریش، بریتیە لە (٤٠٠) فۆڕمی ڕاپرسی کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەنێوان خوێندکارانی بەکالۆریۆس و ماستەر لە تەمەنی (١٨-٣٠)ساڵیدا دابەشکراوە.

دیارترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە شیکارییە بریتیە لە:

- ئاشکراکردنی ئاستی کاریگەری پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا، لە دروستکردنی هۆشیاری و ئاڕاستەی سیاسیی لای خوێندکارانی زانکۆ.
- زانینی ڕۆڵی ئامڕازەکانی میدیای نوێ لە خولْقاندنی رایگشتی، لە کۆمەڵگای عێراقیدا و خستنەڕووی بابەتە سیاسیەکان.

گرنگترین ئەنجامەکان:

- سەکۆکانی وەک فەیسبووک، یوتیوب و تویتەر، ڕۆڵیان لە دروستکردنی هۆشیاری و ئاراستەی سیاسیی لای گەنجان هەبووە.
- سۆشیالمیدیا هۆکاری هاندانی جەماوەر و جوڵاندنی شەقام بووە دژی دەسەڵات.
- وەک ئامڕازی فشاری سیاسیی بەکارهاتووە.

### ٨. احمد اسماعیل قادر، (٢٠٢٠)[2]

توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری لێکۆڵینەوەی سیاسیی و ئاسایش، ژمارە (٦) کانونی یەکەمی (٢٠٢٠) بڵاوکراوەتەوە. ئامانجەکانی:

---

[1] رآفت مهند عبدالرزاق، دور مواقع التواصل الاجتماعي فی تشكيل الوعي السياسيی، دراسة ميدانية لحالة الحراک الشعبي في العراق على عينة من طلبة جامعات كل من الموصل و الانبار و تكريت للفترة من ٢٠١٣/٣/١ ولغاية ٢٠١٣/٦/١، رسالة ماجستير/ جامعة البترا الأردنيه، ٢٠١٣.

[2] احمد اسماعيل قادر، أثر الحكم الرشيد في التنمية البشرية دراسة حالة العراق للمدة (٢٠٠٥-٢٠١٨)، مجلة معتمدة يصدرها مزكز الدراسات المستقبلية، المجلد الثالث، العدد السادس، كانون الاول ٢٠٢٠.

- دەرخستنی ئاستی حوکمڕانیی دروست و ئاستەکانی گەشەپێدانی مرۆیی لە عێراقدا.
- ئاشکراکردنی کاریگەری و پەیوەندی لەنێوان پیادەکردنی حوکمڕانی تەندروست و گەشەپێدانی مرۆیی.

بۆ لایەنی پراکتیکی توێژەر پشتیبەستووە بە میتۆدی وەسفی بۆ شیکردنەوەی ڕاپۆرت و زانیارییەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەک بانکی نێودەوڵەتی و پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان.

دەرئەنجامەکان:

- سەرکەوتن و شکستی هەوڵەکانی هەر وڵاتێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەپێدانی مرۆیی پەیوەستە بە پیادەکردنی ئاستی حوکمڕانیی دروستەوە.
- پیادەکردنی حوکمڕانیی دروست لە عێراقدا لە ئاستێکی خراپدایە و کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی هەبووە.
- تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانیی دروست لە دەنگدان، چاودێری و لێپرسینەوە، سەروەری یاسا گرنگترین ئەو گۆڕاوانە کە کاریگەریان لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی هەیە.

**توێژینەوە فارسییەکان:**

**٩. حسین کرمانی، (٢٠١٧)[1]**

حسێن کرمانی، کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر ناسنامەی نیشتیمانی خوێندکارانی زانکۆی تاران.

تێزێکی دکتۆرای بڵاوکراوەیە، جەخت لەسەر کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا، لەسەر وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەکاتەوە، بەتایبەت کاریگەرییەکانی لەسەر دروستبوونی ناسنامەی تاک لەناو تۆڕی گریمانەیی و دواتر یەکگرتنی ئەو تاکانە لە چوارچێوەی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە کاریگەری فەیسبووک، لەسەر دروستکردنی ناسنامەی نیشتیمانی لەناو خوێندکارانی زانکۆی تاراندا.

توێژینەوەکە لە جۆری وەسفیە، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریش میتۆدی ڕوپێوی بەکارهاتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی تارانە، مشتەی توێژینەوەکەش (٣٨٦) خوێندکاری نێر و مێیە، کە لەڕێی فۆڕمی ئۆنلاینەوە وەرگیراون. گرنگترین دەرئەنجام:

- پەیوەندی ئەرێنی لەنێوان بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەییدا و نیشتیمانیاندا هەیە.
- فەیسبووک کاریگەری لەسەر خواستی نەتەوەیی و بەرپرسیارێتی لە ئاستی کۆمەڵگای نەتەوەیی زیاد دەکات.
- ئەو نەتەوانەی خاوەن دەوڵەت نین، لەڕێی فەیسبوکەوە دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە، وەک نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامە پەیامەکان بڵابکەنەوە و، بە یەکگرتوویی ڕۆڵ لە کۆمەڵگەی گریمانەیی بگێڕن و بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەییان بکەن.

---

[1] حسین کرمانی (٢٠١٧)، مطالعه تأثیر استفاده از شبکه اجتماعی بر هویت قومی دانشجویان دانشگاهای تهران، رسانه و فرهنگ، پژوهشگا علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال هفتم، شماره اول، بهار و تابستان ١٣٩٦.

**١٠. شراره مهدی زاده و منصور شيفته، (٢٠١٩)[1]**

شەرارە مەهدی و مەنسورە شيفتە، ٢٠١٩، کاريگەری سۆشيال ميديا لە دەستەبەرکردنی ديموکراسيی ديجيتاڵی، زانکۆی (ئەلزەهرا) لە تاران.

توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە، پێشکەش بە زانکۆی ئەلزەهرا-ی تاران کراوە، لە کاريگەرييەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشيال ميديا بۆ دەستەبەرکردنی ديموکراسی ديجيتاڵی و فراوانکردنی بازنەی بەشداری بەکارهێنەران لە پانتاييی گشتی دەکۆڵێتەوە، بۆ شيکردنەوە و لێکدانەوەی زانيارييەکان پشت بە ميتۆدی وەسفی-ڕوپێوويی بەستراوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی مازندەران و سامپڵی توێژینەوەکەش (٣٩٠) خوێندکارە.

ديارترين ئامانجەکانی بريتين لە:

- خستنەڕووی ئاستی پەيوەندی نێوان سۆشيال ميديا و حکومەتی ئەليکترۆنی و دەستەبەری ديموکراسی ديجيتاڵی.
- کاريگەری تەکنەلۆژيای پەيوەنديکردن، لە دروستکردنی پردی پەيوەندی لەنێوان دەسەڵاتداران و خەڵکدا.
- زانينی ئاستی وەڵامدانەوەی حکومەت، لەڕێی خزمەتگوزاری ئەليکترۆنی، بۆ بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشيال ميديا.

ئەنجامەکان:

- سۆشيال ميديا کاريگەری لە دەستەبەرکردنی ديموکراسی ديجيتاڵی هەيە.
- حکومەتی ئەليکترۆنی بوار دەڕەخسێنێت ئاستی بەشداری بەکارهێنەران و دەربڕينەکانيان، لە پرسە سياسيی و ئيداری و کۆمەڵايەتييەکاندا زياتر بێت.
- لەگەڵ زيادبوونی بەکارهێنەرانی سۆشيال ميديا وەڵامدانەوەی حکومەت، بۆ خزمەتگوزاری ئەليکترۆنی زياد دەکات.

**توێژینەوە ئینگليزييەکان:**

## 11. Hasiya Ibrahim Abdullahi & Aliyu Ishaq Abdullahi, (2020)[2]

هاسيا ئيبراهيم و ئالی ئيشاق عەبدوڵلاهی، کاريگەری سۆشيال ميديا لەسەر حوکمڕانيی دروست لە نێجيريادا.

توێژینەوەیەکی زانستيە، لە (ئازاری ٢٠٢٠) پێشکەش بە چوارەمين کۆنفرانسی نێودەوڵەتی، تايبەت بە ديموکراسی و حوکمڕانيی دروست لە ويلايەتی لاپای وڵاتی نێجيريادا کراوە.

---

[1] شراره مهدی زاده و منصور شيفته (٢٠١٩)، تأثير شبکه‌های اجتماعی بر تحقق دموکراسی ديجيتال، مورد مطالعه: دانشجويان دانشگاه مازندران، فصلنامه مطالعات فرهنگی و ارطباتات، دور ١٥، شماره ٥٥، شهريور ١٣٩٨.

[2] Hasiya Ibrahim Abdullahi & Aliyu Ishaq Abdullahi, The Effect of Social Media on Good Governance in Nigeria, Published at 4th international conference of Democracy and good governance in Africal Lapai At: Kano state, 2020.

توێژەران لەم توێژینەوە ناخشیکارییەدا، لە پەیوەندی نێوان سۆشیال میدیا و کاریگەری لەسەر حوکمڕانیی دروست دەکۆڵنەوە، لە روانگەی بەهێزبوون و گەشەسەندنی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە ئەفریقا و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لە پرسە سیاسیەکانی نێجیریادا؛ تیشکیان خستووەتەسەر بەربڵاوی بەکارهێنانی فەیسبووک، کە بووەتە ئامڕازی بەیەکەوەبەستنی هاوڵاتیان و بەهۆی خێرایی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بەشداری سیاسیی خەڵک زیاتر بووە.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

- خەملاندنی ئاستی کاریگەری سۆشیال میدیا لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەسەر پرسە سیاسیەکان.
- زانینی ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە کاراکردنی بەشداری هاوڵاتیان لە چالاکی و هەڵبژاردنە گشتیەکاندا.
- بەراوردکردنی سۆشیال میدیا لەگەڵ میدیای کلاسیک و ئاستی کاریگەریان، لەسەر ئاڕاستەکردنی خەڵک و وەڵامدانەوەی حکومەت لەبەرامبەر خواستەکانیاندا.
- پێوانەکردنی ئاستی کاریگەری سۆشیال میدیا، لەسەر شێوازی دەنگدان و قەناعەتپێکردنی دەنگدەران لە دەنگدان بە کاندید و لایەنە سیاسیەکان.

ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتین لە داتا لاوەکییەکان، توێژەران شیکردنەوەیان بۆ ئەو زانیارییانە کردووە؛ کە دامەزراوەکانی تایبەت بە توێژینەوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێیگەیشتوون، بە تایبەت کاریگەری سۆشیال میدیا لە هەڵبژاردنی گشتی نێجیریادا ساڵی (٢٠١٥).

گرنگترین دەرئەنجامەکان بریتی بوون لە:

- سۆشیال میدیا کاریگەری لەسەر زیادکردنی ئاستی شەفافیەت و بەرپرسیاریەتی حکومەت لە کاروباری گشتیدا هەبووە.
- پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بوونە ئامڕازی کاراکردنی بەشداری زیاتری خەڵک، لە کاروباری سیاسیی و هەڵمەتی هەڵبژاردن و چالاکییە سیاسییەکاندا.
- فەیسبوک و تویتەر وەک پردی پەیوەندی لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدان، لەنێوان دەنگدەر و کاندید و لایەنە سیاسیەکان؛ پەرەیان بە دیموکراسیەتی زیاتر داوە.

## 12. Fareeha Zafar, Madiha Naseer, (2014)[1]

## Published at International Journal of Academic Research and Reflection(IJARR), Vol.2, No.2, 2014

توێژینەوەیەکی تیۆرییە لە گۆڤاری نێودەوڵەتی ئەکادیمی بۆ توێژینەوەکان (IJARR) ساڵی (٢٠١٤) بڵاوکراوەتەوە. ئەو توێژینەوەیە لە پەیوەندی نێوان کاریگەری و کاردانەوەی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی سۆشیال میدیا، لەسەر شێوازی حوکمڕانی و حوکمڕانیی دروست

[1] Fareeha Zafar, Madiha Naseer, Proactive and Reactive Implications of Social Media Effects on Good Governance, Published at International Journal of Academic Research and Reflection(IJARR), Vol.2, No.2,p.p 20-29, 2014.

دەکۆڵێتەوە، لەو چوارچێوەیەدا، ڕۆڵی سۆشیال میدیا بە ئەرێنی باسدەکات لە نزیکردنەوەی هاولاتیان و حکومەت بە ئاڕاستەی دروستکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن، لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکان.

لە بەشی پراکتیکدا، شیکردنەوە بۆ چەند کەیسێک لە ولاتانی میسر، تایوان، ئەمریکا، بەریتانیا، تورکیا و پاکستان کراوە، کە تێیدا پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا، وەک سەکۆی جەماوەری لە فشارکردن بۆ سەر دەسەلات، ڕۆڵیان گێڕاوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی خەڵک، ڕێکخستنی خۆپیشاندان و چالاکی سیاسیی، بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، بەدەنگەوەهاتنی دامەزراوەکانی حکومەت و گۆڕانکاری لە بڕیار و هەنگاوەکاندا.

دەرئەنجامەکان:

- سۆشیال میدیا ئامرازێکی پێویستە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕای ئازاد و زانیارییەکان.
- گرنگی ئەو ئامرازانە بۆ دەسەلاتی سیاسیی و حکومەت، تا لەڕێیەوە هەوڵی ڕاستکردنەوەی سیاسەت و بڕیارەکان بدەن.
- سۆشیال میدیا هۆکارێکی گرنگە، بۆ چاودێریکردنی بابەتە گەرمەکان و پێشوەختە زانینی نیگەرانییەکانی هاولاتیان.
- یەکێک لە پێویستیەکانی پیادەکردنی حوکمڕانیی دروست، بەکارهێنانی سۆشیال میدیایە، بۆ هۆشیارکردنەوەی گشتی و بەپیرەوەچوونی داخوازییەکانی هاولاتیان.

### 13. Non Naprathansuk, (2014)[1]

نان ناپەراسانسیوک، پشتیوانی سۆشیال میدیا لە پرۆسەی سیاسیی و یاسایی: هاوسەنگی لەنێوان پەیرەوکردنی حوکمڕانیی دروست و پاراستی ئاسایشی نیشتیمانی لە تایلاند. زانکۆی مەیجیۆ.

توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە، تیشکدەخاتە سەر بایەخی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا، لەلایەن حکومەتی تایلەندەوە؛ بۆ پەیڕەوکردنی شێوازێکی حوکمڕانیی دروست، کە تیادا هاوسەنگی لەنێوان میکانیزمەکانی سەپاندنی سانسۆر و پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی لەڕێی سەکۆکانی سۆشیال میدیاوە بپارێزێت.

ئەم توێژینەوە تیۆرییە، میتۆدی وەسفی بۆ خستنەڕوو و شیکاری زانیارییەکان بەکارهێناوە، ئامانجەکانی بریتین لە:

- خستنەڕووی ئاستەکانی پەیوەستبوونی حکومەت بە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵک و دەستەبەرکردنی شەفافیەت.
- زانینی ئەو میکانیزمانەی کە هاوسەنگی لەنێوان حوکمڕانیی دروست و پاراستی ئاسایشی نیشتیمانی لەڕێی سۆشیال میدیاوە دەپارێزن.
- زانینی ئاستەکانی پێکەوەکارکردن، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەشداری سیاسیی.

---

[1] Non Naprathansuk , Social Media Censorship Policy and Law: Balancing Good Governance and National Security, Maejo University, Presented The Asian Conference on Business and Public Policy 2014, https://papers.iafor.org/submission06361/.

دەرئەنجام:

- یاسای تاوانی ئەلیکترۆنی و میکانیزمەکانی چاودێریکردن، بووەنەتەهۆی کۆنترۆڵکردنی زانیاری و پەیوەندییەکان لەڕێی هێزەوە.
- سۆشیال میدیا دەتوانێت هاوکاری حکومەت بێت بۆ پەیڕەوکردنی حوکمڕانیی دروست، شەفافیەت و بەرپرسیارێتی بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی.
- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن ببنە پردێک لەنێوان حکومەت و خەڵکدا، ئەمەش کاریگەری لەسەر دیموکراسیەت و شێوازی حوکمڕانی دەبێت.

**پازدەهەم/ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:**

لەم بەشەدا، (١٣) توێژینەوەی جیاواز، کە پەیوەندی و نزیکایەتی لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەمان هەیە خراوەنەتەڕوو، توێژینەوەکان بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی)، لە چەند وڵاتێکی جیاواز ئەنجامدراون. توێژەر لە چەند ڕەهەندێکەوە سوودی لە توێژینەوەکان بینیووە لەوانە:

- ئاشنایەتی بە چەند سەرچاوەیەکی بایەخدار و پەیوەندیدار بە زمانە زیندووەکان.
- ڕێنماییکردن بۆ چۆنیەتی داڕشتنی پەیکەربەندی توێژینەوەکە.
- وەک نەخشەڕێگایەک بۆ دیاریکردنی ڕێوشوێنەکانی میتۆدنامە بۆ چۆنیەتی داڕشتنی کێشە، ئامانج، گرنگی، گریمانە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری و چەند هەنگاوێکی دیکەی زانستی.

لەبارەی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان، چەند توێژینەوەیەک نزیکایەتی زیاتری لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەماندا و خاڵی هاوبەشی زیاترە، بۆ نموونە توێژینەوەی (بەرهەم خالد احمد، ٢٠٢١)، کە ئامانجەکانی خۆی دەبینێتەوە، لە زانینی ئاستی کاریگەری میدیای نوێ و سۆشیال میدیا، لەسەر پرۆسەی سیاسیی، ڕادەی پشتبەستی کارەکتەرەکانی حوکمڕانی بە سۆشیال میدیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر بڕیار و ڕەفتاری پەرلەمانتاران نزیکە لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، هاوکات توێژینەوەکەی وەسفییە و یەکێک لە ئامرازەکان فۆڕمی ڕاپرسییە و سامپڵەکەشی پەرلەمانتارانی کوردستانن؛ کە هەموویان خاڵی هاوبەشی توێژینەوەکەی ئێمەن. لەبارەی دەرئەنجامەکان لەوانە، فەیسبووک بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن بڕیاردەرانی سیاسییەوە لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێندرێت و لەو ڕێگەیەوە ئاگاداری داواکارییەکانی خەڵکن، هەروەها پەرلەمانتاران کاریگەرن بە بڵاوکراوە و هەڵمەتەکانی سۆشیال میدیا، هاوشێوەی بەشێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

پەیوەست بە توێژینەوەی (کارزان محەمەد ئەحمەد، ٢٠٢١)، کە لێکۆڵینەوەی لە ڕۆڵی فەیسبووک لە ڕوماڵی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا کردووە، دەردەکەوێت خاڵی لێکچوو لەنێوان توێژینەوەکەمان و ئەم توێژینەوەیەدا لە بابەتی ئامانجەکان، ئامرازی توێژینەوە، کە فۆڕمی ڕاپرسیە لەگەڵ دەرئەنجامەکاندا هەیە. یەکێک لە ئامانجەکانی خستنەڕووی ئاست و ڕێژەی بایەخدانی بەکارهێنەرانی فەیسبووکە بە بابەتی گەندەڵی، لە کاتێکدا یەکێک لە پێنوێن و

تایبەتمەندی حوکمڕانیی دروست کۆنترۆڵکردن و سنووردانانە بۆ حاڵەتەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، هاوکات لە دەرئەنجامەکانیش دەرکەوتووە بایەخی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا، بۆ بابەتەکانی گەندەڵی لە ئاستێکی بەرزدایە و، فەیسبووک کاریگەری لە بابەتی خۆپاریزی لە گەندەڵی و بڵاوکردنەوەی داتا و زانیارییەکان هۆکاری شەفافیەت و هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەران هەبووە، کە نزیکایەتی لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هەیە.

توێژینەوەی (رآفت مهند عبدالرزاق، ٢٠١٣)، کە سامپڵی توێژینەوەکەی خوێندکارانی چەند زانکۆیەکی عێراقە، لە ڕووی ئامانج و ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری و دەرئەنجامەوە، خاڵی هاوبەشی هەیە، لەوانە یەکێک لە ئامانجەکانی ئاشکراکردنی کاریگەریی سۆشیال میدیایە لەسەر هۆشیاری و ئاراستەی سیاسیی لای خوێندکارانی زانکۆ، لە دەرئەنجامەکانیشدا دەرکەوتووە؛ پلاتفۆرمی فەیسبووک ڕۆڵی لە دروستکردنی هۆشیاری سیاسیی هەبووە و وەک کەناڵێکی فشار لەلایەن جەماوەرە بەکارهاتووە.

لە توێژینەوەی ( Hasiya Ibrahim and Aliyu Ishaq Abdullahi, 2020) ، ناونیشانی توێژینەوەکە هەمان ناونیشانی توێژینەوەکەی ئێمەیە، هاوکات نزیکایەتی زۆر لەنێوان ئامانجەکان و دەرئەنجامەکاندا هەیە، بۆ نموونە یەکێک لە ئامانجەکانی زانینی ڕۆڵی سۆشیال میدیا، لە کاراکردنی پرۆسەی بەشداری سیاسیی و چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی خەڵک و وەڵامدانەوەی حکومەت لەبەرامبەر خواستەکانیاندایە، هاوکاتیش یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەوەیە سۆشیال میدیا لە نێجیریا کاریگەری لەسەر زیادکردنی شەفافییەت و بەرپرسیارێتی حکومەت بەرامبەر هاوڵاتیان لەگەڵ پەرەدان بە دیموکراسی زیاتر هەبووە، بەڵام ئەوەی خاڵی جیاوازە لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێمەدا، توێژەر بۆ ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری پشتی بە داتا لاوەکییەکان و شیکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی تایبەت بە توێژینەوە، لەسەر دۆخی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەو وڵاتە لە ساڵی (٢٠١٥)دا بەستووە.

هەروەها توێژینەوەی (شراره مهدی زاده و منصور شیفته، ٢٠١٩)، کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کاریگەری سۆشیال میدیا لە دیموکراسی دیجیتاڵی، لە وڵاتی ئێران کردووە؛ جەخت لە کاردانەوەی بەکارهێنەران دەکاتەوە لە فراوانکردنی بازنەی بەشداری سیاسیی لە فەزای گشتی و لە یەکێک لە ئامانجەکانی کار لەسەر زانینی ئاستی پەیوەندی نێوان بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا و خزمەتگوزاری حکومەتی ئەلیکترۆنی دەکات، وەک سەکۆیەک بۆ وەڵامدانەوەی خێرا، هەروەک لە دەرئەنجامەکان دەرکەوتووە لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا ئاستی وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ داخوازییەکانی هاوڵاتیان زیاد دەکات و سۆشیال میدیا کاریگەری لەسەر دەستەبەرکردنی دیموکراسیەتی دیجیتاڵی هەبووە، کە دیموکراسی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی حوکمڕانیی دروست و خاڵی لێکچووە لەگەڵ بەشێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا.

**شازدەهەم/ دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە**

لەم بەشەدا، گرنگترین چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەناسێنین و ئەو مەبەستانە دیاریدەکەین، کە بۆ ئەم چەمکانە بەکارهاتوون:

**کاریگەری (Impact)** : بریتیە لەو کاریگەری و لێکەوتە ئەرێنی یان نەرێنیانەی، کە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لای بەکارهێنەران دروستیدەکەن، بەکارهێنەریش مەبەست بڕیاربەدەستانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی و میدیاکاران و چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە هەرێمی کوردستان و ئاستی بەشداری سیاسیی و ڕەنگدانەوەی ئەو بەشدارییەیان لەسەر شێوازی حوکمڕانی و گۆڕانکاریی لە بڕیارەکان و ڕاسپاردەکان بەشێوەیەک جێی ڕەزامەندی هاوڵاتیان بێت.

**سۆشیال میدیا (Social Media)**: مەبەست لەو شێوازی پەیوەندی ئەلیکترۆنی و ئەپڵیکەیشن و سەکۆ ئۆنلاینانەیە، کە بەکارهێنەران لەڕێی سمارتفۆن و تابلێت و کۆمپیوتەرەکانەوە بەکاریدەهێنن و بە ئەکاونتی کەسی و پەیجی گشتی ئاڵوگۆڕی زانیاری و وێنە و ڤیدیۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن، هاوکات بە کۆمێنت و لایک و شەیر کارلێک و کاردنەوەیان بۆ پۆست و هەڵوێستەکانی یەکتر دەبێت، لە گرنگترین ئەو پلاتفۆڕمانە فەیسبووک و تویتەر و ئینستاگرامە، کە بەکارهێنەرانیان بەردەوام لە زیادبووندایە.

**فەیسبووک (Facebook)**: مەبەست لە بەربڵاوترین تۆڕی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییە، کە بەکارهێنەران بێ بەرامبەر بەشداری تێدا دەکەن و لەڕێی دروستکردنی ئەژماری کەسیی (Profile)، یان ئەژماری گشتی(Page) ؛ دەتوانن هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی فەیسبووک دروستبکەن و پەیام و وێنە و ڤیدیۆ بڵاوبکەنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن، بەپێی داتا نافەرمییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، فەیسبووک گەورەترین پلاتفۆڕمی سۆشیال میدیایە لەڕووی ژمارەی بەکارهێنەران و ئاستی بەشداریکردن.

**دەستەبژێری سیاسیی (Political Eliet)**: مەبەست لەو کارەکتەر و دەستەبژێرە سیاسیانەن، کە لە دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵ دەگێڕن و ئەرک و بەرپرسیارێتیان بۆ جێبەجێکردنی کارە گشتییەکان لەسەر شانە، لەوانە پەرلەمانتاران، وەزیرەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری، میدیاکاران و چالاکوانانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**حوکمڕانیی دروست (Good Governance)**: پەیڕەوکردنی جۆرێک لە حوکمڕانی و ئیدارەدانی لێوەشاوەی کۆمەڵگەیە، کە پەرەپێدەر و پاڵپشتیکار و پارێزەری خۆشگوزەرانی مرۆڤە، بەجۆرێک حکومەت و دامەزراوەکان سەرکەوتوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و وەڵامدانەوەی خێرا بۆ خواست و داواکارییەکانی هاوڵاتیان، بە دیوێکی دیکەدا، پیادەکردنی ڕاست و دروستی دەسەڵاتە سیاسیی، کارگێڕی، ئابوری و یاساییەکانە لەچوارچێوەی سەروەری یاسا و پابەندبوون بە شەفافیەت و بە گژداچوونەی گەندەڵی کە ڕەزامەندی و ڕەوایەتی خەڵکی لەپشتە.

**هەرێمی کوردستان (Kurdistan Region)**: قەوارەیەکی سیاسیی دانپێدانراوە، وەک هەرێمێکی سیاسیی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەم هەرێمە پێکهاتەیەکی جوگرافی و کارگێڕییە کە لە پارێزگاکانی هەولێر(پایتەخت)، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە پێکدێت. ڕووبەری هەرێمی کوردستان (٤٢) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانەکەی بەپێی ئاماری حکومەتی ئیتحادی، زیاتر لە (٥) ملیۆن کەسە و بە گوێرەی ئاماری حکومەتی هەرێم زیاتر لە (٦) ملیۆن کەسە.

# بەشی دووەم
# چوارچێوەی تیۆری سۆشیال میدیا و حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا

**باسی یەکەم/ چوارچێوەی تیۆری سۆشیال میدیا**

**باسی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری و چەمککاری حوکمڕانیی دروست**

**باسی سێیەم/ کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا**

## بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری سۆشیال میدیا و کاریگەریی لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا:

### باسی یەکەم/ چوارچێوەی تیۆری سۆشیال میدیا:

#### تەوەری یەکەم/ چەمک و لێکدانەوە و پاشخانی سۆشیال میدیا:

**أ- چەمکی سۆشیال میدیا (Social Media):**

چەمکی سۆشیال میدیا لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا چەمکێکی نوێیە، بنەواشەی زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی لە زمانی ئینگلیزیدا، لە ناوەندە ئەکادیم و توێژینەوە زانستییەکاندا زیاتر بە (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) ناسێندراوە، لە بەشێک لە پێناسەکاندا ئەم میدیا نوێیە بە میدیای خەڵک دەناسێندرێت و وەک باشترین ئامراز بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەسفدەکرێت؛ کە هێزێکی ڕاستەقینەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە لەناو شۆڕشێکی نوێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا[1].

بەهۆی گەشەسەندنی خێرا و بەردەوامی جیهانی تەکنەلۆژیا و پەیوەندیکردن و میدیا، چەمکی سۆشیال میدیا چەمکێکی مشتومڕئامێز و فرە ڕەهەند و خاوەن لێکدانەوەی جیاوازە[2]. ئەم دەستەواژەیە زیاتر لەوەی دەستەواژەیەکی تەکنەلۆژی سەرنجڕاکێش بێت؛ ڕێگایەکی نوێی پەیوەندیکردن و ژیانکردنە تێیدا بەشداری خەڵکی لە کایەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی زیاد کردووە[3]. لەم سۆنگەیەوە، ژمارەیەک لە لێکۆڵەران؛ جەخت لەسەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی* دەکەنەوە، ژمارەیەکی دیکەیان بایەخ بە ڕەهەندی تەکنەلۆژی دەدەن؛ وەک ئامرازێکی پەیوەندی ئەلیکترۆنی کە بەرهەمی نەوەی دووەمی ئینتەرنێتە[4].

دیاریکردنی چەمکی سۆشیال میدیا پەیوەندیدارە بە دوو ڕەهەند، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە لە کەسەکان، گروپەکان، پەیوەندی هاوڕێیەتی، شێوازی نزیکایەتی و ژینگەی دووروبەریان. ڕەهەندە تەکنەلۆژیەکەشی گوزارشتە لە کۆمەڵێک ئامێری بەیەکەوە بەستراو (کۆمپیوتەر، مۆبایل و تابلێت) کە بەکارهێنەران لەڕێی ئینتەرنێتەوە پەیوەندی لەناو تۆڕەکان

---

[1] ظاهر حمدامین صابر، کاریگەری ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر قوتابیانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین: ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢١)، ل٢٥٦.

[2] مشتاق طلب فاضل، مواقع التواصل ودورها في التوجهات السياسية، شركة دار الآكاديميون للنشر والتوزيع عمان-الآردن، ٢٠١٩، ص٥٧.

[3] Non Naprathansuk , Social Media Censorship Policy and Law: Balancing Good Governance and National Security, Maejo University, Presented The Asian Conference on Business and Public Policy 2014, P.2, https://papers.iafor.org/submission06361/ Accessed 18th, February 2022.

* بۆیە ناونراون تۆڕی کۆمەڵایەتی، چونکە بەپلەی یەکەم پشت دەبەستێت بە بەکارهێنەران کە خەڵکن، هەلی پەیوەندی و نزیکبوونەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت، جا ئەو کەسانە لە واقعدا هاوڕێ بن، یاخود تەنها لە دنیای گریمانەیی. ئەو تۆڕانە زۆر چالاک و کاریگەرن بۆ ئاسانکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی نێوان هاوڕێ و ناسراوەکان، تەنانەت بوونەتەهۆی ئەوەی هاوڕێ کۆنەکانیش بەیەکە بگەیەننەوە و لەڕێی وێنە و دەنگ و ڤیدیۆیەوە لە پەیوەندیدا بن، بڕوانە (سمر محمد الدریملي، اثر مواقع التوصل الاجتماعي على المشاركة السياسية للمرآة فی فلسطين، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعه الآزهر، غزة، ٢٠١٣، ص٢٧).

[4] Sultan Al-masaeed, Social Media use by government: adoption and efficiency, Published by International Journal of Electronic Governance, 2019 Vol.11 p.2 .
https://www.inderscience.com/info/inarticle.php?artid=101497. Accessed 23th, February 2022.

دروستدەکەن و زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن[1]، واتە ئەو پەیوەندییە ئۆنلاینەیە لە تاک و کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت؛ ئەمەش کۆی پرۆسەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەگرێتەوە بە بڵاوکردنەوە و دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان لەڕێی وێنە، نوسین، ڤیدیۆ[2]. لای خۆیانەوە، ( Kaplan & Haenlein) توێژەرانی بواری سۆشیال میدیا و زیرەکی دەستکرد، بە پلاتفۆرمێکی ئۆنلاین دەیناسێنن، کە ڕێگە بە بەکارهێنەران و گروپی بەکارهێنەران دەدات بۆ دروستکردن و ئاڵوگۆڕی پەیوەندی و ناوەڕۆک[3].

چەندین فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیای جیهانی پێناسەی دەستەواژەی سۆشیال میدیایان کردووە، لەوانە لە فەرهەنگی (میریام-وێبستەر Merriam-Webster)دا هاتووە، چەند شێوازێکە لە پەیوەندی ئەلیکترۆنی وەک وێبسایت، تۆڕی کۆمەڵایەتی و مایکرۆبلۆگینگ، کە لەڕێیەوە ڕێگەدەدات بەکارهێنەران پەیوەندی ئۆنلاینی دروستبکەن و هاوبەشی بە زانیارییەکانیان بکەن[4]. فەرهەنگی (کامبێرج) سۆشیالمیدیا دەناسێنێت بە ژمارەیەک شێوازی پەیوەندی ئەلیکترۆنی، کە هەل بۆ بەکارهێنەران دەڕەخسێنێت لەڕێی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و سمارتفۆنەکان پەیوەندی لەگەڵ یەکتر بگرن و زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن[5]. فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)ی بەریتانی وەک ژمارەیەک وێبسایت و پرۆگرامی سۆفتوێرد دەیناسێنێت، کە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەکاردێن[6]. ئینسایکلۆپیدیای (Webopedia)، وەک دەستەواژەیەک بۆ وەسفکردنی ئەو ماڵپەڕانەی ئینتەرنێت دەیناسێنێت کە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتیان هەیە، دەرفەت بە دروستکردنی پرۆفایلی کەسی دەدەن بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکەدا[7].

ژمارەیەک لەو توێژینەوانەی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا پەیوەست بە سۆشیال میدیا و ڕەهەندەکانی دیکە ئەنجامدراوە، چەندین پێناسەیان لە ڕوانگەی جیاوازەوە بۆ چەمکەکە کردووە، وەک دەوترێت شێوازێکی پەیوەندی ئەلیکترۆنییە، کە لەڕێگەی ماڵپەڕە تۆڕگەراکانەوە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات ئاڵوگۆڕی زانیاری (بیروڕا، وێنە و ڤیدیۆ بکەن) و کاریگەری لەسەر (بیر، هەست، هەڵسوکەوت)ی کەسەکان دروست دەکات[8]. تۆڕەکانی سۆشیال میدیا (Social

---

[1] مرسی مشري، شبكات التواصل الرقمية، بيروت: مجلة المستقبل العربي. العدد (٣٩٥)، ٢٠١٢، ص١٥١.

[2] غزام مريم و شعوبي نور الهدى، تأثير مواقع التوصل الاجتماعي على تنمية الوعي السياسي لدى طالبة الجامعين، رساله ماجستير غير منشورة، جامعة قاسدى مرباح-ورقلة، كليه العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم العلوم الانسانية، ٢٠١٤، ص٢٠.

[3] Andreas Kaplan & Michael Haenlein (2010), Users of the world, unite! The challenges and opportunities of Social Media. Business Horizons, 53, 59-68 file:///C:/Users/HP/Downloads/18.KaplanHaenlein2010-Usersoftheworldunite-BusinessHorizons.pdf

[4] Merriam-Webster, 2022, https://www.merriam-webster.com/dictionary/social%20media (Accessed 9th, March 2022).

[5] Cambridge Dictionary, 2022, https://dictionary.cambridge.org/dictionary/learner-english/social-media (Accessed 9th, March 2022).

[6] Oxford Dictionary, 2022, https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/american_english/social-media#:~:text=social%20media-,noun,big%20part%20of%20my%20life. (Accessed 9th, March 2022).

[7] منير اسماعيل السيد محمد، الاعلام البديل، القاهره: مؤسسة للنشر و التوزيع، ٢٠٢١، ص٣٦.

[8] دانا فاضل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٣.

(Applications) یان ئەپلیکەیشنی (Websites)، بریتیە لە کۆمەڵە پێگەیەک (Networks) جۆراوجۆری تایبەت بە دەستەبەرکردنی توانستی بەکارهێنەرانی، بەمەبەستی پەیوەندیکردن لەنێوان یەکدی بە ڕێگەی دانانی زانیاری، دید و سەرنج، نامە، وێنە و ڤیدیۆ[1]. سۆشیال میدیا بەشێکە لەو ماڵپەڕانەی زۆرترین سەردانیکەریان هەیە، لە ڕێگەیانەوە خەڵک پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و هاوڕێیەتی نوێ دروستدەکەن، بیر و بۆچوون و وێنە و بابەتەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانە لەگەڵ یەکتر هاوبەشیپێ دەکەن، ئەم ماڵپەڕانە لەسەر ئاستی، کەسی، بازرگانی و سیاسیش سودیان لێوەردەگیرێت، لە نموونەی (Facebook, Twitter, LinkedIn, Instagram, Snapchat, My Space, Pin)[2]. یاخود لەچوارچێوەی ئەو تۆڕانە پێناسە دەکرێن کە لەلایەن کەس، کۆمەڵ، ڕێکخراوە حکومیی و ناحکومییەکان، دەزگا سیاسیی و ئابوری و ڕۆشنبیرییەکانەوە بەکاردێن، کۆمەڵێک خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەمکردووە بۆ ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچوون و بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵ و وێنە و ڤیدیۆیەکان بەمەبەستی گەیشتن بەهەڵوێستێکی دیاریکراو دەربارەی دۆخێکی هاوبەشی گرنگی پێدراو[3].

لە ڕوانگەی ژمارەیەکی دیکە لە توێژەران، سۆشیال میدیا گوزارشتە لە کۆمەڵێک وێبسایت لەسەر بنەمای (تەکنەلۆژیای وێب٢، Web Two Technologies)، توانای ڕەخساندنی تۆڕی پەیوەندی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی هەیە، بەتایبەتی فەیسبوک و تویتەر کە بوونەتە مایەی ڕەخساندنی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی[4]. یاخود، ئاماژەیە بە هەموو ئەو جۆرە میدیایانەی لەلایەن خەڵکەوە بەکاردێن و خەڵک تێیاندا بەشدارێکی کارایە لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی دەقی جۆراوجۆردا، (Social Media) واتە میدیای خەڵک، بەرامبەر ئەم چەمکە لە زمانی عەرەبیدا (وسائل التواصل الاجتماعي) بەکاردێت، لە زمانی کوردیدا (تۆڕە کۆمەلایەتییەکان) بەکاردێت کە وەرگێڕدراوی چەمکە عەرەبیەکەیە[5].توێژینەوەیەکی دیکە سۆشیال میدیا، وەک میدیای کۆمەلایەتی دەناسێنێت کە ئامڕازێکی دیار و بڵاوی میدیای نوێیە(New Media)* ، بەهۆی

[1] شێرکۆ جەبار محەمەد، مامەڵەی سۆشیالمیدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕووماڵکردنی پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی: ژمارە (٥٩)ی ساڵی (٢٠١٩)، ل٣٥٨.

[2] بەرهەم خالد احمد سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

[3] ڕیبەر گۆران مستەفا و پاڤێ جەمیل ئەحمەد، پەیوەندی ژنانی کورد بە وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلایەتی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، Vol.3 No.6، ٢٠١٦، ل٥٦٠.

[4] کارزان محەمەد ئەحمەد، ڕۆڵی تۆڕی کۆمەلایەتی(فەیسبوک) لە ڕوماڵی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین: ژمارە (٤)ی (مانگی ١٢ی ٢٠٢١)، ل٦٤٣.

[5] کاروان عەلی قادر، کاریگەریی سۆشیالمیدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا، خوێندکارانی زانکۆکان بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین (ژمارە ٣، لە سێپتەمبەری ٢٠٢١)، ل٥٣٠.

* چەمکێکە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندی ئەلیکترۆنی، کە بەهۆی کۆمپیوتەرەوە ئەنجامدەدرێت وەک جێگرەوەیەک بۆ میدیای کلاسیک (ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) کە بە ئامڕازە جێگیر و نەجوڵاوەکان ناسراون، بەڵام میدیای نوێ بە داینەمیکیەت و کارلێک و پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر ناسراوە. بەدیوێکی تردا، هەر هۆکارێکی ڕاگەیاندن سود لە کۆمپیوتەر و هێڵەکانی ئینتەرنێت وەربگرێت و بەرهەمی میدیایی بەرهەمبهێنێت کە ئامانج لێی گەیاندنی زانیاری، یاخود کات بەسەربردن بێت ئەوە میدیای نوێیە، بڕوانە (بەرهەم خالد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢-٤٣). پەیوەست بە سیما و تایبەتمەندییەکانی (تۆنی فیلدمان Tony Feldman) ئاماژە بە پێنج خاڵ دەکات، ئەوانیش ١. پانتاییی بێ سنوور ٢. توانستی گەڕان ٣. نوێکردنەوەی ناوەڕۆک و زانیاری ٤. توانستی پەیوەندیکردن لە ئاستی جیاواز ٥. جیهانیبوون و نەمانی سنورەکان، بڕوانە عبدالخالق ئیبراهیم مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

سروشت و فرە تایبەتمەندیی و جیاواز و جۆراوجۆرەکانیەوە لە پێش هەمووشیانەوە کارلێککاری(التفاعلی) بەکارهێنەرێکی بەرچاوی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە[1].

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە دا، توێژەر سۆشیال میدیا دەناسێنێت، بە فۆڕمێکی نوێی میدیایی کارلێکی، کە لەڕێی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتەوە دەرفەت بە بەکارهێنەران دەدات ئەژماری تایبەتی و گشتی بکەنەوە و بێ سنوور لەگەڵ خەڵکانی دیکە لە پەیوەندیدابن، هەرچەندە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا خاوەنی تایبەتمەندی جیاوازن، بەڵام هاوکۆلکەی هاوبەشیان خۆی دەبینێتەوە لە پەیوەندی بەردەوام، خێرایی لە ئاڵوگۆڕی زانیاری، بڵاوکردنەوەی تێکست و وێنە و ڤیدیۆ، یاخود هەموویان بەیەکەوە بۆ دروستکردنی کارلێک و کاردانەوە بەرامبەر پەیامەکانی یەکتر بە زمانی ئاماژە، یاخود لەڕێی نووسین و کۆمێنت و هاوبەشیکردنی پەیامەکان، لە نموونەی بەربڵاوترین ئەو پلاتفۆرمانەی لە هەرێمی کوردستاندا بەکاردەهێندرێن، وەک فەیسبووک، ئینستاگرام، سناپچات و تویتەر..

**ب. گەشەپێدان و پاشخانی مێژوویی سۆشیال میدیا**

لە ڕووی مێژووییەوە، سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و پەیدابوونی ئینتەرنێت، کاتێکیش کۆمپیوتەر داهێندرا و شیوازی سەرەتای نامەی ئەلیکترۆنی پەرەپێیدرا، لە حەفتاکانیشدا تەکنەلۆژیای تۆڕگەرایی پەرەیسەند، هەتا ساڵی (١٩٧٩) بەکارهێنەران توانیان لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی سەرەتاییەوە پەیوەندی بەیەکەوە بکەن[2]. توێژینەوەیەکی دیکە، سەرەتای دروستبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٥)، کە زانای ئەمریکایی (پۆڵ باران)، لە زانکۆی پەنسیلڤانیا بیرۆکەی بەیەکەوە بەستنی دوو کۆمپیوتەر و زیاتری خستەڕوو[3].

جیهان پێشکەوتنی بەرچاوی لەڕووی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و زانیاری بەخۆیەوە بینی؛ بەتایبەت دوای دەرکەوتنی ئینتەرنێت* لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، کە دوورییەکانی لەیەک

---

[1] هێرش رەسوڵ موراد و یادگار عەلی محەمەد و ئەوانی دیکە، ڕۆڵی (فەیسبوک) لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی (کۆرۆنا) لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە). گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٢٠)، ل٧٥.

[2] بەرهەم خالد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٥٩.

[3] هاوکار یاسین شەریف و لوقمان قادر ڕەواندزی، کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئافرەتانی کوردستان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٤٠)ی ساڵی (٢٠١٨)، ل٣٨٣.

* سەرهەڵدانی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی یەکێتی سۆڤیەت مانگی دەستکردی سپۆتینکی لە (١٩٥٧) ناردە بۆشایی ئاسمان، ئەمە وایکرد (ئایزنهاوەر) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەوکات؛ تیمێکی گەورە لە عاقڵە زانستیەکان پێکبهێنێت بۆ کێبڕکێ و هاوشان لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە. ئەمریکا ترسی هەبوو یەکێتی سۆڤیەت هێرشی موشەکی بکاتە سەر ناوەندەکانی زانیاری و بەیەکجار هەمووی لە دەست بدەن، بیرۆکەی ئینتەرنێت لەوەوە دروستبوو کە ویستیان زانیارییەکان لە هەمانکاتدا لە چەند شوێنێکی جیاواز هەبێت، واتە ئەگەر سەنتەرەکانی زانیاری دووچاری فەوتان هاتن ئەوە جێگرەوایان هەبێت و ئەمەشیان لەڕێی هێڵی ئینتەرنێتەوە ئەنجامدا. یەکەم تۆڕی ئینتەرنێت بە (ARPANET) ناسرا، کە کورتکراوەی(Advanced Research Project Administration) ، لەلایەن وەزارەتی بەرگری ئەمریکاوە وەک پرۆژەی تۆڕی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە (١٩٦٩) دروستکرا، سەرەتا سێ کۆمپیوتەر لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بە کۆمپیوتەرێکی تر لە ویلایەتی یۆتاە بەسترایەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (دانا فاضل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٤). چەمکی ئینتەرنێت، لە دوو وشە پێکهاتووە (Inter) هاتنەناوەوە، (Net) بە مانای تۆڕ دێت، واتا بە مانای هاتنەناوەوە بۆ ناو تۆڕێکی بەرفراوان و لە سنورنەهاتوو دێ (مشتاق طلب فاضل، مصدر السابق، ص٣٨). لە ساڵی (١٩٨٣) بۆ یەکەمجار چەمکی ئینتەرنێت وەک دەستەواژەیەکی لێکدراو کە بەمانای تۆڕی فراوانی نێودەوڵەتی بەکارهاتووە، بڕوانە (انمار وحید فیضي، مواقع التواصل الاجتماعي وتأثیرها فی تشکیل الرأی العام ازاء القضایا السیاسیة دراسة مسحیة لجمهور مدینة بغداد وللمدة من (٢٠١٩/١/١- ٢٠١٩/٢/١٠). جامعة

نزیککردەوە و سنورەکانی نەهێشت. ئینتەرنێت بووە پەنجەرەیەکی کراوە بە ڕووی جیهاندا و کاریگەری ریشەیی لەسەر ژیان و پەیوەندی تاکەکان و کۆمەڵی مرۆیی دانا، لەڕێیەوە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێک ماڵپەڕی نوێ دەرکەوتن کە بە سۆشیال میدیا ناسران. بیرۆکەی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە میدیای کۆمەڵایەتی بە مەبەستی نزیکردنەوەی هاوڕێ و ناسراوەکانی ناو دامەزراوەیەک بوون، دواتر ئامانجەکەی گۆڕا بۆ کایەی گشتی و کرانەوەی بە ڕووی هەموواندا[1].

بڵاوبونەوەی ئینتەرنێت بووەهۆی گەشەی میدیای کۆمەڵایەتی و زیادکردنی خواستی بەکارهێنان، تائەوەی لە نەوەدەکان پێگەی ئەلیکترۆنی بلۆگ دروستکرا و دواتر مێژوویی میدیای کۆمەڵایەتی گەشەیکردووە. ئینتەرنێت و وێب دوو چەمکی هاوواتای یەکتر نین، بەڵام پەیوەندیدارن بەیەکەوە. ئینتەرنێت (Internet) بە شێوەیەکی سادە تۆڕی تۆڕەکانە کە بە ملیۆنان کۆمپیوتەر لەسەر ئاستی جیهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. وێب(Web) یش ڕێگای گەیشتنە بە زانیاری لەڕێی ئینتەرنێت، بە نیشاندانی پەڕەی وێبەکان لەڕێگەی وێب گەڕەوە (Browser)، کە زانیارییەکان لە ڕێگەی هایپەرلینکەوە پێکەوە بەستراون و خزمەتگوزاری نووسین، گرافیک، وێنە، دەنگ و ڤیدیۆ دەخاتەڕوو[2].

پەیوەست بە دەرکەوتن و گەشەپێدانی سۆشیالمیدیا، توێژەران باس لە نەوەکانی ئینتەرنێت دەکەن و بەدیاریکراوی هەڵوەستە دەکەن لەسەر نەوەی دووەم (Web2) کە سۆشیالمیدیا لێ بەرهەم هاتوو[3] . لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندی گەشەپێدانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، بە کورتی تیشک دەخەینە سەر سێ قۆناغ لە گەشەی نەوەی یەکەم و دووەم و سێیەمی وێبدا:

### ١. نەوەی یەکەمی وێب Web1

مەبەست لەو ماڵپەڕ و لاپەڕە جێگیرانەی وێبە، کە زانیارییەکان لە چەند کەسێکی دیاریکراوەوە ئاراستەی ژمارەیەکی زۆر لە وەرگران کراوە، لەم قۆناغەدا وێبسایت و لاپەڕەکان لەسەر بنچینەیەک کاریاندەکرد، بە دەگمەن نوێدەکرانەوە، زانیاری و بابەتەکانی ناویان جێگیر و نەگۆڕ بوون، جگەلە بەڕێوەبەری وێبسایتەکە هیچ کەسی تر مافی دەستکاریکردنی بابەت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی نەبوو. ئەم کۆمەڵە لاپەڕە جێگیرە، کە وێب داڕێژەر لەڕێی چەند کۆدێکی سادەوە لاپەڕەکانی وێبسایتەکەی دروستدەکرد و دواتر ئەپلۆدی دەکردە ناو تۆڕی ئینتەرنێت، واتە هیچ

---

بغداد: مجلة الآداب/ ملحق العدد ١٣٤، ٢٠٢٠، ص٥٣٧). ئەم تۆڕە جیهانییە وەک گرنگترین تەکنەلۆژیای هاوچەرخی پەیوەندیکردن دەناسرێت، کە لەچوارچێوەی شۆڕشێکی زانیاری و پەیوەندیکردندا؛ پەنجەرەیەکی نوێی بەرووی کۆمەڵگای مرۆیی کردووەتەوە و کاریگەری راستەوخۆی لەسەر فراوانبوونی بازنەی بەکارهێنەرانی میدیای نوێ و سۆشیالمیدیا هەبوو، بەشێوەیەک ئینتەرنێت تەنها لەماوەی (٤) ساڵدا (٥٠) ملیۆن بەکارهێنەری هەبووە، ئەم ژمارەیە بۆ تەکنەلۆژیای تەلەفۆن (٧٤) ساڵ پێچووە، بۆ تەلەفزیۆن بە (١٣) ساڵ گەیشتووە بەو ژمارە لە بینەر (صلاح محمد عبدالحمید، الاعلام الجدید، القاهرة: مؤئسسة طیبة للنشر و التوزیع، ٢٠١٢، ص٧٨). هەروەک، ڕادیۆ بە (٤٠) ساڵ (٥٠) ملیۆن گوێگری لەخۆی کۆکردووەتەوە، بۆ کۆمپیوتەریش (١٥) ساڵی خایاندووە (هەردەوان مەحمود کاکەشێخ، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی پرسی میدیا، سلێمانی: چاپخانەی کوردستان، ٢٠١٥، ل٣٩).

[1] مشتاق طلب فاضل، مصدر سابق، ص٥٧.

[2] Keshab Nath, Sourish Dahr and Subhash Basishtha(2022), Web 1.0 to Web 3.0- Evolution of the Web and its various challenges. Conference Paper, February 2014. Published at ResearchGate. P.1.

[3] مریم نریمان نومار، استخدام مواقع الشبكات الاجتماعیة وتآثیره فی العلاقات الاجتماعیة دراسة عینة من مستخدمي الفیس بوک فی الجزائیر، رسالة ماجستیر منشورة، جامعة الحاج لخضر-باتنة، الجزائیر، ٢٠١٢، ص٤٧-٤٨.

کارلێکێکی ئەوتۆ لەنێوان وێبسایتەکە و ئەو کەسانەی سەردانیان دەکرد ڕووی نەدەدا[1]. ئەم نەوەیەی ئینتەرنێت لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە کاردا بوو، بەکارهێنەران تەنها دەرفەتی خوێندنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانیان هەبوو (User only can read)، بێ کارلێک و کاردانەوە لەسەر ناوەڕۆکەکان[2]. ئەم خزمەتگوزارییە لە ساڵی (١٩٨٩) لەسەردەستی زانای بەناوبانگی بەریتانی (تیم بیرنەرز لی Tim Berners-Lee) داهێندرا[3].

**٢. نەوەی دووەمی وێب Web2**

سۆشیالمیدیا بەرهەمی ئەم قۆناغەیە، کە تێیدا کۆمەڵێک وێبسایت و ئەپلیکەیشن (بلۆگ، ماڵپەڕی پەیوەندی، پێگەی جیاواز) بۆ پەیوەندی ئۆنلاینی لە ماوەی ساڵەکانی (٢٠٠٢-٢٠١٢) دەرکەوتن[4]. ئەم نەوەیەی ئینتەرنێت وەک دەستەواژەیەک بەکاردێت بۆ کۆمەڵێک تەکنکیکی نوێ و ئەپلیکەیشنی تۆڕەکان، کە بووەهۆی گۆڕانکاری لە تۆڕی ئینتەرنێتدا. (Web2) بۆ یەکەمجار لە کۆنگرەی گەشەی وێب لە سانفرانسیسکۆ ساڵی (٢٠٠٣) لە زاری (دایل دویرتی Dougherty Dale) بەکارهات، ئەمەش لە خولێکی گفتوگۆئامێزی نێوان کۆمپانیای ئۆریل بۆ ڕاگەیاندن لەگەڵ گرووپی میدیالایڤ (MediaLive)ی نێودەوڵەتی بۆ تەکنەلۆژیا و زانیاری. نەوەی دووەم چەند تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی لە نەوەی یەکەم هەیە؛ وەک کردنەوەی ئەژماری تایبەتی و کۆنترۆڵکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکان لەلایەن بەکارهێنەرانەوە، بەشێوەیەک تاکەکەس گوزارشت لەو بابەتانە دەکات کە گرنگی پێدەدا[5].

هاوکات ئەم نەوەیەی ئینتەرنێت زۆر گۆڕانکاری لە دنیای میدیادا دروستکرد، لەوانە کاڵکردنەوەی چەمک و تێگەیشتن لە میدیای جەماوەری(Mass Media) و گۆڕینی بۆ میدیای کەسی و تایبەت، (دەینس مەکوەیل McQuail) میدیای جەماوەری لە دەستی گرووپێکی تایبەت و دیاریکراوەوە دێتە دەستی تاک و بەکارهێنەرانی میدیای نوێ و سۆشیالمیدیا[6]. لێرەدا، بیرۆکەی گۆڕینی بەکارهێنەر بۆ بەشداریکەر گۆڕا، ئەمەش بواری ڕەخساند بەکارهێنەری وێبسایتەکان ببنە بەشداریکەرێکی کارا لە دانان و بڵاوکردنەوەی بابەت و زانیاری هەمەجۆری بێ سنوورو بێ سانسۆر[7]. لەم قۆناغەدا وەرچەرخانێکی زۆر فراوان و گۆڕانی ڕیشەیی ڕوویدا، بە ملیۆنان پەیجی

---

[1] هەردەوان مەحمود کاکەشێخ، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی پرسی میدیا، سلێمانی: چاپخانەی کوردستان، ٢٠١٥، ل١٦-١٧.

[2] Steve Nouri, (2022), Web 3.0, AI+NFT, Data2Vec: AI wins Poker, Summarizes research papers, Scans Eyes and Detects Emotions. https://www.linkedin.com/pulse/web-30-ainft-data2vec-ai-wins-poker-summarizes-research-steve-nouri?trk=pulse-article_more-articles_related-content-card. Accessed April 7, 2022.

[3] Keshab Nath, Sourish Dahr and Subhash Basishtha(2022), Web 1.0 to Web 3.0- Evolution of the Web and its various challenges. Conference Paper, February 2014. Published at ResearchGate.

[4] ابتهال محمد عطا ناصر، درجة تقبل طلبة الجامعة الآردنية لاستخدام شبكة التواصل الاجتماعي الفيس بوك في التدريس الجامعي فى ضوء بعض المتغيرات المختارة، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الاردنية، عمان، ٢٠١٤، ص١٦-١٧.

[5] عبد الرزاق الدليمى، الاعلام و شبكات التواصل الاجتماعي، عمان: مؤسسة الابتكار للنشر و التوزيع، ٢٠١٨، ص٢٦١.

[6] بەرهەم خالد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧-٤٣.

[7] بەهات حەسیب قەرەداخی و هەردەوان مەحمود کاکەشێخ، پرسی شوناس لە میدیای نوێدا، شوناس لە تەونی جاڵجاڵۆکەیی Web1تا Web2، مجلة الفنون و الادب و علوم الانسانيات و الاجتماع، عدد خاص بالمؤتمر العلمي الاول لقسم التقنية الاعلامية، كليه التقنية اللدراية، جامعه السليمانية التقنية، عدد ٣٨، ٢٠١٩، ل٣١٩.

داینامیکی و هەزاران تۆڕی کۆمەڵایەتی سەریانهەڵدا کە پشتئەستوور بوون بە بەشداری ڕاستەوخۆی بەکارهێنەران، نەک خاوەنی پەیج و وێبسایت و سێرڤەرەکان. هاوکات بیرۆکەی بەشدارییپێکردنی ئەپڵیکەیشنەکان(App) لەناو وێبسایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان رەخسا[1].

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا*، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، زانستی، ئابوری، سیاسیی و ڕۆشنبیری سەریانهەڵدا، بە جۆرێک بوونە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی بەکارهێنەران لە سەرتاسەری جیهاندا، چەندین ملیار بەکارهێنەری تێپەڕاند. بەکارهێنەران هەواڵ و زانیاری و بابەتی هەمەلایەن بەشێوەی نوسین، فۆتۆ و ڤیدیۆ بڵاودەکەنەوە. تاک و کۆمەڵ، دەزگا حکومی و ناحکومییەکان، دەتوانن لە ڕێگەی کردنەوەی لاپەڕەی فەرمی و پەیج و گروپەوە، لە چەند خزمەتگوزارییەکی جۆراوجۆر سود وەربگرن، وەک بڵاوکردنەوەی بابەت، لایک و کۆمێنت، شەیر و گروپ و ئەلبومی وێنە[2].

### ٣. نەوەی سێیەمی وێب Web3:

قۆناغێکی پێشکەوتووی گەشەکردنی وێب تەکنەلۆژییە، لە سایەی ئەم تەکنیکەدا، وێبسایتەکان دەبنە داتابەیسێکی داینامیکی لەچوارچێوەی زیرەکی دەستکردا (Artificial Intelligence) پرۆسەکانی گەڕان و گەیشتن بە زانیارییەکان دەستەبەردەکات. لێرەدا، بە ڕادەیەک پەرە بە وێبسایتەکان دراوە کە توانای ناسینەوە و پێکەوەبەستنەوەی زانیارییەکان بەشێوازێکی خودکار(ئۆتۆماتیکی) هەیە، بۆ نموونە کاتێک وێنەیەک لە سۆشیال میدیا پۆست دەکرێت، ڕوخساری چەند کەسێک لە وێنەکە دەرکەوتبن؛ راستەوخۆ لەڕێی زیرەکی دەستکردەوە دەناسرێنەوە، جگەلەوەش پرۆگرام و ئەپڵیکەیشنەکان هێندە پەرەیانپێدراوە تەکنیکەکانی زیرەکی دەستکرد لە توانایدایە راستەوخۆ مۆنتاژی جوڵەی وێنەکان بکات، نموونەش فلتەرەکانی سناپچات و ئینستاگرامن[3].

ئەم نەوەیە، لە دەیەی سێیەمی ئینتەرنێتدا دەرکەوتوون (٢٠٠٩-٢٠١٩)، جیاوازییەکەی ئەوەیە؛ زانیارییەکان بەشێوەیەکی قوڵتر ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت و شێوازی گەڕان لە ژمارەیی و وشە سەرەکییەکەوە دەبێت بە گەڕان بە دوای ماناوە، جگەلە هاوبەشیکردن لە ئاستێکی قوڵ و پێشکەوتوو، بەخێراییەکی زۆر و بەرجەستەتر وەک ئەوەی ئێستا هەیە شێوەی 3D [4]. لێرەدا، پرۆسەی بەرزکردنەوەی جۆرێتی و، دەستکاریکردن و دروستکردنی ناوەڕۆکی بابەت و خزمەتگوزارییەکانی سۆشیال میدیا پەرەی زیاتری پێدراوە، بەکارهێنەر نەک تەنها دەتوانێت بخوێنێتەوە، بنووسێت، ببینێت، گوێ بگرێت و کارلێک و کاردانەوەی بۆ بابەتەکان هەبێت، بەڵکو

---

[1] هەردەوان مەحمود کاکەشێخ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

* (Class Mates) یەکەم تۆڕی کۆمەڵایەتییە لە (١٩٩٥) لەلایەن (راندی کۆنرادس) دامەزرا، پاشان تۆڕی (Six Degrees) لە (١٩٩٧) لەلایەن (ئەندرۆ وایەنریتش)، تۆڕی (Cy World) لەلایەن کۆمپانیای (Sky Telecom) لە (١٩٩٩) دامەزرا، تۆڕی (FriendStar) لەساڵی (٢٠٠٢) لەلایەن (جۆناسان ئەبرامس) دامەزرا، دواتر تۆڕی (My Space) لەساڵی (٢٠٠٣) لەلایەن (براد گرینسپان) دامەزرا، تۆڕی (Facebook) لەساڵی (٢٠٠٤)، تۆڕی (Twitter) لە (٢٠٠٦) لەلایەن (جاک دۆرسی) دامەزرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕێبەر گۆران تاڵەبانی و یەحیا عومەر ڕیشاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

[2] ڕێبەر گۆران تاڵەبانی و یەحیا عومەر ڕیشاوی، میدیای نوێ لە سایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا، لە بڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیا و دایەلۆگی میدیا، ٢٠٢٠، ل١٣٤-١٣٥.

[3] بەهات حەسیب قەرەداخی و هەردەوان مەحمود کاکەشێخ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.

[4] بەرهەم خالد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

هەست و سۆز لەگەڵ دنیای دیجیتاڵی تێکەڵدەکات، وەکچۆن ئەم گۆڕانکارییانە لە تایبەتمەندییەکانی سەکۆکانی سناپچات و تیکتۆک و تیلیگرام شوێنیان گرتووە[1]. لەم نەوەیەی وێبدا؛ هێزێکی تەکنیکی زیرەکی دەستکرد بە وردەکاری و خزمەتگوزارییەکی فرە چەشن لە کاردایە، بەشێوەیەک بەکارهێنەر دەتوانێت لە پلاتفۆرمەکان وێنەیەکی خۆی پۆست بکات و بەشێوەی خودکار بە دوای هاوشێوەی خۆی لەناو تۆڕەکە دا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە، یاخود سود لەو ئەپڵیکەیشنانە ببینێت، کە بە هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە پەیوەست نین[2].

**تەوەری دووەم/ پلاتفۆرمە بەربڵاوەکانی سۆشیال میدیا:**

گەشەی بەردەوامی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و سۆشیال میدیا بووەتە هۆکاری بەگەڕخستنی ژمارەیەکی زۆر لە پلاتفۆرمی جۆراو جۆر، کۆمەڵێک لەو پلاتفۆرمانە مۆرکێکی جیهانیان وەرگرتووە و بەکارهێنەریان لەسەرانسەری جیهان هەیە، بۆ وێنە فەیسبوک و ئینستاگرام و سناپچات، هەندێکی دیکەشیان زیاتر لەسەر ئاستی وڵاتێک، یان چەند وڵاتێک بەکارهێنەریان هەیە، بۆ نموونە پلاتفۆرمی (لاین LINE) لە تایلاند، یاخود پلاتفۆرمی (Vkontakte) لە روسیا، لێرەدا بە پێویست زانراوە بەپێی داتا و ڕیزبەندییە جیهانییەکان زانیاری پێویست لەسەر بەربڵاوترین پلاتفۆرمەکان بخرێتەڕوو:

**یەکەم/ فەیسبووک Facebook:** بەربڵاوترین پلاتفۆرمی سۆشیال میدیایە، کە لەناو جیهانێکی گریمانەییدا پەیوەندی لەنێوان بەکارهێنەران دروستدەکات، وەک سەکۆیەکی گفتوگۆکردن و، ئاڵوگۆڕی زانیاری و وێنە و ڤیدیۆ و پەیام ناسراوە، بەکارهێنەران کارلێک لەنێوان یەکتردا دەکەن و، چالاکییەکانی یەکتر دەبینن و تێچێن لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکانی یەکتر دەنوسن[3]. بە خوێندنەوەیەکی دیکە، تۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، لەڕێی ئینتەرنێتەوە دەرفەت بە بەکارهێنەرانی دەدات لاپەڕەی تایبەت بە خۆیان دروستبکەن و لەڕێی نووسین، وێنە و ڤیدیۆ لەگەڵ هاوڕێیان و کەسانی مەبەستدار لە پەیوەندیدابن، بەو هۆیەوە ئەندامانی تۆڕەکە بەردەوام ئاگادار دەبن لە جیهانی دەرووربەریان چی ڕوودەدات و، هەست و سۆز و بیروبۆچوونەکانیان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ دەکەن[4].

لە شوباتی (٢٠٠٤) لەلایەن خوێندکارانی زانکۆی هارڤارد (مارک زوکەربێرگ Mark Zuckerberg، ریس هوگس Chris Hughes، ئاندرو مک کۆڵۆم Andrew McCollum، داستین مۆسکۆڤیتزDustin Moskovitz، ئێدواردۆ سڤەرین Eduardo Saverin) دامەزراوە. بیرۆکەی سەرەتایی بۆ دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی بوو لەنێوان خوێندکارانی زانکۆی هارڤارد لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ئازاری (٢٠٠٤) ئەم تۆڕە خرایە بەردەست خوێندکارانی زانکۆکانی ستانفۆرد و کۆڵۆمبیا، دواتر بازنەی بەکارهێنەران فراوانتر بوو بە ڕووی

[1] Umesha Naik, Comparative Study of Web 1.0, Web 2.0 and Web 3.0, Conference Paper, March 2009. Published at ResearchGate, p.8.

[2] عبد الرزاق الدليمي، مصدر السابق، ص٢٦٨.

[3] عبد السلام الأشهب، استخدام مواقع التواصل الاجتماعي الفيس بوک أنموذجا وعلاقتها بالتنشئة الاجتماعية. رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، جامعة الشهيد حمه لخضر بالوادی/ الجزائر، ٢٠١٧، ص٣٤.

[4] حسان أحمد قمحية، الفيسبوک تحت المجهر، دار النخبة للنشر و التوزيع، مصر، الجيزه، ٢٠١٧، ص٢٤.

سەرجەم کۆلێژەکانی شاری بۆستن و زانکۆی ئیڤی لیچ و بەشێک لە زانکۆکانی ئەمریکا و کەنەدا کرایەوە، تا ساڵی (٢٠٠٦) ماڵپەڕەکە تەنها بۆ خوێندکارانی زانکۆ و ئامادەیی بوو، لە کۆتاییدا خزمەتگوزارییەکانی فەیسبووک بە ڕووی جیهاندا کرایەوە، ئەمەش بووەهۆی تەقینەوەی ژمارەی بەکارهێنەرانی؛ بەجۆرێک لە کانونی دووەمی (٢٠٠٦) دوازدە ملیۆن بەکارهێنەرانی هەبوو، ئەم ژمارەیە لە کۆتایی (٢٠٠٧)دا بۆ (٤٠) ملیۆن کەس بەرز بووەوە[1].

فەیسبووک لە دروستبوونییەوە داهێنانێکی نوێیە، بەرهەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیایە، کارکردنی پەیوەستە بە بەردەستبوونی تۆڕی ئینتەرنێت. بەکارهێنانی دەشێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندی کەسی و کۆمەڵایەتیەکان، یان دروستکردنی بێت، یاخود بۆ کاری بازرگانی و پیشەسازی، یان بۆ هەر مەبەستێکی تر بێت[2]. بەهۆی ئەوەی گەورەترین سەکۆی سۆشیال میدیایە لە ڕووی بەکارهێنانەوە، بە پاشای پلاتفۆرمەکانی سۆشیالمیدیا ناسراوە[3]. بەپێی داتاکانی کۆتایی ساڵی (٢٠٢١) لەو (٤،٨٠) ملیار کەسەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن؛ (٤،٤٨) ملیار کەس واتە (٥٦،٨٪) دانیشتوانی جیهان بەکاربەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیان و ڕێژەی (٩١٪) ئەو ژمارەیە لە ڕێی ئامێرەکانی مۆبایلەوە* دەچنە ناو تۆڕەکانی پەیوەندی، فەیسبووک سێیەم گەورەترین وێبسایتی سەردانیکەرە لە دوای گوگڵ و یوتیوب، دووەم ئەپلیکەیشنە زۆترین داگرتن(Download)ی هەیە، گەورەترین پلاتفۆرمی سۆشیال میدیایە، کە (٢،٨٥) ملیار

---

[1] علي لفته العيساوي، الفيسبوك الوطن البديل للشباب، سلسلة الاختراق الثقافي، المركز الاسلامي للدراسات الاستراتيجية، النجف الآشرف، ٢٠٢١، ص١١.

[2] هێرش ڕەسوڵ موراد و یادگار عەلی محەمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

[3] Lranne Peard, (2022), A List of the Latest Facebook Features You Might Not Know Exist! https://nealschaffer.com/facebook-features/#:~:text=Facebook%20has%20quite%20a%20lot,content%3B%20and%20Events%20where%20user. Accessed April13, 2022.

* بەرهەمێکی دیکەی شۆڕشی ئەلیکترۆنی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای مۆبایلە، کە بەکارهێنانی لە پەرەسەندنی بەردەوامدایە و تەنها لە پەیوەندی نێوان کەسەکان بەرتەسک ناکرێتەوە، بەڵکو زۆر خزمەتگوزاری دیکەشی لەبواری خوێندن و فێرکردن و ناردنی وێنە و ڤیدیۆی زیندوو ڕەخساندووە (عبدالرزاق محمد الدليمي، الاعلام الجديد و الصحافة الالكترونية، ط١، عمان، دار وائل للنشر و التوزيع، ٢٠١١، ص٩٠). دەرکەوتنی سمارتفۆن، لەسەر ئاستێکی بەرفراوانی ژیان؛ گۆڕانکاری کرد، ئێستا مۆدیلە جیاوازەکانی و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و سیستمی وای فای و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کاریگەری گەورەیان بەسەر ڕۆژنامەوانی کلاسیکدا هێناوە و لەسەر هەموو ئاستەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنان، لێکەوت و کاریگەری خۆی بەجێهێشتووە و مۆدێل و شێوازی نوێی کارکردنی هێناوەتە گۆڕێ، کە پسپۆڕان و چاودێرانی میدیا بە "ڕۆژنامەوانی مۆبایل" ناوی دەبەن. (Mobile Journalism) کە کورتکراوەکەی (MOJO)یە، بریتیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری لە ڕێگەی مۆبایلەوە، ئەم تەکنیکە تازەیە کاری ڕۆژنامەوانی بۆ تیمێکی تەلەفزیۆنی کورت کردەوە بۆ (یەک کەس و یەک ئامێر)، ڕۆژنامەنووس+ سمارتفۆنەکەی. هەروەها پێشکەوتنی سمارتفۆنەکان (شۆڕشی ئەپەکان Apps Revolution)ی دروستکرد، ئەمەش وایکرد ڕۆژنامەنووسان لە زۆرێک لە ئەرکە سەختەکاندا، بە کەمترین ماندووبوون و پێداویستی تەکنیکی ئەرکە میدیاییەکان ڕاپەڕێنن. ئەم پەرەسەندنە تەکنەلۆژییە مۆدیلێکی دیکەی کاری ڕۆژنامەنووسی بەرهەمهێنا، کە پێی دەوترێت (ڕۆژنامەنووسی هاوڵاتی)، یان ئەوەی لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا بە (Citizen Journalist) ناسراوە، بڕوانە (فرمان عەبدولڕەحمان، ڕێبەری ڕۆژنامەوانی مۆبایل، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، بە سپۆنسەری سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان چاپ کراوە، ٢٠٢٠، ل٧).

بەکارهێنەری هەیە[1]. ئەم تۆرە، بەشێوەی خێرایی ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات لاپەڕەی تایبەت *(Profile)و لاپەڕەی گشتی * (Page) بکەنەوە و ناوی خۆیان لەڕێی ئیمەیڵ و ژمارە تەلەفونەوە تۆمار بکەن.

فەیسبووک، چەندین پێکهاتە، تایبەتمەندی و خزمەتگوزاری بۆ کارلێک و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بەهێزکردنی رایەڵەکانی پەیوەندیکردنی هەیە، لەوانە:

1. **دیواری سەرەکی (Newsfeed):** بریتیە لە دیواری سەرەکی هەژمارەکان، بەکارهێنەر لەڕێیەوە هەموو ئەو بابەتانە دەبینێت؛ کە هاوڕێکانی دیکە بڵاویانکردووەتەوە. بینینی پۆستەکانیش بەپێی زۆری و کەمی ڕێژەی هاوڕێکان و هاوکێشە خواریزمیەکان دەگۆڕێت[2].
2. **ڕووپەڕ (Wall):** بریتیە لەو شوێنەی بۆ بەکارهێنەران تەرخانکراوە، لەڕێگەیەوە نووسین و گوزارشتی جیا جیا بڵاودەکرێتەوە.
3. **کاردانەوەکان (Reactions):** بریتیە لە کاردانەوەی بەکارهێنەران لەسەر پۆست و بابەتی هاوڕێکانی دیکە کە بەشێوەی ئیمۆجی هەستەکان دەردەبڕێن، لەوانە لایک Like، بە

---

[1] الجزیرة، وسائل التواصل الاجتماعي حقائق وأرقام: https://www.aljazeera.net/amp/news/scienceandtechnology/2021/10/6/%D9%88%D8%B3%D8%A7%D8%A6%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%88%D8%A7%D8%B5%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AC%D8%AA%D9%85%D8%A7%D8%B9%D9%8A-%D8%AD%D9%82%D8%A7%D8%A6%D9%82-%D9%88%D8%A3%D8%B1%D9%82%D8%A7%D9%85?fbclid=IwAR0-atVyg7jnyrXPEfTKnbSvlSNTQKpCpYA68I7jowTbkY9yBXv7GHtNhi4.

* ئەژماری کەسی (پرۆفایل Profile): دۆسیەیەکی تاکەکەسییە، لە ڕێگەیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت زانیارییە تایبەتیەکانی، پەیام، فۆتۆ و ڤیدیۆ لە دیوارە کەسیەکەی بڵاوبکاتەوە، هەروەک لە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی بەردەوامدا بێت لەگەڵ لیستێک لە هاوڕێکانی کە ژمارەیان پێنج هەزار کەسە. ئەم ئەژمارە هەل دەرەخسێنێت بۆ زیادکردنی هاوڕێیەتی نوێ لەگەڵ کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خزمەتگوزاری لەنێوان بەکارهێنەر و بەکارهێنەرانی دیکەی تۆڕەکە. بڕوانە Bigcommerce(2022), What is a Profile Facebook. https://www.bigcommerce.com/ecommerce-answers/what-is-a-facebook-profile/#:~:text=Definition%3A%20A%20Facebook%20profile%20is,list%20and%20provide%20personal%20information

* ئەژماری گشتی (پەیج Page): پەڕەیەکی گشتی فەیسبووکە، ڕێگە بە کەسایەتییە دیارەکان، پارت و ڕێکخراو و دامەزراوە گشتییەکان، بازرگان و کۆمپانیا بازرگانییەکان دەدات لەڕێی پرۆفایلێکی گشتییەوە بێ سنور لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی فەیسبووک لە پەیوەندیدابن، ئەمەش پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی پرۆفایلە کە ڕێگە بە لیستێکی هاوڕێیەتی پێنج هەزار کەسی دەدات. واتە، خاوەنی پەیج دەتوانێت لەگەڵ ژمارەیەکی بێ سنوور و بە کرداری لایک و فۆلۆی بەکارهێنەران پەیوەندی بگرێت و هەموو خزمەتگوزارییەکی بڵاوکردنەوە بەردەستە، هاوکات وەک ئامرازێک بۆ ڕیکلام و بازاڕدۆزی بۆ هەڵوێست و کاڵا و بەرهەمەکان بڵاوکراوەکان سودی لێدەبینرێت. پەیج خزمەتگوزاری سپۆنسەر(Sponsor)یش دەخاتە بەردەست، بە مانای پارەدارکردن بۆ گەیاندنی زانیاری و ناوەڕۆکی بابەتەکان بۆ زۆرترین بەکارهێنەری تۆری فەیسبووک، کە چەندین تەکنیکی تێدایە بۆ بە ئامانج گرتنی جەماوەر و هەڵبژاردنی ئەو بەکارهێنەرانەی مەبەستە پەیامەکەیان پێبگات. بڕوانە Techopedia(2022), Facebook Page. https://www.techopedia.com/definition/15441/facebook-page. April 18, 2022

[2] فرمان عەبدولڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

دڵبوون و خۆشەویستی Love، پێکەنین Ha-ha، تورەبوون Angry و خەمبار بوون Sad). لایک بەربڵاوترینیانە بۆ وەرگێڕانی هەستەکانمان بۆ فۆرماتێکی دیجیتاڵی[1].

4. **تێچێن (Comment):** خزمەتگوزارییەکە بەکارهێنەر لەرێیەوە دەتوانێت لەسەر ناوەرۆکی بابەتە بڵاوکراوەکان بە نووسین، وێنە، هێما یان لینکێک هەڵوێست و بۆچوونی خۆی بخاتەروو[2].
5. **هاوبەشیکردن (Share):** تایبەتمەندییەکە دەرفەت بۆ بەکارهێنەران دەرەخسێنێت، بۆ دوبارە بڵاوکردنەوە و بەشکردنی ناوەرۆکی بابەت، وێنە، ڤیدیۆ ی بەکارهێنەرانی دیکە.
6. **نامە (Message):** تایبەتمەندی و خزمەتگوزارییەکی گرنگە، کە رێگە بە بەکارهێنەر دەدات پەیام لەشێوەی نامە بە تێکست، دەنگ، یاخود رەنگ و ڤیدیۆ بۆ هاورێکانی دیکە، یان بەکارهێنەرانی دیکە بنێرێت، هاوکاتیش پەیام لە ئەوانیشەوە وەربگرێت.
7. **نقورچ (Poke)** : ئامرازێکە بۆ ئاگاداربوونەوەی بەکارهێنەران لەگەڵ یەکتری.
8. **هێماکردن (Tags):** ئامرازێکە بەکاردێت بۆ ئاگادارکردنەوەی هاورێیان لە بابەت، وێنە، ڤیدیۆ یان هەرشتێکی دیکە کە بڵاودەکرێتەوە[3].
9. **دیاریکردنی شوێن(Check in):** خزمەتگوزاریەکە هەل بە بەکارهێنەر دەدات شوێن و کاتی بڵاوکردنەوەی بابەت و پۆستەکان بڵاوبکاتەوە.
10. **تێبینیەکان (Notification):** خزمەتگوزارییەکە ئاگادارت دەکاتەوە لە هەر گۆرانکارییەک کە روودەدات، بۆ نموونە کاتێک تێچێنێک لەسەر بابەتێکت دەنوسرێ، یاخود بەکارهێنەر تێچێنێک بۆ بابەتێکی دیکە دەنوسێت و دواتر ئاگاداردەکرێتەوە لە تێچێن و بۆچوونەوەکانی دیکە[4].
11. **Reels:** خزمەتگوزارییەکی نوێی فەیسبوکە ساڵی (٢٠٢١) زیاد کرا، شێوازێکی بڵاوکردنەوەی کورتە ڤیدیۆییەکانە. بەکارهێنەر دەتوانێت ئامادەیبکات و هاورێکانی دیکە سەیرییبکەن و کاردانەوەیان بە زمانی ئاماژە، یان تێچێن و دوبارە بڵاوکردنەوەی هەبێت[5].
12. **ستۆری (Story):** خزمەتگوزارییەکە لە بەشی سەرەوەی ئەژمار دەردەکەوێت، تێیدا بەکارهێنەر دەتوانێ وێنە، یاخود ڤیدیۆ پۆست بکات و تا (٢٤) کاتژمێر دەمێنێتەوە.
13. **هاورێکان (Friends):** لێرەدا، چەند خزمەتگوزارییەک بەردەستە، وەک ژمارەی هاورێکان، ئەو بەکارهێنەرانەی داوای هاورێیەتیان کردووە، ئەو بەکارهێنەرانەی پێشنیاز

---

[1] Cheryl Baldwin, (2022), How to Use Facebook Reactions in Your Marketing Efforts. https://www.wsiworld.com/blog/first-impressions-of-facebook-reactions#:~:text=Reactions%20are%20Facebook's%20way%20of,Wow%2C%20Angry%2C%20and%20Sad. April 16, 2022.

[2] عبد السلام الأشهب، مصدر السابق، ص٣٥.

[3] هێرش رەسوڵ موراد و یادگار عەلی محەمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩-٨٠.

[4] ئاوارە حاجی خدر و سامان جەلال مەولود، کاریگەری فلتەرکردن لە میدیای کۆمەلایەتی فەیسبوک لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٢) ، ل٥٩٦-٥٩٧.

[5] Facebook(2022), Reels on Facebook. https://www.facebook.com/help/398606435303267/?helpref=related_articles, Accessed 17, July 2022.

دەکرێت هاوڕێیەتیان بکەیت، لەگەڵ ئەوانەی یادی لە دایکبونیان هەیە و دەتوانی پیرۆزباییان بۆ بنێریت.

14. **گرووپەکان (Groups):** لێرەدا، بەکارهێنەر دەتوانێت گروپ دروست بکات، یاخود ببێتە ئەندام لەو گروپانەی لە تۆڕەکەدا هەیە.
15. **یادەوەری (Memories):** ئەم خزمەتگوزارییە هەموو پۆست و بڵاوکراوەکانی ساڵانی پێشوو بیر بەکارهێنەر دەهێنێتەوە، بۆ ئاگاداربوون، یان دووبارە بڵاوکردنەوەی.
16. **عەمباردکردن/ گەنجکردن (Saved):** خزمەتگوزارییەکە بۆ عەمبارکردنی هەر بابەتێک بۆ پاراستن و ئەرشیفکردن.
17. **بازاڕگەری (Marketplace):** خزمەتگوزارییەکە بۆ نیشاندانی ریکلام و بابەتەکانی بازرگانی، ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات بۆ خستنەڕووی کرین و فرۆشتنی کاڵا و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان.[1]

**دووەم/ یوتیوب YouTube:** سەکۆیەکی ئۆنلاینی ڤیدیۆیی خۆرایی زۆر بەناوبانگە، ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات بە بڵاوکردنەوە و عەمبارکردن و بەشکردنی گرتە ڤیدیۆییەکان، هاوکات بینین، هەڵسەنگاندن، دەربرینی بۆچوون لەسەر ڤیدیۆکان.[2] یەکێکە لەو پلاتفۆرمە گرنگانەی سۆشیال میدیا، کە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و گرنگی بەسەر دونیای برۆدکاستینگ و میدیادا هێنا. لە ڕێگەیەوە هەموو کەسێکی ئاسایی دەتوانێت ببێتە خاوەنی چەناڵی میدیایی تایبەت بە خۆی و هەموو بەرهەمێکی ڤیدیۆیی بڵاوبکاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ سانسۆر، یان ڕێگرییەکی لەبەردەمدا بێت، بەو مەرجەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان هاوتەریب بن بە پۆلەسی و مەرجە پیشەییەکان.[3] لە ساڵی (٢٠٠٥) دوایئەوەی لەلایەن سێ کارمەندی کۆمپانیای پای پاڵ (ستیڤ شین و چاد هولی و جاوید کەریم) دروستکرا، ڕێژەی بەکارهێنەر و بینەرانی ئەم پلاتفۆرمە بەردەوام لە هەڵکشاندایە. داتاکان ئاشکرایدەکەن؛ لە مانگی کانوونی دووەمی (٢٠٢٢)، ڕۆژانە زیاتر لە (٧٠٠) ملیۆن کاتژمێر سەیری ناوەڕۆکی ڤیدیۆکانی کراوە[4]. ڕۆژانە لە یەک دەقیقەدا (٥٠٠) پارچە ڤیدیۆ بڵاودەکرێتەوە و (١٢٢) ملیۆن کەس بەکارهێنەرن، هاوکات ملیارێک ڤیدیۆ تەماشا دەکرێت و تێکرای مانەوەی هەر بەکارهێنەرێک (١٨) دەقیقەیە لە ڕۆژێکدا[5]. ئەم سەکۆیە، ژمارەیەکی زۆر گرتەی ڤیدیۆیی تێدایە و بەشداربووانێکی زۆری هەیە، ڕۆژانە ملیۆنان کەس سەردانیدەکەن، دەزگاکانی

---

[1] Electra Nanou, Facebook Symbol Meanings, https://www.makeuseof.com/tag/guide-facebook-symbols/, Accessed 19, july 2022

[2] Arimetrics(2022), What is YouTube, https://www.arimetrics.com/en/digital-glossary/youtube. Accessed 2 April, 2022.

[3] فرمان عەبدولرەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

[4] Mohan Neal, (2022), Look at 2022 community, collaboration, and Commerce, https://blog.youtube/inside-youtube/innovations-for-2022-at-youtube/#:~:text=keep%20it%20coming.-,Viewers,device%20with%20an%20internet%20connection.

[5] Omnicoreagency(2022), YouTube by the Numbers: Stats, Demographics & Fun Facts, https://www.omnicoreagency.com/youtube-statistics/.

ڕاگەیاندنیش بۆ دەستخستنی ئەو ڤیدیۆیانەی پەیامنێرەکانیان نەیانتوانیووە دەستی بخەن سودی لێوەردەگرن[1]. یوتیوب لە ڕووی بەکارهێنانەوە لە ڕیزبەندی پێشەوەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە و جگە لە کەناڵەکان؛ بەکارهێنەرانی فەیسبووک ڤیدیۆکان لەرێی بەستەر، یان داونلۆدەوە وەردەگرن و بڵاوی دەکەنەوە. چەندین جۆر گرتەی ڤیدیۆی هەمەجۆری لە شێوەی فیلمی سینەمایی، گرتەی تەلەفزیۆنی، میوزیک و گۆرانی و بابەتی دیکەی تێدایە[2].

**سێیەم/ واتسئاپ WhatsApp:** خزمەتگوزارییەکی بەربڵاوی بواری چاتی سۆشیال میدیایە، ئەم پلاتفۆرمە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات لەگەڵ پاراستنی ناوەرۆکی پەیامەکان؛ پەیوەندییەکی خێرا و ئاسان و بە خۆڕایی لەگەڵ خەڵکانی دیکە ببەستن[3]. ئەم ئەپڵیکەیشنە لەسەر مۆبایل و ئامێرە زیرەکەکان دەرفەتی دروستکردنی گروپ و ئاڵوگۆڕی تێکست و نامە و وێنە لەگەڵ عەمبارکردنی زانیارییەکان دەرەخسێنێت، بەمەش هاوکارە لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و پەیوەندی کەسی و جەماوەرییەکان[4]. یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکارییەکانی ئەم سەکۆیە بە بەراورد لەگەڵ سەکۆکانی دیکەی ناردن و ئاڵوگۆڕی نامە و چات؛ هاوکاتی ئاڵوگۆڕکردنی پەیامە دەنگی و وێنەیی و ڤیدیۆییەکان، دەرفەت بە بەکارهێنەران دەدات لەرێگەی مۆبایل و تابلێتەکانەوە بێ سنوور دەق و تێکست لەنێوان خۆیان بگۆڕنەوە. لە ساڵی (٢٠٠٩) لەلایەن کۆمپانیای واتسئاپ لەسەر دەستی (برایان ئەکتۆن Brian Actonی ئەمریکی و جان کۆم Jan Koumی ئۆکراینی) ئەندازیارانی بەناوبانگی کۆمپانیای یاهوو دامەزراوە[5]. بە پشتبەستن بە داتاکانی بەشی ئاماری وێبسایتی (ستاتستا Statista) تا ساڵی (٢٠٢١)، واتساپ بەربڵاوترین سەکۆی مێسنجەر مۆبایلە لە جیهاندا، کە مانگانە بە نزیکەیی دوو ملیار بەکارهێنەری چالاکی هەیە، لەکاتێکدا (فەیسبوک مێسنجەرMessenger) یەک ملیار و سێسەد هەزار بەکارهێنەر و (ویچات WeChat) یەک ملیار و دوو سەد هەزار بەکارهێنەری هەیە. هاوکات لە دوای فەیسبوک و یوتیوب، لە سێیەمین ڕیزبەندی جۆرەکانی سۆشیالمیدیایە لە ڕووی بەکارهێنەرانەوە[6].

**چوارەم/ ئینستاگرام Instagram:** پلاتفۆرمێکی خێرای بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ و پەیوەندیکردنە، بە هاوڕێ و خێزان و کەسانی دیکەی دەوروبەر، بەهۆی تایبەتمەندییە سەرنجراکێشەکانی لەناو گەنجان زۆر بڵاوە، بۆ بەشداریکردن پێویستی بە دروستکردنی ئەکاونت هەیە و لەو ڕێگەیەوە وێنە و ڤیدیۆ بە خزمەتگوزاری فلتەرەیشنەوە دەگیرێت و بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ تویتەر و فەیسبوک هاوبەشن و دەتوانی لەهەمان کات لە ئەکاونتی ئەو پلاتفۆرمانەش

---

[1] منير اسماعيل السيد محمد، مصدر السابق، ص٢١.

[2] حسن السوداني و محمد المنصور، شبكات التواصل الاجتماعي وتأثيرها على جمهور المتلقين، عمان: مركز الكتاب الاكاديمي، ٢٠١٦، ص١١٨.

[3] WhatsApp(2022), https://www.whatsapp.com/. Accessed 6 April, 2022.

[4] خديجة خادم الله و قماري روميصاء، استخدامات تلاميذ الثانوية لمواقع التواصل الاجتماعي التيك توك نموذجا والاشباعات المحققة منه، رسالة ماجستير غير المنشوره، جزائير: جامعة الشهيد حمة لخضر، كليه علوم الاجتماعية و الانسانية، ٢٠٢٠، ص٢٤.

[5] Emily McLaughlin, (2022), WhatsApp, https://www.techtarget.com/searchmobilecomputing/definition/WhatsApp. Accessed 6 April, 2022.

[6] Statista(2022), WhatsApp – Statistics & Facts. https://www.statista.com/topics/2018/whatsapp/#topicHeader__wrapper. Accessed 6 April, 2022.

هەمان وێنە و ڤیدیۆ بڵاوبکرێتەوە[1]. لەساڵی (٢٠١٠) لە سانفرانسیسکۆ لەلایەن هەردوو پرۆگرامساز (کێڤن سیسترۆم Kevin Systorm و مایک کریگەرMike Krieger) دامەزراوە[2]. ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە هەرچەندە خزمەتگوزاری ڤیدیۆشی تێدایە، بەڵام زیاتر بە سەکۆی ئاڵوگۆڕکردن و بڵاوکردنەوەی فۆتۆ ناسراوە، توانای زیادکردنی چەندین فلتەری ئەلیکترۆنی و ئیفێکتی جیاواز بۆ سەر وێنەکان بەکاربەرێکی زۆری بۆ خۆی راکێشاوە، لەسەرەتادا تەنها یەک ملیۆن بەکاربەری هەبوو، لەساڵی دووەمیدا ڕێژەکە لە (٥٠٠٪) زیادیکرد. لەساڵی (٢٠١٩) ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشتە یەک ملیار کەس[3]. تا سەرەتای ساڵی (٢٠٢٢) زیاتر لە دوو لەسەر سێ بەکارهێنەرانی ئینستاگرام تەمەنیان لە خوار (٣٤) ساڵانەوە بووە، بەپێی داتاکان خزمەتگوزاری بڵاوکردنەوەی فۆتۆ و ڤیدیۆ لە ستۆری ئەکاونتەکان زۆر بەربڵاوە و ڕۆژانە (٥٠٠) ملیۆن کەس سود لە خزمەتگوزاری ستۆری وەردەگرن[4].

**پێنجەم/ تیکتۆک TikTok** : ئەپڵیکەیشنێکی ڤیدیۆیی سۆشیالمیدیایە، وەک سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوە و گۆڕینەوەی ڤیدیۆی زۆر کورت ناسراوە. ڕێگەی بە بەکارهێنەرانی دەدات ڤیدیۆی تایبەت بە خۆیان لەماوەیەکی کورتی (١٥) چرکەیی بۆ خولەکێک دروستبکەن و بڵاویبکەنەوە[5]، بە یەکێک لە سەرکەوتووترین پلاتفۆڕمەکانی سۆشیالمیدیای چینی دادەنرێت، (TikTok) بە چینی لە دەستەواژەی (DouYin ) وەرگیراوە کە بە تێگەیشتنە ئینگلیزیەکەی مانایەکی میوزیکی (musically) هەیە، لە ئەیلولی (٢٠١٦) لەلایەن (ژانگ ییمنگ Zhang Yiming) لە دامەزراوەی (تەکنەلۆجی بیتادانس Bytedance Technology) لە پەکین دامەزراوە و لە ساڵی (٢٠١٧) ئەپڵیکەیشنەکە بە تیک تۆک ناسێندرا، ئەم پلاتفۆڕمە ڕێگە بەدروستکردنی ئەکاونت لە تەمەنی (١٣) ساڵانەوە دەدات، بەهۆی بڵاوکردنەوەی سروشتی ناوەڕۆکی بابەتە کەیفخۆشیەکان زۆرترین بەکارهێنەری لەناو پێگەیشتوان و گەنجاندا هەیە[6] . لە ساڵی یەکەمدا، زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن بەکارهێنەری هەبوو، ئێستا لە (١٤١) وڵات بە (٣٩) زمان ئەپڵیکەیشنەکەی بەردەستە. بە گوێرەی داتاکانی کۆمپانیای تیکتۆک مانگانە نزیکەی یەک ملیار بەکارهێنەری چالاکی لەسەر ئاستی جیهان هەیە، ساڵی (٢٠٢٠) پلەبەندی حەوتەمی زۆرترین بەکارهێنەری سۆشیالمیدیای هەبوو، لەبارەی داونلۆدی ئەپەکەوە؛ هیندستان بە ڕێژەی (٧٣٨) ملیۆن جار پلەی یەکەم و چین بە (١٦٩) ملیۆن جار پلەی دووەم و ئەمریکا بە (١٦٥) ملیۆن داونلۆد پلەی سێیەمی گرتووە[7] .

---

[1] خدیجة خادم الله، مصدر السابق، ص٢٤.

[2] Brian Holek, (2022), Instagram, https://www.techtarget.com/searchcio/definition/Instagram, Accessed 8 April, 2022.

[3] فرمان عەبدولڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

[4] Statista(2022), Distribution of Instagram users worldwide as of January 2022, by age group, https://www.statista.com/statistics/325587/instagram-global-age-group/. Accessed 9 April, 2022.

[5] محمد فتحي يونس و محمد عبدالغفار عبدالغفار، سمات المحتوى الاعلامى لتطبيق (التيک توک) دراسة مقارنة بين المنصات العربية و الاجنبية، مجلة البحوث الاعلامية: مجلة علمية محكمة تصدرها كلية الاعلام بجامعة الازهر، ٢٠٢٠، ص١٦٢٣.

[6] Yang and Elhai Montag , On the Psychology of TikTok Use: A First Glimpse From Empirical Findings, published at frontiers in Public Health, 16 March 2021. P.1-3

[7] Brian Dean, (2022), TikTok User Statistics (2022). https://backlinko.com/tiktok-users. Accessed 9 April, 2022.

**شەشەم/ سناپچات Snapchat:** ئەپڵیکەیشنێکی مۆبایل و پلاتفۆرمێکی بەربڵاوی سۆشیال میدیایە، لەڕێی دروستکردنی ئەکاوتنەوە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات لە پەیوەندی بەردەوامدابن بۆ ئاڵوگۆڕی فۆتۆ و ڤیدیۆ و نامە تایبەتییەکان. لە ساڵی (٢٠١١) و لەلایەن (ئیڤان شیپیلگەوە Evan Spiegel) دامەزراوە[1] .بەکارهێنانی لە ئامێرە زیرەکەکان خێرا و ئاسانە، بەهۆی خزمەتگوزارییە سەرنجڕاکێشەکانی لەبواری فلتەرەیشن و ژمارەیەک ئیفێکت لەماوەیەکی کەمدا برەوی زۆری سەندووە، لەگەڵ پۆستکردنی وێنە و ڤیدیۆ دەتواندرێت بە کورتی تێکستیان لەسەر بنوسرێت، یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی سنورداری کاتی بڵاوکردنەوەیە کە تەنها (٢٤) کاتژمێر دەمێنێتەوە[2]. بە گوێرەی داتاکانی سەرەتای ساڵی (٢٠٢٢)ی وێبسایتی ستاتیستا، عێراق لە دوای ئەڵمانیا بە (١٣) ملیۆن و پێنجسەد هەزار بەکارهێنەر لە ڕیزبەندی نۆیەم وڵاتی بەکارهێنەری سناپچاتە، یەکەمین وڵاتیش هیندستانە کە ڕێژەی بەکارهێنەرانی (١٢٦) ملیۆن کەسە [3]، بە پشتبەستن بە داتاکانی وێبسایتی داتاپۆرتاڵ ڕۆژانە (٣١٩) ملیۆن بەکارهێنەر بەشێوەیەکی چالاک سناپ بەکاردەهێنن، کە (٥٣،٨٪)ی ڕەگەزی مێ و (٤٥،٨٪)ی لە ڕەگەزی نێرن. ئەم پلاتفۆرمە نەک تەنها بۆ کەسانی ئاسایی، بەڵکو بۆ ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بووەتە میکانیزم و مینبەرێکی گرنگ بۆ پەیداکردنی ناوبانگ و بەدەستهێنانی قازانج، بەتایبەت بۆ ئەوانەی لە سناپچاتدا زۆر چالاک و ناودار دەبن کە بە سناپەر دەناسرێن[4].

**حەوتەم/ تێلیگرام Telegram:** ئەپڵیکەیشنێکی خێرا و بەناوبەنگی چات و پەیوەندیکردنە، لە ساڵی (٢٠١٣) لەلایەن داهێنەری روسی (پاڤیل دیرۆڤ Pavel Durov) دامەزراوە، کە بەهۆی ئەوەی دامەزرێنەری پلاتفۆرمی (ڤیکنتاکتا Vkontakte)، کە بەربڵاوترین سۆشیالمیدیای روسیایە؛ بە (زوکەربێرگی روسی) ناسراوە[5]، بەشداریکردن لەم پلاتفۆرمە پێویستی بە تۆمارکردنی ژمارە تەلەفۆن هەیە و لەڕێی ئامێرە زیرەکەکانەوە پەیوەندی دروستدەکرێت، ژمارەی بەکارهێنەرانی زیاتر لە (٥٠٠) ملیۆن کەسە، وەک سەکۆیەکی بەیەکەوە بەستنی بەکارهێنەران لەڕێی نامە و گروپەکانی چاتەوە کارئاسانی کردووە بۆ ڕەخساندنی کەشی گفتوگۆ و هاوبەشیکردن بۆ بەشداریکردن لەو گروپانەی سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری و بابەتی هەمەڕەنگن. گرنگترین تایبەتمەندی و خزمەتگوزاری بریتیە لە ناردنی فایلی وێنەیی و ڤیدیۆیی بە قەبارەی دوو گێگابایت کە کوالیتی دانەبەزێت و ئەو تایبەتمەندییە لە هیچ کام لە پلاتفۆرمەکانی دیکەی سۆشیالمیدیا نیە[6].
ئەم پلاتفۆرمە، هاوکات ناسراوە لە بوای چات و گروپ چاتەکاندا، ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات

---

1 Maggie Tillman, (2022), What is Snapchat, how does it work, and what's the point?. https://www.pocket-lint.com/apps/news/snapchat/131313-what-is-snapchat-how-does-it-work-and-what-is-it-used-for.

2 خديجة خادم الله ، قماري روميصاء، مصدر السابق، ص٢٤.

3 Statista (2022), Leading countries based on Snapchat audience size as of January 2022. Accessed 11 April 2022, https://www.statista.com/statistics/315405/snapchat-user-region-distribution/.

4 فرمان عەبدولرەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

5 Forbes, 2022, Profile of Pavel Durov. ,https://www.forbes.com/profile/pavel-durov/?sh=43a7d9b614c5, Accesse 1 April 2022.

6 Dave Johnson, (2022), What is Telegram? A quick guide to the fast and secure messaging platform, https://www.businessinsider.com/what-is-telegram. Accessed 1 April, 2022.

پەیوەندییەکانیان بە فایلی وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ بە کوالیتیەکی بەرز بەردەوامی پێ بدەن. بەرزترین ڕێژەی خزمەتگوزاری لەبواری ئیمۆجی و هێماکانی پەیوەندی تێدایە، کە زیاتر لە بیست هەزار ئەنیمەیشن ستیکەرە، ئەمەش خاڵێکی سەرنجڕاکێشە بۆ بەکارهێنەرانی. لە کەناڵەکانی تێلێگرام ژمارەی پیتەکانی ناوەڕۆک سنووردار نیە، بابەتەکان بە وێنەکان، لینک، ڤیدیۆ و هاوکات خزمەگوازی گەڕان بۆ بەشەکانی دیکە بەردەستە. گرووپەکانی تیلیگرام توانای لەخۆگرتنی (٢٠٠) هەزار ئەندامی هەیە، کە هەر گرووپێک ناوێکی هەیە و ئەدمین و دوو هاوکار ناوەڕۆکی بابەتەکان دەسازێنن و بڵاویدەکەنەوە[1].

**هەشتەم/ تویتەر Twitter:** پلاتفۆرمێکی بەهێزی سۆشیال میدیایە، ڕێگە بە دروستکردنی ئەکاونت و بڵاوکردنەوەی پەیام و ناوەڕۆکی کورت دەدات، لە (١٤٠) پیت زیاتر نەبێت، لەبەرئەو تایبەتمەندییە، وەک سۆشیال میدیای پەیامە کورت و گرنگەکان ناسراوە SMS of the Internet[2]. (چۆلەکە) بووەتە هێمای ناسینەوەی تۆڕەکە و ناوەکەی لە دەستەواژەی تویتەوە وەرگیراوە؛ کە بەمانای جریوە دێت[3]. لەساڵی (٢٠٠٦) وەک خزمەتگوزارییەکی نوێ لەبواری بلۆگە بچوکەکان لەلایەن کۆمپانیای (Obvious)ی ئەمریکی دروستبووە، دوای جیابوونەوەی بەشی بلۆگە بچوکەکان لە کۆمپانیای دایک لە ئایاری (٢٠٠٧) بەناوی تویتەرەوە دەستی بەکارکردووە[4]. لەلایەن پرۆگرامسازانی ئەمریکی (جاک دروسی Jack Dorsey و بیز ستۆن Biz Stone و ئیڤان ویلیامز Evan Williams) دامەزراوە[5]. تویتەر بووەتە سەرچاوەیەک بڕواپێکراو بۆ لێدوانی کەسایەتییەکان، سیاسییەکان، فیگەر و ڕۆژنامەنوسان، وەک کەناڵێک بۆ پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستن و میدیاکار و خەڵک ڕۆڵی هەیە. کەناڵەکان پشت بە زانیارییەکانی دەبەستن و لەڕێی ئەکاونتی تویتەرەوە زانیارییە گرنگەکان بڵاودەکەنەوە، بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی دەڵێت "تویتەر زۆر کارئاسانی بۆ کردوین، خوێنەری لە هەندێ شوێن بۆ دروست کردوین کە چاپی کاغەزی پێناگات[6]". زیاتر سەکۆیەکە بۆ کەسایەتییە ناودار و سیاسیە چالاکەکان، ئەوانەی لەناو ئەم تۆڕەدا چالاکن؛ کەسانی خاوەن بڕیار و هەژمونی سیاسین، هەربۆیە زۆرینەی تویتەکان دەبنە هەواڵ و کاریگەری لەسەر هاوکێشەی سیاسیی و بازاڕ و کەرتە ئابورییەکان دەبێت. تویتەر خاوەنی تایبەتمەندی جیاکەرەوەییە بەراورد بە فەیسبوک، کە کراوەیە بۆ پشکنین و گەڕانی گشتی، واتە هەموو کەس توانای بینی ئەو بابەت و پۆستانەی هەیە

---

[1] Aanny Chadwick, (2022), What is Telegram ana Why you should try it, https://www.reviewgeek.com/103613/what-is-telegram-and-why-you-should-try-it/.

[2] منير اسماعيل السيد محمد، مصدر السابق، ص٢١.

[3] احمد حمود مفضي الشمري، اعتماد الصحفيين الكويتيين على تويتر كمصدر للمعلومات حول قضايا الفساد، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة اليرموك، كليه الاعلام، قسم الصحافة، ٢٠١٧، ص٥٦.

[4] حسن السوداني و محمد المنصور، مصدر السابق، ص١١٤.

[5] Britannica(2022), Twitter Microblogging Service, https://www.britannica.com/topic/Twitter. Accesse 1 April 2022

[6] احمد حمود مفضي الشمري، مصدر السابق، ص٥٩.

کە بڵاودەکرێنەوە[1]. یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی تویتەر خزمەتگوزاری هاشتاگە*، کە بابەت و ڕووداوەکان پۆلێن دەکات و جیایدەکاتەوە؛ ئەوەش کارئاسانی بە بەکارهێنەران دەدات بۆ گەڕان بە دوای بابەتی دڵخواز[2].

**نۆیەم/ ڤایبەر Viber:** ئەپڵیکەیشن و سەکۆیەکی ئۆنلاینی تایبەت بە ناردن و ئاڵوگۆڕی کورتەنامە، وێنە، فایلی دەنگی و ڤیدیۆیی سۆشیال میدیایە، مانگانە سەدان ملیۆن کەس بە خۆڕایی لەڕێی ئەم بەستەرەوە بە کوالیتیەکی بەرز پەیوەندی گرێدەدەن[3]، ئەم پلاتفۆرمە لەڕێی ئامێرە زیرەکەکان و سمارتفۆن و دیسکتۆپەوە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات بۆ پەیوەندی تەلەفونی و دروستکردنی گروپ چات، کە (٢٥٠) ئەندام لە خۆدەگرێت، بەشێوەیەک لە یەک کاتدا لەگەڵ (٢٠) بەشداربوو بە دڵنیایی لە پاراستنی ناوەڕۆکی پەیوەندییە تایبەتیەکان لە پەیوەندی تێکست و وێنە و ڤیدیۆیی بیت[4]. پلاتفۆڕمی ڤایبەر لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٠) دامەزراوە، بەپێی داتاکان بە زیاتر لە (٤٠) زمانی زیندوو ملیارێک و سەد هەزار کەس ڤایبەر بەکاردەهێنن، لەو ژمارەیە و لەهەر کاتژمێرێکدا (٧٠) ملیۆن کەس پەیوەندی گرێدەدەن، مانگانەش زیاتر لە (٨٢٠) ملیۆن بەکارهێنەر بەشێوەیەکی چالاک ئەم بەستەرە ئۆنلاینە بەکاردەهێنن و زیاتر لە (١٠٠) هەزار بەرکارهێنەر سەبسکرایبی کەناڵی یوتیوبی ڤایبەریان کردووە[5]. پەیوەندیدار بە عێراق بەربڵاوترین ئەپی پەیوەندی تەلەفۆنی و نامەییە، بۆ هەرێمی کوردستانیش تاکە ئەپڵیکەیشنە کە زمانی کوردی بۆ زیاد کراوە، بەڕێوەبەری گشتی و دامەزرێنەری ڤایبەر دەڵێت: "بەکارهێنەرمان زۆرە لە کوردستان و ناوچەکە. پێمانوایە گفتوگۆکردن مافێکی بنەڕەتییە، وەک چۆن پێویستمان بە خۆراک و ماڵ و خوێندنە، پێویستیشمان بە گفتوگۆیە، ئەرکی ئێمە وا بکەین خەڵک بێبەرامبەر پەیوەندی پێکەوە بکەن. بۆ ئەوەیش پێویستیان بە خزمەتگوزاریی ئەپلیکەیشنێکە بە زمانی خۆیان. لەبەرئەوە بڕیارماندا زمانی کوردی بۆ ڤایبەر زیاد بکەین کە ببووە (٤٢)هەمین زمان[6]".

---

[1] فرمان عەبدولڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

* گوزارشتە لە پۆلێنکردنی کۆمەڵێک هەواڵی پەیوەست بە یەک بابەت، گرنگیەکەی لەوەدایە زانیارییەکان ڕیزبەند دەکات و سەرەتای بڵاوکردنەوەی هەموو بابەتەکان بەم نیشانەیە (#) دەستپێدەکات، کاتێک بەکاربەر بیەوێت زانیاری زیاتری لەبارەی ڕووداوێکەوە بە دەستبگات، ئەوە بەو نیشانەیە دەرفەتی دۆزینەوەی ڤیدیۆ و بابەتی دیکەی لەسەر هەمان بابەت بۆ دەڕەخسێت، هاوکاتیش ئەم نیشانەیە گرنگە بۆ ڕایگشتی، چونکە ڕایگشتی ئەو کاتە دروستدەبێ کە داتا و زانیاری پێویست بە قەبارەیەکی زۆر لەسەر پرس و بابەتێک بڵاوببێتەوە، بڕوانە (چنار نامق، ڕای گشتی ئەلیکترۆنی و چەواشەکردنی میدیایی، هەولێر: چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٢١، ل١٤٤-١٤٥).

[2] احمد حمود مفضي الشمري، مصدر السابق، ص٥٨.

[3] Viber(2022), About Viber. https://www.viber.com/en/about/ . Accessed 4 April, 2022.

[4] Dave Johnson, (2022) , What is Viber? Everything you need to know about the encrypted messaging platform. https://sports.yahoo.com/viber-everything-know-encrypted-messaging-222911262.html?guccounter=. Accessed 4 April, 2022.

[5] 99firms (2022), Viber Statistics. https://99firms.com/blog/viber-statistics/#gref. Accessed 4 April, 2022.

[6] جەمیل ئاگۆوا، (٢٠٢٢)، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی و دامەزرێنەری ڤایبەر، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0602202113. ٤ی ئایاری ٢٠٢٢.

**تەوەری سێیەم/ تایبەتمەندییەکانی سۆشیال میدیا:**

بەهۆی گەشەی بەردەوامی میدیای تەکنەلۆژی و بەربلاوی لە بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیادا، پۆلبەندی جیاواز لەبارەی سروشت و تایبەتمەندی پلاتفۆڕمەکان کراوە، بۆ وێنە سایتی (بیگ کۆمێرس Bigcommerce) جۆرەکانی سۆشیال میدیای لەسەر بنەمای جۆر و سروشتی کارکردنیان دابەش کردووە بۆ[1]:-

1. **تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Networking):** زیاتر بۆ پەیوەندی و یەکترناسینی کۆمەڵایەتی و پیشەیی بەکاردێن، لە نموونەی (فەیسبوک Facebook، لینکیدئین LinkedIn، گوگڵ پڵەس Google Plus).
2. **تۆڕە بلۆگییە بچوکەکان (Microblogging):** ئەوانەن کە هاوشێوەی بلۆگەکان خەڵک دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ هەوادار و هاندەر و خوێنەرانیان دروستبکەن، (وەک تویتەرTwitter و تەمبلرTumblr).
3. **سەکۆکانی بڵاوکردنەوەی وێنە (Photo Sharing):** ئەو تۆڕانە دەگرێتەوە، کە زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە و ئاڵوگۆڕکردنی بەکاردەهێنرێت و بایەخی کەمترە بە تێکست و نووسین، لەوانە (ئینستاگرام Instagram، سناپچات Snapchat، پینتێرێست Pinterest).
4. **بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ (Video Sharing):** ئەم سەکۆیانە تایبەتن بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و لایڤ و پەخشکردن، لە نموونەی (یوتیوب YouTube، فەیسبوک لایڤ Facebook Live، پێریسکۆپ Periscope، ڤیمۆVimeo).
5. **تۆڕەکانی دەنگ و چات (Sound and Chatting Networking)** : ئەو تۆڕانەن خزمەتگوزاری نووسین و دەنگ و میوزیک لەنێوان بەکارهێنەرانیدا ئاڵوگۆڕ دەکات، وەک ژورەکانی چات و ئەپڵیکەیشنەکانی پەیوەندی پۆدکاست، کە خزمەتگوزاری نووسین و قسەکردن فەراهەم دەکات[2]. ئەپڵیکەیشنەکانی چات مەبەست تیلیگرام، ڤایبەر، واتسئاپ، سکایپ، ماسنجەر و ویچاتە[3].

لەگەڵ خستنەڕووی ئەم دابەشکارییە کە زیاتر پەیوەندیدارە بە سروشتی کارکردنی پلاتفۆڕمەکان و خواستی بەکارهێنەران بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە، توێژەران و پسپۆڕانی بواری میدیا و لێکۆڵینەوە لە بابەتی میدیای نوێ؛ کۆکن لەسەر چەند تایبەتمەندییەکی گشتگیر و هەمەلایەنی سۆشیال میدیا، کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینیان دەدەین:

1. **کارلێککردن:** یەکێک لە خەسڵەت و تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی ئەم میدیایە کارلێک و ئاوێتەبوونە، کە تێیدا فەزایەکی لەبەردەم وەرگردا ڕەخساندووە، کە بتوانێت بەشداری هەبێت لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا[4]. لێرەدا، کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان نێرەر و وەرگردا دوو ئاڕاستەیە، بە جۆرێک زانیاری و هەواڵ و ڕووداو و بابەتی جۆراو جۆر ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت، وتوویژ لەنێوان هەردولادا ڕوودەدات[5]. سۆشیال میدیا بوار بۆ گفتوگۆکردن

[1] بەرهەم خالد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.
[2] ڕێبەر گۆران تاڵەبانی و یەحیا عومەر ریشاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.
[3] ئاوارە حاجی خدر و سامان جەلال مەولود، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٣.
[4] بەرهەم خالد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١.
[5] ڕێبەر گۆران تاڵەبانی و یەحیا عومەر ریشاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

دەرەخسێنێت، بەپێچەوانەی ئامرازە ڕاگەیاندنە کلاسیکییەکان، کە زیاتر پشت بە بڵاوکردنەوە و پەخشی زانیارییەکان بە یەک ئاڕاستە بۆ وەرگرەکان دەبەستێت[1].

2. **ئاسانی بەکارهێنان:** پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، بەکارهێنانیان ئاسانە و پێویستی بە شارەزایی و مەشق و ڕاهێنان نیە[2]. پێویستی بە زانینێکی کەم لەتەکنەلۆژیادا هەیە، ئەوەش بۆ بڵاوکردنەوەی بابەت و پەیوەندی لەڕێی ئینتەرنێتەوە، هەندێک لە ئەپڵیکەیشنەکان بەشێوازێکی زۆر ئاسان دیزانین کراون و تەنها بەهۆی ڕەنگەوە کارئاسانی بۆ ناساندنەوەیان کراوە[3].
3. **جیهانیبوون:** میدیای ئینتەرنێتی سنورە جوگرافییەکانی کاڵکردەوە، بەکارهێنەرانی کردە جیهانی، لە هەموو شوێنێک بەردەستە و بەکارهێنەر دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ هەر کەسێک بگرێت کە دەیەوێت[4]، واتە ژینگەی پەیوەندیکردنی ئەم تەکنەلۆژیایە دەرفەتی ڕەخساندووە، ئاڵوگۆڕ و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بابەتەکان لە چوارچێوەیەکی تۆڕێکی جیهانی و نێودەوڵەتی بێت[5].
4. **نوێبونەوەی بەردەوام:** ئەم ئامرازانە تایبەتمەندییەکیان هەیە بەردەوام نوێدەبنەوە، جەماوەری خۆی ئەرکی بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆدایە و کردارەکە ئەنجام دەدات، بۆ نموونە کاتێک ڕووداوێک ڕوودەدات دەتوانێت زانیاری نوێ بخاتە سەری، یاخود ڕاستکردنەوەی بۆ بابەتێک بکات کە بەهەڵە نوسراوە[6].
5. **خێرایی وەڵامدانەوە:** یەکێک لە تایبەتمەندییەکان خێراییە، بەتایبەت لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی نێوان نێرەر و وەرگردا؛ لە ڕووی خێرایی گەیشتن بە هەواڵ و بیروڕا و زانیارییە هەمەجۆرەکان لەبارەی ڕووداو و دۆسیە جیاوازەکان، کە پێویست ناکات چاوەڕێی کاتێکی دیاریکراو بکات.
6. **ئاسانی گواستنەوە:** ئامرازەکانی دەستەبەری سۆشیال میدیا لە هەموو شوێن و جێگایەک دەتواندرێت بگوازرێنەوە و بەکاربهێندرێت[7]. کەرەستە نوێکان بە ئاسانی و خێرایی دەگوازرێنەوە، چ لەگەڵ وەرگر، یان نێرەردا، بۆ نموونە ئامێری لاپتۆپ، مۆبایلی زیرەک[8]. قەبارەی بچوکی ئەو کەرەستانە دەرفەتی بۆ بەکارهێنەران ڕەخساندووە لە هەموو شوێنێک بەکاریبهێنن[9].

---

[1] شاناز محەمەد صادق، ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردنی ڕایگشتی سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی خوێندکاران، زانکۆکانی سەلاحەدین و جیهان وەک نموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین: ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)، ل٣٨٤.

[2] مجدي الداغر، استخدامات الاعلاميين لشبكات التواصل الاجتماعي و الاشباعات المتحققة. دراسة تطبيقية على القائم بالاتصال بالمؤسسات الاعلامية السعودية، مجلة كلية الآداب، جامعة الزقازيق، المجلد ٢٥، العدد ٦١، ٢٠١٣، ص٥٢.

[3] مشتاق طلب فاضل، مصدر سابق، ص٦٥.

[4] منير اسماعيل السيد محمد، مصدر السابق، ص٣٢.

[5] بشرى الحمداني، تكنولوجيا الاتصال و المعلومات في الصحف المتبوعة، بغداد: دار رائد للنشر و التوزيع، ٢٠١١، ص٣٥.

[6] ابراهيم عبد العزيز، الصحافة الالكترونية و التطبيقات الاعلامية الحديثة، القاهرة: دار الكتاب الحديث، ٢٠٢٠، ص٩١.

[7] دلان ئیسماعیل مەولود، بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتیەکان لە کارگێڕی گشتیدا لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەرە، کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، ٢٠٢٠، ل٢٣.

[8] ڕێبەر گۆران تاڵەبانی و یەحیا عومەر ڕیشاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

[9] قوراري صونية، اتجاهات جمهور الطلبة نحو الصحافة الالكترونية. جزائير: رسالة ماجستير غير منشورة، جامعه محمد خيضر، ٢٠١١، ص٢٣١.

7. **ناکاتی و بەردەوامی:** سۆشیال میدیا بووەتە ئامڕازێکی گرنگ بۆ پەیوەندی بەردەوام، واتە توانای کارامەیی بوون لە کردەی پەیوەندیکردندا لەنێوان نێرەر و وەرگر، لە هەرکاتێک کە بیانەوێت، ئەمەش دەبێتەهۆی زاڵبوون بەسەر کاتدا، بەمەش بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری پەیوەست نەماوە بە کاتێکی دیاریکراوەوە[1].
8. **دروستکردنی کۆمەڵگە بەڕێگایەکی نوێ:** کۆمەڵگەی نوێی گریمانەیی دروستکرد و هەلی بۆ بەکارهێنەران ڕەخساند بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لەو کۆمەڵگە گریمانەییەدا، ئەم کۆمەڵگە بەیەکەوەبەستراوە وایکردووە بەکارهێنەران لە پەیوەندی و کارلێکی بەردەوامدا بن لە دەرەوەی دنیای واقعی و بەرجەستەکراودا[2].
9. **کرانەوە و ئازادی:** ئامڕازەکانی ئینتەرنێت دەرفەتی بۆ هەموو کەس ڕەخساند، کە سوود لە خزمەتگوزارییەکانی وەربگرێت و بابەت و بۆچوون و بیروڕاکانی بڵاوبکاتەوە، پەیامەکانی بە هەموو کەس بگەیەنێت، لەسەر ئەو هێڵە بە هەزاران گروپ، ئازادانە گفتوگۆ و زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن لە ڕێی فەیسبوک و تویتەر و یوتیوب و بلۆگەکان. مۆبایلە زیرەکەکانیش سنوری ئازادییەکانی بەرفراوانتر کرد بەهۆی بەستنەوەی بە نێتەوە[3]. ئەم میدیایە ئازادی ڕادەربڕینی کردە فاکتێکی ڕاستەقینە، واتە هەموو کەسێک دەتوانێت بە ئازادی و بێ بوونی هیچ مەترسی و ڕێگرییەک بیروڕای خۆی بنوسێت و بڵاویبکاتەوە و ئاڕاستەی هەموو جیهانی بکات[4]. تەنانەت هەندێک بابەت و ناوەڕۆک کە لە کەناڵەکانی میدیا کلاسیکییەکاندا فلتەر دەکرێن و ڕوماڵ ناکرێت؛ سۆشیال میدیا دەیانگرێتەخۆی و هەلی بڵاوکردنەوەی بۆ دەڕەخسێنێت[5].
10. **میدیای ئاوێتە و کۆکراوەیە:** توانای لەخۆگرتوویی هەموو ناوەڕۆکێکی جیاوازی لە تێکست، وێنە، ڤیدیۆ و دەنگی هەیە[6]. مەبەست لە یەکگرتن و کۆبوونەوەی کەرەستەکانی مەڵتی میدیایە (نووسین، فۆتۆ، ڤیدیۆ، دەنگ)، بە جۆرێک چەمکە کلاسیکیەکانی دابەشکردنی میدیایی بۆ (بینراو و بیستراو و نوسراو)ی تێپەڕاندووە، بە هەمو ڕەگەزەکانی تێکست، وێنە، دەنگ، ڕەنگ، گرتەیی ڤیدیۆیی[7]، ئەم تایبەتمەندییە هەمەجۆرییە زیاد لە بژاردەیەکی خستووەتە بەردەم جەماوەر بۆ وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان[8].
11. **هەڵگرتن و پاراستن:** سەکۆکانی سۆشیال میدیا ئاسانکاری بۆ وەرگر لە دابەزاندن و هەڵگرتن و تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی پەیامی میدیاییدا دەکات، لەگەڵ توانای گەڕانەوە بۆ

[1] مشتاق طلب فاضل، مصدر السابق، ص٦٥.
[2] نرمين السطالي، اثر شبكات الانترنيت على أتجاهات الشاب فى عصر العولمة، مصر: ببلومانيا للنشر و التوزيع، ٢٠١٩، ص٣٢.
[3] منير اسماعيل السيد محمد، مصدر السابق، ص٣٢.
[4] دلان ئیسماعیل مەولود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.
[5] اشرف عسام فريد، دور مواقع التواصل الاجتماعي فى زيادة المعرفة بالقضايا السياسية لدى الشباب الجامعى الاردنى، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاعلام، ٢٠١٦، ص٣٨.
[6] عبد الرزاق الدليمى، مصدر السابق، ص٨٥.
[7] منير اسماعيل السيد محمد، مصدر السابق، ص٣٢.
[8] سعد سلمان المشهداني و فراس حمود العبيدي، مواقع التواصل الاجتماعي و خصائص البيئة الاعلامية الجديدة، عمان: دار امجد للنشر و التوزيع، ٢٠٢٠، ص٧٨.

خودی ئەو پەیامە هەڵگیراوە لەکاتی گونجاوتردا[1]. واتە ئەو هەلە بە بەکارهێنەر دەدات، کە پەیامەکان لای خۆی بپارێزێت، هەر کاتێک ویستیشی بیخاتەوە بەردەم خۆی[2].

12. **کەمی تێچوون:** کەمی تێچووی پەیوەندییەکان تایبەتمەندییەکی گرنگی سۆشیال میدیایە، کە بەکارهێنەر ڕادەکێشیت هەرکاتێک بیەوێت بەکاریبهێنێ؛ بۆئەوەی بگات بەو پەیوەندییەی خۆی مەبەستیەتی[3]، بەشداریکردن لەم تۆڕانەدا بە خۆڕاییە و بەکارهێنەر بە پارەیەکی کەم پانتاییەکی فراوان لە کۆمەڵگای گریمانەیی پەیوەندیکردن بۆ خۆی دەستەبەردەکات[4].

13. **توانای گۆڕانکاری:** توانای ئامڕازەکانی پەیوەندییە لە گواستنەوەی زانیاری لە ئامڕازێکەوە بۆ ئامڕازێکی دیکە، بۆ نموونە ئەو تەکنیکەی دەتوانێت پەیامێکی دەنگی بکاتە نامەیەکی نوسراو، بە پێچەوانەشەوە، یاخود نامەیەکی دەنگی بکاتە بابەتێکی بینراو، ئەمە جگەلە توانای وەرگێڕانی دەقەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە[5].

14. **جووڵاندنی هەست و سۆز:** سەکۆکانی سۆشیال میدیا دۆخ و لایەنی دەروونی بەکارهێنەران ئاشکرا دەکەن، هەلی گوزارشتکردن لەو دۆخەی تاک تێیدا دەژی دەڕەخسێنێت، بۆ نموونە دڵخۆشییە، ماندوبوونە، دڵتەنگییە، یان بەچییەوە سەرقاڵە[6]، ئەم تایبەتمەندییە لایەنێکی سەرنجڕاکیشی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیایە، بەتایبەت کە دەبێتە پەنجەرەیەک بۆ زانینی هەست و سۆزی مرۆڤەکان و هاوبەشیکردنی ئەو حاڵەتانە لەنێوان بەکارهێنەراندا[7].

15. **کۆبونەوە و لایەنداری هاوبەش:** ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات، بگەڕێن بە دوای ئەو کەسانەدا، کە بەرژەوەندی و خاڵی هاوبەشیان هەیە، واتە سۆشیال میدیا سەکۆی کۆکەرەوەی ئەوانەیە کە بایەخی هاوبەشیان هەیە، بە جۆرێک "لە گروپ و یانە و کۆڕبەندە ئەلیکترۆنیەکان کۆیان دەکاتەوە و هەلی ڕاگەیاندنی ڕووداو و ئیڤێنتەکانیان بۆ دەڕەخسێنێت[8]، ئەم تایبەتمەندییە هەل بە بەکارهێنەران دەبەخشێت لەو ڕێگەیەوە بانگهێشتی یەکتربکەن و کات و شوێنی کۆبونەوەکان ئاشکرا بکەن و پێشبینی ژمارەی بەشداربووانیش بکەن[9].

---

[1] ڕێبەر گۆران تاڵەبانی و یەحیا عومەر ڕیشاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

[2] سعد سلمان المشهداني و فراس حمود العبيدي، مصدر السابق، ص٧٨.

[3] مصدر السابق، ص٧٨.

[4] نەوشیروان فەرەج احمد، ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازارگەری بۆ زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن، نامەیەکی ماستەرە، پێشکەش بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠٢١، ل٢٣.

[5] سعد سلمان المشهداني و فراس حمود العبيدي، مصدر السابق، ص٧٧.

[6] نەوشیروان فەرەج احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[7] فتحي شمس الدين، شبكات التواصل الاجتماعي و التحول الديموقراطي فى مصر، القاهره: دار النهضه العربية، ٢٠١٣، ص٦٦.

[8] نەوشیروان فەرەج احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[9] مضاء فيصل محمد الياسين، اثر مواقع التواصل الاجتماعي على سلوك الشرائي من خلال الكلمة المنطوقة الالكترونية، دراسة تطبيقية لقتاع الملابس فى الاردن، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشررق الاوسط: كليه الآعمال، ٢٠١٧، ص١٨.

## باسی دووەم/ حوکمڕانیی دروست:

### تەوەری یەکەم/ چەمک و ناساندنی حوکمڕانیی دروست:

### أ. چەمک و لێکدانەوەی حوکمڕانی (Governance):

پێش ئەوەی ناساندن بۆ چەمکی حوکمڕانیی دروست بکەین؛ پێویستە لە دەروازەیەکی فراوانترەوە "حوکمڕانی" بناسێنین، کە ڕەگوڕیشەی پەیدابوونی بە سەرەتاکانی مێژوویی مرۆڤایەتی و لە دایکبوونی کۆمەڵگەوە گرێدراوە[1]، یاخود وەک دەوترێت هێندەی شارستانیەتی مرۆڤ کۆنە[2].

ئەم زاراوەیە (Gouvernance) لە زمانی فەرەنسی لە سەدەی سیازدەهەم، وەک هاوواتا (المرادف)ی زاراوەی حکومەت و، لە ساڵی (١٤٨٧)دا وەک زاراوەیەکی یاسایی، دواتر بەشێوەیەکی بەرفراوان و گوزارشتکەر (المعبر) وەک ڕاییکردنی سیستمی کۆمەڵایەتی لەپێناو بەدەستهێنانی داواکارییە دیموکراسیەکاندا بەکارهاتووە. یەکەم بەکارهێنانیشی لە زمانی ئینگلیزیدا (Governance*) لە ساڵی (١٩٣٧)، لەلایەن زانای ئابوریناسی ئەمریکی (Ronald Coase) بووە[3].

بە گشتی حوکمڕانی مەبەست ئەو شێوازەیە کە وڵاتێک، یان ڕێکخراوێکی پێ بەڕێوەدەبرێت (The way in which a country, or organization is governed)، بە واتای توانستی حکومەت یش دێت لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا، هەروەها پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار و بڕیاردان لە جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی دەگرێتەوە[4].

وەکو چەمک حوکمڕانی بەوە دەناسرێتەوە؛ تێگەیشتنێکی بێلایەنە، کە گوزارشت لە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتێکی فەرمی بۆ ڕێکخستن و ئیدارەدانی کاروبارەکانی کۆمەڵگا دەکات[5]. یاخود، پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵە، کە ئەرکەکانی لە کارەکانی حکومەت فراوانترە، چونکە جگەلە (دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری)،

---

[1] ساحي علي و أسماء سلامي، دور الإعلام في تفعيل مبادى الحكم الراشد من أجل بلوغ تنمية مستدامة، مجله العلوم الإنسانية و الحضارة، جامعة الأغواط، العدد ٢، ٢٠١٩، ص٨٢.

[2] P. Ashraf , The Role of Media in Good Governance: Paid News Culture od Media and the Challenges to Indian Democracy. International Research Journal of Social Science, Vol.3(3),2014, p.41.

* وشەی (Governance) لە زمانی ئینگلیزیدا، لە فەرمانی (Govern) وەرگیراوە، کە واتای فەرمانڕەوایکردنە لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی یاساییەوە، هەروەها بە واتای بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، یان هەرێم، یان ڕێکخراویش دەگەیەنێت. وشەکە گرێدراوی واتاکانی زاڵبوون و ئاڕاستەکردن و ڕێنمایکردنە.

[3] ئەمین فەرەج شەریف، حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستاندا توێژینەوەیەک لە پایە و ئاستەنگەکانی (١٩٩٢-٢٠١٣)، و: لوقمان حاجی قادر. هەولێر: چاپخانەی هێڤی، ٢٠١٩، ل٢٠.

[4] پێشڕەو علی محمدامین، کاریگەریی حوکمڕانیی دروست لەسەر کاراکردنی ئەرکەکانی سیستەمی سیاسی. تێزێکی دکتۆرایە پێشکەش بە کۆلێژی زانستە رامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠١٩، ل١١.

[5] زينب على مظلوم، تحليل جغرافي سياسيي لمؤشرات الحكم الرشيد، دراسة تطبيقية على العراق، شهادة الماجستير فى الجغرافية، كلية التربية للعلوم الانسانية/ جامعة المثنى، ٢٠١٩، ص٧.

هەماهەنگی و کارلێکی بەردەوامە لەگەڵ دامەزراوە نافەرمییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی و کەرتی تایبەت و پارتەکان[1].

لە ڕووی زانستی سیاسیەوە، حوکم ئاماژەکردنە بە پێواژۆی بەڕێوەبردنی سیاسی، بەرمەبنای بناغەی پێوانەیی (Normative Foundation) ئۆتۆرەیتی سیاسیی، لە شکڵی دەرەوەدا وادیارە کە لەڕووی حەرفیەوە (Literally) جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان (Governance) و (Government) نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی واتاسازییەوە (Semantically) زۆر لە یەکتر جیاوازن، بۆ دروستکردنی تێگەیشتنی دروست لەمەڕ حوکم، دەبێت لە چەمکی تەقلیدییانەی حکومەت جیا بکرێتەوە، کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەکاردەهێنرێت، دەبێت بگوترێت کە حوکم پێویستی بە ئۆتۆرەتی و دەسەڵات هەیە و، لە دواجار چاو لە ڕاگرتنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەبڕێت[2].

لە ڕووی کردارییەوە، فەرمانڕەوایی پیادەکردنی دەسەڵاتە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکان و پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی وڵات، یاخود پرۆسەی ڕابەرایەتیکردن و ئاڕاستەکردن و ڕێکخستنی چالاکیەکانی هاوڵاتیانە لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکانەوە[3]. واتە ئاماژەیە بۆ هەموو پرۆسەکانی فەرمانگێری و کارلێککردن لەنێوان پێکهاتەکانی دەسەڵاتی سیاسیی[4]. بە دیوێکی دیکەدا، حوکمڕانی بریتیە لە گشت شێواز و ڕێسا و پرۆسەکانی مومارەسەکردنی دەسەڵات کە لە کۆمەڵگایەکدا پیادە دەکرێت[5]. پرۆسەی حوکمڕانی لە هەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێک ڕێکار و بنەمای جیاوازە بۆ ئیدارەدانی کارە هاوبەشەکان لەنێوان تاک و دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکان، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای مەدەنیش هاوشانی دەوڵەت ڕۆڵی سەرەکی خۆیان هەیە لە کاروبارە سیاسیی و ئابوری و ئیدارییەکاندا[6].

### ب. **حوکمڕانیی دروست** (Good Governance)

بەشێک لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان هەردوو دەستەواژەی حوکمڕانی و حکومڕانی دروست، وەک هاوواتای یەکتر بەکاردەهێنن، بەڵام جیاوازی لەنێوان مانا و بەکارهێنانی چەمکی حوکمڕانی (الحکم Governance) و حوکمڕانیی دروست (الحکم الرشید Good Governance) هەیە، حوکمڕانی بە تەنها دەستەواژەیەکە، کە مەبەست لێی پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و شێوازی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی دەسەڵاتە، بەڵام حوکمڕانیی دروست دەستەواژەیەکی بەهاییە (مفهوم قیمي) پەیوەستە بە پیادەکردنی دەسەڵاتی

---

[1] وصال علي محمد، التنمية و الحكم الصالح، مجلة لارك للفلسفة و اللسانيات و العلوم الاجتماعية، المجلد (١) العدد (٤٠) السنة (٢٠٢١) بحوث علم الاجتماع، ٢٠٢١، ص٥٣٧.

[2] فاروق رەفیق، وێرانە خاکی شۆڕشگێران خوێندنەوەیەک بۆ ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات و ڕۆژانی دوایی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٤٩٠.

[3] Y. Keping, Governance and Good Governance: A New Framework for Political Analysis. Fudan J. Hum. Soc. Sci. 11, 1–8 (2018). https://doi.org/10.1007/s40647-017-0197-4

[4] Bevir Mark, *Governance: A Very Short Introduction*. Oxford University Press, 2012. P.?

[5] هیوا مەجید خەلیل، پەیوەندی نێوان حوکمڕانی باش و سیستمی لامەرکەزی: خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان. گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، بەرگی (٤)، ژمارە (١)ی بەهاری (٢٠٢١)، ل٣٦٩-٣٧٠.

[6] احمد اسماعيل قادر، أثر الحكم الرشيد في التنمية البشرية دراستة حالة العراق للمدة (٢٠٠٥-٢٠١٨)، (٢٠٢٠)، ص٤١

سیاسیی و چۆنیەتی فەرمانڕەواییکردنی خەڵک بە ئاراستەی گەشەپێدان و پەرەپێدان بەشێوەیەکی شیاو و تەندروست، کە جێگەی ڕەزامەندی خەڵک بێت[1].

لە ڕووی زمانەوانییەوە، چەمکی حوکمڕانیی دروست لە فەرهەنگی کوردیدا چەمکێکی نوێیە، سەرچاوەی دەستەواژەکە بۆ بەکارهێنانی لە زمانە بیانیەکاندا دەگەڕێتەوە، بەتایبەت کە وەرگێڕانە بۆ دەستەواژەکە لە زمانی ئینگلیزیدا، لە زمانی عەرەبیشدا چەندین دەستەواژەی بۆ بەکاردێت، بڵاوترینیان (الحکم الصالح، الحکم الرشید)، لە زمانی کوردیشدا (حوکمڕانیی باش، حوکمڕانیی دروست)*ی بۆ بەکاردەهێندرێت، کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا حوکمڕانیی دروست بەکار دەهێنین، ئەویش لەبەر واتای (دروست) کە ئاماژەیە بۆ تەواوی و بێخەوشی بۆ ئەنجامدانی کارێک، کە بە بەراورد بە وشەی (باش) ئاستێکی باڵاتر و ئەرێنی ترە[2].

لە ساڵی (١٩٨٩) دا، بۆ یەکەم جار چەمکی حوکمڕانیی دروست (Good Governance*) لە ڕاپۆرتێکی بانکی جیهانی (World Bank) لەسەر دەوڵەتانی بیابانی ئەفریقیا بەکارهات، کە مەبەست لێی حوکمڕانییەکی باش و بەڕێوەبردنێکی کارا بوو بەئاراستەی گەشەپێدانی دروست و زاڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا. لەو ڕاپۆرتەدا جەخت خرابووە سەر چوار ڕەهەندی سەرەکی،

---

[1] أمانی عبدالهادي الجوهري، الحكم الرشيد و نوعية الحياة، دراسة للحالة المصرية، اطروحة دكتۆراة في العلوم السياسية، كلية الاقتصاد و العلوم السياسية، جامعة القاهرة، ٢٠١٠، ص٤.

* لە ئەدەبیاتی نووسینی زمانی کوردییدا، حوکمڕانیی دروست بە چەند دەستەواژەیەکی تریش بەکارهاتووە لەوانە (حوکمیی ڕەشید، حوکمڕانیی چاک، حوکمڕانیی سالّح). ئەم توێژینەوەیەش هاوڕای بەکارهێنانی چەمکی (حوکمڕانیی دروست)ە، لەبری (حوکمڕانیی باش) کە زیاتر بەربڵاوە و بەکارهاتووە، ئەمەش لەسەر بنچینەی ڕەهەندە زمانەوانییەکانی ئەم چەمکەیە (توێژەر). بە شیکردنەوەی فەرهەنگە زمانەوانییە ئینگلیزییەکان چەمکی حوکمڕانیی دروست لە هەردو وشەی (Good) و (Governance) پێکهاتووە. یەکەمیان بە مانای جیاواز دێت، لەوانە (تەندروست Healthy، گونجاو Sensible، کوالیتی بەرز High Quality، بەسود Useful، یارمەتیدەر Helpful، مافی ئاکاری Morally Right) بڕوانە (Oxford Learners Dictionary, https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/good_2#:~:text=The%20noun%20good%20means%20actions,difference%20between%20good%20and%20evil. Accessed May 11, 2022). دووەمیان (Governance) بە واتای کۆنترۆڵکردن (Control)، دەسەڵات (Authority) ، یاخود ڕێکار و شێوازی سیستمی حوکمڕانی (Action, Manner, or System of Governing) دێت، بڕوانە (Collins Dictionary, https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/governance. Accessed May 11, 2022.).

[2] پێشڕەو علی محمدامین، سەرچاوەی پێشوو، ل٩-١٠.

* بەکارهێنانی چەمکی حوکمڕانیی دروست بەو واتایەی ئێستا، بۆ پێشەکی ڕاپۆرتی بانکی جیهانی دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن (باربەر کونابل Barber B. Conable) سەرۆکی بانکەکە بەناونیشانی (Sub-Saharan Africa from Crisis to Sustainable Growth) نوسرابوو. تێیدا باس لە قەیرانی حوکمڕانی ئەو ناوچەیە و، پێداویستیەکانی چاکسازی و دەستەبەرکردنی سیستمێکی دیموکرات و کراوە دەکات، کە ماف و ئازادییەکانی خەڵک تێیدا پارێزراو بێت، بڕوانە (پێشڕەو عەلی محمدامین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢-١٣). سێ هۆکاری سەرەکی لەپشت پەرەسەندنی ئەم چەمکە بوون، هۆکاری سیاسیی ڕەنگدانەوەی ئەو قەیران و ئاڵنگارییە سیاسییانە بوون کە ڕووبەڕووی وڵاتان لە بونیادی سیاسیی، چۆنیەتی دروستکردنی بڕیارەکان، ڕێککنەوکەوتنی پێکهاتە سەرەکیەکان، دارمانی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان، هەروەها جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پاشکۆیەتی سەندیکا و زاڵبونی دەسەڵاتی حیزب بەسەر دەوڵەت و زاڵبونی حکومی پۆلیسی بەسەر حوکمڕانی بوونەتەوە. هۆکارە ئابورییەکان مەبەست لە شکستهێنانی دەوڵەتە لە پلانی مەرکەزی بۆ نەخشەی ئابوری وڵات، پشتبەستن بە هاوردەکردن بێ ئەوەی بیر لە زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی بکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی قەرز و بڵاوبونەوەی هەژاری و لاوازبوونی توانای کڕین و دروستبوونی کێشە لە ژێرخانی ئابوری و وەستانی گەشەی ئابوری. هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیدارە بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، زیادبوونی پێداویستی و داواکارییەکان، کە هەموو ئەمانە پێویستی بە گەشەپێدانی سیاسیی و ئیداری و دارایی لەناوخۆی دەوڵەت هەیە، هاوکات پرسی کۆچکردن لە لادێوە بۆ شارەکان، دیاردەکانی هەژاری، بێکاری، لاوازی گەشەپێدانی مرۆیی، نادادی لە دابەشکردنی داهات و سامان و هەلی کار، باڵادەستبوونی چینێک بەسەر تەواوی کۆمەڵگا و دەستگرتن بەسەر داهات و سامانی وڵاتدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (زینب علی مظلوم، مصدر السابق، ص١٤-١٦).

ئەوانیش بەڕێوەبردنی کەرتی گشتی، لێپرسینەوە و لێپێچینەوە، گەشەپێدانی یاسایی و، دەستخستنی زانیاری و بە دەستهێنانی شەفافیەت.

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە، چەمک و زاراوە و ئایدیای حوکمڕانی رەشید (چاک) برەوی پەیداکرد و بووە بەشێک لە دیسکۆرس (گوتار)ی شەپۆلی سەرەکی سیاسەتەکان (Policies)، حوکمڕانی و ئابوری، وەک پەرچەکردارێک یان وەڵامێک بۆ کۆمەڵێک قەیران، قەیرانە بونیادییەکانی ناو سیستمی سەرمایەداری و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، دواجار گەندەڵی و ڕەوشی خراپی مافەکانی مرۆڤ لە زۆر شوێنی جیهاندا هاتەئاراوە. لە کورتترین پێناسەشدا؛ بریتیە لە باشترین و شیاوترین پرۆسێسەکان بۆ دروستکردنی بڕیارەکان و دیاریکردنی باشترین شێواز بۆ ڕاپەڕاندن، یان جێبەجێکردنی بڕیارەکان[1].

جۆری حوکمڕانیی دروست لە بەرئەنجامی کارلێککردن و ئاوێتەبوونی زانستە سیاسییەکان و باشتر ئیدارەدانی کۆمەڵگا دروستبووە، لەم پرسەدا هەڵوەستە لەسەر توانا و کارامەیی حکومەتەکان بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتەکان دەکرێت، مەبەستیش ئەو جۆرە سیاسەتانەیە کە بارودۆخی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو ئاقارێکی باشتر دەبەن[2].

ئەگەرچی تاڕادەیەک کۆدەنگییەکی جیهانی لەسەر ناساندنی چەمکی حوکمڕانیی دروست و پێوەرەکانی لە ئارادایە، بەڵام روانگەی جیاواز بۆ پێناسەکردنی هەیە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو بوارە زانستیانەی خوێندنەوە بۆ ئەم چەمکە دەکەن[3]. واتە بەپێی بەکارهێنانەکانی لەبوارە سیاسیی، کارگێری، ئابورییەکان؛ توێژەر و ئەکادیمییەکان پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە، بەشێکیان پێیانوایە ئەو حوکمەیە لەڕێی سەرکردەی سیاسیی هەڵبژێردراوە پیادە دەکرێت، کە پابەندە بە گەشەپێدانی سەرچاوەکانی کۆمەڵگا و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بەهاوڵاتیان بۆ باشترکردنی کوالیتی ژیانیان لەڕێی بەشداری و بە دەستهێنانی رەزامەندیان. ژمارەیەکی دیکە گشتگیرتر لە ڕەهەندی سیاسیی لێی دەڕوانن و بە کۆمەڵی چالاکی سیاسیی، ئابوری و کارگێڕی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لەسەرجەم بوارەکان دەیناسێنن؛ بە ئامانجی دەستەبەربوونی بەرزترین ئاستی گەشەپێدانی مرۆییە[4]، لە ڕوانگەی ئابوریشەوە، حوکمی دروست بە یەکێک لە پێشمەرجەکانی گەشەی ئابوری بۆ دانانی سنورێک بۆ هەژاری و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی تاکەکانی کۆمەڵگا دەناسێندرێت[5].

لە ناساندنێکی دیکەدا، حوکمڕانی دروست وەک شێوازێکی حوکمڕانیی دەناسێندرێت، پەیوەستە بە چێکردنی سیستمەوە، لەسەر بنەمای دادپەروەری و ئاشتی، کە مافی تاکەکانی کۆمەڵ و ئازادییە مەدەنییەکانی دەپارێزێت و ڕێگری لە تەشەنەکردنی گەندەڵی دەکات[6]. یاخود،

---

[1] فاروق ڕەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٤.

[2] شەهرام شەرەفی، پێوەرەکانی حوکمڕانیی باش. گۆڤاری واتە: ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١١)، ل٣٢٠.

[3] هیوا مەجید خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٩-٣٧٠.

[4] نجلاء مهدي محسن، دور أحكام العدالة الانتقالية في تحقيق الحكم الرشيد في العراق بعد عام ٢٠٠٣، مجلة جامعة تكريت للحقوق السنة (٦) المجلد (٦) العدد (٢) الجزء (١)، ٢٠٢١، ص٥٢٤.

[5] ساحي علي و أسماء سلامي، مصدر السابق، ص٨٢.

[6] ڕێکخراوی ستۆپ، گلۆسەری چەمک و زاراوەکانی گەندەڵی و حوکمڕانی چاک، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ستۆپ، هەولێر: چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٩، ل٥٥.

ئەو شێوازی حوکمڕانییە کە پشتگیری خۆشگوزەرانی مرۆڤ* دەکات، کار لەسەر بەرفراوانکردنی ئازادییەکان، زیادکردنی توانا، بژاردە، هەل و دەرفەتی یەکسان لە ڕووی سیاسیی، ئابوری و کۆمەڵایەتی دەکات، بەتایبەت بۆ ئەو چین و توێژانەی بە هەر هۆکارێک لە هۆکارەکان پشتگوێخراون[1].

کاتۆ و ئەوانی دیکە (Kato et al) بە شێوازێکی مومارەسەکردنی دەسەڵات، بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی سەرچاوە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەت؛ بە ئامانجی بە دیهێنانی گەشەپێدان دەیناسێنن[2]، پێری بڵیند (Peri Blind) حوکمڕانیی دروست پێناسە دەکات بە پێکهاتەیەکی کراوە و کاریگەر بۆ کاروباری گشتی، بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی وڵات و گرەنتی جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ. ئەم چەمکە حکومەتی باش هاوشێوەی حکومەتی دیموکرات، کاریگەر و چالاکە، چونکە دەزگایەکی گشتی بەشدار و بەرپرسیارە[3]. زەفار (Zafar) یش وەک پرۆسەیەکی دروستی بڕیاردان و بڕیار جێبەجێکردن بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگا و پاراستنی ئاشتی و ئاسایش دەیناسێنێت[4].

ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانیش لە ڕوانگەی جیاوازەوە، پێناسەیان بۆ حوکمڕانیی دروست کردووە، بۆ نموونە بانکی جیهانی (World Bank) لە ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٩٢)دا، لە گۆشەنیگایەکی تەکنیکی و بیرۆکراتیەوە بە سێ وشە ناساندوویەتی، کە بریتیە لە بەڕێوەبردنێکی دروستی گەشەپێدان[5]، پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP) حوکمڕانیی دروست پێناسەدەکات بە سیستەمێکی حوکمڕانی کە توانای وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی هەیە و کارایە لە بەڕێوەبردن و شەفافە لەگەڵ هاونیشتیمانیانی، هاوکاتیش حکومەت کاردەکات بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە گشتیەکان و، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پشتگیریکردن لە بەشداریکردنی بەرفراوانی هاوڵاتیان لە کایەی گشتی، کە هەموو ئەمانەش سەقامگیری سیاسیی دەپارێزێت[6]. لەلایەکی دیکە، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (International Monetary Fund) دەیناسێنێت بە شێوازی مومارەسەکردنی دەسەلات بۆ ئیدارەدانی سەرچاوە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی وڵات بە مەبەستی گەشەپێدان[7]. ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی

* لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، دەستەواژەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیش بەکاردێت، کە ئامانجی سەرەکی دەستەبەرکردنی ڕادەی بەرزی پێشکەوتن و خۆشی تاکە. بە لایەنی کەمەوە لەو دەوڵەتدا حکومەت دەستەبەری ئاستی دیاریکراوی کار، دەرامەت، پەروەردە، کۆمەکی تەندروستی، دادی کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەموو هاوڵاتیانی دەکات. بە واتایەکی دیکە دەوڵەتێکە تاکەکان تێیدا ئازادن و هەلیان بۆ ڕەخساوە بۆ پەروەردەکردنی تواناکانیان و، پاراستنی مافەکانیان بە زنجیرەیەکی فراوان لە خزمەتگوزاری گرێدراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (عەبدولرەحمان عالم، بنەماکانی زانستە سیاسیەکان، و: دلاوەر عەبدوڵڵا و محەمەد کەریم. لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای پێگەیاندن و هۆشیاری کادیران، ٢٠١٢ ، ل٤٦٣ و ٤٦٤).

[1] وصال علي محمد، مصدر السابق، ص٥٣٧.

[2] محمد محمود العجلوني، اثر الحكم الرشيد على التنمية الاقتصادية المستدامة في الدول العربية، المجلة العربية للإدارة، مج ٣٩، ع٤ ديسمبر(كانون الأول) ٢٠١٩، ص٤.

[3] بارزان جەوهەر صادق، متمانەی سیاسیی بە سیستمی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١، ل١٢٩.

[4] Fareeha Zafar and Madiha Naseer, Ibid, p.21.

[5] World Bank (1992), Governance and Development. Washington D.C, p.1.

[6] Yoshihiro Saito, (2022), Is good governance a necessary precursor to peace? https://www.undp.org/blog/good-governance-necessary-precursor-peace. Accessed May 14, 2022.

[7] احمد اسماعیل قادر، مصدر السابق، ص٤١.

(International Transparency Organization) وەک شێوازێکی کاریگەری فەرمانڕەوایی وەسفیدەکات، کە لەڕێی چڕکردنەوەی هەوڵەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای مەدەنی بە پشتگیری هاوڵاتیان دروستدەبێت و، بە حکومی دژە گەندەڵی دەناسرێت[1].

لە ڕوانگەیەکی گشتگیرترەوە، حوکمڕانیی دروست دەناسێندرێت بە پیادەکردنی دەسەڵاتە سیاسی، یاسایی، ئابوری، کارگێڕی، کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکانە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتێکی دیاریکراو لەسەرجەم ئاستەکاندا و بەشێوازێکی وا ڕاست و دروست، کە بە (شیاو) وەسف دەکرێت و، ئەو ڕەگەز و خەسڵەت و پێنوێنیانەش لە خۆ دەگرێت، کە بە هۆیانەوە هاوڵاتیان (بە تاک و بە کۆمەڵ)، دەتوانن بەرژەوەندییەکانیان بهێننەدی و بژاردەکانیشیان فراوانتر بکەن[2].

**تەوەری دووەم/ ئەکتەرەکانی حوکمڕانیی دروست:**

زۆرینەی توێژەران کۆکن لەسەر ناساندنی سێ ئەکتەری سەرەکی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەدائی حوکمڕانی و، هۆکاری بنەڕەتین بۆ دروستکردن و پێکهێنان و بەرجەستەکردنی شێوازی حوکمڕانیی دروست، ئەوانیش کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای مەدەنی، لێرەدا بە کورتی لەسەر هەریەک لەم ئەکتەرە سەرەکیانە هەڵوەستە دەکەین و دەیاننانسێنین:-

**أ. کەرتی گشتی (القطاع العام Public Sector):**

کەرتی گشتی* و دامودەزگاکانی حکومەت ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبینن لە بوونیادنان و پێکهێنانی بناغەکانی حوکمڕانیی دروست، بەتایبەت کاریگەری زۆریان لەسەر لایەنە فەرمیەکانی دەوڵەت و ژیانی هاوڵاتیان هەیە؛ ئەویش بە دەستەبەرکردنی ژینگەی سیاسیی و یاسایی لەبار بۆ پاراستنی ئاسایش و ئابوری و گەشەپێدانی مرۆیی، لەم ناوەندەدا، حکومەت بەرپرسی یەکەمە لە دارشتنی سیاسەتی گشتی، جێبەجێکردنی بڕیارەکان و دەستەبەرکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتیان بێ جیاوازی[3].

---

[1] رضا عبد الجبار سلمان شمري، أهمية الحكم الرشيد في تعزيز الهوية الوطنية وبناء الدولة العراقية، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، المجلد (٢٣) العدد (١)، ٢٠٢٠، ص٦.

[2] ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

* کەرتی گشتی یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵات، کە ئەرکی سەرەکی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکانە، هەرچەندە بەپێی فەلسەفەی حوکمڕانی و یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان ئەرک و تایبەتمەندی ئەم کەرتە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی خزمەتگوزارییەکانی بنەڕەتیەکان پێشکەش بە هاوڵاتیانی خۆی دەکات، کە بۆ سوودی هەموو کۆمەڵگایە (finelinesolutions: finelinesolutions, 2022, Back to Basics: Understanding the Public Sector. https://www.finelinesolutions.com/academy/blogs/16-donor-series/93-understanding-the-public-sector-back-to-basics.html#:~:text=Though%20there%20are%20variations%20from,of%20course%2C%20the%20government%20itself. Accessed May12, 2022). واتە ئامانجی ئەم کەرتە قازانج نییە، بەڵکو پێشکەشکردنی سوود و خزمەتی بەرژەوەندی گشتییە لەوانە خزمەتگوزارییەکانی سوپا و پرسە سەربازییەکان، دەرکردنی دراو، خوێندن و تەندروستی، ڕێگاوبان، تونێل، پرد، باخچەی گشتی، مۆزەخانە، قوتابخانە و شوێنە گشتیەکان، کەناری دەریاکان و سەیرانگا سروشتیەکان، تەلار و خانوبەرەکانی میری کە ڕۆژانە خەڵک سەردانیان دەکەن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان و خاوەندارێتیان بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، دارایی گشتی، هەولێر: خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٤، ل٨٤ و ٨٥).

[3] پێشڕەو علی محمدامین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

لەناو توخمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتدا، حکومەت کارگوزارێکە بەهۆیەوە ویستی دەوڵەت سیستماتیزە دەکات و دادەڕێژێت، واتە ئامرازێکی پێویستە بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی کەرتی گشتی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەوڵەت[1]. لەگەڵئەوەشدا، بەهۆی گۆڕانکارییەکان، تێڕوانینە باوەکەی دەوڵەت، وەک بکەرێکی سەرەکی لە دروستکردنی سیاسەتە گشتیەکاندا گومانی کەوتە سەر، بەتایبەت دوای دارمانی سیستمی سۆسیالیستی و ئەو پەرەسەندنانەی بەدوایداهاتن بوونە هۆی گۆڕاوێک بۆ چاوخشاندنەوە بە ئەرکەکانی دەوڵەت، لەو چوارچێوەیەدا کەرتی گشتی بووە خاوەنی سێ ئەرکی سەرەکی[2]:

یەکەم/ ئەرکە کەمترینەکان (الوظائف الدنیا): وەک پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی بە هاوڵاتیان، بەرگری لێکردنیان و پاراستنیان لە مەترسی و هەڕەشە دەرەکییەکان، ڕەخساندنی هەلی یەکسان و دڵنیایی بۆ بەشداربوون لە کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و سودبینین لە دەرامەتە بەردەستەکان.

دووەم/ ئەرکە نێوەنجییەکان (الوظائف الوسیطة): ئەم ئەرکە ڕەهەندێکی سیاسیی و یاسایی هەیە بەو پێیەی دەوڵەت خاوەنی دەسەڵاتە، جڵەوگیری کاروبارەکان و چاودێری پیادەکردنی هێز دەکات، ئەمەش پەیوەستە بە دانانی چوارچێوەیەکی گشتی جێگیری یاسا و یاساکاری بۆ چالاکیەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەیەکی هاوسەنگ.

سێیەم/ ئەرکە کاراکان (الواظائف الفعالة): لە پاڵپشتیکردنی چالاکییە تایبەتییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی هاندانی بازاڕی ئازاد و کۆکردنەوەی دەستپێشخەرییەکان و هێنانەدی هاوسەنگییەکی باشتر لەنێوان حکومەت و بازاڕدا بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و دادپەروەری لە بازاڕ دا.

لەسەردەمی گەشەی دیجیتاڵی و شۆڕشی تەکنەلۆژیدا؛ ئەرک و ڕۆڵی کەرتی گشتی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەتایبەت پەیوەست بە خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی و مافەکانی زانین، چونکە زانیارییەکان وەک سەرچاوەیەک ئەژمار دەکرێن، کە پێویستە بۆ هەموو هاوڵاتیان بەردەستبێت و ئەوەش مافێکی گشتییە پێویستە حکومەت و دامەزراوە گشتیەکان دابینیبکەن، بەدیوێکی دیکەدا، خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی ئەلیکترۆنی (The E-Government)، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی متمانە و زانیاری لای هاوڵاتیان و، دروستکردنی کەشێک بۆ دروستبوونی جۆرێکی نوێ لە حوکمڕانی، کە بە دیموکراسیەتی دیجیتاڵی ناسێندراوە[3].

## ب. کەرتی تایبەت (القطاع الخاص Private Sector)

مەبەست لە کەرتی تایبەت هەموو ئەو ماڵ و موڵک و دامەزراوە تایبەتانەیە، کە موڵکی کەسان و کۆمپانیاکانن، یان سەر بە کەس و کۆمپانیاکانن. کەرتی تایبەت هاوشانی کەرتی گشتی ڕۆڵێکی گەورەی لە بەدیهێنانی پەرەپێداندا هەیە، لە زۆرێک لە دەوڵەتان (بەتایبەت دەوڵەتە گەشەندەکان) وەرچەرخانێکی روون و ئاشکرا بەرەو پشت بەستن بە کەرتی تایبەت و ئابوری

---

[1] عەبدولڕەحمان عالم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٤.

[2] ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

[3] شراره مهدی زاده و منصور شیفته، تأثیر شبکه‌های اجتماعی بر تحقق دموکراسی دیجیتال، مورد مطالعه: دانشجویان دانشگاه مازندران، (٢٠١٩)، ل١٨.

بازاڕ هەیە، لەسەر ئەو بنەمایە زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهان بە تایبەتیش لەدوای هەرەسهێنانی کۆسیستمی سۆسیالستی بەشێوەیەکی گەورە و بەربڵاو ڕوویان کردۆتە بە تایبەتیکردنی (Privatization) دامەزراوە گشتیەکان و کردنەوەی بواریش بۆ دامەزراوە تایبەتیەکان لە زۆر بواردا تاوەکو ببێتە بکەرێکی سەرەکی لە ژیانی ئابوریدا[1].

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەگەر کەرتی تایبەت هاوکار و بەشدار نەبێت لەگەڵ کەرتی گشتیدا، بۆ داڕشتن و جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی سیاسەت و کار و خزمەتگوزارییەکان؛ ئەوا بونیادنانی حکومڕانییەکی دروست ئاستەنگی گەورە دێتە بەردەمی، چونکە کەرتی تایبەتی کارا یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دروستکردنی ئابورییەکی چالاک و بەهێز، ئەمەش یەکێکە لە پێداویستیەکانی دیموکراسیەت، کە لەگەڵ حوکمڕانیی دروستدا ئاوێتەی یەکترن، بەتایبەت زۆرجار کەرتی تایبەت ڕۆڵی کەرتی گشتیش دەبینێت، بۆ نموونە کۆمپانیاکان کاردەکەن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەک، یان ئامادەکردنی هێزی مرۆیی بۆ بەڕێوەبردنی کارێک کە دەچێتە خانەی خزمەتی گشتیەوە، هەربۆیە ئەم کەرتە ئەکتەرێکی گرنگە لە بونیادنانی حوکمڕانیی دروستدا[2].

کەرتی تایبەت لە ئابوری دەوڵەتدا، هەموو ئەو دامودەزگا و کۆمپانیا تایبەتییەکان دەگرێتەوە، کە موڵکی حکومەت نییە، بەپێچەوانەوە لە سیستمی سۆشیالیستیدا ئابوری لە دەستی دەوڵەتە و خۆی بڕیاردەر و چاودێری و دامەزرێنەری کۆمپانیا و کارگە و میکانیزمی بازاڕی بەدەستەوەیە، وەک ئەوەی لە ئەزمونی حوکمڕانی یەکێتی سۆڤیەت و عێراقی پێشوو هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو سیستمە شکستی هێناوە و، کار بە سیستمی سەرمایەداری بازاڕی ئازاد دەکرێت؛ کە حکومەت ئەرکی چاودێریکردن و ڕێکخستی لەسەر شانە، لەبەرمبەریشدا کەرتی تایبەت میکانیزمەکانی بازاڕی بەدەستەوەیە و نرخ پێوەرە، بەرئەنجامی ئەم سیستمەش ئەو پێشکەوتنانەیە لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و چین و ژاپۆن روویان داوە[3].

کەرتی تایبەت لە پرۆسەکانی گەشەپێدانی مادی و مرۆیی؛ بەرپرسیارێتی هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە لەسەرشانە، بەتایبەت لە بواری پەروەردە، زانست و خوێندنی باڵا و پرۆژەکانی نیشتەجێکردندا، هەربۆیە حوکمڕانیی دروست پرۆسەی هەماهەنگی و گەشەپێدانی کەناڵەکانی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتە مەرکەزییەکان و دەسەڵاتە خۆجێی و ئەنجومەنە میللیەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانە بە پاڵپشتی کەرتی تایبەت[4]. لەو چوارچێوەیەدا، کەرتی تایبەت پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە پرۆسەی گەشەپێدانی تواناکانی دەوڵەت و ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لەڕێی ئەم میکانیزمانەوە[5]:

1. دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی ئابوری جێگیر.
2. کاراکردنی پرۆسەکانی بازاڕدۆزی و زیادکردنی ئاستی فرۆشت و خستنەڕووی بەرهەم.
3. گرنگیدان بە دامەزراوەکان ڕەخساندنی هەلی کار.

---

[1] ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

[2] پێشڕەو عەلی محمدامین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

[3] هۆشمەند رەفیق ئیبراهیم، تیرۆری ئابوری، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢٠، ل٣٢٠-٣٢١.

[4] زوبێر ڕەسوڵ، شێوازی حوکمڕانی باش ئایا ئەزموونی حوکمڕانی کوردی سەر بە کام جۆری حوکمڕانییە؟ گۆڤاری ڕۆشنگەری ژمارە (٣٠)، ٢٠١١، ل٩٤.

[5] زینب علی مظلوم، مصدر السابق، ص٢٢.

4. کاراکردنی پرۆسەکانی گەشەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی.
5. ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ چینی مامناوەند و خوارەوەی کۆمەڵگا و باشترکردنی ئاستی بژێوی و بەرزکردنەوەی ئاستی داهات.
6. جێبەجێکردنی یاساکان و پابەندبوون پێوەیان.

### پ. کۆمەڵگەی مەدەنی (المجتمع المدني Civil Society)

کۆمەڵگەی مەدەنی* لە دوای کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت؛ یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی حوکمڕانیی دروست، پێداویستیەکی بنەڕەتیشە بۆ بوونی حوکمڕانی دیموکرات و ئەڵقەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتداران و کۆمەڵگەیە، ئەویش هەموو گروپەکانی فشار، پارتی سیاسیی، ڕێکخراوی ناحکومی، کۆمەڵەکانی داکۆکی و سەندیکا پیشەییەکان دەگرێتەخۆ، کە هەوڵدەدەن لەپێناو چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بنەما و بەهای ئەخلاقی، کە ئامانج لێیان گەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگایە[1].

دروستبوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، یان ناحکومی (NGOs)، دەرهاویشتەی سەردەمی مۆدێرنێتە و لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپادا جەختیان لەسەر مافەکانی کرێکاران دەکردەوە لەبەرامبەر سیستمی سەرمایەداری، کە دواتر وەکو گروپی فشار لە بەریتانیا و فەرەنسا یاسای تایبەتیان بۆ دەرچوو. ئێستا ئەم دامەزراوانە دەسەڵاتێکی فراوانتریان هەیە لەبەرئەوەی لە چەشنی لۆبی و گروپی فشاری بەهێز دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی ببینن لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەکی وڵاتان[2].

کۆمەڵگەی مەدەنی گرێدراوە بە دەوڵەتی هاوچەرخ و دیموکرات، بەشێوەیەک ناتوانین باس لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی دەسەڵات و هاوڵاتیان بکەین، بێ نێوەندگیری پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە پارێزگاری لە کۆمەڵێک بەها و نۆرمی پڕبایەخ دەکەن بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، هاوڵاتیبوون، بەشداریکردنی خۆبەخشانە و وەستانەوە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی دەسەڵات. لێرەوە، ئاستی کاریگەربوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەستراوەتەوە بە

* مەدەنییەت – شارنشینی لە وشەی لاتینی (Civis)ەوە وەرگیراوە، مانای کۆمەڵە شارییەکان دەگەیەنێت، مەبەست لێی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە لە شاردا کۆدەبنەوە و دامودەزگای نوێ بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و کولتورییەکان لە دەرەوەی خێزان و بەرەباب و خێڵ دادەمەزرێنن، بڕوانە (دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠)، بەمەش ئەو کۆمەڵگایە لە چین و توێژی جیاواز لە دەستە و رایەڵەی کولتوری، زانستی، خێرخوازی، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، یەکێتی و سەندیکا پیشەییەکان پێکدێت، کە دەبێتە پانتاییەکی فراوان بۆ چالاکی ئازادانەی تاک بە ئامانجی مومارەسەکردنی مافەکان و خۆبەدوورگرتن لە هەژموون و دەستێوەردانی حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکان، بڕوانە سەرچاوەی (تیسیر الناشف، السلطة والفكر والتغيير الاجتماعي. عمان: دار الازمنة للنشر والتوزيع، ص٢٥٩). بە دیوێکی دیکەدا، بریتیە لە کۆی دەزگای سیاسیی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیری کە لەبواری جیاوازی خۆیاندا کاردەکەن و سەربەخۆیی ڕێژەییان لە دەسەڵاتی دەوڵەت و قازانجی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا هەیە. واتە کۆمەڵگای مەدەنی بریتیە لە دەزگای مەدەنی، کە دەسەڵات پیادە ناکات و ئامانجی قازانجی ئابوری نییە. لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانیشی بەشداریکردنی خۆبەخشانە، کارکردنی سیستماتیک، بڕوابوون بە گفتوگۆی ئاشتیانە و نەرمونیانی و پارێزگاری لە بەرژەوەندی گشتییە، بڕوانە (فريد باسيل الشاني، کۆمەڵگای مەدەنی، و: ڕەئوف بێگەرد، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٦، ل١١-١٢).

[1] پێشڕەو عەلی محمدامین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨-١٩.

[2] بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

ئاستی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا، تا پرۆسەی بە دیموکراسیبوون فراوانتر بێت پانتاییی بە مەدەنیبوونی کۆمەڵگا و چالاکییە مەدەنییەکان زیاتر دەبێت[1].

پەیوەندیدار بە دەسەڵاتی سیاسیی، پەیوەندییەکی بەردەوام دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەموو دەوڵەت و سیستمێکی سیاسیی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هەیە، کە ئەستەمە درک بە یەکێکیان دابڕاو لە ئەوی دیکە بکەین[2]، بەڵام سروشتی ئەو پەیوەندییە بەپێی جەوهەری سیستمی سیاسیی و شێوازی حوکمڕانی و تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەردا دێت، لەم چوارچێوەیەدا، پەیوەندییەکی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی چەند شێوازێک بەخۆیەوە دەبینێت[3]:

- کۆمەڵگای مەدەنی بەشێکە لە پێکهاتەکانی دەوڵەت.
- کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەڵستکاری دەوڵەتە.
- کۆمەڵگای مەدەنی پاڵپشتیکاری دەوڵەتە.
- کۆمەڵگای مەدەنی سێبەر و پاشکۆی دەوڵەتە.
- کۆمەڵگای مەدەنی سەربەخۆ و لە پەیوەندییەکی هاوسەنگدایە.

بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی لە هێزە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان پێکدێت، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو چالاکن لە کۆمەڵگادا و، ئامانجیان بەدیهێنانی ماف و داواکارییەکانی ئەو چین و توێژانەیە، کە نوێنەرایەتیان دەکەن[4]، لە چەند ڕەهەندێکەوە پاڵپشتکار و کەناڵی کاریگەرن بۆ دروستبوونی حوکمڕانیی دروست؛ لەوانە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و دامەزراوەکان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی هاوڵاتیان و پاراستنی ماف و ئازادییەکان، ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانینی تاکەکان و کارلێکی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت و هاوڵاتیان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و زانیاری پێویست بۆ خستنەبەردەستی بڕیاربەدەستان و بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیی، ئەنجامدانی توێژینەوە و برەودەدان بە گەشەپێدان، پاڵپشتیکردنی بنەماکانی سەروەری یاسا، بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و فشارخستنە سەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵک[5].

---

[1] دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئاوڕدانەوەیەک لە سەرهەڵدان و گەشەکردنیان لە کوردستاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٢٨)ی ساڵی (٢٠١٤)، ل١٣٨.

[2] اسامة شهوان، ادارة الدولة، المفاهيم و التطور. عمان: دار الشرق للنشر و التوزيع، ٢٠٠١، ص١٥

[3] Kopstein and Chambers, Simone Jaffery , Civil Society and the State. New York: The Oxford Handbooks and Political Science, Oxford University Press Inc, 2006, p.364.

[4] منير اسماعيل السيد محمد، مصدر السابق، ص٨٢.

[5] میران محمد صاڵح، ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە پاڵپشتیکردنی حوکمڕانی باش، لە ڕوانگەی ڕۆشنبیرانی کورد، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی (٢٠) ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٦)، ل٢٨٠.

**تەوەری سێیەم: تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانیی دروست**

پۆلبەندی جیاواز بۆ تایبەتمەندی و پێوێنیەکانی* حوکمڕانیی دروست هەیە، بەڵام چەند تایبەتمەندییەک هەیە، وەک خاڵی هاوبەش لە هەموو پێوەرەکانی دامەزراوە نێودەوڵەتی و تایبەتمەندەکاندا دووبارە بووەتەوە، کە وەک خاڵی جیاکەرەوەی ئەم شێوازی حوکمڕانییە سیاسیە ناسراوە، لەم توێژینەوەیەدا پشت بە تایبەتمەندییەکانی (UNDP) بەستراوە، کە بەربڵاوترین تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانیی دروستە لەناو بەڵگەنامە و لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا، وەک:

**١. سەروەری یاسا (سيادة القانون Rule of Law):** مەبەستی حوکمی ڕەشید دروستکردنی کەشوهەوایەکە کە تێیدا حوکمی یاسا بەهێز و بەهێزتر بکرێت، مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بن و یەکسانی فەراهەمبکرێت و دەسەڵات بەشێوەیەکی گونجاو دابەشبکرێت[1]، واتە سەروەرێتی یاسا* مانای فەرمانڕەوایەتییە بە گوێرەی یاسا، نەک بە زەبری یاسا. مانای زامنکردنی دادوەرێتی و دادپەروەیە و یەکسانکردنی خەڵکە بەرامبەر یاسا، واتە یاسا گشتگیر بێت و هەڵاوێردنی بۆ هیچ توێژێکی کۆمەڵ تێدا نەبێ[2]. دانانی یاسا، وەک سەرچاوەیەک بۆ هەمووان، پەیوەستە بە دەستەبەرکردنی سەروەرییەکەی، بۆ تێکڕای هاوڵاتیان، بێ جیاوازی و هەڵاوێردکردن، ئەمەش پێویستی بە دارشتنی سیستمێکی دەسەڵاتداری جێگیر و گەشەسەندوو هەیە؛ کە بەرئەنجامی سەقامگیری سیاسیی و بونیادنانی دەزگای دیموکراسی ڕاستەقینە بێت و، بوار بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بدات و بێ پەنا بردنە بەر توندوتیژی[3]. سەروەریی یاسا بەرجەستە دەبێت

---

* مەبەست لەو نیشانەدەر و پێوێنانەیە کە ڕێکخراو و دەستە و دامەزراوەی نێونەتەوەییەکان؛ بۆ هەڵسەنگاندنی سیستم و شێوازە جیاوازەکانی حوکمڕانی پشتییپێدەبەستن و ساڵانە ڕاپۆرتی خولاوخول بڵاودەکەنەوە. ناوەڕۆکی زانیارییەکانی ئەم پرۆژە و ڕاپۆرتانە، کۆکراوەی ئەو زانیاری و داتایانەیە کە لەڕێی ڕاپرسی و کنەوپشکنینی تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانی دەگەنە چەند دەرئەنجام و، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی شێوازی فەرمانڕەوایی نیشانی دەوڵەتە پێشکەوتوو و گەشەندوو و دواکەوتوەکان دەدەن. بۆ وێنە، بانکی جیهانی (World Bank) لەنێوان ساڵانی (١٩٩٦-٢٠٢٠) لە چوارچێوەی پرۆژەی (The Worldwide Governance Indicators(WGI، هەڵسەنگاندنی بۆ زیاتر لە (٢٠٠) دەوڵەت و هەرێم و قەوارەی سیاسیی کردووە، لە ئەنجامدا شەش پێوێن وەک نیشاندەری حوکمڕانی باش دەناسێنێت، کە بریتین لە: ١. سەروەری یاسا (Rule of Law) ٢. دەنگ و لێپرسینەوە (Voice and Accountability) ٣. لێهاتوویی حکومەت (Government Effectiveness) ٤.سەقامگیری سیاسی و نەبوونی توندوتیژی (Political Stability and Absence of Violence/Terrorism) ٥.چاودێری و ڕێکخستن (Regulatory Quality) ٦.کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی (Control of Corruption) بڕوانە ( World Bank (2022), The Worldwide Governance Indicators (WGI) project. بڕوانە http://info.worldbank.org/governance/wgi/#:~:text=WGI%202021%20Interactive%20%3E%20Home,and%20Absence%20of%20Violence%2FTerrorism. Accessed May 6,2022.

[1] فاروق رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٣.

* ئەم چەمکە خاوەنی لێکدانەوە و شرۆڤە و پێناسەی جیاوازە، پێناسەکان جێگیر نین و ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی و پێگەیشتوویی ئاستەکانی دیموکراسی و وابەستەی مافە بنچینیەکانن. لەگەڵئەوەشدا، سەروەرێتی یاسا دەناسێندرێت بە پەیوەستبوونی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، یان هەرێمێک لەسەرجەم کار و گوفتار و هەڵسوکەوتە ئەرێنی و نەرێنیەکاندا؛ خۆیان وابەستەی یاسا کارپێکراوەکان بکەن و بنەمای ڕەوایەتی ببەخشن بە کارەکانیان و لێی لانەدان، بڕوانە (ژوری یاسایی، سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان.. ئاستەنگ و چارەسەر، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەی ژوری یاسایی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، گردی زەرگەتە، ٢٠٢١، ل٧). یاخود بریتی دەبێت لە پابەندبوونی تەواوی کارەکتەرەکانی دەسەڵات و خەڵک بە یاساوە، لێرەدا سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان پێویستی لەپێشینەن بۆ گرتنەبەری ڕێکاری بە ئەمانجی یەکلایکردنەوەی کێشەکان، بڕوانە (نصيف جاسم العبادي، دور اللامركزية و الحكم الرشيد في الاقتصاد العراقي للمدة ٢٠٠٣-٢٠١٢. جامعه البصرة: المجلة العلوم الاقتصادية، العدد السادس والثلاثون/ المجلد التاسع/ تموز ٢٠١٤، ص٧٢).

[2] دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، نیشتیمانسازیی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان. هەولێر: چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٣، ل١٥١-١٥٣.

[3] ڕێکخراوی ستۆپ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

بە بوونی کۆمەڵگا و دەسەڵات، چونکە هەرسێکیان (یاسا- کۆمەڵگا- دەسەڵات)، بە سێکوچکەی سەرەکی ئەم پرۆسەیە هەژماردەکرێن و لە هەرسێ لاوە سەروەریی یاسا دروست دەبێت[1].

سەروەری یاسا جگەلەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگا و مافی مرۆڤدا هەیە، ئامرازێکی تێکەڵکێشیشە لەگەڵ بنەماکانی حوکمڕانیی دروستدا؛ بەشێوەیەک ئەستەمە گەشەسەندن، لێپرسینەوە، شەفافیەت، بەگژداچوونەوەی گەندەڵی بێتەدی لە دەرەوەی سیستمێکی حکومڕانی دیموکرات و کراوەدا[2]. لێرەوە، سەروەری یاسا تەنها هەر ڕەهەندی ڕێوشوێنی پراکتیزەکردنی کاکڵە و ناوەڕۆکی یاسا (منطوق القانون) ناگرێتەوە، بەڵکو واتا باڵاکەی سەردەکێشێت بەرەو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هەلی هاوتایی، چونکە تا کۆمەڵگا سەقامگیرتر بێت و سامانیش دادگەرانەتر دابەشبکرێت؛ ئەوا بێ بەکارهێنانی هێزی زبر و زیادەڕۆ یاسا باڵادەست و ڕەگداکوتاو دەبێت[3]. پێوەرەکانی سەروەری یاسا خۆی دەبینێتەوە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بێلایەنی سوپا و بەشدارینەکردنی هێزی چەکدار لە ململانێ سیاسیەکان، مافی هاوڵاتیبوون و یەکسانی لەبەردەم یاسا و دادگاکان، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، کارایی دەزگای داواکاری گشتی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتیەکان، جێبەجێکردنی یاساکان و شەفافیەت و ڕۆشنی لە کاروباری گشتیدا[4].

**٢. بەشداریکردن (المشاركة Participation):** بەشداری گشتی گوزارشتە لە فەزایەک بۆ ئاڵوگۆڕ و ئاسانکاریی گفتوگۆ لەنێوان حکومەت، هاوڵاتیان، سەرکردە سیاسیەکان، گروپەکانی بەرژەوەندیدا دەربارەی پرس و کێشەیەکی دیاریکراو. بەشێک لە توێژەران هاوشێوەی (ئەرنستین Arnstein) بە هێز و کاریگەری کۆتایی خەڵک بەسەر دروستکردنی بڕیارەکان دەیناسێنن، یاخود وەک کۆمەڵێک چالاکی ئازادانە وەسف دەکرێت، کە لە ڕێگەیەوە ئەندامانی کۆمەڵگایەک لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران و پێکهێنانی سیاسەتی گشتیدا بەشداریدەکەن[5].

پایەکانی حوکمڕانیی دروست لەسەر ئاستەکانی بەشداری هاوڵاتیان لە کایەی گشتیدا دانراوە، چونکە تا سنوری بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیی فراوانتر بێت، ئەوا ڕەوایەتی ئەو بڕیارانە زیاتر دەبێت و جێبەجێکردنیشیان ئاسانتر دەبێت[6]. بەشداریکردن پێش ئەوەی ئامرازێکی حوکمڕانیی دروستبێت؛ یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسی، چونکە لەگەڵ ئەوەی مافە وەکو هەموو مافەکانی دیکەی مرۆڤ، ئامرازێکی بەهێزی گەشەسەندنی بەردەوامی کۆمەڵگایە. ئەم مافە بێ بوونی ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین و، چەسپاندنیان لە دەستوور و یاساکانی وڵاتدا مانایەکی نابێت، چونکە گرنگیەکەی لە چەندایەتی و چۆنایەتی پاڵپشتی دەوڵەتە

---

[1] حەسەن مستەفا، پرەنسیپە گشتیەکانی سیستمە سیاسیەکان، سۆران: لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، ٢٠١٧، ل١٤٢.

[2] پێشڕەو محمدامین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[3] ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

[4] ژوری یاسایی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[5] فەرهاد حەسەن عەبدوڵلا، بەشداری سیاسیی و خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ ژمارە (٥٦)ی کانوونی دووەمی (٢٠٢١)، ل٧ و ١٧.

[6] ڕێکەوت ئیسماعیل، بەشداری سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٤)ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١، ساڵی یەکەم، ل١١.

بۆ پاراستنی و پێشێلنەکردنی. ئەم مافەش پێویستە بۆ هەردوو ڕەگەز بەشێوەیەکی یەکسان بۆ بەشداری راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەکاروباری گشتیدا دەستەبەرکرابێت، پاڵپشت بە بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کارا، پڕۆسەی هەڵبژاردنی پاک و بێگەر لەگەڵ ئیدارەدانێکی دروستدا[1].

**٣. شەفافیەت (الشفافية Transparency):** یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکانی حوکمڕانی تەندروست شەفافیەتە*، جەختکردنەوەیە لە فەراهەمبوونی ژینگەیەک بۆ ئاسانی دەستگەیشتن بە زانیارییەکان، بەشێوەیەک بۆ هەموان بەردەست بن و متمانەپێکراو و والا بێت بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن[2]. حوکمێکی شەفافە، واتە هاونیشتیمانیان دەتوانن چاودێریی پرۆسێسەکانی بڕیاردروستکردن بکەن و لێتێبگەن، ئەمەش بە مانای ئەوەی بە ئاشکرا دەتوانن ببینن چۆن و بۆچی بڕیارێک دراوە[3]. بۆئەوەی حوکمڕانییەکی کراوە هەبێت، پێویستە ئەکتەرەکانی، سیاسیەکان و وەزیرەکان، فەرمانبەرە ناوەندی و بیرۆکراتیەکان، لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی شەفاف بن، چونکە ئەو زانیارییانەی لای ئەوان هەیە کاریگەری لەسەر چاککردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و پاراستنی مافە سیاسیی، ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان هەیە، لەو بارەیەوە، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (International Monetary Fund) لە بارەی شەفافیەتی حوکمڕانی جەخت لەسەر چوار خاڵی سەرەکی دەکات[4]:

- ڕۆشنی لە یاسا و ڕێسا و ئەرک و بەرپرسیارێتیدا.
- دەستڕاگەیشتنی زانیارییەکان بۆ جەماوەر.
- روونی لە دانان و جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانەدا.
- زامنکردنی دەستپاکی.

حوکمڕانیی دروست ڕەنگدانەوەی شەفافیەت و رۆشنییە لە کاروباری سیاسیی و ئیداری و داراییدا و، پەنجەرەیەکە بە رووی میدیا بۆئەوەی دەستیبگات بە زانیارییەکان و ئاشکراکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی، بە پێچەوانەوە، لە هەرشوێنێک زانیارییەکان شاردرانەوە، لەو شوێنە دەسەلاتێکی خراپ ئامادەگی هەیە، چونکە پێدانی زانیاری تەنها مافی خەڵک نییە، بەڵکو مەرجی سەرەکی فەرمانڕەوایی و حکومەتی باشە، لەبەرامبەریشدا، حوکمڕانی خراپ بۆ قوڵبوونەوەی بێتوانایی و زیادەڕۆیی و گەندەڵی؛ پێویستی شاردنەوەی زانیاری و تاریکاندنی هەیە[5]. لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، شەفافیەت دژی ناڕوونی و شاردنەوەیە، واتە خستنەڕووی تەواوی زانیاری و داتاکان لە بارەی کارەکانی حکومەت و دامەزراوەکان بۆ ڕایگشتی، ئەمەش پەیوەندی بە دوو

---

[1] رضا عبد الجبار سلمان شمري، مصدر السابق، ص٨.

* شەفافیەت (رۆشنی، Transparency): بنەمایەکی پڕ بایەخە بۆ ئیدارەدان و بەدیهێنانی حوکمڕانییەکی دروست و کراوە، واتە ئەو زانیارییانەی پەیوەندیدارن بە سیاسەتی گشتی دەوڵەتەوە بۆ خەڵک؛ زانراو و روون و رۆشن و ئاشکرا و دیار بن، حکومەتیش بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و سەرجەم لایەنەکانی پرۆسەی حوکمداری بکەونە ژێر چاودێری و لێپرسینەوە (صالح عبد عايد العجيلي و نازر احمد المنديل، دور الشفافية في الحد من الفساد الإداري، مجلة العلوم القانونية/ كلية القانون- جامعة بغداد/ العدد الخاص لبحوث مؤتمر فرع القانون العام المنعقيد تحت عنوان "الاصلاح الدستوري و المؤسساتي الواقع و المأمول" للمدة ١٣-٢٠١٨/١١/١٤: ٢٠٩-٢١١).

[2] زوبێر ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

[3] فاروق رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٢.

[4] پێشڕەو عەلی محمدامین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤ و ٢٦.

[5] دلێر عەبدولخالق، گەندەڵی و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. سلێمانی: چاپخانەی پیرەمێرد، ٢٠١٥، ل٨٣ و ٨٥.

لایەنەوە هەیە، یەکەم ڕاستگۆیی لە خستنەڕووی زانیاری و دۆسیە تایبەتیەکانی دامەزراوە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی ڕۆشن لە نێوانیان لە ڕەهەندی پلاندانان، پارەدارکردن و جێبەجێکردن. دووەم زانینی ئەو خزمەتگوزاریانەی دەوڵەت پێشکەشیدەکات و، دەستەبەرکردنی مافی بەدەستهێنان و گەیشتن بە زانیاری دروست و ڕاست لە کاتی گونجاودا[1].

**٤. لێپرسینەوە (المساءلة Accountability):** حوکمی ڕەشید بەرپرسیارە، خاوەن لێپرسراوێتیە، ئەوەش بنەڕەتیترین پێداویستییە کە ڕۆ دەچێتە ناو گشت دامودەزگاکان و پرۆسێسەکان. پرۆسەی لێپرسینەوە لە دامەزراوە گشتی و تایبەتی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا؛ میکانیزمێکە بەرپرسان دەخاتە ژێر پرسیار و بەرپرسیارێتی لەبەرامبەر ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیانە و ئەو کارانەی ئەنجامیدەدەن، ئەمەش لە لایەک بە ئامانجی باشترکردنی پرۆسەکانی بەڕێوەبردن و ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵی، لە لایەکی دیکەش هۆکارە بۆ بە جدی کارکردن و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و دوورکەوتنەوە لەهەر ناڕوونیەک گومان بخاتەسەر سەر ئەدائی بەرپرسان[2]. ئەم تایبەتمەندییەش ڕێگەخۆشدەکات بۆ دروستبوونی متمانە و بۆ بەفیرۆنەدانی توانستەکانی دەوڵەت و خزمەتکردنی زیاتری هاوڵاتیان، کە لەڕێیەوە دەستەبەری جۆرێک لە ژیانێکی شایستە و دادپەروەرتر دەکات[3].

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک دامەزراوەی فەرمی و ستراتیژی گرنگ لە سیستمی حوکمڕانیدا هەن؛ کە چاوەڕوانیان لێدەکرێت، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، ڕۆڵی مەزن لە سیستمی لێپرسینەوە و چاودێری دامەزراوەکانی حوکمڕانی ببینن*، لەوانە دەستە و فەرمانگەکانی چاودێری دیوانی چاودێری دارایی، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، دەستەی دەستپاکی، لیژنەکانی پەرلەمان، ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مینبەرەکانی ڕاگەیاندن، لەناو دامودەزگاکانیش بەشەکانی یاسایی، وردبینی، پشکنین، دڵنیایی جۆری و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون[4].

---

[1] سالح عبد عايد العجيلى و نازر احمد المنديل، مصدر السابق، ص٢١٢.

[2] رضا عبد الجبار سلمان شمري، مصدر السابق، ص٨.

[3] نبيل البابلي، الحكم الرشيد الأبعاد و المعايير و المتطلبات، تقارير سياسية، المعهد المصرى للدراسات، ٢٠١٨، ص٣.

* لێپرسینەوە شێوازی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت بە گوێرەی ئەو لایەنەی کە پراکتیزەیدەکات، بۆ نموونە لێپرسینەوەی سیاسیی مەبەست لێپرسینەوەی دەسەڵاتی یاسادانانە، بەسەر کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) دا. لێپرسینەوەی کارگێڕی مەبەست لەو لێپرسینەوەیە کە دەستەکانی سەر بە حکومەت بۆ دڵنیابوون لە کاری فەرمانگەکانیان ئەنجامیدەدەن. لێپرسینەوەی دەستە دادوەرییەکانیش چاودێری دەزگای دادوەرییە بەسەر هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان، بۆ سێ مەبەست. یەکەم: پێداچوونە بۆ یاساکارییەکان و هاوڕێکیان لەگەڵ دەستور (چاودێری دادوەری بەسەر دەستوریبوونی یاساکان). دووەم: ملکەچی بڕیارە کارگێڕییەکان بۆ پێداچوونەوەی دادوەری. سێیەم: ڕۆڵی دەزگاکانی داواکاری گشتی لەپێناو پاراستنی چاکەی گشتی و ماف و ئازادی تاکەکان. هەرچی لێپرسینەوەی دەستە سەربەخۆکانیشە هەموو ئەو دامەزراوانە دەگرێتەوە کە ملکەچی دەسەڵاتی جێبەجێکردن نین. لێپرسینەوە لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش بە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکان دادەنرێت لەجیهان و دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بە تایبەتی. لێپرسینەوە لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنیش ئەو ئەرکەیە، کە میدیا پێی هەڵدەستێت لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و ڕوونکردنەوەی ئاراستەکانی رای گشتی (الرأي العام) بۆ دەسەڵاتداران و، ڕێنماییکردنیان بەرەو ئەو بیروبۆچوونانەی لە ئارادان سەبارەت بە کاروباری گشتی و چاودێریکردنی کاردانەوەکانی کارەکانی دەسەڵاتی گشتی و، ڕوونکردنەوە و ڕەخنەلێگرتنیان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦-٥٤).

[4] دلاوەر عەلائەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

**٥. زاڵبوون بەسەر گەندەڵیدا (السيطرة على الفساد Control of Corruption):** تایبەتمەندییەکی گرنگی حوکمڕانیی دروست کۆنترۆڵکردنی دیاردەی گەندەڵی و دژایەتیکردنی تۆڕەکانی گەندەڵییە، هەربۆیە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان گەندەڵی و حوکمڕانی باشدا هەیە، چونکە کۆسیستمی حوکمڕانی باش ئەو بونیادە دامەزراوەییە پێکدەهێنێت کە ڕێگە بە گەندەڵی* نادات، یان وایلێدەکات ڕوودانی ئەستەم بێت، هەربۆیە زۆرێک لە ئەدەبیاتی پەیوەندیدار بە گەندەڵی و دەستپاکییەوە لەو دوو دەیەی کۆتایدا سەریانهەڵداوە گەندەڵی و دەستپاکی دەبەستنەوە بە بە کۆسیستمی حوکمڕانی باشەوە[1].

ئاشکرایە، گەندەڵی دەرئەنجامی سروشتی لاوازبوونی سیستەمی فەرمانڕەوایەتیە، چەقی جەختکردنەوە و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی شێوازی حوکمڕانی دەکەوێتە سەر دیاریکردنی ئاستی گەندەڵی، یان هەوڵەکانی حکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی، لێرەوە حوکمڕانیی دروست دەرفەت دەڕەخسێنێت سیستمی فەرمانڕەوایی تۆکمەتر و ئاستەکانی سەروەری یاسا و شەفافیەت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرزتر بێت[2]. هەربۆیە، توانای دەسەڵاتی سیاسی لە کۆنترڵکردنی شێوازەکانی گەندەڵی بنەمایەکی گرنگی حوکمڕانیی دروستە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی پیادەکردنی دەسەڵاتی گشتی بە مەبەستی ئاشکراکردنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ دەستکەوتی تایبەت و لێدان لە بەرژەوەندییەکانی تۆڕەکانی گەندەڵی[3].

**٦. وەڵامدەرەوە (الاستجابة Responsiveness):** یەکێک لەو پێنوێنانەی حوکمڕانیی دروستی پێدەناسرێتەوە و، لە حوکمڕانی سست و گەندەڵ و شکستخواردوو جیایدەکاتەوە؛ وەڵامدانەوەی خێرای دامەزراوە گشتیەکانە بۆ خواست و داواکاری هاوڵاتیان. واتە پێویستە حکومەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان خێرا بێت و لە کاتی وەڵامنەدانەوەی داواکارییەکانیش توانانی لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی هەبێت، هەربۆیە ڕادەی متمانەی خەڵک بە دامەزراوەکانی حوکمڕانی پەیوەستە بە ئاستی وەڵامدانەوەی دامودەزگا گشتیەکان و، ئەلقەی پێکەوەبەستنی هاوڵاتیان و حکومەت[4].

---

* ڕەگوڕیشەی دەستەواژەی گەندەڵی (الفساد Corruption) لە زمانی کوردیدا، لە وشەیەکی ڕەسەنەوە وەرگیراوە کە ئاماژەیە بۆ داڕزین و بێکەڵکبوون، پاشان چەمکەکە بە هەمان ماناوە لەبوارەکانی تری ژیانی مرۆیی بەکارهێنراوە، کە ئاماژەیە بۆ داری وشکی کەڕەپووی کولۆر، بڕوانە (کارزان محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٠). وەک کردەش بریتیە لە ڕەفتاری کەسێک بەهۆی قۆستنەوەی پێگە و دەسەڵاتەکانی لەسەرپێچیکردنی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان بۆ سودی خۆی، یان کەسە نزیکەکانی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی. ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی (International Transparency) گەندەڵی کورتدەکاتەوە لە "بە خراپبەکارهێنانی دەسەڵات لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتدا"، پڕۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش گەندەڵی دەناسێنێت بە قۆستنەوەی دەسەڵاتی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەت لە ڕێگەی گزیکردن، بەرتیل، واستە، یاخود پێشکەشکردنی بەخشین بۆ خێراکردنی و کارئاسانی خزمەتگوزارییەکان. ئەم دەستەواژە گشتییە ئاماژەیە بۆ بەزاندن و پێشێلکردنی سنوری پاکێتی (النزاهة)یە، بە دیوێکی دیکەدا دەستبردن و یاریکردنە بە ماڵ و سامانی گشتی بەشێوەیەکی ناڕەوا، کە زۆربەی بوار و دامودەزگاکان و جومگە هەستیارەکان دەگرێتەوە، وەکو خۆرە و مۆرانە؛ لە کایەی سیاسیی، ئیداری، ئابوری و دارایی وڵات دەدات و، نابووت و لەرزۆکی دەکات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (دلێر عەبدولخالق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥-٢٨).

[1] ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

[2] دلاوەر عەلائەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

[3] نصيف جاسم العبادي، مصدر السابق، ص٧٢.

[4] پێشڕەو عەلی محمدامین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

دامەزراوەکان و پرۆسەکان پێویستە ببنە وەڵامگۆی داواکارییەکان، ئەمەش لەڕێی میکانیزمی گونجاو بۆ بەدەنگەوەهاتن و خزمەتکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان. وڵاتە پێشکەوتووەکان لەڕێی حکومەت و دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە پەیوەندی بەردەوامدان لەگەڵ گروپە نەتەوەییە جیاوازەکان و وەڵامی بانگەوازی هەموویان بێ جیاوازی دەدەنەوە، لەڕێیەوە هەم ڕەزامەندی حوکم بەدەستدەهێنن، هەمیش دادپەروەری و سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵایەتی دەپارێزن[1]. ئەم تایبەتمەندییە ئامادەیی دامەزراوەکان نیشاندەدات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان و وەڵامدانەوەیان بەشێوەیەکی خێرا و کاریگەر؛ بۆ بەدەمەوە چوونی کێشەکان و چارەسەرکردنیان، بە دیوێکی دیکەدا وەڵامدانەوەی هەموو ڕەگەزەکانی حوکمڕانی دەگرێتەوە بەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتیەی لەسەر شانیانە بەرامبەر خەڵک و، کارایی حکومەت و حکومەتە خۆجێییەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان و هەماهەنگی زیاتر بۆ خێراکردنی پرۆسەی بڕیاردان[2]

٧. **کارایی و لێهاتوویی (الفعالية والكفاءة Effectiveness and Efficiency)**: پێوانە دەکرێت بەپێی ئەو خزمەتگوزارییە گشتیانەی پێشکەشدەکرێن، توانای دامەزراوەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بە باشترین شێوە و سەربەخۆبونی دامەزراوە سیاسیەکان و نەکەوتنە ژێر کاریگەری هیچ فشارێک[3].

کارگێڕی لێوەشاوە ڕەهەندەی هونەری شێوازی کارگێڕی حوکمڕانییە، کە لە کۆمەڵێک دامەزراوە و چالاکی پێویستدا خۆی دەبینێتەوە، لە پێناو دارشتنی پلانکار بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانی دەوڵەت و خستنەگەڕی ئەو بەرنامەیە بە لێوەشاوەترین شێوە کە جێگەی ڕەزامەندی تاک و کۆمەڵگە بێت، بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەکارهێنانی ژیرانەی دەرامەتە گشتییەکان، دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنیانە کە جێگەی ڕەزامەندی هاوڵاتیان بێت لەبارەی حوکمڕانێتی لە کۆمەڵگاکەیدا؛ کارایی و لێهاتوویی بە یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی حوکمڕانی باش دادەنرێت. لەو ناوەندەشدا، نەناوەندێتی کارگێڕی (لامەرکەزیەت)* کە یارمەتیدەرە لە گواستنەوەی دەسەڵات لە ناوەندەوە بۆ هەرێم و ناوچە و حکومەتە خۆجێییەکان زیاتر یارمەتیدەرە لە بنیادنانی ئەو جۆرە سیستمە، چونکە دووبارە بنیادنانەوەی پەیکەربەندی ڕێکخستنی دەسەڵات دەگەیەنێت، بەشێوەیەک کە سیستمی هاوبەش هەبێت لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی[4].

---

[1] Tapiwa Kapisa, (2022), Examples of good governance. https://www.zambianguardian.com/examples-of-good-governance/. Accessed May 14, 2022.

[2] UNODC (2022), What is Good Governanve? https://www.unodc.org/e4j/zh/anti-corruption/module-2/key-issues/what-is-good- . Accessed May 4, 2022.

[3] نصيف جاسم العبادي، مصدر السابق، ص٧١.

* نەناوەندێتی (Decentralization): بریتیە لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەتی مەرکەزی و، بەشکردن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی خوارووی وەزارەتەکان و چاودێریکردنی ئەم یەکە کارگێڕییانە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان حکومەتە خۆجێیەکاندا، لە ئەدەبیاتی سیاسیشدا زۆرتر بە مانای شۆڕکردنەوەی پرۆسەی دارشتنی سیاسەت و بڕیاردان لە کابینەی حکومەتەوە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی ناوچە جیاوازەکان دێت، بەپێی ئەم میکانیزمە بەرپرسیارێتی لەنێوان دامەزراوە لاوەکیە حکومییەکان و دامەزراوە سەرەکییە نیشتیمانییەکان دابەشدەکرێت، یاخود شێوازێکە لە شێوازەکانی باشتر بەڕێوەبردنی وڵات، کە پێکگەیشتنێک لەنێوان لامەرکەزیەت و حوکمڕانی باش دێتەکایەوە، چونکە مەبەستی سەرەکی لامەرکەزیەت بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی کارگێڕی، بەشداری دیموکراسیانەی خەڵک، واتە بەشدارییەک دوور لە گوشار و ناچاری و، یەکسانیی جوگرافی و کۆمەڵایەتی، بڕوانە (هیوا مەجید خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٦ و ٣٦٩).

[4] ئەمین فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

ئارگۆمێنتی سەرەکی لە بیرۆکەی لامەرکەزیەتدا، ئەم فۆرمە لە حوکمڕانی؛ دەبێتەهۆی باشتر دابینکردنی خزمەتگوزارییە خۆجێیەکان لەنێوان دانیشتوانی ولاتێک کە لە رووی جوگرافییەوە لێکجیاواز و بایەخبەندی جیاوازیان هەیە، لێرەدا نزیکی کاربەدەستان و سیاسەتمەداران لە خەڵک؛ یارمەتیدەرە بۆ زانینی خواست و داواکاری هاوڵاتیان و، دەرئەنجامەکەشی باشتر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بەرپرسیارێتی و شەفافیەتە[1].

٨. **ئاراستەی کۆدەنگی (التوجه للاجماع Consensus Orientation):** یەکێک لە بنەما و ئامرازەکانی حوکمڕانیی دروست، بریتیە لە دروستکردنی کۆدەنگی و ناوەندگیری بۆ دروستکردنی سازان لەنێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا، لەپێناو گەیشتن بە باشترین بژاردە بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان و جێبەجێکردنی لە واقعدا. ئەم تایبەتمەندییە بەندە بە ڕەتنەکردنەوەی ئەو ئامرازانەی هاوکارن بۆ لێکنزیکبوونەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان و دۆزینەوەی ڕێچارەی دروست بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی[2].

ئاراستەی کۆدەنگی وەستاوەتە سەر چۆنیەتی ئیدارەدانی جیاوازییەکان و گفتوگۆ و مشتومڕی فرە ئامێز لەسەر خاڵە جیاواز و پرسە ناکۆکەکان، هەموو ئەمانەش بە ئامانجی گەیشتن بە خاڵی هاوبەش و کۆدەنگی و کۆڕایی فراوان بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەک؛ کە لە دواجاردا بە ڕێککەوتنی هەموو خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان کۆتایی بێت و، سەرەڕای هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و خواستی هەموو لایەنەکان پارێزراو بێت[3]، بە کورتی، حوکمڕانیی دروست نێوەندگیری لەنێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکان دەکات بۆ گەیشتن بە کۆدەنگییەکی بەرفراوان لەسەر ئەوەی چی لە بەرژەوەندی گروپەکەدایە و چۆن وەک خاڵی بەهێز مامەڵە لەگەڵ ئاراستەی دژبەیەک و بژاردە جێگیرەوەکان بکرێت بۆ ڕێککەوتن و کۆدەنگی[4].

---

[1] هیوا مەجید خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٦-٣٦٧.

[2] پێشڕەو عەلی محمدامین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

[3] Nicholas J Price, (2022), What Constitutes Good Governance? https://www.diligent.com/insights/corporate-governance/what-constitutes-good-governance/. Accessed May 14,2022.

[4] Tapiwa Kapisa, سەرچاوەی پێشوو

## باسی سێیەم/ کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا:

### تەوەری یەکەم/ سۆشیال میدیا وەک ئامرازێکی حوکمڕانیی دروست:

### أ. میدیا وەک ئەکتەرێکی حوکمڕانی:

هاوشانی دامەزراوە فەرمییەکانی حوکمڕانی (پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری)، چەند ئەکتەرێکی دیکە لە نموونەی میدیا و پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشدارن لە پرۆسەی حوکمڕانیدا[1]، لەم پێودانگەوە، توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە میدیا و پەیوەندیکردنی سیاسیی، (میدیا) وەک یەکێک لە دامەزراوە نافەرمییەکانی سیستمی سیاسی دەناسێنن؛ کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ سیستمی سیاسیی و کایەی حوکمڕانیدا هەیە، بەشێوەیەک هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوەیتر هەیە[2].

دەوترێت، میدیای پرۆفیشناڵ کۆڵەگەیەکی سەرەکییە لە ژیانی سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتدا، لە دوای دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت[3]، وەک پردی پەیوەندی لەنێوان هاوڵاتیان و کاربەدەستاندا ڕۆڵ دەگێڕێت، بەشێوەیەک هاوڵاتیان ئاگاداری کاری دامەزراوەکان دەبن و بەرپرسانیش گوێبیستی خواست و داواکاری هاوڵاتیان دەبن لە ئاستە جیاوازەکانی حکومەت، کاری پەرلەمان، پارتە سیاسیەکان، پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی؛ بەم ئاڕاستەیەش دەبێتە ئامرازێکی گرنگ لە فەرمانڕەوایی کارا و وەڵامدەرەوە[4].

سیستمی سیاسیی و کرانەوەی حوکمڕانی بەڕووی ئازادییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێگە و ڕۆڵی میدیا هەیە، ئەم کاریگەرییەش لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، بۆ وێنە لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا میدیا ناوەندی بە یەکگەیشتنی حوکمڕان و حوکمکراوان و گرنگترین ئامرازی خوڵقاندنی ڕایگشتییە، بەڵام لە وڵاتە داخراوەکاندا میدیا ملکەچ و لە خزمەت دەسەڵاتی فەرمانڕەوادایە[5].

لەگەڵئەوەی میدیا ڕۆڵی سەرەکی لە گواستنەوەی کۆمەڵگا بۆ قۆناغی دیموکراسی دەگێڕیت و یەکێکە لە مەرجەکانی سیستمی سیاسیی دیموکرات و پێشکەوتوو[6]، بەڵام لە وڵاتە دیموکراسیەکانیش تێگەیشتنی سیاسیەکان بۆ میدیا هەموو کات وەک یەک نییە، بەو واتایەی دەکرێت کاریگەری میدیا لەسەر ئەجێندای سیاسیەکان و دەسەڵاتداران گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەم پرسە ڕامان دەکێشێت بۆئەو بابەتەی کێ خاوەنداریێتی و کۆنتڕۆڵی ئەجێندای میدیا دەکات؛

---

[1] P. Ashraf , The Role of Media in Good Governance: Paid News Culture od Media and the Challenges to Indian Democracy. International Research Journal of Social Science, Vol.3(3),2014, P.41

[2] بارزان جوهر صادق ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

[3] دلاوەر عەلائەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.

[4] S. Kalathil, Developing independent media as an institution of accountable governance: a how-to guide. World Bank Publications, 2011, p.5.

[5] دلێر عەبدولخالق، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧و٧١.

[6] بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

ئەمەش بە دیاریکراوی ڕۆڵی دەبێت لەوەی ناوەڕۆکە میدیاییەکان چەند و چۆن کاریگەریان لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی و حکومەتدا دەبێت[1].

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە پەیوەندی نێوان حوکمڕانی و میدیا، پێویستمان بە خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەستەواژەی ژینگەی میدیایی هەیە، کە مەبەست لێی بەکارهێنانی کەرەستەکانی پەیوەندیکردنە لە چوارچێوەی ئەو بونیادە سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی لە کۆمەڵگادا بەردەستە. پێکهێنەرەکانیش دوو بەشن، یەکەم بونیادی سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کاریگەری ئەو ستراکتورە لەسەر لایەنی دووەم کە تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنە وەک ئینتەرنێت، مۆبایل، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و پێگە ئەلیکترۆنیەکان[2].

لێرەوە، ئامڕازەکانی میدیا (بینراو، بیستراو، خوێندراو و ئەلیکترۆنی) یەکێکن لە دامەزراوە گرنگەکانی گەشەپێدانی سیاسیی و کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی*، واتە فاکتەری زیادبوونی بەشداری سیاسیی هاوڵاتیانن، بەمەش کاریگەری زۆریان لە گواستنەوەی بیروباوەڕ و ڕاو زانیاری سیاسیی بۆ تاکەکان و کاریگەری دانان لەسەر هزر و بیروباوەڕیان هەیە، دوای گەشەی تەکنەلۆژیای نوێش هەموو ئەو کێشە و ڕووداوە سیاسیانەی ڕوودەدەن خێراتر دەگوازرێنەوە، ئەمەش بووەتەهۆی کرانەوەی گەلان و زیادبوونی ڕۆشنبیری سیاسیی و ئاڵوگۆڕی زانیاری[3].

یەکێکی دیکە لە ئەرکە لەپێشینەییەکانی میدیا؛ چاودێریکردنی دەوڵەت و خستنەڕووی کردارەکانی حکومەتە بۆ خەڵک، لەو ڕێگەیەوە لەلایەک زانیارییەکان لەسەر پرسە گشتیەکان بڵاودەکاتەوە، لەلایەکی دیکەش حاڵەتەکانی گەندەڵی و خراپبەکارهێنانی دەسەڵات ئاشکرا دەکات، لێرەوە میدیا دەبێتە یەکێک لە ئامڕازە گرنگەکانی گەشەپێدانی بنەماکانی حوکمڕانیی دروست، بەتایبەت لەڕووی شەفافیەت و بەشداری سیاسیی و لێپرسینەوە[4]. ئەگەرچی میدیای سەربەخۆ و ئازاد مەرجێکی سەرەکی حوکمڕانیی دروستە، بەڵام بازنەکە تەواو نابێت ئەگەر شەفافیەتی زانیاری و مافی هاوڵاتیان لە دەستڕاگەیشتنیان بە زانیاری ڕاست و دروست دەستەبەرنەکرابێت، چونکە بێ زانیاری ئەستمە هاوڵاتیان بتوانن بەشدارییەکی سیاسیی ڕاستەقینە لە کاروباری گشتی بکەن و ئاگاداری کێشە و ئاریشەکان بن[5].

---

[1] بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

[2] هاوژین عومەر، دۆخی ژینگەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا. گۆڤاری جۆرناڵ: ژمارە (٥٦)ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١، ل٢٥.

* پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Political Socialization): پرۆسەی پێگەیاندن و گەشەپێدانی تاکە لەڕێی وەرگرتنی زانیاری و بەها و ڕاستییەکان بۆ گەشەپێدانی بیری سیاسیی. لێرەوە، ئاراستە فیکری و ئایدۆلۆژی و سیاسیەکان لای تاک دروستدەبێت و، کاریگەری لەسەر هەڵوێست و ڕەفتار و بیروبۆچوونەکانی دروست دەکات، کە دواتر ڕەنگدەداتەوە لەسەر ئاستەکانی بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکاندا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە رابەر تەلعەت، گەنج و بەشداری سیاسیی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکراوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل٤٨.

[3] ئازار رەمەزان ئەحمەد، دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسیی، لە بڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیا و دایەلۆگی میدیا ADMN، ل٤١-٤٣.

[4] P. Ashraf, Ibid, P.41

[5] K.Voltmer, The Media, government accountability, and citizen engagement. Public Sentinel: News Media and Government Reform, Washington: World Bank, 395. P3.

**ب. ئینتەرنێت و کاریگەریی لەسەر حوکمڕانیی دروست**

ئینتەرنێت کاریگەرییەکی بنچینەیی لەسەر کۆمەڵگا و سیاسەت و حوکمڕانی داناوە، لە ڕیشەوە پەیوەندی نێوان تاک، گروپ، دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی گۆڕیوە، جگە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەی؛ بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەت و فەرمانڕەوایی، لە وڵاتانی دیموکراسیدا؛ بووەتەهۆی پەرەدان بە دیالۆگی ئازاد لە نێوان حکومەت و هاوڵاتیاندا، کاندیدی سیاسی لە کاتی هەڵبژاردنە گشتیەکاندا بەکاریدەهێنن بۆ گەیشتن بە دەنگدەران و پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان، هاوکات هاوڵاتیانیش وەک سەکۆیەک بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سیاسیی سودی لێوەردەگرن، هەروەها وەک ئامڕازێکی دروستکردنی فشار بەرامبەر دەسەڵاتداران و لێپرسینەوە لە سیاسەتمەداران بەکاردێت[1].

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، گەشەکردنی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای زانیاری گوڕێکی گەورەیدا بە میدیا لە هەموو ئاستەکاندا، ئینتەرنێت کۆمەڵێک تایبەتمەندی زۆری هێناوە، کە تەواوی پڕۆسەی پەیوەندیکردنی سیاسیی گۆڕی، لە پێشوودا هاوڵاتیان تەنها وەرگرێکی ناکارایی ئەو زانیارییانە بوون؛ کە سیاسیەکان لە ڕێگەی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە پێیاندەدان، بەڵام ئاسانکارییەکانی ئینتەرنێت دەرفەتی بە خەڵک داوە بەشداربن لە بەرهەمهێنانی میدیایی و روماڵە سیاسیەکان لە ڕێگەی ئیمەیڵ و کورتەنامە و دەنگدان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و بوارەکانی دیکەدا، زیاتر لەوەش خەڵک دەتوانن خۆیان ڕوماڵ بکەن و زانیاری بگەیەنن و وەک چالاکی سیاسیی ڕەفتار بکەن و سەرکردایەتی خەڵکی دیکەش بکەن؛ ئەوەش لەڕێگەی ئەو بڵندگۆ و تۆڕانەی ئینتەرنێت دابینی کردووە بۆ بەشداربووەکانی[2].

دەوترێت "ئینتەرنێت وەک هەوا وایە"، واتە بەرفراوانە و خێرا بڵاودەبێتەوە و لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بە خوێندنەوەیەکی دیکە بووەتە پێویستییەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە، ئەم ناساندنە کورتە توانستێکی زۆری بەم تۆڕە جیهانییە داوە بۆ کارکردنە سەر ژیانی خەڵک[3].

هەروەک، لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی ئینتەرنێت ڕێگایەکی نوێ بۆ حوکمڕانیی دروست (The Internet: A new route to good governance)، کە داتاکانی (١٧٠) وڵات لەنێوان ساڵەکانی (١٩٩٦-٢٠١٠)دا وەرگیراوە؛ لەبارەی پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی ئینتەرنێت و حوکمڕانی، جەخت لەسەر کاریگەری ئینتەرنێت دەکاتەوە بۆ باشترکردنی حوکمڕانی، بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان، بۆ بەشداریکردنی زیاتری هاوڵاتیان لە کایەی گشتی، بۆ کرانەوەی دەسەڵات و سەرکردەکان بە ئاڕاستەی شەفافیەت و لێپرسینەوە[4]، هاوکات بەهۆی ئینتەرنێتەوە زانیاری هیچ کات هێندەی ئێستا ئازاد نەبووە، ئێستا زۆر ڕێگە بۆ بڵاوکردنەوەی زۆرترین بیرۆکە بۆ خەڵک هەن، کە ئەوە لە هیچ ساتێکی مێژوویدا وێنەی نەبووە، تەنانەت لە

---

[1] Khazaeli and Stockemer, The Internet: A new route to good governance. International Political Science Review, 34(5), 2013, p.464.

[2] بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩-١٣٠.

[3] ناتق الخلوصي، ئینتەرنێت تۆڕی زانیاری جیهان، و: ئەکرەم قەرەداخی، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣، ل١٣.

[4] Khazaeli and Stockemer, Ibid, p.463.

وڵاتە دەسەڵاتخوازەکانیش تۆڕەکانی زانیاری یارمەتی خەڵکدەدەن بۆ زانینی ڕاستییەکان و لێپرسینەوە لە حکومەت[1].

ئینتەرنێت بووەهۆی لە دایکبوونی چەند چەمکێکی دیکەی وەک میدیای نوێ، سۆشیال میدیا، مەڵتی میدیا دواترینیش، وەک میدیای دیموکراسی ناوی دەبرێت[2]، لێرەدا مەبەست ئەوەیە چیتر میدیا بە ئاسانی لەلایەن دەستە و گروپ و حکومەتەکان کۆنترۆڵ ناکرێت، میدیای نوێ لایەنی کەم دوو ئاڕاستەیە؛ لە خوارەوەش پەیام دەگات بە سەرەوە، بەشێک لە سەرچاوەکان بە میدیای خەڵکی هەژار و هاوڵاتی ناوی دەبەن، هەروەک ئەو میدیا نوێیە لەگەڵ خۆیدا سیاسەتی نوێی هێناوەتە کایەوە، چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە زۆر شوێنی دنیادا بوونەتە سەرکردەی ڕای خەڵک و بزوێنەری جوڵانەوە سیاسیەکان[3]. هەموو ئەو بزاوتانەش بەشدارن لە هێنانەدی جۆرێک لە فەرمانڕاوەیی دروست و کاریگەربوونی دەنگی خەڵک لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیی، لەلایەکی دیکەوە ئینتەرنێت هەلی یەکسانی بۆ دەستڕاگەیشتن  بە زانیاری بۆ هەمووان ڕەخساند، بەشێوەیەک زانیارییەکان بە خێراییەکی زیاتر و بە نرخێکی کەمتر و لە مەودایەکی فراوانتر بڵاودەبنەوە؛ ئەمەش پاڵپشتی دەکات لە چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی دژە گەندەڵی و بەڕێوەبردنێکی تەندروست[4].

**پ. کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست**

لە سێ دەیەی ڕابردوودا، سۆشیال میدیا نەک تەنها گۆڕانکاری ڕیشەیی لە شێوازی پەیوەندیکردن کردووە، بەڵکو توانای گۆڕانکاری هەبووە لەسەرلەنوێ دابەشکردنەوەی هێز و کاریگەری نێوان هاوڵاتیان و حکومەتەکاندا، بەشێوەیەک بۆ بەشداریکردنی سیاسی دەرفەتی زیاتری داوە بە هاوڵاتیان، بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دیموکراسی، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی نادادی کۆمەڵایەتی، بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، بۆ چاودێری ڕەفتار و هەنگاوەکانی حکومەت[5].

خەڵک لەڕێی فەیسبووک و پلاتفۆڕمەکانی دیکە، بۆچوون و هەڵوێستەکانیان دەردەبڕن، هاوبەشی زانیاری لەنێوان یەکتر دەکەن، کاردانەوەیان بۆ پەیامەکان دەبێت، چاودێری بۆچوون و کردارەکانی یەکتریش دەکەن، ئەمەش کاردانەوەی لەسەر کایەی سیاسی داناوە؛ بەوپێیەی هاوڵاتیان گفتوگۆی پرسە سیاسییەکان دەکەن و کاردانەوەیان بۆ بابەتە گشتیەکان دەبێت، لەبەرامبەریشدا سیاسەتمەدارانیش لەڕێی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا دەگەنە هاوڵاتیان و ئەجێندا سیاسیەکانیان دەگەیەنن بە ڕایگشتی؛ هەموو ئەمانەش ئەڵقەیەکە لە پەیوەندی سیاسیی و حوکمڕانی لەڕێی سۆشیال میدیاوە[6].

---

1 هیلاری کلینتۆن، ئازادی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، وەک ئامرازێک بۆ یەکسانی و پێشکەوتنی نەتەوەکانی دنیا، گۆڤاری واتە: ژمارە (٣)ی تیشرینی یەکەمی (٢٠١٠)، ل٣٨١.

2 نەزاکەت حسێن حەمەسەعید، میدیا و سۆشیال میدیا کاریگەریی و چارەسەر، سلێمانی: چاپخانەی پاندا، ٢٠٢٢، ل٩٢.

3 بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

4 Hasiya Ibrahim Abdullahi & Aliyu Ishaq Abdullahi, The Effect of Social Media on Good Governance in Nigeria, (2020), p.2.

5 Nian Yan, Social Media is Redistributing Power, Scientific Research Publishing, Open Journal of Social Science, 2021, p.107-108.

6 Ömer Sevimli, Internet and Social Media Effects on Politics. https://www.linkedin.com/pulse/internet-social-media-effects-politics-%C3%B6mer-sevimli. Accessed May 20, 2022.

له دەرئەنجامی توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (Government innovation through social media: 2013) دەرکەوتووە؛ پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بە سێ مۆدێل هەماهەنگی لەنێوان حکومەت و هاوڵاتیان و زانیارییەکاندا ڕێکدەخەن، بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی دروست؛ ئەوانیش مۆدێلی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، مۆدێلی هاوبەشکردنی زانیاری لەسەر بنچینەی سەکۆکانی سۆشیال میدیا و مۆدێلی فەرمانڕەوایی هاوبەش لەڕێی کارلێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە[1].

هەڵکشانی بەردەوامی ژمارەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا؛ پرۆسەی دەستڕاگەیشتنی زانیارییەکانی لەلایەن هاوڵاتیانەوە ئاسانتر کردووە و کاریگەری لەسەر شەفافیەت و زیادبوونی بەشداری هاوڵاتیان لە کایەی حوکمڕانی و وەڵامدانەوەی خێرا هەبووە، لەم راستیەوە توێژەران جەختدەکەنەوە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا کاریگەری ئەرێنی لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیەت و حوکمڕانیی دروست هەیە[2].

بەوپێیەی سۆشیال میدیا بەرهەمی سەردەمی نوێی گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای زانیارین و لەسەر ئاستی جیهان کاریگەریان لەسەر بەکارهێنەران هەیە؛ زۆرترین خەڵک و چین و توێژەکانیان لە کۆمەڵگایەکی ئەلیکترۆنی بەیەکەوە بەستووەتەوە[3]. ئەم بەیەکەوەبەستن و کارلێککردنەی هاوڵاتیان بەشێکە لە سروشتی میدیای کارلێکی و پلاتفۆرمەکانی سۆشیالمیدیا، کە دوای چوونە ناوەوەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت؛ کاریگەری و کاردانەوەی جیاواز لەسەر ئامرازەکانی حوکمڕانی دادەنێت، ئەو کاریگەرییەش ئەرێنییە لەسەر بەهێزکردنی پایەکانی حوکمڕانیی دروست[4].

بە خوێندنەوەی بەشێک لەو توێژینەوە و پەیپەرە زانستیانەی لە پەیوەندییەکانی نێوان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و کاریگەری لەسەر حوکمڕانیی دروست- یان کۆڵیوەتەوە، لە حاڵەتی دروست بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان، گەیشتوونەتە چەند دەرئەنجام و خاڵێکی ئەرێنی، لەوانە [5]:

**١. کاریگەری لەسەر کایەی گشتی:** بەپێی توێژینەوەی (HAVAS GLOBAL COMMS- 2013)، سۆشیال میدیا گەورەترین ئەکتەری گۆڕانکارییە کە کاریگەری خەڵکی لەسەر کایەی سیاسیی زیاد کردووە، بەتایبەت لە ڕەهەندی کۆنترۆڵکردنی زانیاری و چۆنیەتی بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی. پێش قۆناغی سۆشیال میدیا وەرگر ناچالاک بوو، تەنها ئەو زانیارییانەی پێدەدرا؛ کە لەلایەن کەسێک، یان چەند کەسێک لە حکومەتەکان، کۆمپانیا گەورەکان، گروپەکانی بەرژەوەندی کۆنترۆڵ دەکرا و بەو شێوەیە بڵاودەکرایەوە کە لە بەرژەوەندی ئەوانە، بەڵام ئێستا بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا زانیاری لە چنگی خۆیانە و خۆشیان بەو شێوەی دەیانەوێت لەڕێی گونجاوترین پلاتفۆرمەکان بڵاویدەکەنەوە.

---

[1] J. Ignacio Criado (2013), Government innovation through social media. Government Information Quarterly 30, (2013), p.319.

[2] Hasiya Ibrahim Abdullahi & Aliyu Ishaq Abdullahi, Ibid, p.1

[3] عبدالصادق الحسن، تأثيرات استخدام الشباب الجامعية فى الجامعات الخاصة العربية الموقع التواصل الاجتماعية على استخدام فهم وسائل الاتصال التقليدية، المجلة الاردنية اللعلوم الاجتماعية، المجلد ١، العدد ١، ٢٠١٤، ص٣٤.

[4] Khazaeli and Stockemer, Ibid, p.470-471.

[5] Nian Yan, Ibid, p.108-111.

**٢. هەڵبژاردنی کاستی حوکمڕانی:** سۆشیال میدیا گۆڕانکاری ریشەیی لە ژینگەیی سیاسی کردووە، کە نەک تەنها ئەو کەناڵانە ڕێگە بە خەڵک دەدەن کارلێک لەگەڵ یەکتر بکەن و زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن، بەڵکو دواجار زانیارییەکان بەکاردەهێندرێن بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی حوکمیان دەکەن، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەرمریکا (٢٠٠٨)دا، باراک ئۆباما زۆرترین پشتیوانی لەڕێی فەیسبووک هەبوو، کە زیاتر لە (٢) ملیۆن بەکارهێنەر بوو، هاوکات پشتی بە (١١٢) هەزار کەس لە تویتەردا دەبەست، لەبەرامبەردا جۆن مەکەین-ی رکابەری تەنها (٦٠٠) هەزاری پشتیوانکاری لە فەیسبووکدا هەبوو.

**٣. ئامرازێک بۆ چاودێری حکومەت و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی:** سۆشیال میدیا ئامرازێکی کاریگەرە بۆ چاودێریکردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانی و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر گەندەڵی. یەکێک لە نموونە بەناوبانگەکان لە چین برایانی سەعات لەدەستە ،(Brother Wristwatch) کە بەرپرسێکی حکومەتی خۆجێی چینی بەناوی (Dacai Yang) وێنەیەکی بە زەردەخەنەوە لە پلاتفۆڕمی (Weibo) بڵاوکردەوە؛ کە سەعاتێکی گرانبەهای لەدەستە، بەکارهێنەرێک دوای بەدواداچوون چەند وێنەیەکی دیکەی دۆزییەوە بە کاتژمێری مارکە و گرانبەهای زیاتر، دوایئەوەی ئەو کەسە هەموو وێنەکانی دیکەی بڵاوکردەوە و ڕایگشتی لە دژی دروستکرد؛ داواکاری گشتی هاتە دەنگ و دوای لێکۆڵینەوەی یاسایی دەرکەوت ئەو بەرپرسە (٥٢٧٠٠٠) پاوان لە داهاتەکی جێی گومانە و دواتر دوچاری سزای یاسایی بوو.

**٤. کاریگەری لەسەر جوڵاندنەوە و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان:** سۆشیال میدیا هێزی زیاتری بە هاوڵاتیان بەخشیوە بۆ ململانێکردن لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیی و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەریی و دروستکردنی جوڵانەوەی سیاسیی. زۆر نموونە هەن پاڵپشتی ئەم کاریگەرییە دەکەن، لەوانە شۆڕشی تویتەر لە ئێران لە ساڵی (٢٠٠٨)، کاتێک لە شارەکانی وەک تاران و ئەسفەهان ناڕەزایەتی دروستبوو لەسەر ئەو ساختەکارییەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی (مەحمود ئەحمەدی نەژاد) بەرامبەر کاندیدی بەرهەڵستکار (میر حوسێن موسەوی) کرابوو. خۆپیشاندەران پلاتفۆڕمەکانی سۆشیالمیدیان بەکارهێنا بۆ پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە و گەیاندنی ڕووداوەکان بۆ راکێشانی سەرنجی جیهان و دروستکردنی فشار لەسەر حکومەتی ئێران، کە ئەمە یەکەم شۆڕشی گەورەیە کە لەڕێی سۆشیال میدیاوە گەشەیکرد و گواسترایەوە.

**٥. پاڵپشتی سۆشیال میدیا لە حکومەتی ئەلیکترۆنیدا (The E-Government):** مەبەست لە بەکارهێنانی زانیاری و پەیوەندیکردنی تەکنەلۆژییە لەسەر هێڵەکانی ئینتەرنێت وەکو ئامرازێک بۆ دەستەبەرکردنی حکومەتی باشتر، یارمەتیدەر بۆ باشترکردنی کارایی حکومەت، بەهێزکردنی جۆرێتی گشتی خزمەتگوزاری، وەڵامدەرەی خێرای داواکارییەکان. حکومەت پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیان و زانینی کاردانەوەکان لەڕێی تێچێنی بەکارهێنەران و، دواجار چۆنیەتی دروستکردنی بڕیارەکان و خزمەتگوزاری باشتر بەکاردەهێنێت، لێرەدا بەکارهێنەران لەڕێی سۆشیال میدیاوە ئاڵنگاری حکومەت دەکەن لە قبوڵکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان، یاخود ڕەتکردنەوەیدا.

٦. **شەفافیەت و لێپرسینەوە:** هاوڵاتیان پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا بۆ پەیوەندیکردن و ڕاپۆرتدان لەسەر پرسە گشتیەکان و خزمەتگوزارییەکان بەکاردەهێنن؛ ئەمەش فشار زیاتر دەکات بۆ وەڵامدانەوەی و خستنەڕووی زانیارییەکان بۆ ڕایگشتی[1]. پلاتفۆڕمەکان دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ بەکارهێنەران کە بەردەوام ئاگاداری روداوەکانی کۆمەڵگاکەی و زانینی هەواڵە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بێت، بەمەش ئاستی هۆشیاری و درککردن بە دۆسیە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەرزدەکاتەوە و بڕیارەکان ڕۆشنتر دەکاتەوە[2].

٧. **کارابوونی ڕۆڵی کۆمەڵی مەدەنی و کەرتی تایبەت:** سۆشیال میدیا ڕۆڵی گێڕاوە لە گەشەپێدانی کۆمەڵی مەدەنی لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی، بۆ نموونە هێزە سیاسیەکان دەرفەتیان بۆ رەخساوە لەو ڕێگایانەوە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و جیهانی بەرنامەکانیان پەخش بکەن، هەروەک سەندیکا و ڕێکخراوەکان و چین و توێژە جیاوازەکانیش توانیویانە چالاکانەتر کاربکەن و ئەندامەکانیان کۆبکەنەوە و کاریگەری دروستبکەن[3]. هاوکات، لەڕێی خزمەتگوزارییەکانی سۆشیال میدیا خاوەنکار و کۆمپانیا گەورە و بچوکەکانی کەرتی تایبەت گەشە بە پرۆسەی بازاڕدۆزی دەدەن و، کارئاسان دەکەن لە گەیشتن بە کڕیارەکان و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، کە لەئەنجامدا سۆشیال میدیا بووەتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی شێوازی نوێ لە بازاڕدۆزی و پشتیوانیکردنی کەرتی تایبەت[4].

٨. **پاڵپشتی بنەما دیموکراتییەکان و مافەکانی مرۆڤ:** سۆشیال میدیا بووەتە ئامرازێک بۆ پشتیوانی لە بنەما دیموکراتییەکان و مافەکانی مرۆڤ و زیادبوونی کاریگەری هاوڵاتیان لە کایەی سیاسیی، زۆر کەسیش وایدەبینێت هۆکارێکە بۆ گۆڕانکاری جیهانی[5]. بەشێوەیەک پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا بوونەتە بڵندگۆ و سەکۆیەک بۆ ئازادییە گشتیەکان و ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین، بە واتای تێپەڕاندنی دەسەڵاتی چوارەم و بوون بە دەسەڵاتی پێنجەم، لەبەرئەوەی ئەو ڕۆڵەی میدیای نوێ و سۆشیالمیدیا دەیبینن بە میدیای کلاسیک ناکرێت و دەرفەتی زیاتر داوە بە خەڵک و بەکارهێنەران[6]. هەروەها ڕۆڵی لە دروستکردنی رای ئازاد هەبووە و وەک گۆڕەپانێکی کراوە بۆ داواکارییەکانی گەل خۆی نیشانداوە، کە هۆکارێک بووە بۆ بەهێزکردنی داخوازی چاکسازی سیاسیی و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی سیاسیی و حکومەتەکان باشترین نموونەش ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی بەهاری عەرەبیە لە ساڵی (٢٠١١)دا[7].

---

[1] Evie Browne, Social Media and Governance, GSDRC: Helpdesk Research Report, 2015, p.2.

[2] مشتاق طلب فاضل، مصدر السابق، ص٦٤.

[3] کاروان عەبدوڵڵا محەمەد و هەرمن شێرکۆ نەسرەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

[4] Evie Browne, p.2.

[5] منير اسماعيل السيد محمد، مصدر السابق، ص٣٧.

[6] بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

[7] مشتاق طلب فاضل، مصدر السابق، ص٦٤.

**تەوەری دووەم: دامەزراوەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا:**

**أ.هەرێمی کوردستانی عێراق:**

هەرێمی کوردستان، قەوارەییەکی فیدراڵی دانپێدانراوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، هەروەک لە ماددەی (١١٧)ی دەستووردا هاتووە "ئەم دەستوورە لە کاتی کارپێکردنەوە داندەنێت بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە بەرپاکانی وەک هەرێمێکی فیدراڵ". بە گوێرەی هەمان دەستوور، هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین مافە، لەوانە جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانی سیستمی سیاسیی، وەکو دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، بە هاوبەشی مافی بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی خۆی هەیە لەڕووی نەوت و گاز و تەواوی سامانەکانی تری سروشتی، مافی بەڕێوەبردنی لەلایەنی ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمدا هەیە، پۆلیس، ئاسایش، پاسەوانی هەرێم، هاوکات مافی کردنەوەی نوسینگەی تایبەتی لەناو باڵوێزخانە و کونسوڵخانەکاندا هەیە بۆ پەرەپێدان و پەیوەندییەکان و گەشەپێدانی سیاسەتی دەرەوە[1].

پەیوەست بە سیستمی حوکمڕانی هەرێم، ئەگەرچی هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستوور نییە و ئەمەش وەک یەکێک لە دیارترین کەموکورتییەکانی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێم سەیر دەکرێت[2]، بەڵام لە ماددەی یەکەمی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە*؛ "کوردستان-عێراق هەرێمێکە لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، سیستمە سیاسیەکەی پەرلەمانی، کۆماری و دیموکراتیە، پشت بە فرە لایەنیی سیاسیی و بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لەڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆی نهێنی و دەوریەوە دەبەستێت[3]".

**ب. دامەزراوە فەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان:**

- **دەسەڵاتی یاسادانان:**

دەسەڵاتی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستاندا* بەرجەستە دەبێت، کە تا نووسینی ئەم توێژینەوەیە پێنج خولی پەرلەمانی بەخۆیەوە بینیوە (١٩٩٢-٢٠٢٢). پەرلەمانی کوردستان

---

[1] بڕوانە، دەستووری هەمیشەی عێراق، ساڵی ٢٠٠٥، ماددەکانی ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١١٧، ١٢١.

[2] د.لەتیف شێخ مستەفا و د.یوسف محەمەد سادق و سەروەر عەلی جەعفەر، لە کتێبی (پێداچوونەوەیەک بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان)دا دەنووسن: یەکێک لە گرنگترین کەموکوڕییەکانی ئەزموونی حوکمڕانی لە کوردستاندا هەر لە پاش ڕاپەڕینەوە تاوەکو ئەمڕۆ بریتییە لە نەبوونی دەستوورێک کە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات، حیزب و دەسەڵات، پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتە جیاکانی هەرێم ڕێکبخات. ئەمەش بووەتە هۆی ئەم ئەزموونە نەبێتە ئەزموونێکی دامەزراوەیی و دەنگی هاوڵاتی نەبێتە سەرچاوەی شەرعیەت پێدان و حکومەت لەناو حیزبدا بتوێتەوە و سادەترین کێشەی نێوان پارتە سیاسیەکان سەربکێشێت بۆ شەڕ و ململانێی خوێناوی و سنوور و دەسەڵاتەکانی هەرێم ڕوون و ئاشکرا نەبێت. هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٩، ل٦.

* پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان هێشتا لە ڕیفراندۆمی گشتییدا پەسەند نەکراوە، تەنها ئەوە نەبێت پەرلەمان لە (٢٠٠٩/٦/٢٤) پەسەندیکردووە و توێژەر لێرەدا تەنها وەک سەرچاوەیەک بۆ ناساندنی سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەکاریهێناوە.

[3] بڕوانە، ماددەی یەکەم لە پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٠٩، ل٥.

* یەکەمین دامەزراوەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان بوو؛ کە پاڵپشت بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی بە پەیڕەوکردنی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، لە ڕێگەی یەکەمین هەڵبژاردن لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/٥/١٩) پێکهات. سەرباری کەموکوڕییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن؛ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی دیموکراسیە و لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەندامەکانی دیاریکراون و شەرعیەتی لە خەڵک وەرگرتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دلاوەر عەبدولعەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٩. سەبارەت بە گۆڕینی ناوەکەشی لە ئەنجومەنی نیشتیمانییەوە بۆ پەرلەمان؛ لە ساڵی (٢٠٠٩) و بەپێی چوارەمین هەمواری یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردن، ناوی پەرلەمانی کوردستان-عێراق جێگەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراقی گرتەوە. بڕوانە ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٩).

دامەزراوەی یاسادانان و چاودێرییە، کە لەلایەن خەڵکەوە ڕاستەوخۆ شەرعیەتی سیاسیی پێدراوە و نوێنەرایەتیان لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا دەکات، یاساکان لێرە دەردەچن بەهۆی پرۆژەی پارتە سیاسیەکان بێت، یان حکومەت و دەزگاکانی تر، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) ئەم دەزگایە چووە قۆناغێکی دەستووریی و بە گوێرەی مادەی (١٢١)ی دەستووری عێراق؛ پەرلەمان مۆرکێکی دەستووری و دانپێدانراوی لە ناوخۆ و دەرەوە وەرگرتووە[1].

پەرلەمانی کوردستان وەک زۆربەی پەرلەمانەکانی دەوڵەتانی جیهان ئەرکی جۆراوجۆری هەیە، لە دیارترینیان ئەرکی یاسادانان کە خۆی دەبینێتەوە لە پێشنیازکردنی پرۆژە یاساکان، گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکان، دانانی یاساکان، بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکان. ئەرکی چاودێریکردنیش مەبەست لە چاودێری پەرلەمانە بەسەر حکومەتەوە لە بابەتی پرسیاری پەرلەمانی، پرساندنی پەرلەمانی، لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی، بەرپرسیارێتی سیاسیی، واتە مافی ئەندامانی پەرلەمان لە پێشکەشکردنی داواکاری بۆ سەندنەوەی متمانە لە تەواوی کابینەی حکومەت، یان وەزیرەکان و لە وەزیرێک زیاتر. پەیوەست بە ئەرکی دارایی مەبەست لە ملکەچکردنی خەرجی و دەرامەتەکانی دەوڵەتە بۆ چاودێری پەرلەمان و وابەستەکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە پێشکەشکردنی پرۆژەی بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی بە پەرلەمان بە مەبەستی پەسەندکردنی، لەم ڕووەوە ڕۆڵی پەرلەمان تەنها بە گفتوگۆکردن لەسەر بەندەکانی بودجەی گشتی و پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە ناوەستێت، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ چاودێریکردنی بودجەکە و ڕادەی پەیوەستبوونی حکومەت بە پشتپێبەستراوە تەرخانکراوەکان[2].

- **دەسەڵاتی جێبەجێکردن:**

بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان[3]، دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن دوو دەزگای سەرەکییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت و دەسەڵاتێکی دووانەییە، کە ئەوانیش بریتین لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران:

١. **سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:** بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەموارکراو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان* سەرۆکی باڵای ڕاپەڕاندنە و لە ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا

---

[1] بارزان جەوهەر سادق، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١

[2] ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩-٩٦.

[3] بڕوانە، یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان..

* مەسعود مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک یەکەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٥/٦/١٤) لەلایەن پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا، لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥) بە دەنگدانی نهێنی و لەڕێی گەلەوە دووبارە هەڵبژێردرایەوە، لە (٢٠١٣/٦/٣٠) ماوەی سەرۆکایەتیەکەی بۆ خولی سێیەم (دووساڵ) درێژکرایەوە کە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جێگری بوو، دوای تەواوبوونی ئەو وادەیەش ئەنجومەنی شورای هەرێم لە ڕۆژی (٢٠١٥/٨/١٩) ڕایگەیاند: "پۆستی سەرۆکی هەرێم چۆڵ نابێت، بەڵکو ماوەی ویلایەتەکەی کۆتایی دێت، سەرۆکیش تا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە کارەکانی بەردەوام دەبێت." لە ساڵی (٢٠١٧) مەسعود بارزانی دەستیلەکارکێشایەوە و پەرلەمان بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧) دەسەڵاتەکانی بەسەر سەرۆکی پەرلەمان و حکومەت و ئەنجومەنی دادوەری دابەشکرد بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی وڵات. دواتر و دوای هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٨)، پەرلەمان بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٩) دەسەڵاتەکانی بۆ سەرۆکی هەرێم گەڕاندەوە و بۆ جارێکی تر لەناو پەرلەمانەوە نێچیرڤان ئیدریس بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا و دوو جێگری بۆ دیاریکرا؛ مستەفا قادر مستەفا لە بزوتنەوەی گۆڕان و جەعفەر شێخ مستەفا لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩، بارزان جەوهەر سادق، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥، یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٩) تایبەت بە کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەموارکردنەوەی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور.

نوێنەرایەتی هەرێم دەکات. هاوکات، جگەلەوەی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەیە، چەند ئەرکێکی هەیە لەوانە، دەرچواندنی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانەوە دەنگیان لەسەر دەدرێت، ناونانی سەرۆک وەزیران، دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی گشتی، دامەزراندنی دادوەران و سەرۆک و ئەندامانی داواکاری گشتی، بە ڕەزامەندنی پەرلەمان دەسەڵاتی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم و ڕێگەدان بە هێزەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ ناوەوەی هەرێم[1]. ئەم دامەزراوەیە دیوانێکی هەیە، سەرپەرشتی فەرمانگەکان دەکات و بەرپرسە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتی لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت لەلایەک و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لەلایەکی تر، هاوکات چالاکی و پەیوەندییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ڕێکدەخات و سەرۆکی دیوان کە پلەی وەزیرە ئامادەی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت[2].

٢. **ئەنجومەنی وەزیران (حکومەت):** بە گوێرەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢) پێکهێنراوە و لە سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێکدێت، وەک لە یاساکەدا هاتووە باڵاترین دەزگای جێبەجێکردنە لە هەرێمدا و ئەرکی دانانی سیاسەتی گشتی هەرێم، پێشنیازکردنی پڕۆژە یاسا بۆ پەرلەمان و، چەندین دەسەڵاتی دیکەی بڕیاردان هاوشێوەی ئامادەکردنی پڕۆژە بودجە و قەرز وەرگرتن و قەرزدان[3]. بەشێکی دیکە لە ئەرکەکانی حکومەت بریتین لە جێبەجێکردنی یاساکان، پاراستنی ئاسایشی هەرێم، پارێزگاریکردن لە مافی هاوڵاتیان و ماڵ و موڵکە گشتییەکان و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان[4]. یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم لە (١٩٩٢/٧/٥) متمانەی لەلایەن پەرلەمانەوە پێبەخشرا و هەردوو حیزب پارتی دیموکراتی کوردستان* و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان* پۆستە حکومییەکانیان لەنێوان خۆیان و چەند پارتێکی بچوکدا بەشکرد*.

---

[1] دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، دەوڵەتسازی و نەخشەڕێگایەک بۆ سەروەرکردنی یاسا و بە دامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی مێری، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٨، ل١٣٩.

[2] بڕوانە، یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٥)، یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.

[3] بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

[4] بڕوانە، یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ل١٥٣.

* پارتێکی فەرمانڕەوای هەرێمی کوردستانە، بە سەرۆکایەتی مەسعود مستەفا بارزانی، کە لە ئێستادا خاوەنی (٤٥) کورسی پەرلەمانی کوردستان و (٣٢) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، هاوکات سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتیان لایە.

* پارتێکی فەرمانڕەوای هەرێمی کوردستانە، بە سەرۆکایەتی بافڵ جەلال تاڵەبانی، خاوەنی (٢١) کورسی پەرلەمانی کوردستان و (١٨) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، هاوکات سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیان لایە و پێکهێنەری سەرەکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانن (٢٠١٩- تائێستا).

* یەکەمین کابینەی وزاری لە (١٩٩٢/٧/٤- ١٩٩٣/٤/٢٤) بە سەرۆکایەتی فواد مەعسوم لە یەکێتی و ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیران لە پارتی بە پێکهاتەیەکی (١٥) وەزیرییەوە پێکهات. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پێکهاتەی کابینە وزارییەکان، بڕوانە ئاکۆ حەمەکەریم و محەمەد عەلی و ئەوانی دیکە، پرسە سیاسیەکان و قەیرانە هاوچەرخەکان، لە بڵاوکراوەکانی ژوری توێژینەوەی سیاسیی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٣٠. تا نووسینی ئەم توێژینەوەیە زیاتر لە (٣٠) ساڵ بەسەر پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا بە (٩) کابینەی وەزاری تێدەپەڕێت؛ کە لەئێستادا کابینەی نۆیەم بەرئەنجامی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانە و پێکهێنەرەکانی بریتین لە (پارتی ٤٥ کورسی، یەکێتی ٢١ کورسی، بزوتنەوەی گۆڕان ١٢ کورسی)، کابینەکە لە (١٩) وەزارەت و (٣) وەزارەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی مەسرور مەسعود بارزانی لە پارتی و قوباد جەلال تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت لە یەکێتی پێکهاتووە، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان: https://gov.krd/government/the-cabinet/

- **دەسەڵاتی دادوەری**

دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) کار دەکات*، وەک بەرزترین دەسەڵاتی دادوەریی ناسێندراوە و لە مادەی دووەمی یاساکەدا هاتووە "دەزگای دادوەری سەربەخۆیە و لە یاسا بەولاوە هیچ دەسەڵاتێکی تری بەسەردا نییە." پەیوەندیدار بە پێکهاتە دادوەرییەکان لە دادگای پێداچوونەوە، دادگاکانی تێهەڵچوونەوە، دادگاکانی تاوان، دادگاکانی بەرایی، دادگاکانی نەوجەوانان، دادگاکانی باری کەسایەتی، دادگاکانی کەتن، دادگاکانی کار، دادگاکانی لێکۆڵینەوە و دادگاکانی ماددەکانی کەسایەتی بۆ مەسیحییەکان وئێزدییەکان و ئاینەکانی تر پێکدێت، بە گوێرەی ماددەی سی و سێیەمی یاساکە، ئەنجومەنی دادوەری* باڵاترین دامەزراوەی دادوەرییە لە هەرێمدا و بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان-عێراق و ئەندامیەتی جێگرەکانی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتی دادوەری و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە پەیکەرەکەی پێکدەهێنن، لە دیارترین ئەرکەکانی ئەنجومەن ئامادەکردنی پلان و نەخشە بۆ دەزگای دادوەری، سەرپەرشتیکردنی سەربەخۆیی دادوەری، ڕێکخستنی لایەنی کارگێڕی و دیاریکردنی میلاکاتی دادگاکان[1].

### پ. دامەزراوە نافەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان

- **پارتە سیاسییەکان:**

ژیانی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بە فرەحیزبی دەستیپێکردووە، بەهۆی فرەیی ئەو حیزبانەی بەشداریان لە خەباتی چەکداریدا کردووە دژی ڕژێمی پێشوو، هەموو ئەو حیزبانەش جگە لە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراق* لە ژێر چەتری بەرەی کوردستانیدا* کۆبووبوونەوە، بەڵام بە دەستنەهێنانی کورسی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان(پەرلەمان/ هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢)دا، بەهۆی تێنەپەڕاندنی بەربەستی (٧٪) لەلایەن حیزبەکانی دیکەوە،

---

* ئەم یاسایە لە (٢٠٠٧/١١/١٥) کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن، پێشتر دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێم بەپێی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩٢) و یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی داد کاریکردووە، کە جۆرێک گرێدراوی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردندا هەبووە لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتانەی بە وەزیری ناوبراو دراوە.

* ئەنجوومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا پێکدێت، لە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و جێگرەکانی، سەرۆکەکانی دادگەکانی تێهەڵچوونەوە (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، کەرکوک/گەرمیان)، سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری، سەرۆکی داواکاری گشتی.

[1] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا.

* بزووتنەوەیەکی ئیسلامی جیهادکارە، ساڵی (١٩٧٨) لە ئیخوان موسلمینی کوردستان جیابووەتەوە و تائێستاش وەک هێزێکی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان ماوەتەوە.

* بەرەیەکەیە لە (١٩٨٨/٦/١٢) بۆ هەماهەنگی نێوان حیزبە کوردییەکان پێکهات، بەر لە کۆتایهاتنی جەنگی عێراق-ئێران بە ماوەیەکی کەم و دوابەدوی هەڵمەتەکانی جینۆساید و کیمیاباران کە ڕژێمی پێشووی عێراق بەرامبەر کورد لە کوردستانی عێراق ئەنجامیدان. هەشت حیزب چوونە ناو ئەو بەرەیەوە و ڕابەرایەتی ڕاپەڕینی جەماوەریی ساڵی (١٩٩١)یان کرد، ئەوانیش پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد-پاسۆک، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری بوون، بەرەکە ئەو ناوچانەی بەڕێوەدەبرد کە لە دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوو ڕزگارکران تا پێکهێنانی حکومەتی هەرێم دوابەدوای هەڵبژاردنە گشتییەکەی (١٩٩١/٥/١٩) بڕوانە، نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی-بەعس (١٩٩١)، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، ٢٠٠٩، ل١١١-١١٢.

بێجگە لە یەکێتی و پارتی، بووەهۆی لاوازبوونی ڕۆڵی ئەو حیزبانە و زاڵبوونی دوو حیزبە سەرەکییەکە (یەکێتی و پارتی) بەسەر کایەی سیاسیی هەرێمدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ[1].

یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٣) پەیوەندیدارە بە دامەزراندنی پارتەکان و چوارچێوەی کارکردنیان، بە گوێرەی یاساکە هەر هاوڵاتیەک لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان مافی بەشداریکردنی لە دامەزراندنی حیزبیدا هەیە، هەر هاوڵاتیەک هەژدە ساڵی تەواو کردبێت و لێهاتووی یاسایی هەبێت مافی چوونە ناو هەر حیزبێک و لێکشانەوەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەیە، سەربەستی دامەزراندنی حیزبەکان مسۆگەرە و هەر حیزبێک بۆی هەیە بە تەواوی بە ئازادی چالاکی خۆی بنوێنێت و ئەم یاسایە پارێزگاری لەوە دەکات، دامەزراندنی حیزب پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم هەیە و دوابەدوای ڕێوشوێنەکان مۆڵەتی کارکردن وەردەگرن، پەیوەندیدار بە ئامانجەکانی حیزب یاساکە مەرجەکانی لە چەند خاڵێکدا دیاریکردووە، وەک پەرەپێدان و چەسپاندنی ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان، چەسپاندنی بیروباوەڕی دیموکراتی و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، باوەڕهێنان بە دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بەبێ پەنابردنە بەر توندوتیژی[2].

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا، نزیکەی (٣٠) پارتی سیاسیی لە چوارچێوەی ڕەوتەکانی (نەتەوەیی، چەپ و ئیسلامی) کاردەکەن، کە بەشێک لە پارتە سیاسیەکان لەبەرەی دەسەڵات و بەشێکی دیکەیان لە پێگەی ئۆپۆزسیۆن بووندان[3]، لە بڕگەی هەژدەهەم لە ماددەی (١٩)ی پڕۆژە دەستووری هەرێمی کوردستاندا، هاتووە "ئازادی دامەزراندنی حیزبەکان دەستەبەرکراوە و بەپێی یاسا ڕێکدەخرێ، بە مەرجێک کە لە پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێکخستن و چالاکی و مافی ئەندامەکانیان پابەندبن بە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و حوکمەکانی ئەم دەستوورە و ڕێزگرتن لە ئاڵای کوردستان و سروودە نیشتیمانیەکەی[4]". پەیوەندیدار بە ڕێکارە یاساییەکانی پارەدارکردنی حیزبەکان، لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٤)[5] دەرچووە و تێیدا هاتووە، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی ساڵانە بۆ حیزبە سیاسیە مۆڵەت پێدراوەکان لە بودجەی گشتییدا دابین دەکات کە بریتی دەبێت لە (١٪)ی بودجەی گشتی هەرێم بەپێی چەند پێوەرێک[6].

---

[1] یوسف محەمەد سادق و دەرباز محەمەد و ئەوانی دیکە، کوردستان و عێراق ململانێی ناوخۆیی و ئایندەی سیاسیی، لە بڵاوکراوەکانی ژووری توێژینەوەی سیاسیی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٢١-٢٢.

[2] بڕوانە، ماددەکانی دووەم، سێیەم، چوارەم و پێنجەمی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٣)ی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

[3] سەرتیپ وەیسی کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

[4] پڕۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[5] دوای هەشت ساڵ لە دەرچوونی ئەم یاسایە، بەپێی بەدواداچوونەکانی توێژەر، تائێستا وەکو چەندین یاسای دیکە، کە پەرلەمان دەریکردووە و جێبەجێنەکراوە.

[6] یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٤)ی پێدانی بودجەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستانی-عێراقدا.

- **ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

بەپێی یاسا بەرکارەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، سەندیکا، کۆمەڵە، سەنتەر و یانە و یەکێتییە پیشەییەکان پێکدێن، کارەکانیان بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی (١٩٩٣) کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان و یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕێکخراوەم بە پشتبەستن بە داتاکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم (٩٧١) کۆمەڵە و سەنتەر و سەندیکا مۆڵەتی کارکردنیان هەیە و تۆمارکراون[1]، هاوکات (٥٧٠٢) ڕێکخراوی ناحکومیش لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی سەر بە حکومەتی هەرێم تۆمارکراون[2].

پەیوەست بە میکانیزمی کارکردنی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان؛ لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (٢٧)ی یاساکە، پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١١) لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکردووەتەوە، کەجەخت دەکاتەوە فەرمانگە تەنها لایەنی ڕێپێدراوە بۆ سەرپەرشتی تۆماری ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەبێتە ڕایەڵەی نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکان و ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران[3]، بە گوێرەی هەمان پەیڕەو دیارترین ئەرکەکانی فەرمانگە بریتیە لە باشترکردنی ڕەوشی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دابینکردنی زەمینەی لەبار بۆ فراوانکردنی بازنەی بەشداری ڕێکخراوەکان لە سەرجەم بوارەکاندا، پتەوکردنی پردی پەیوەندی نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکان و دابینکردنی دەرفەتی یەکسان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەبێ جیاوازی[4].

- **میدیا:**

قۆناغی دوای ڕاپەڕین، دەستپێکی شۆڕشی چاپەمەنی بوو لە هەرێمی کوردستاندا، حیزبیبوون سیمای سەرەکی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانە بوو کە دەستیان بە پەخش و بڵاوکردنەوە کرد*، پەیوەست بە سیستمی یاسایی بۆ ڕێکخستنی کاری دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان، پەرلەمانی کوردستان یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی دەرکرد، لەگەڵ ئەو پەراوێزە ئازادییەی لەو یاسایە دەستەبەرببوو؛ دیاترین ڕەخنەکان لەسەری، کارکردن بوو بە سیستمی مۆڵەت بۆ دەرچواندنی چاپکراوەکان و بۆ سزادانیش گەڕانەوە بۆ یاسای

---

[1] هێمن میرانی، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاوپێکەوتن، هەولێر ٢٩ی ئابی ٢٠٢٢.

[2] ئاکۆ محەمەدئەمین حسێن، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی یاسایی لە فەرمانگە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، چاوپێکەوتن، هەولێر، ٢٢ی ئابی ٢٠٢٢.

[3] بڕوانە، بڕگەی یەکەم لە ماددەی دووەمی پەیڕەوەی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١١) فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (١٣٥)ی ساڵی یازدەم، ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١، ل٥.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

* لە سەرەتای حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا، حیزبەکان سەرگەرمی دانانی زیاتر لە ئامڕازێکی ڕاگەیاندن بوون، بەشی گەورەی ئەو ڕاگەیاندنە لەژێر دەستی هەردوو پارتەکەی دەسەڵات بوو، ئیدی لەو کاتەوە بناغەیەکی پتەوی ڕاگەیاندنی حیزبی دروست بوو، لەلایەن حیزبەکانەوە ڕاستەوخۆ پارەدار دەکرا، ئەو کەسانەی کاریان تێدا دەکرد دەبووایە کەسی حیزبی بن و لەلایەن حیزبەوە قبوڵکراوبن، ئەم دۆخە لە کاتێکدایە لەگەڵ پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەت؛ حکومەتی هەرێم هەوڵیدا ئامڕازی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵام ڕاگەیاندنی حکومەت بە لاوازی لە دایکبوو، چونکە حکومەت لەبنەڕەتدا لەنێو ململانێیەکی سەختدا دروستبوو، دوای حکومەتیش ئەو ململانێیە گواسترایەوە نێو جومگەکانی دەسەڵات، لێرەوە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لەماوەی دوو ساڵی بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٢-١٩٩٤) سەرگەرمی سەپاندنی هەژموونی حیزبی و سیاسیی خۆیان بوون لەناو دامەزراوەکانی سیستمی سیاسیدا، بڕوانە هەردەوان مەحمود و عەبدولخالق ئیبراهیم، ئابوری دامەزراوەکانی میدیا، چاپخانەی بێریڤان، هەولێر، ٢٠١٧، ل ١٢١-١٢٨.

سزادانی عێراقی ساڵی (١٩٦٨)[1]. میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و هەر قۆناغەش تایبەتمەندی و سروشتی تایبەت بەخۆی هەبووە، لەوانە قۆناغی پێش هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت (١٩٩١-١٩٩٤)، قۆناغی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٦)، قۆناغی نە شەڕ نە ئاشتی (١٩٩٦-١٩٩٨)، قۆناغی پەیدابوونی ڕۆژنامەی ئەهلی (هاوڵاتی) لە ساڵی (٢٠٠٠) لە سلێمانی، قۆناغی دوای پرۆسەی ڕزگاری عێراق (٢٠٠٣)، قۆناغی پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بزووتنەوەی گۆڕان (٢٠٠٩)، دواتریش قۆناغی دەرکەوتن و گەشەپێدانی میدیای ئەلیکترۆنی و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و دیاردەی میدیای سێبەر[*].
لە کۆی ئەو ئەزموون و قۆناغانە بەشێک لە توێژینەوە زانستییەکان ڕەوتە ڕۆژنامەنووسییەکانی هەرێم بۆ چوار بەشی سەرەکی دابەشدەکەن، یەکەم ڕاگەیاندنی حیزبی و حکومی (ڕاگەیاندنی پابەند)، دووەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆ، سێیەم ڕاگەیاندنی ناحیزبی و سەربەخۆ، کە وەک (هێڵی ناوەند) ناسراوە، بەمەش ئەگەرچی لە پارت و لایەن و کەسایەتییەکان نزیکن، بەڵام هەوڵی گرتنەبەری ڕەوتێکی ڕەفتاری ناوەند دەدەن، دوور لە هەواڵ و بابەتی حیزبی و تەشریفاتی و پێداهەڵگوتن و، کار لەسەر وروژاندن و گەورەکردنی کەموکوڕییەکان دەکەن، بەشی چوارەم میدیای سێبەرە کە لەژێر سێبەری پارت و قەوارە سیاسیەکان خۆیان مەڵاس داوە[2].
پەیوەست بە چوارچێوەی یاسایی کاری میدیایی[3]، یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)، کە زیاتر پەیوەندیدارە بە میدیای چاپکراو؛ جەختدەکاتەوە ڕۆژنامەگەری ئازادە و هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە، ئازادی دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاوڵاتیان دەستەبەرە، ڕۆژنامەنووس مافی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەک کە بایەخی بۆ هاوڵاتیان و بەرژەوەندی گشتی هەبێت بەدەستیبهێنێ، ڕۆژنامە قەدەغە ناکرێت و دەستی بەسەردا ناگیرێت[4]. هاوکاتیش یاسادانەری کوردستان چەند یاسایەکی دیکەی دەرچواندووە کە پەیوەستە بە کایەی میدیاوە، لەوانە یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨)، یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠١)ی سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان، یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣)ی تایبەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری لەگەڵ یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٩)ی ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان. پێویستە بوترێت تائێستا یاسادانەری کوردستان هیچ یاساییەکی بۆ ڕێکخستنی کاری میدیای ئەلیکترۆنی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا دەرنەکردووە.

---

[1] دلێر عەبدولخالق، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

[*] میدیای سێبەر لە دوای ڕاگەیاندنی ئەهلی لە هەرێمی کوردستاندا دەرکەوت، ئەم میدیایە لە ڕواڵەتدا خۆی بە میدیای ئەهلی و سەربەخۆ دەناسێنێت، بەڵام لە بنەڕەتدا لەلایەن کەس و لایەنێکی سیاسیی پارەدار ئاراستە دەکرێت، وەک زاراوە و دەستەواژە نوێیە و بۆچوونی جیاواز لەسەر بەکارهێنانی هەیە، بۆ زانیاری زیاتر هەردەوان مەحمود و عەبدولخالق ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦ و ١٣٨.

[2] ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

[3] بڕگەی دەیەم لە ماددەی (١٩)ی پڕۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان، هاتووە، هەموو کەس مافی ئازادیی دەربڕینی هەیە و پێویستە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و هۆیەکانی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و فرەلایەنیان مسۆگەر بکرێت. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

[4] بڕوانە، ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، ل٢.

**تەوەری سێیەم/ کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا:**

**أ. حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی سۆشیال میدیادا:**

لە دروستبوونی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان (١٩٩١-٢٠٠٠)دا، هاوڵاتیان و دامەزراوەکانی حوکمڕانی بەرکەوتیان لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕۆژنامەوانی میدیا تەقلیدییەکان (ڕۆژنامە و چاپکراوەکان، ڕادیۆ، کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکان) هەبوو، لەسەرەتای هەزارەی دووەم و بەتایبەت دوای ساڵی (٢٠٠٣) خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی گەیشتە عێراق و هەرێمی کوردستان و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان دەرکەوتن*. هاوتەریب لەگەڵ گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و ئامرازەکانی میدیای نوێ؛ دیاردەی سۆشیال میدیا تەشەنەیسەند و فەیسبووک گەیشتە دەست بەکارهێنەرانی کورد، بەمەش بەشێک لە ئاراستە و هێزی میدیایی لە کاری دامەزراوەییەوە گواسترایەوە بۆ دەستی خەڵک و تاکەکان، لە دوای ساڵی (٢٠١١)ەوە، بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەردەوام لە زیادبوون و کارابووندان بوون؛ بە گوێرەی ئەو توێژینەوانەی لەو بوارەدا لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان ئەنجامدراون، دەردەکەوێت زۆرینە سۆشیال میدیا و فەیسبووک بەکار دەهێنن، ئەوەش ڕادەی کاریگەری و گرنگی سۆشیال میدیا و فەیسبووکی لەسەر واقعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەردەخات[1].

بەپێی دوایین ئاماری ناوەندی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی عێراقی DMC، کە لە شوباتی (٢٠٢٢) بڵاوکراوەتەوە، (٢٨) ملیۆن و (٣٥٠) هەزار بەکارهێنەری چالاکی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەن، لەو ژمارەیە فەیسبووک بەربڵاوترین پلاتفۆڕمە و (١٨) ملیۆن و (٨٥٠) هەزار کەس بەکاریدەهێنن[2]. مەبەست لەو داتایە دەرخستنی قەبارەی کاریگەری بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیایە لەسەر کایەی سیاسیی و حوکمڕانی، چونکە ئینتەرنێت و پلاتفۆڕمەکان دەرگایان لەسەر هەموو ئەکتەرەکان کردەوە، هەموو خودە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان تا وەک ئەوەی کە هەن گوزارشت لە تاقانەیی، لە تاکێتی، لە خودگەرایی خۆیان بکەن، لێرە بەدواوە تەنها ڕۆژنامەوانێک، نووسەرێک، ڕۆشنبیرێک، هونەرمەندێک قسە لەسەر پراکتیکە جیاوازەکانی نوخبەی دەسەڵات ناکات، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگای سەر ئینتەرنێت ئەم ڕۆڵە دەبینێت، لەوەش زیاتر، ئەو پەراوێزخراوەی تا دوێنێ مافی ئەوەی نەبوو لە دوا لاپەڕەی

---

* لەڕووی تەکنیکییەوە لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە، دوو گۆڕانکاری سەرەکی بوونەهۆی زیادبوونی خێرای ژمارەی پێگەی ئەلیکترۆنی و بلۆگەکان، یەکەمیان: گەیشتنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت (ISP: Internet Service Provider) بۆ هەرێمی کوردستان، دووەمیان: دروستبوونی گروپی ئایتی کوردی کە گروپێکی تەکنیککاری خۆبەخش بوو، یەکەمین یونیکۆدی فۆنتی کوردی و بەرنامەی تایبەت بە ویندۆزیان دانا، کە زەمینەی خۆشکرد بۆ نووسین لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و بڵاوکردنەوەی لە ڕێگەی ئینتەرنێت، هاوکات ڕۆژنامەی خەبات لە (١٩٩٦/١٠/١) بەشێوەی ئەزموونی یەکەم کۆپی ئەلیکترۆنی خۆی بڵاوکردەوە و لە (١٩٩٧/١/١) بەشێوەی PDF لەسەر پێگەی www.xebat.net بەشێوەی ئاسایی، کوردستانی نوێ یەکەمین ڕۆژنامەی دوای ڕاپەڕین، یەکەمین ژمارەی (١٩٩٢/١/١٢) و یەکەمین کۆپی ئەلیکترۆنی لە تشرینی دووەمی (٢٠٠١) لەسەر پێگەی www.pukmedia.com بڵاوکردەوە، هەروەها یەکەمین ڕۆژنامەی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان (هاوڵاتی) لە (٢٠٠٠/١١/٥) لە سلێمانی بڵاوکرایەوە، لە مانگی (٨ی ٢٠٠٠) یەکەم کۆپی ئەلیکترۆنی لەسەر پێگەی www.hawlatinews.com بڵاوکردەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩و٧٨+٨٢.

[1] سەرتیپ وەیسی کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

[2] سایتی ناوەندی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی عێراقی: https://dmc-iq.com/2022/02/19/%D9%85%D8%B1%D9%83%D8%B2- ڕۆژی سەردانیکردن ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢.

ڕۆژنامەیەکیشدا ستوونێک لەسەر بابەتی نووسەرێک، یان سیاسیەک بنووسێت، لە ئێستادا نەک هەر دەنوسێت، بەڵکو دەتوانێت ڕاستەوخۆ گفتوگۆیان لەگەڵ بکات[1].

لێرەوە، فەیسبووک و تویتەر و هاوشێوەکانیان؛ بزوێنەری سەرەکی کۆمەڵێک پرۆسەیە کە گرنگترینیان پرۆسەی سیاسییە، ئەو ئامرازانە پەیوەندی کلاسیکی نێوان دەسەڵاتی سیاسیی و کارەکتەرەکانی دەرەوەی دەسەڵاتیان گۆڕی، هاوکات بوونە بڵندگۆی هەمو گروپ و دەستەیەکی سیاسیی کە لەپێناو کۆمەڵە ئامانجێک دروست دەبن[2]. بە دیوێکی دیکەدا، پێگەکانی سۆشیال میدیا سنوری ئازادی ڕادەربڕینی فراوانکرد و هێزی هاوڵاتیانی بەرامبەر حکومەت و دەسەڵاتەکان زیاتر کرد و سنوری ڕەخنەگرتنی فراوانتر کرد، دۆخێکی دروستکرد، وەک ئەوە وایە هەر کەس لە ماڵەکەی خۆیەوە خاوەنی کەناڵی سەربەخۆی خۆی بێت و چی بوویێت تێدا بڵاوبکاتەوە[3].

لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی تایبەتمەندی و خزمەتگوزارییە فرەچەشنەکانی بۆ بەکارهێنەران، ئامرازەکانی میدیای نوێ و سۆشیال میدیا بوونە کەناڵی کاریگەر بۆ دامەزراوە حکومییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پارتە سیاسیەکان، خانەکانی بیر و توێژینەوە، کاندیدەکان و پرۆسەی هەڵبژاردن، بەشێوەیەک هەموو دامەزراوەکان لێرە بوونیان هەیە و وەک پردی پەیوەندی خەڵک بە دەسەڵات و دامەزراوەکان، وە بە پێچەوانەوە ڕۆڵ دەگێڕن[4].

بە مانایەکی دیکە، لە سەردەمی هەژموونی سۆشیال میدیادا، خەڵک بەهێزتر دەردەکەوێت و پلاتفۆرمەکان کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و ڕای سیاسیی دەکەن و دەبنە گوشار لەسەر دامەزراوەکانی حوکمڕانی[5]، لەم سۆنگەیەوە، کاریگەری و کاردانەوەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک لەسەر پرۆسەی سیاسیی و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت، بەتایبەت کە حوکمڕانی کوردی دەرگیری کۆمەڵێک کێشەی بونیادییە و هاوڵاتیان نیگەرانن لە ئەدای حوکمڕانی و ئاستی خزمەتگوزارییەکان[6]، هەربۆیە ئەو کێشە و قەیرانانە ڕەنگدانەوەی بەردەوامی لەسەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا هەیە و بەکارهێنەران لەڕێی ئەو سەکۆ ئۆنلاینانە بە پۆست، بە کۆمێنت، بە لایک و دژبوون و کاردانەوەی جیاواز؛ ڕەخنە لە شێوازی حوکمڕانی دەگرن و لەگەڵ بڕیاربەدەستان لە پەیوەندیدان.

لە بەرامبەردا، دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و پەیوەندیگرتن لەگەڵ هاوڵاتیان بەکاردەهێنن، بە پێوەری میتۆدی سەرنجدان دەردەکەوێت کارەکتەرە سیاسییەکان و بەرپرسە باڵاکان بایەخیان بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک وەک ناوەندێک بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ بەکاهێنەران لە ئاستێکی بەرچاودایە، بۆ نموونە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

---

[1] عادل باخەوان، کۆمەڵگای ڕەش، چاپخانەی کارۆ، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٤٩.

[2] هەردەوان مەحمود کاکە شێخ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

[3] دانا فاضل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٠.

[4] Richard Daivs and Diana Owen, New Media and American Politics. Oxford University Press, New York, 1998. P.116

[5] کاروان عەلی قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٧.

[6] دانا عەلی ساڵح بەرزنجی، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حکومڕانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری خاڵ، گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیری گشتییە، ژمارە (٣٦)ی نیسانی (٢٠٢٢)، ل١١.

خاوەنی پەیجێکی فەرمی دانپێدانراوە و (٧١٠) هەزار فۆڵۆوەرزی هەیە[1]، ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان خاوەنی پەیجێکە (٦٧) هەزار فۆڵۆوەرزی هەیە[2]، مەسرور بارزانی خاوەنی پەیجێکی دانپێدانراوی دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار فۆڵۆوەرزە[3]. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای چەندین کەناڵی پەیوەندی و میدیایی، پەیجێکی تایبەتی بە ناوی (کوردستان) لە فەیسبووکدا هەیە، کە زیاتر لە (٤٣٤) هەزار هاوڵاتی ئەندامن تێیدا و ڕۆژانە چالاکی دامەزراوەکان بڵاودەکاتەوە و هاوڵاتیان بە کۆمێنت و لایک و کردارەکانی دیکە کاردانەوەیان بۆ ناوەڕۆکی زانیارییەکان هەیە[4].

هاوشانی دامەزراوە فەرمییەکانی حوکمڕانی، دامەزراوە نافەرمییەکان لە نموونەی پارتە سیاسیەکان[5]، ڕێکخراوەکان، دامەزراوەکانی میدیا[6] لە هەرێمی کوردستاندا پێگە و ئەژماری گشتییان لە سۆشیال میدیا و فەیسبووک هەیە، بەشێوەیەک ڕۆژانە و بە بەردەوامی پەیامەکانیان لەڕێی ڤیدیۆ، وێنە، تێکست بڵاودەکەنەوە، ستافی تایبەتی مرۆییان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی پەیجەکان و ئیدارەدانی هەڵمەتی بانگەشەکردن و بازاڕدۆزی بۆ گەیاندنی هەڵوێستەکانیان لەلایەک و،

---

1 پەیجی فەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، https://web.facebook.com/OfficialNechirvanBarzani، ڕۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/١.

2 پەیجی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، https://web.facebook.com/rewazfayaq. ڕۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/١.

3 پەیجی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، https://web.facebook.com/masrourbarzani. ڕۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/١.

4 پەیجی حکومەتی هەرێمی کوردستان، https://web.facebook.com/Kurdistan، ڕۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/٣.

5 پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی بەربڵاو پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا بە گشتی و فەیسبووک بە کاردەهێنن، بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان کە سێ لایەنی پێکهێنەری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای هەبوونی چەند دامەزراوەیەکی میدیایی، خاوەنی پەیجی چالاکی تایبەت بە خۆیانن لە فەیسبووک و ڕۆژانە ناوەڕۆکی بابەتە حیزبییەکانیان نوێ دەکرێتەوە و بەشداربووان لە پەیوەندی و کاردانەوەدان لەگەڵ ناوەڕۆکی چالاکیەکانیان. پەیجی پارتی بەناوی (KDP) گەورەترینە لەڕووی ژمارەی ئەندامەوە کە (٦٧٠) هەزار فۆڵۆوەرزی هەیە و دانپێدانراوە، بڕوانە https://web.facebook.com/KDP.info. بزوتنەوەی گۆڕان پەیجێکی فەرمی دانپێدانراوی هەیە کە (٤٩٢) هەزار فۆڵۆوەرزی هەیە و دووەم پەیجی حیزبییە لە ڕووی ژمارەی بەکارهێنەران، بڕوانە https://web.facebook.com/GorranMovment. هەرچی یەکێتی نیشتیمانییە ئاژانسە فەرمییەکەی لە فەیسبووک پەیجێکە بەناوی (PukMedia)و (١٣٩) هەزار لایکی هەیە، بڕوانە https://web.facebook.com/PUKmedia.Official. لەناو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش (نەوەی نوێ، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەری) تەنها نەوەی نوێ ئەژماری گشتی لە فەیسبووک هەیە، کە هەر بەناوی پارتەکەوەیە و (٤٨٢) هەزار فۆڵۆوەرزی هەیە، بڕوانە https://web.facebook.com/nawaynwekurdistan.

6 زۆرینەی دامەزراوە میدیاییەکان بایەخێکی زۆریان بە پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا داوە، ئەم بایەخبەندییە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا زیاتر ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردستان فەیسبووک بەکاردەهێنن، بەشێوەیەک کەناڵە گەورەکان بە پەیجە گەورەکانیان دەناسرێنەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆ نموونە کەناڵی (Rudaw)ی نزیک لە نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی، بەپێی پێوەرەکانی فەیسبووک خاوەنی گەورەترین پەیجە، کە تا نووسینی ئەم توێژینەوەیە زیاتر لە چوار ملیۆن و سەد و شەست و پێنج هەزار بەشداربووی هەیە، بڕوانە: https://web.facebook.com/Rudaw.net، دوای ئەو کەناڵی (Nrt) سەر بە نەوەی نوێ دێت، کە سێ ملیۆن و چوارسەد و شازدە هەزار بەشداربووی هەیە، بڕوانە https://web.facebook.com/naliatv، سێیەم گەورەترین ئەژماری گشتی کەناڵی (Kurdistan 24)ی مەسرور بارزانییە، کە زیاتر لە دوو ملیۆن و نەوەد هەزار بەشداربووی هەیە، بڕوانە https://web.facebook.com/search/top?q=kurdistan24، کەناڵی (KNN)ی سەر بە بزوتنەوەی گۆڕان چوارەم گەورەترین پەیجی هەیە، کە ئەویش زیاتر لە دوو ملیۆن و یازدە هەزار لایکی هەیە، بڕوانە https://web.facebook.com/search/top/?q=knn، پێنجەم کەناڵیش، کەناڵی (Kurdsat)ی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، کە خاوەندی هەشتسەد و یازدە هەزار بەشداربووە، بڕوانە https://web.facebook.com/kurdsatnews.

وەڵامدانەوەی کۆمێنت و سەرنج و پەرچەکردارەکانی بەکارهێنەران لە سۆشیال میدیا لەلایەکی دیکە. ئەم داتایانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە فەیسبووک بووەتە ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ دامەزراوەکانی حوکمڕانی و دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیان، جەماوەریش لەڕێی ئەژماری کەسییەوە چاودێری کارەکانی حکومەت و دامەزراوەکانن و بەردەوام لەگەڵیان لە پەیوەندیدان.

بۆ زانینی ئاستی کاریگەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک لەلایەن دامەزراوەکانی حوکمڕانی و ڕەنگدانەوەی ئەو بەشدارییە لەسەر شێوازی بڕیاردان و کاردانەوەی هاوڵاتیان، ئەگەر بە نموونە پەرلەمانی کوردستان وەک یەکێک لە سێ دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردستان وەربگرین، بەپێی توێژینەوەیەک کە ساڵی (٢٠٢٢) بەناونیشانی (ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا) ئەنجامدراوە، دەردەکەوێت پەرلەمانتارانی کوردستان- خولی پێنجەم (٩٩٪)یان پشت بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەبەستن، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ وەرگرتنی زانیاری و پەیوەندیگرتن لەگەڵ هاوڵاتیاندا، ئاستی ئەو پشتپێبەستن و پەیوەندییەش تاڕادەیەک کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنی ویژدانی و گۆڕینی ڕەفتاری پەرلەمانتاران و، هەندێجار گۆڕانکاری لە دروستکردنی بڕیارەکان و ڕەنگڕێژکردنی سیاسات و شێوازی حوکمڕانی و چۆنیەتی نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیان[1].

## ب. سۆشیال میدیا و کاریگەری لەسەر پانتاییی گشتی:

میدیا پێکهێنەری سەرەکی ئەو پانتاییە گشتییەیە* کە بە موڵکی هاوڵاتیان دادەنرێت، لەم سەردەمەدا بەهۆی تۆڕەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت و لە ڕێگەی تابلێت و مۆبایلی زیرەکەوە، هەر کەس لە هەر کات و سات و لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت، دەتوانێت لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ ئەو کەس و گروپ و کۆمەڵ و هێز و لایەن و کۆمەڵگە و دەوڵەتانەی کە خۆی دەیەوێت، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانێت فشار دروستبکات و خاوەن کاریگەری بێت و بەشداری ڕووداوەکان بکات، بە جۆرێک هەر بە هۆی ئەم بەشداریکردنەوە دەتوانێت ڕایگشتی و کۆدەنگی دروستبکات، کە دواجار هەر ئەم کۆدەنگییە دەشێت بگوازرێتەوە بۆ کردەی مەیدانی و پراکتیکی و ڕووداوی بە کۆمەڵی لە نموونەی گردبوونەوە، ناڕەزایی، خۆپیشاندان، شۆڕش و ڕاپەڕیندا، کەواتە لەم سەردەمەدا سۆشیال میدیا وەک بزوێنەری تاکەکان وێڕای ئەوەی پردێکن بۆ گفتوگۆ و پەیوەندی

---

[1] بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

* چەمکی (پانتایی گشتی) لە زمانی ئینگلیزیدا (Public Sphere) و لە زمانی عەرەبییدا (الفضاء العام) یاخود (المجال العمومي) پێدەگوترێت، بەڵام لە زمانی کوردییدا هەریەک لە چەمکەکانی (پانتایی گشتی، کایەی گشتی، فەزای گشتی، قەڵەمڕەوی گشتی، ڕووبەری گشتی، بواری گشتی، مەجالی گشتی و گۆڕەپانی گشتی) وەک هاومانا و لەبری یەکتر بەکاردەهێندرێن. پانتایی گشتی بریتیە لەو ڕووبەر، فەزا، کایە، مەجال، ناوچە، شوێن، پانتاییە بەرجەستە یاخود گریمانەکراو و مەجازییەی کە بۆ هەموو تاکەکان کراوەیە بەبێ جیاوازی و بە یەکسانی، تاکو بتوانن بە ئازادی گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ یەکتردا بکەن دەربارەی پرس و بابەت و گرفت و کێشە و دیاردە گشتییەکان بە ئامانجی لێکتێگەیشتن و دۆزینەوەی چارەسەر و دروستکردنی ڕایەکی گشتی. نموونەی پانتاییە گشتییەکان وەک قاوەخانە، چایخانە، کافتریا، هۆڵەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پلاتفۆرەمەکانی سۆشیال میدیا. بڕوانە، ناودار زیاد، کاریگەرییە سیاسییەکانی پانتایی گشتی لە ڕوانگەی یۆرگن هابرماسەوە هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٢٩.

لە پانتاییی گشتییدا، هاوکات ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە ئاڕاستەکردنی جەماوەر و وروژاندن و برەودان بە پرسێکی دیاریکراو[1].

یۆرگن هابرماس* داهێنەری قوتابخانەی ڕەخنەیی ئەڵمانیا پەرەی بە تیۆری کردەی کۆمیونیکەیشندا، کە تێیدا جەخت لە بەشداری کۆمەڵگا و خەڵک دەکاتەوە لە پرۆسەی بواری گشتییدا، کە زۆرجار ئەوەش لە ڕێگەی میدیاوە بەرجەستە دەبێت و خەڵک دەتوانێت ببێتە بەشێکی گرنگ لە گفتوگۆی سیاسی و گشتی و بەشداربێت لە پرۆسە و سیستمی دیموکراسی و ڕۆڵ بگێڕێت2، بە بۆچوونی (لینکۆڵن داهلبیرک Dahlberg Lincoln*) لەم سەردەمەدا جیهان وەکماڵێکی گەورەی گریمانەکراو و ئایدیالی لێهاتووە، کە دابەشبووە بەسەر ملیۆنان ژووردا، چونکە تۆڕەکانی پەیوەندی و سۆشیال میدیا پانتایی گشتیان بۆ بەکارهێنەران دابینکردووە و دەرفەتی یەکسانیان بۆ هەمووان فەراهەمکردووە تاکو لە شوێنێکی گریمانەکراوی دوور لە واقیع ئامادەگیان هەبێت و گفتووگۆ و وتوویژ لەسەر پێگەکانیان بکەن[3].

لەم ڕاستییەوە، تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە پانتایی گشتییدا؛ دەسەڵاتی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی دیموکراسی و دەستەبژێری دەسەڵات لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەهێزتر و کاراتر کردووە، بێهودەنییە کە نوخبەی دەسەڵات؛ پێشئەوەی هەر هەنگاوێک بنێت، چاوێکی لەسەر فەیسبووک و تویتەر و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە، بێهودەنییە کە لەژێر کاریگەری گرتەیەکی ڤیدیۆیی و دەستاودەستکردنی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا؛ بەرپرسێکی باڵای حکومەت ئامادەیە نەک هەر پێشوازی لەو هاوڵاتییە بکات کە بووە بابەتی ئەو گرتە ڤیدیۆییە، بەڵکو ئامادەشە بە کاروانی ئۆتومبێلەکانیشیەوە سەردانی ماڵەکەشی بکات[4].

لەبەرئەوە، پانتایی گشتی پەیوەندییەکی ئاوێتە و بەیەکداچووی لەگەڵ بوارەکانی ڕاگەیاندندا هەیە، بەڵام ئەو پەیوەندییە فرە ڕەهەند و ئاوێتەیە لەگەڵ پەیدابوونی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا زیاتر بەیەکداچووە و کاریگەری لەسەر فەزای گشتی لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر بووە، چونکە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک بووەتە دیاردەیەکی بەربڵاو لە کوردستاندا، هەرچەندە داتایەکی ورد لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی میتۆدی سەرنجدان وادەردەکەوێت، کە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا ئامڕازی گرنگن بەلای هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی و بوونە پێویستییەکی ژیان لای تاکەکان (هەر لە سەرۆکی هەرێمەوە بگرە تا مێردمنداڵەکان)، هەموویان خاوەنی ئەکاونت و پەیجی تایبەت بە خۆیانن و بەشدارن لە فەیسبووکدا[5].

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

* Jürgen Habermas، فەیلەسوف و تیۆرسێنی ئەڵمانی.

[2] بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

* توێژەر و ئەکادیمیست، خاوەنی چەندین پەیپەر و توێژینەوەی زانستی لە بواری ئینتەرنێت و کاریگەرییەکانی دیموکراسییەتی دیجیتاڵی لەسەر کایەی گشتی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە https://www.intellectbooks.com/lincoln-dahlberg. ڕۆژی سەردانیکردن ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢.

[3] ناودار زیاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

[4] عادل باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

[5] هەردەوان مەحمود کاکە شێخ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

لەو چوارچێوەیەدا، بە گوێرەی توێژینەوەیەک، کە ساڵی (٢٠٢٠) بە ناونیشانی (کاریگەرییە سیاسییەکانی پانتایی گشتی لە ڕوانگەی یۆرگن هابرماس لە هەرێمی کوردستاندا) ئەنجامدراوە، دەردەکەوێت سۆشیال میدیا و فەیسبووک چەند گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە پانتایی گشتی کۆمەڵگەی کوردییدا کردووە، لەوانە:-

1. ڕۆڵی تاکەکەسی لە فەزای ڕاگەیاندندا کارا و کاریگەرتر کرد، بە دیوێکی دیکەدا جڵەوی دەسەڵاتی گەڕاندەوە بۆ هاوڵاتی ئاسایی، یاخود ڕۆژنامەنووسی پیشەگەر، چونکە لە هەرکاتێکدا دەتوانێت بە کامێرای مۆبایلەکەی ڕووداوێک، یاخود ڕاستییەک تۆمار بکات و بەخێرایی بیگەیەنێتە هەموو شوێنێکی دنیا.
2. تاکەکەس و خەڵکی ئاسایی لە شوێنەکەی خۆیەوە، نەک هەر تەنها دەتوانێت لەڕێی نووسین و وێنە و ڤیدیۆ دەنگەوە بەشداری گفتوگۆ و دایەلۆگەکان بکات، بەڵکو خۆی بابەت دەوروژێنێت و کاریگەری و زۆرجار ڕایگشتی دروستدەکات.
3. سۆشیال میدیا مافی یەکسانی قسەکردنی بە هەموو هاوڵاتیان بەخشیووە، وێڕای مافی چاودێریکردنی دیموکراسی و ڕەخنەگرتن و لێپرسینەوە لە کاروبارە گشتییەکان.
4. ئەگەرچی پانتاییی گشتی لە پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیادا گریمانەیی، یاخود مەجازییە*، بەڵام گونجاوترین سەکۆیە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی خەڵک و یارمەتیدەرە لە دروستکردنی ڕوانگە و ڕایگشتی.
5. ئامرازێکی سەرەکییە بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵات لەڕێگەی فەراهەمکردنی بواری زیاتر بۆ دەنگە ناڕازییەکان، هاوکات ئامرازێکیشە بۆ هاندان و پشتیوانی سیاسیی بۆ زاڵبوون بەسەر ڕکابەرە سیاسیەکان.
6. بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، وەک بەشدارییەکی لێهاتووە لە ژیانی گشتییدا، ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بەردەوام پێیەکیان لەناو ئەو دنیا دیجیتاڵی و مەجازییەدایەو وابەستە و پەیوەستن پێیانەوە.
7. پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا پانتاییەکن سنوور و تابۆ و بەربەستەکان تێکدەشکێنن، کەناڵی ڕاستەوخۆن بۆ ئاڵوگۆڕی خێرا و کارا و زیندووی جەماوەر. فەیسبووک بەتایبەت نەک تەنها ئامرازی بڵاوکردنەوەی بۆچوون و هزر و هەواڵە، بەڵکو ئامێر و بزوێنەری بزووتنەوە سیاسیەکان و ئامرازی کۆکردنەوەی جەماوەرە بۆ کاری سیاسیی.
8. لە کوردستاندا هێندەی خەڵک لە فەیسبووک چالاکە و دەتوانێت بە ئازادی گوزارشت لە بۆچوونەکانی بکات، ئەوەندە لە پانتایی گشتی واقعیدا هەست بەو ئازادییە ناکات.
9. سۆشیال میدیا لە هەموو ئەو شوێنانەی بە پانتایی گشتی دادەنرێن، کراوەتر و گشتگیرتر و ڕاشکاوتر و ڕاستەوخۆترە بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام بەهۆی ئەوەی تاک لە پشتی شاشەکەیەوە کردە و چالاکییەکانی ئەنجامدەدات، دەتوانێت لەژێر ناوی خوازراویشدا گوزارشت لە خۆیبکات، ئەمەش لە هەموو پانتایی گشتییەکانی دیکە گرفتئامێزتر و پڕ کەموکوڕیترە[1].

* واتە وێناکراو، خەیاڵی، یاخود گریمانەکراو، بە دیوێکی دیکەدا مەبەست لە خوازەی واتایی ئەو دنیایە دێت، کە لەسەر هێڵەکانی ئینتەرنێت بەهۆی کۆمپیوتەر و مۆبایل و شاشەکانەوە دەتوانین لە ئاوەزی خۆماندا وێنایبکەین و بیهێنینە پێش چاوی خۆمان و بیری لێبکەینەوە، ئەمەش دنیایەکی واقعیی نییە و خوازەییە (مەجازییە)، هەرچەندە لە دونیای واقیعەوە دەجوڵێندرێت و واتای پێدەدرێت، بەڵام لە واقیعدا بەرجەستە نییە. بڕوانە، ڕێبوار سیوەیلی، مرۆڤ و ئینتەرنێت، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، ٢٠١٩، ل٢٥.

[1] ناودار زیاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١-٣٠٠.

**پ. سۆشیال میدیا و کاریگەری لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا:**

پرسی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، دوای ساڵی (٢٠٠٣) زیاتر خرایە بەر باس و گفتوگۆ و ئەجێندای کارلەسەر کراو لەسەر ئاستی فەرمی و نافەرمی دامەزراوەکانی حوکمڕانی[1]، واتە هاوتەریب لەگەڵ پەیدابوونی ئینتەرنێت و گەشەکردنی ئامڕازەکانی میدیای نوێ و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا؛ فشارەکان بۆ دامەزراندنی حوکمڕانییەکی دروست و چاکسازی گشتگیر، کە وەڵامگۆی داواکاری و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بێت زیاتر بوو.

بە گوێرەی چەند توێژینەوەیەک کە لەو بوارەدا ئەنجامدراون، سۆشیال میدیا لە چەند ڕەهەندێکەوە، کاریگەری ئەرێنی لەسەر پرۆسەی سیاسیی و بیناکردنی حوکمڕانیی دروستدا هەیە، لەوانە ئامڕازێکی کاریگەرە بۆ شەفافییەت و بڵاوکردنەوەی زانیاری، سەکۆیەکی پەیوەندی بەردەوامە لەنێوان خەڵک و دامەزراوەکاندا، ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیانی لە کاروباری گشتییدا زیاتر کردووە، بەشداریکردنی حکومەت لەڕێی فەیسبووک و تویتەر و یوتیوب ڕێگایەکە بۆ بەرەوپێشبردنی حوکمڕانی و گەشەپێدانی دیموکراسی، بەتایبەت بۆ زانین و خەمڵاندنی ڕاوبۆچوونە پێشوەختەکانی خەڵک لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و ئاستی پێهەستان (الأداء)ی دامەزراوەکان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان[2].

لەگەڵ ئەوەدا، سۆشیال میدیا بووەتە هۆکارێک، کە هاوڵاتیان لەناو جەرگەی ڕووداوەکان و بەشێک بن لە ڕووداوەکان و دەنگ و ڕەنگیان هەبێت، ئەمەش بووەتە هۆکاری کاریگەر بوون بە ڕووداوەکان و هەستکردن بە خاوەندارێتی کردنی ڕووداوەکان، ئەم هەستەش بووەهۆی ڕاکێشانی ملیۆنەها کەس کە پێشتر هەستیان بە پەراوێزخستن کردووە و پێیانوابووە کاریگەریان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی نییە[3]. بە دیوێکی دیکەدا، بووەتە مینبەرێک بۆ بەشداری سیاسیی، یان ئەوەی پێیدەوترێت دیموکراتی فەرامۆشکراوەکان، کە بەکارهێنەران دەتوانن لە ڕێگەی فەیسبووک

---

[1] بە گوێرەی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەک لە پایە و ئاستەنگەکانی ١٩٩٢-٢٠١٣)، لە دوای هەرەسهێنانی ڕژێمی عێراقی لە ساڵی (٢٠٠٣) پەیپێبردنی سیاسیی فەرمی و نافەرمی بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری و پێویستی حوکمڕانێتی باش لای بکەرانی پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا سەریهەڵداوە. بۆ نموونە کابینەی پێنجەمی حکومەت بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی (٢٠٠٦-٢٠٠٩) ئاماژەی بۆ بونیادنانی سیستەمێکی حوکمڕانی باش وەک یەکێک لە ئەرکەکانی حکومەتەکەی داوە، دواتر لە بەرنامەی سیاسیی کابینەی شەشەم بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح (٢٠٠٩-٢٠١١) جەختی لێکراوەتەوە و لە شوباتی (٢٠١٠) فەرمانگەیەک پەیوەست بە ئەنجومەنی وەزیران بەناوی نوسینگەی حوکمڕانێتی باش و دەستپاکی دامەزراوە. جگە لە بایەخی دەسەڵاتە فەرمییەکان بۆ حوکمڕانێتی دروست پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش ئەم چەمکەیان خزاندووەتە ناو پرۆژە و بەرنامە سیاسیەکانیان، بۆ نموونە پرۆژە هاوبەشەکەی یەکێتی و پارتی بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە (٢٠١٢/٦/٢٧) ئاماژەیان پێکردووە، حیزبی شیوعی کوردستان کاتێک کۆنگرەی پێنجەمی لە ساڵی (٢٠١٢) گرێدا، حوکمڕانێتی دروستی خستە بەرنامەی کارەوە، ڕیکخراوی پەیمانگای کوردستان بۆ توێژینەوە و پەرەپێدان لە حوزەیرانی (٢٠١٢) کۆنفرانسێکی لەژێر ناوی (حوکمڕانێتی باش و پەرەپێدانی ئابوری لە هەرێمی کوردستاندا) بەست. بڕوانە، ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠-٨٢. ئەم بایەخدانە بە پێویستی حوکمڕانیی دروست بۆ هەرێمی کوردستان لە کارنامەی کابینەکانی دیکەی حکومەت جەختی زیاتری لێکراوەتەوە، بۆ وێنە لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ کابینەی شەشەم (حوکمڕانی باش) یەکێکە لە شەش ئامانجە گرنگەکانی حکومەت و جەختکراوەتەوە لەسەر شەفافیەتی زیاتر، ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، چاکسازی لە سێکتەرە گشتییەکان و خزمەتگوزاری باشتر بۆ هاوڵاتیان، بڕوانە https://gov.krd/the-governments-mission/good-governance/، ڕۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/١٢.

[2] Non Naprathansuk, Ibid, p.2.

[3] دانا فاضل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٠.

و تویتەر و یوتیوب و تۆڕەکانی دیکەوە گوزارشت لە خواست و داواکارییەکان بکەن و دەنگیان بگەیەننە سیاسییەکان و دەسەڵاتداران[1].

پەیوەست بە هەرێمی کوردستانەوە، حوکمڕانی دەرگیری کۆمەڵێک کێشە و قەیرانی سیاسیی، ئابوری، کارگێڕی، یاسایی و دامەزراوەییە، کە بە پێودانگە زانستییەکان تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانیی دروستی تێیدا لاوازە* ئەمەش وایکردووە حوکمڕانی و میدیا و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا خاوەنی جۆرێک لە تایبەتمەندی و سروشتی تایبەتی خۆیان بن کە خاڵی جیاکەرەوەیان هەیە لەگەڵ سروشتی حوکمڕانی هەرێم و وڵاتی دیکەدا، لەم چوارچێوەیەدا ئەم توێژینەوەیە هەڵوەستە دەکات لەسەر کاریگەرییەکانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک لەسەر دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان و ئاستی بەشداری و کاریگەریی هاوڵاتیان لەڕێی ئەو پلاتفۆرمانەوە لەسەر ناوەندەکانی بڕیار و بڕیارسازان (صناع القرار)،

[1] بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

* بەپێی توێژینەوەیەک لە (نیسانی ٢٠٢٢) لەژێر ناونیشانی (ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە، توێژەر گەیشتووە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام، کە زۆرینەیان پێچەوانەی فەلسەفەی حوکمڕانیی دروست و ئەو پێنوێن و سروشت و ڕەگەزانەن کە حوکمڕانییەکی دروستی لەسەر بینا دەکرێت، لەوانە ١.هیچ کات هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا ئەنجامنەدراوە. ٢.لە پرسە نیشتیمانییەکاندا نەتوانراوە سازان و کۆدەنگی تەواو دروستبکرێت. ٣.بوونی دەسەڵاتی قووڵ لەپشت دەسەڵاتە فەرمییەکانی هەرێمەوە (جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری) پارتە فەرمانڕەواکان تەحەککوم بە کاری هەر یەکێکیانەوە دەکەن و هەژموونیان بەسەریانەوە هەیە. ٤.نەتوانراوە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم، بخرێتە پێش بەرژەوەندییە حیزبییەکانەوە لە بەغدا، بەمەش هێندەی کار بۆ پۆست و دەسەڵاتی کەسی و بنەماڵەیی کراوە، هێندە گرنگی بە پرسە چارەنووسسازەکانی وەک (ماددەی ١٤٠، پێشمەرگە، ماف و شایستە داراییەکان) نەکراوە. ٥.مەلەفی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بە حیزبی کراوە. ٦.بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کراونەتە پاشکۆی پارتە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکان. ٧.دیاردەی گەندەڵی بەربڵاو و پەرەیسەندووە. ٨. لە ڕووی هێزە چەکدارەکان و ئاسایشەوە، تائێستا هێزی نیشتیمانی و یەکگرتوو بوونی نییە و، هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری، بە تەواوی لە دەستی حکومەت و وەزارەکانی پێشمەرگە و ناوخۆدا نین. ٩.دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان ناجێگیرە، کەرتی تایبەت ناچالاکە، هەرێم ئابورییەکی کرێخۆری بێ پلانی هەیە، کە نەوت سەرچاوەی سەرەکی داهاتە و نەتوانراوە سەرچاوەکانی داهات و دارایی هەمەچەشن بکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، دانا عەلی ساڵح بەرزنجی، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حکومڕانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری خاڵ، گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیری گشتییە، ژمارە (٣٦)ی نیسانی (٢٠٢٢)، ل٧-١٦. سەبارەت بە سەروەری یاسا و دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوام ڕەخنە گیراوە لە ئەدائی ئەم دەسەڵاتە؛ کە سەربەخۆ نیە و دەستێوەردانی حیزبی لە کاری دادگاکان هەیە و یاساکانیش بەپێی بەرژەوەندی حیزبە باڵادەستەکان جێبەجێدەکرێن، نەوشیروان مستەفا لە گوتاری حیزب و حوکم: ئەزمونی کوردستان دەنووسێت "حکومەت لە سەرەتاوە نیوە بە نیوە لە بەینی یەکێتی و پارتی دا دامەزرا و، پاش شەڕی ناوخۆ بو بە دوو حکومەت و، دوای یەکگرتنەوەش دیسانەوە داموودەزگای قەزاییان خستە ژێر دەسەڵاتی حیزبەوە، حیزب وەزیری عەدل و ئەندامانی مەحکەمەی تەمیز و حاکم دادەنێت، بڕوانە نەوشیروان مستەفا، ئێمە و ئەوان ناکۆکیەکانمان لەسەر چین، چاپخانەی زەرگەتە، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥٥. دۆخی سەربەخۆنەبوونی دادگاکان لەلایەن دەسەڵاتە فەرمی و نافەرمییەکان و تەنانەت سەرۆک و جێگری دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمیش دووپاتکراوتەوە، وەک لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا، بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەڵێت: "ئێمە دادگامان نییە" چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی ڕوداو، رۆژی ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1511202211. هاوکات نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە گوتارێکیدا لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەری وتی "دەسەڵاتی دادوەری کێشە و تەحەدای جددی لە بەردەمدایە و دەبێ چارەسەر بکرێن! کەم و زۆر هەوڵی دەستێوەردان و هەژموون و کاریگەریی سیاسی بەسەر هەندێک لایەنی دەسەڵاتی دادوەریدا هەیە و دەبێت ڕێی لێبگیرێت! وە نابێت دەسەڵاتی دادوەری لەژێر کاریگەریی سیاسی و حیزبی بێت، بڕوانە، ماڵپەڕی ڕوداو https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0812202114. سەرەڕای ئەو واقعە، توێژینەوەیەکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەنی ژمارەیەک پایەی سیاسیی، یاسایی، ئابوری، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە بۆ بونیادنان و چەسپاندنی سیستمێکی حوکمڕانیی دروست، بەڵام لە هەمان کات و هەمان ئەو بوارانەدا بە دەست کۆمەڵێک ئاستەنگەوە دەناڵێنن کە بەربەست و لەمپەڕن لە بەردەم بونیادنان و چەسپاندنی سیستمی حوکمڕانیی دروست، لێرەوە جێگیرکردنی ئەو جۆرە حوکمڕانێتییە بەندە بە کاراکردن و بەهێزکردنی ئەو پایانە و لاوازکردن و تێپەڕاندنی بەربەستەکان، بڕوانە ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

هاوکات ئاستی بەدەنگەوەهاتی دەسەڵاتداران بۆ کاردانەوەکانی بەکارهێنەران لەپێناو دامەزراندنی ئیدارەیەکی لێوەشاوەتر و خزمەتگوزاری باشتر کە وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی هاوڵاتیان بێت.

بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانی و حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە لە کاریگەری سۆشیال میدیا وەک بەشێکی گرنگی میدیای نوێ، کە درێژکراوەی کاریگەری و تایبەتمەندی میدیایە لەسەر کۆمەڵگە تێبگەین، ئەمەش بەو مانایەی میدیا پرس و بابەتێک دەکاتە مژار و بڵاویدەکەنەوە، دواتر خەڵک سەرنجیدەدات و بەها و بایەخی پرسەکە دەزانێت، پاشان باوەڕ بۆ پرسەکە دروستدەبێت، دواجار بە کارتێکردن بۆ ئاڕاستەکردنی رەفتار، یاخود دروستکردنی هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو تەواو دەبێت[1]، لەم ڕاستییەوە، بەکارهێنەران و ئەو لایەنانەی کاریگەریان لەسەر سۆشیال میدیا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەو پلاتفۆڕمانە بەکار دەهێنن بۆ خستنەڕووی کێشەکان، دواتر سەرنجی گشتی بەلای پرسەکان ڕادەکێشن، لە بەردەوامی هەڵمەتی ئەلیکترۆنیدا درککردن بۆ پرسەکە دروست دەکەن، پاشان باوەڕکردن و کاریگەری دروستدەکەن و دواتریش ئەم پڕۆسەیە لە ڕەفتاری هاوڵاتیان، یان بڕیار و ڕاسپاردەی دامەزراوەکان ڕەنگدەداتەوە.

بە پشتبەستن بە دەرئەنجامەکانی هەموو ئەو توێژینەوانەی بەکارهاتوون؛ دەرکەتووە ڕێژەی بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لە هەرێمی کوردستاندا بەرزە و فەیسبووکیش زۆرترین بەکارهێنەری هەیە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە هاوڵاتیان لە ڕێگەی ئەو پلاتفۆڕمانەوە لە پەیوەندیدان و بەردەوامن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و قسەکردن لەسەر پرسە گشتی و سیاسییەکان و ڕەخنەگرتن لە ئەدای دامەزراوەکان و حکومەت، لەبەرامبەردا دامەزراوەکانی حوکمڕانی و حیزب و ڕێکخراوەکان و کەناڵەکانی میدیا بەهەمان شێوە پشت بە پەیجەکانی فەیسبووک و پلاتفۆڕمەکانی دیکە دەبەستن بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی هەڵوێست و زانیارییەکان و دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ بەکارهێنەراندا، کۆی ئەم پڕۆسەیەش تائەندازەیەک کاریگەری هەبووە لەسەر خستنەڕووی کەیسەکانی گەندەڵی و بنەماکانی شەفافییەت و لێپرسینەوە و وەڵامدانەوەی خێرا کە تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانیی دروستن.

سۆشیال میدیا بە چەند ڕێگایەک کاریگەری لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا هەیە:

### أ. ئامرازێک بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی:

دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا بە ئاستی جیاواز، لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە*، هاوکات گەشەی خێرای سۆشیال میدیا و ئازادی لە

---

[1] محمد قيراط، الأعلام و القضايا الأمنية: سبل التوعية و آليات المواجهة، مجلة الحكمة للدراسات الأعلامية و الأتصالية، عدد الحادي و العشرون (عدد خاص)، ٢٠١٧، ص١٤.

* دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی (٢٠٢١)، لە کۆی (١٨٠) وڵات و هەرێم، عێراق و هەرێمی کوردستان، لە لیستی دەیەم گەندەڵترین وڵاتن، لەڕووی شەفافیەتیشەوە تەنها (٢٣) نمرەیان لە کۆی (١٠٠) نمرە بە دەستهێناوە، بەپێی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە (عێراق، زیمبابۆی، کەمبۆدیا و هندوراس) پلەی دەیەمی گەندەڵترین وڵاتیان لەسەر ئاستی جیهان گرتووە. ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوێکی ناحکومیی نێودەوڵەتییە، پێگەی سەرەکیی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیایە و لە ساڵی (١٩٩٣)

ئاڵوگۆڕی زانیاری و پەیوەندی، بووەتە مایەی وروژاندنی گەندەڵی لای بەکارهێنەران، لەم ڕاستییەوە زیادبوونی ڕێژەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک ئەگەر بەشێوازێکی دروست ئاراستە بکرێت دەتوانێت چەندین ڕۆڵی گرنگ بۆ بەگژداچوونەوەی دیاردەی گەندەڵی ببینێت، لەوانە خستنەڕووی دۆسییەکان، دزێوکردن و ڕەخنەکردنی، زیادکردنی هۆشیاری و بەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگە بۆ هێنانەدی دیموکراسی و حوکمڕانییەکی دروست[1].

بە پشتبەستن بە توێژینەوەیەک، کە ساڵی (٢٠١٩) بە ناونیشانی (مامەڵەی سۆشیال میدیای کەناڵە ئاسمانیەکان لە ڕووماڵکردنی پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا) ئەنجام دراوە و سامپڵەکەی ئەو پۆستانە وەرگیراون، کە لە پەیجی هەردوو کەناڵی (Nrt & Rudaw) لەمانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٨) بڵاوکراونەتەوە، دەردەکەوێت پرس و کێشە سیاسیەکان بە ڕێژەی (٢٨,٣٪) پلەی یەکەمی ڕوماڵی سۆشیال میدیاکانی گرتووە و بابەتی (گەندەڵی) یەکەمین پرسی سیاسیی ناو پێگەکانی سۆشیال میدیایە، لەبارەی سروشتی کۆمێنتی بەکارهێنەرانیش لەسەر پۆستەکان ڕەخنەگرتن لە ئەدای حکومەت پلەی یەکەمی بە ڕێژەی (٤٠,٥٪) گرتووە[2].

توێژینەوەیەکی دیکە بەناونیشانی (ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە ڕوماڵی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا)، کە لە ساڵی (٢٠٢١) لەسەر پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراوە و سامپڵەکەشی (٣٢٤) کەسە لە هەردوو ڕەگەز لەو پارێزگایەدا، دەردەکەوێت (٥٩,٥٧٪)ی بەرتوێژان بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوەدان و (٢٠,٩٩٪) بە پلەی دووەم لەگەڵ ئەوەدان تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کاریگەری لەسەر هەڵماڵین و خستنەڕووی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە، کە زیاتر لە (٨٠٪)ی ڕوانگەی بەرتوێژان دەگرێتەوە، بەپێچەوانەوە (٣,٧٠٪) دڵنیانین و ڕێژەکەی دیکە دژی ئەوەن فەیسبووک کاریگەری لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی هەبووبێت[3].

**ب. ئامرازێکی یارمەتیدەرە بۆ بەشداری سیاسیی:**

یەکێک لە بنچینە گرنگەکانی حوکمڕانیی دروست بەشداری سیاسییە، لەو ڕوانگەیەوە کاریگەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن و بەکارهێنانیشیان بووەتە بەشێکی ژیان و پێداویستییەکانی خەڵک لە ڕووی پەیوەندیکردن و بە دەستهێنانی زانیاری و گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو کێشە و بابەتە پەیوەندیدارەکان، ئەمەش بەشداری هاوڵاتیانی لە کاروباری گشتی و سیاسەتدا ئاسانتر و خێراتر کردووە و کارلێکی نێوانیان زیاترکردووە[4].

---

دامەزراوە. ساڵانە لیستی وڵاتان بە گوێرەی ئاستەکانی گەندەڵی و شەفافیەت و شێوازی حوکمڕانی بڵاودەکاتەوە، ڕاپۆرتەکانی لە سەرانسەری جیهان کاریان لەسەر دەکرێت و پشتیانپێدەبەسترێت، بۆ زانیاری زیاتر بروانە https://www.transparency.org/en/cpi/2021، ڕۆژی سەردانیکردن ١٥ی ئابی ٢٠٢٢.

[1] کارزان محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣٥، ٦٤٣و٦٤٤.

[2] شێرکۆ جەبار محمد، مامەڵەی سۆشیال میدیای کەناڵە ئاسمانیەکان لە ڕووماڵکردنی پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی ڕووپێویی ناخشیکارییە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/ بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (٥٩) کانوونی دووەمی (٢٠١٩)، ل٣٥٩-٣٦٢.

[3] کارزان محەمەد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٨.

[4] کاروان عەلی قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٠.

وەک زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکە، سۆشیال میدیا و فەیسبووک لە هەرێمی کوردستاندا بوونە ئامرازی یارمەتیدەر بۆ بەشداری هەردوو ڕەگەز لە کاروبارە گشتییەکان و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە هەمان کاتدا، ئەم کاریگەرییەش لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ڕەنگیداوەتەوە، کە پارتە سیاسیەکان و کاندیدەکان بازاڕدۆزی بۆ هەڵوێستەکانیان دەکەن و ئەو سەکۆ ئۆنلاینانە بەکار دەهێنن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەنگدەران و هاوڵاتیاندا، هاوکاتیش لە خۆپیشاندانەکانی (١٧)ی شوباتی (٢٠١١) دا ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا ڕۆڵی گرنگیان لە کۆکردنەوەی خەڵک و هاندانیان بۆ بەشداری لە ناڕەزایەتییەکان دژی حکومەتی هەرێم بینی، لە خۆپیشاندانەکانی هاوڵاتیانی عێراقیش لە شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق لە ساڵانی (٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩) دا خەڵکی عێراق بە شێوەیەکی فراوان پشتیان بە مۆبایل و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا دەبەست، بە جۆرێک کە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە کاتی توندبوونی خۆپیشاندانەکاندا؛ هێڵەکانی ئینتەرنێتیان دەکوژاندەوە، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە خەڵک لە پەیوەندیکردن بەیەکەوە و دامرکاندنەوەی خۆپیشاندنەکان[1].

لەلایەکەی دیکەوە، ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا دەرفەتی یەکسان و وەکیەکیان بۆ هاوڵاتیان ڕەخساندووە، کە ئەمەش لەپێشینەکانی دیموکراسیەت و حوکمڕانیی دروستە، لەم گۆشەنیگایەوە ئینتەرنێت نەک هەر بە یەکسانی مافی قسەکردن و بەشداری بە کۆی هاوڵاتیان بەخشیووە، بەڵکو مافی چاودێریکردنی دیموکراسی و ڕەخنەلێگرتنی و پاشان سزادانیشی بە هاوڵاتیان داوە، لێرەدا سۆسیۆلۆگێک و شوانێک، سەرۆک کۆمار و تەماتەفرۆشێک، ژەنەڕاڵێکی سوپا و شاعیرێکی هەستناسک، ئیپیستمۆلۆگێک و گاوانێک یەکسانن[2].

ئەم بەشداریکردنەی بەکارهێنەران لە ڕێگەی فەیسبووک و سەکۆکانی دیکە، بە بەشداریکردن بە نووسینی کۆمێنت و لایک و دووبارە هاوبەشیکردنەوە لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان هانیاندەدات، ئەمەجگەلەوەی هەمووان دەتوانن ڕاستەوخۆ قسە بکەن و بە خێرایی کۆببنەوە و بڕیار لەسەر بابەت و ڕووداوە سیاسیە هاوبەشەکان بدەن، بەمەش مافەکانی ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتنی هاوڵاتیان و ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەت و دەسەڵاتە خراپەکان زیاتربووە[3]. لەم پێودانگەوە بەکارهێنەرانی کوردستان بەردەوام لەڕێی کۆمێنت و سەرنج و هاوبەشیکردنی فەیسبووکەوە لەگەڵ پێگەکانی حکومەت و حیزبەکان و میدیا و کاربەدەستان لە پەیوەندیدان و کاردانەوەیان بۆ ناوەڕۆکی بابەتە سیاسیەکان و کارەکانی حکومەت و دامەزراوەکان هەیە؛ کە هەندێجار جۆری کاردانەوەکان و ئەو ڕایگشتییەی لە سۆشیال میدیا دروست دەبێت کاریگەری لەسەر گۆڕینی بڕیارەکان، یاخود هەنگاو و کارەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی دەبێت.

**پ. کاریگەری لەسەر دروستکردنی بڕیارەکان:**

ئەگەر حوکمڕانیی دروست بریتی بێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و بڕیار جێبەجێکردن بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە کە پشتگیری لە خۆشگوزەرانی مرۆڤ بکات؛

1 بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.
2 عادل باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.
3 دانا فاضل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٩ و ٥٦٠.

ئەوا کاریگەری سۆشیال میدیا و بەکارهێنانی فەیسبووک لەبواری کۆمەڵایەتییەوە درێژبووەتەوە بۆ بواری سیاسیی و کاریگەری لەسەر رەفتاری خەڵک و پەسەندکردنی کەسایەتی و بەرنامە سیاسیەکان لە هەڵبژاردنەکاندا داناوە، هاوکات ئەو پلاتفۆرمانە کە ئێستا توخمێکی سەرەکی پێشکەوتنی بواری کۆمیونیکەیشن و تەکنەلۆژیای زانیارین، کاریگەری زۆریان لەسەر بواری سیاسەت بە گشتی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دروستکردووە[1].

پەیوەندی سۆشیال میدیا و ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار، پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندیی ئامرازەکانی میدیای نوێ، کە دەسەڵاتێکی زۆریان بە جەماوەر داوە، ئەو دەسەڵاتەی هەندێک لە توێژەران بە "ئۆتۆنۆمی جەماوەر" ناوی دەبەن، (فلیپ ناپۆلی Phlip M. Napoli) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (ئابورییەکانی جەماوەر Audience Economics) پێناسەی ئۆتۆنۆمی جەماوەر دەکات بە ڕادەی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوەڕۆک و بەرهەمانەی میدیا لەلایەن جەماوەرە بەکاردەهێندرێت، بەڕادەیەک جەماوەر دەسەڵاتی هەیە چی و کەی و چۆن ناوەڕۆکەکە وەربگرێت، زێدەباری ئەوەی ژینگەی میدیای نوێ دەرفەتی گەڕان بە دوای ئەو زانیارییانە دەڕەخسێنێت، کە بەکارهێنەر بایەخی پێدەدات و پێویستی پێیەتی[2].

لەم پێودانگەوە، چەندین نموونەی زیندوو لە هەرێمی کوردستاندا هەن، کە لە ژێر کاریگەری ڕایگشتی ئەلیکترۆنی و ئەو هەڵمەتانەی لە فەیسبووکدا بەڕێوەبراون؛ دامەزراوەکانی حوکمڕانی بە بڕیارێکدا چوونەوە، یاخود لە ژێر فشاری بەکارهێنەرانی فەیسبووکدا گۆڕانکارییان لە بڕیارێکدا کردووە، دیارترین نموونەش ئەو دەنگی ناڕەزایەتیەی هاوڵاتیان بوو لەسەر فەیسبووک سەبارەت بە کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ پەرلەمانتارەکان لە خولی چوارەم و کۆتایی ساڵی (٢٠١٤)دا، بە بڵاوکردنەوەی سەدان پۆست و ڕەخنە و کاریکاتێر، وای لە پەرلەمانی کوردستان کرد گوێ لە دەنگە نارازییەکان بگرێت و بڕیاری پێویست لەبارەیەوە بدات، ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ پەرلەمانتاران بوو[3].

مانگی (١ی ساڵی ٢٠٢٢) ئاسایشی سلێمانی، دانپێدانی ژمارەیەک گەنجی دەستگیرکراوی خۆپیشاندانەکانی شارۆچکەی پیرەمەگرونی سەر بە پارێزگای سلێمانی بە جلوبەرگی پرتەقاڵییەوە بڵاوکردەوە، لە کاردانەوەی ئەو ڤیدیۆیەدا بەکارهێنەرانی فەیسبووک هەڵمەتێکی فراوانیان دژی لەبەرکردنی جلی پرتەقاڵی و دەرخستنی دەموچاوی ئەو ژمارە گەنجە بەڕێوەبرد، فشارەکان ئەوەندە کاریگەر بوون؛ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دادگا و ئاسایشی سلێمانی لە ماوەیەکی کورتدا بڕیاری ئازادکردنی ئەو گەنجانەیان دەرکرد[4] لە توێژینەوەیەکدا، سەبارەت بەکاریگەری سۆشیال میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، دەرکەوتووە بەهۆی پێگەکانی سۆشیال میدیا و هەڵمەتی هاشتاگ و فەیسبووک بەتایبەتی، خوێندکاران سەرکەوتووبن لە ڕەتکردنەوەی سیستمی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی

---

[1] بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

[2] عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

[3] هەردەوان مەحمود کاکە شێخ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

[4] سایتی Nrt، https://www.nrttv.com/detail/6556، ڕۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/١٦.

کۆرۆنا و لەژێر ئەو فشارەدا وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیاریدا بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە و خوێندن بکاتە ئارەزوومەندانە لە هەرێمی کوردستاندا[1].

**ت. وەڵامدانەوەی خێرا:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئینتەرنێت و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بریتیە لە خێرا وەڵامدانەوە بۆ ڕووداوە سیاسییەکان، لەگەڵ ئاسانی گەیاندنی دەنگ و ڕەنگ و زانیاری و وردەکاری بە هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە[2]. ئەم تایبەتمەندییە پشتگیری لە یەکێک لە بنەماکانی حوکمڕانیی دروست دەکات، کە وەڵامدانەوەی خێرای دامەزراوە گشتییەکانە، بۆ خواست و داواکاری هاوڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

بەکارهێنەرانی فەیسبووک لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێی هەزاران پەیج و ئەکاونتەوە، هەڵوێست و سەرنجەکانی خۆیان لەسەر ڕووداو و پرسەکانی ڕۆژ بڵاودەکەنەوە، هاوکاتیش لەڕێی ئەم میدیا کارلێکییەوە دەرفەتی ئەوەشیان هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە و دامەزراوەکانی حوکمڕانی بە کۆمێنت و بیروڕای جیاواز هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای دامەزراوەکان و ئاستی کاروچالاکیەکانیان بکەن، ئەمەش وایکردووە هاوڵاتیان لە ڕێی سۆشیال میدیاوە ڕۆڵی چاودێریکردنیان فراوانتر و کاریگەرتر بێت لە ڕوانگەی خێرا بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان و خێرا گەیاندنی بە بەکاهێنەرێکی زۆر و وروژاندنی ڕایگشتی[3].

لەو ڕاستییەوە، چەندین کەیس لە هەرێمی کوردستاندا هەن، کە سۆشیال میدیا و فەیسبووک توانیویانە لە زووترین کاتدا، ڕایگشتی دروست بکەن و حکومەت و دامەزراوەکان بێننە سەر خەت و وەڵامدانەوەی خێرایان بۆیان هەبێت، بۆ نموونە لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٦/١٣)، لەسەر کەیسی کوشتنی هاوڵاتییەک بەناوی (تاریقی بەقاڵ)، پارێزەرێک لەڕێی مۆبایلەکەیەوە دیمەنی لێدان و شەقوەشاندنی ئەفسەرێک و چەند پۆلیسێک لە دایک و خوشکەکانی قوربانیەکە لەناو دادگای سلێمانی تۆماردەکات و لەڕێی ئەکاونتەکەیەوە بڵاویدەکاتەوە؛ هەر ئەو ڕۆژە ئەم بابەتە دەبێتە پرسی ڕۆژ و سۆشیال میدیا و میدیای کوردستان دەتەنێت، لە کاردانەوەی ئەم حاڵەتەدا ڕاستەوخۆ جێگری سەرۆکی حکومەت دێتە وەڵام و بڕیاردەدات بە دەستگیرکردنی ئەفسەر و پۆلیسەکان، هاوکات ڕاگەیەندراوی دادگای سلێمانی و ئەنجومەنی دادوەری بەدوای خۆیدا هێنا و ژمارەیەک بڕیار و ڕاسپاردەی بەدوای خۆیدا هێنا[4].

---

1 مانگی ئایاری (٢٠٢٠) بەهۆی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا بڕیاری خوێندنی ئەلیکترۆنی درا. ئەم پرسە بووەهۆی مشتومڕ و نارەزایەتی و هەڵمەتێک دژی ڕێکخرا، بە سەدان ئەکاونت و چەندین گروپ و هاشتاگ بەناوی (بەڵێ بۆ خوێندنی ناو کەمپەس و نەخێر بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، شاناز محەمەد صادق، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٨ و ٣٨٩.

2 دانا فاضل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٨.

3 سادق حەمە غەریب، ڕاگەیاندنی تەقلیدی و سۆشیال میدیا: یەکتر سڕینەوە یان یەکتر تەواوکردن، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (٣٥)ی شوباتی (٢٠٢٢)، ل٣٩.

4 بۆ لێدوانی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، بڕوانە سایتی KNN:
https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=43886. بۆ ڕاگەیەندراوی دادگای سلێمانی، بڕوانە https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1306202224.

- **کاریگەرییە نەرێنییەکان:**

سەرەڕای تیشکخستنە سەر کاریگەرییە ئەرێنییەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک، وەک ئامرازی یارمەتیدەر بۆ دامەزراندنی جۆرێک لە حوکمڕانیی دروست و وەڵامدەرەوە، بەڵام چەند توێژینەوەیەکی دیکە ئاماژە بە کاریگەرییانە نەرێنییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر کایەی حوکمڕانی و حوکمڕانیی دروست دەکەن، هەندێکیان پێیانوایە مەترسییەکی گەورەیە وەها بیربکەینەوە کە دەتوانین بە پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا و فەزا فەیسبووکییەکەی، سیاسەتێکی باش بکەین، چونکە سیاسەت هونەری بەڕێوەبردن و بڕیاردانە و وەک بوارێکی کردەیی پێویستی بە پەیوەندییەکی زیندوو لەگەڵ خەڵک و واقیعدا هەیە. مەیدان (ئاگۆرا) شوێنی سیاسەتکردن و شوێنی تێکەڵبوونیشە بە خەڵک، بۆیە ئینتەرنێت بەدیلی پەیوەندی ڕاستەوخۆی حوکمداری لەگەڵ خەڵک نییە، بەڵام ئەو پەیوەندییە پتەو و خێرا دەکات[1].

لەلایەکی دیکەوە، لەبەرئەوەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا لە سەرەتاوە ڕاگەیاندنێکی حیزبی بووە، بۆیە ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و کردەی سیاسیی حیزبەکان بووە، لە ساڵانی نێوان (١٩٩١-١٩٩٤) ڕاگەیاندنێکی نیشتیمانی بونیات نەنرا، کە هەم پێویست بوو، هەمیش بایەخی دەبوو، بەڵکو ڕاگەیاندنی حیزبی باڵادەست کرا. ئەم ڕاگەیاندنە لە پەرتەوازەیی کۆمەڵگادا پشکی شێری هەیە، کە بەم دواییانە تۆڕەکانی سۆشیال میدیا بوونە سەربار[2]. لەم واقعەدا، زۆرجار پارتە سیاسیەکان و دەسەڵاتداران سۆشیال میدیا و فەیسبووک وەک چەکێک بەکاردەهێنن بۆ قوڵکردنەوەی کێشەکان، گەیاندنی زانیاری ناڕاست، ناسەقامگیری سیاسیی و کۆمەڵایەتی، ناوزڕاندن و سوکایەتی و تۆمەت هەڵبەستن، لە دواجاردا لەڕێگەی دەیان پەیج و ئەکاونتی فەیکەوە شەڕی یەکتری پێدەکەن، لە بری شوێنێک بۆ گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی عەقڵانی دەبێتە مەیدانێک بۆ قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکان کە هەموو ئەمانە پێچەوانەی فەلسەفەی حوکمڕانیی دروستە.

هەروەک، نوسەر و ئاکادیمیست، سەردار عەزیز*، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (فەیسبوکۆکراسی فەیسبووک)، ئاماژە بە حوکمی فەیسبووک دەکات، کە لە دەیەیەکدا زۆرترین خەڵکی ئەم هەسارەیەی لە خۆگرتووە، بەشێوەیەک لە سەرەتادا وەها دەبیندرا ناوەندێکی کراوە بێت بۆ هەمووان و چیدی ڕێگری نەمێنێت لەبەردەم دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکاندا، بەڵام ئەم دونیایەی ئێستا فەیسبووک بەرهەمیهێناو لە زۆرباردا پێچەوانەکەی ڕاستە، لەو ڕەهەندەوە دەنووسێت: "فەیسبووک کاریگەری خراپی لەسەر چەمکی هاوڵاتی و ڕۆڵی هاوڵاتی بوون داناوە، بەشێوەیەک بۆ چالاکوانان کەسەکان ژمارەن، نەک خەڵکی خاوەن تایبەتمەندی و خواست و وەک هەوادار و لایەنگر و پشتیوان سەیر دەکرێن، ئەمە جگەلەوەی فەیسبووک پەیامەکانی کورت و دروشمەکانی سادە و ئاسان کردەوە، بەم جۆرە هەموو ئاڵۆزییەکانی دونیا ون دەبن و خەڵک میکانیزمی ڕاستەقینەی پشت ڕووداوەکان نابینێت، لە کۆتاییدا پێچەوانەی دیموکراسی، فەیسبووک کۆتای بە بوونی خەڵک دەهێنێت و گروپی پەرتەوازەی بچوک بچوک دروست دەکات"[3].

---

[1] ڕێبوار سیوەیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣-٤٤.

[2] ئیحسان وەلزی و موسلح ئیروانی، سیاسەت و کۆمەڵگا لە باشووری کوردستاندا، ئینستیتوتی سیاسەتی گشتی، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٣٠.

* نوسەر و ئەکادیمی کوردە، تێزی دکتۆراکەی لەبواری حوکمڕانی و داڕشتنی پەڕاوی سیاسییە لە زانکۆی کۆرک/ ئایرلەندا.

[3] سەردار عەزیز، فەیسبوکۆکراسی فەیسبوک، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (١٩٦٥)، ڕۆژی (٢٠٢٢/٤/٢٠)، ل١١.

به گوێرەی توێژینەوەیەکی دیکە، کە لەساڵی (٢٠١٥)دا، بە ناونیشانی (میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی) ئەنجامدراوە، دەردەکەوێت ئەکاونت و پەیج و پۆستەکانی بەکارهێنەری کورد لە فەیسبووکدا[1]؛

- سەرچاوەیەکە بۆ خۆخاڵیکردنەوەو دەربڕینی نارەزایەتی و نیگەرانی.
- دروستکردنی هەزارەها پەیج و ئەکاونتی نەناسراو.
- سەکۆیەک بۆ خۆبەبازاڕکردن، بڵاوکردنەوەی وێنە کەسییەکان.
- ڕێزنەگرتن لە ڕای جیاواز و بەکارهێنانی زمانی زبر لە کۆمێنت و نووسیندا.
- کورتبڕی لە نووسین و دەربڕینەکاندا.
- لایک و کۆمێنیت لەسەر بنچینەی خوێندنەوە و لێکتێگەیشتن نییە، بەڵکو زیاتر لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی دوو لایەنەیە.
- تامەزرۆبوون بە ژمارە، زیادبوونی ژمارەی لایک، کۆمێنت، هاوڕێ وەک کردەیەکی خودویستی و خۆپەسەندی.

ئەم تایبەتمەندییانە ئاماژەن بۆ خاڵێکی کرۆکی، کە سۆشیال میدیا ئامرازێکە ئەگەر دروست بەکاربێت؛ دەتوانێت بەشداربێت لە زەمینەسازی بۆ لێکتێگەیشتنی هاوڵاتیان و دەسەڵاتداران، وەک پردی پەیوەندی و کاریگەری کردنە سەر یەکتر بۆ دامەزراندی حوکمڕانیی دروست، بەپێچەوانەوە دەکرێت ببێتە ئامرازێک بۆ زیانگەیاندن بە ئاشتی کۆمەڵایەتی، دروستنەبوونی کۆدەنگی نیشتیمانی لەنێوان لایەنەکان، بڵاوبوونەوەی نائارامی و پشێوی زیاتر لە پرۆسەی سیاسیی، لەڕێی زانیاری و سەکۆی ساختەوە پشتیوانیکردن لە ئیدارەیەکی ناکارا و درێژەدان بە حوکمڕانییەکی سست و شکستخواردوو.

لەو ڕوانگەیەوە، توێژینەوەیەکی دیکە کە ساڵی (٢٠٢١)دا، لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان ئەنجامدراوە، هەڵوەستەی کردووە لەسەر کۆمەڵێک ئاڵنگاری لەبەردەم ڕۆڵ و کاریگەری سۆشیال میدیادا، لەوانە[2]:

- زیادەڕەوی دەکرێت لەباسکردنی ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی سیاسی، بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، چونکە ئەوەی کاریگەرە هێشتا میدیا کلاسیکییەکان و ئەوانەی لە پشتیانەوەن؛ لە حکومەت و خاوەنکار و کۆمپانیا و پارت و دامەزراوە سیاسیی و ئابورییەکان.
- ڕۆڵی حکومەتەکان لە پشت میدیای نوێوە گوماناوییە، چونکە ئەوانیش بەشێوەیەکی چڕ لەناو سۆشیال میدیادا ئامادەییان هەیە؛ کە ڕەنگە لە ئایندەدا ئەو پلاتفۆڕمانە بخاتە بەرژەوەندی حکومەت و دەسەڵاتەوە.
- بە گوێرەی هەندێ ڕاپۆرت، میدیای نوێ و سۆشیالمیدیا بوونەتەهۆی بەرهەمهێنانی نەوەیەک لە بەکارهێنەری کارا لەسەر کۆمپیوتەر و مۆبایل و ناکارا لە شەقام؛ ئەمەش بووەتە هۆی بەتاڵکردنەوەی ڕق و داواکارییەکانیان.
- سانسۆر لەسەر ئینتەرنێت و توانای کوژانەوە و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن حکومەتەکانەوە، یەکێکە لەو مەترسی و ئاستەنگەکان.

[1] هەردەوان مەحمود کاکە شێخ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.
[2] بەرهەم خالد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥-٨٦.

# بەشی سێیەم
# چوارچێوەی پراکتیکی

**یەکەم/ تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە.**

**دووەم/ وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە.**

**سێیەم/ تاقیکردنەوەی گریمانەکان و شیکردنەوەیان**

## بەشی سێیەم/ چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە:

### شرۆڤە و شیکاری خشتەکانی ڕاپرسی

بۆ زانینی ئاستی کاریگەریی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەر دەستەبژێرێک لە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەناو دامەزراوەکانی فەرمییەکانی حوکمڕانی (پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری)، لەگەڵ ژمارەیەک چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکار لە بواری (کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا)دا، وەک بەشێک لە دامەزراوە نافەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی وەرگرتووە.

لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە جێبەجێکردووە، لە گرووپی یەکەمدا، واتە (پەرلەمانتاران و وەزیرەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری) لە هەرێمی کوردستان ژمارەیان (٩٣) کەسە و بە مەبەست وەرگیراون، بەهەمان شێوەش لە گرووپی دووەمدا (میدیاکاران و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی) ژمارەیان (١٤٧) کەس وەرگیراون، کە کۆی گشتی سامپڵی هەردوو گرووپی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ژمارەیان دەکاتە (٢٤٠) کەس، بەپێی تایبەتمەندییە دیموگرافیەکانی، وەک: (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، جۆری کار و شوێنی نیشتەجێبوون).

لەم بەشەدا، ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە دەخرێتەڕوو، کە لە ئاماژەدان بەتایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە پێکدێت، لەگەڵ خستنەڕووی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی پرسیارە سەرەکییەکانی ئامڕازی توێژینەوەکە (فۆڕمی ڕاپرسی) و تاقیکردنەوەی گریمانەکان.

### یەکەم/ تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوە:

خشتەی (٢)

تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| تایبەتمەندی دیموگرافی | بڕگەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ١٧٥ | ٧٢,٩ | ١ |
| | مێ | ٦٥ | ٢٧,١ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |
| تەمەن | کەمتر لە ٣٠ ساڵ | ٦٠ | ٢٥ | ٢ |
| | لە ٣٠ ساڵ بۆ کەمتر لە ٤٠ ساڵ | ٩٤ | ٣٩,١ | ١ |
| | لە ٤٠ ساڵ بۆ کەمتر لە ٥٠ ساڵ | ٥٨ | ٢٤,٢ | ٣ |
| | لە ٥٠ ساڵ زیاتر | ٢٨ | ١١,٧ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندن | بنەڕەتی | ٤ | ١,٧ | ٥ |
| | ئامادەیی | ٣٤ | ١٤,٢ | ٤ |
| | دبلۆم | ٤٩ | ٢٠,٤ | ٢ |
| | بەکالۆریۆس | ١١٦ | ٤٨,٣ | ١ |
| | خوێندنی باڵا | ٣٧ | ١٥,٤ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |
| جۆری کار | چالاکوانی مەدەنی | ٧٢ | ٣٠ | ٣ |
| | میدیاکار | ٧٥ | ٣١,٣ | ٢ |
| | پەرلەمانتار | ٧٧ | ٣٢,١ | ١ |
| | وەزیر | ١٣ | ٥,٤ | ٤ |
| | ئەنجومەنی دادوەری | ٣ | ١,٣ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | هەولێر | ٨٢ | ٣٤,٢ | ١ |
| | سلێمانی | ٧١ | ٢٩,٦ | ٢ |
| | دهۆک | ٥١ | ٢١,٣ | ٣ |
| | هەڵەبجە | ٣٦ | ١٥ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت، کە تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە، لە ڕەگەزدا (نێر)، لە تەمەندا (٣٠ ساڵ بۆ کەمتر لە ٤٠ ساڵ)، لە بڕوانامەدا (بەکالۆریۆس)، لەجۆری کاردا (پەرلەمانتار) و لە شوێنی نیشتەجێبووندا (هەولێر) بەپلەی یەکەم دێن.

ئەم ئەنجامە گشتییانە دەرخەری چەند ڕاستییەکن، یەکەم؛ کەمی ڕێژەی ڕەگەزی مێ کە تەنها (٢٧،١٪) و لە بەرامبەردا ڕەگەزی نێر (٧٢،٩٪)ی سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت؛ ڕەنگدانەوەی واقعی سیاسیی هەرێمی کوردستانە، کە بەشداریی ژنان لە کایەی سیاسی و بەرپرسیارێتیان لە دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە ئاستی پێویستدا نییە، هەربۆیە بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردن بە سیستمی کۆتا و بە ڕێژەی (٣٠٪) پارێزگاری لە بەرکەوتی ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا کراوە، کە ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنییە، بۆ یەکێک لە بنەما گرنگەکانی حوکمڕانیی دروست، کە دەستەبەرکردنی دەرفەتی بەشداریی و یەکسانی وەک یەکە بۆ هەردوو ڕەگەز لە کاروباری گشتی و حوکمڕانیدا، دووەم؛ ئاستی خوێندنی سامپڵی توێژینەوەکە زۆرینە بەسەر دبلۆم و بەکالۆریۆسدا دابەشبووە و تەنها ڕێژەی (١٥،٤٪) و دووبارەبوونەوەی (٣٧) کەس خاوەنی بڕوانامەی باڵان، ئەمەش خاڵێکی لاوازە پەیوەست بە زۆرینەی ئەکتەرەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی و سامپڵی توێژینەوەکە؛ کە کەمینە هەڵگری بڕوانامەی باڵان، لەکاتێکدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکی حوکمڕانیی دروست پەیوەستە بە حوکمی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و تەکنۆکرات لە بواری فەرمانڕەواییدا.

**دووەم/ وەڵامی سامپڵی توێژینەوە:**

خشتەی (٣)

ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە

| ئاست / سۆشیال میدیا | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئاستی گرنگی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | | | | | |
| فەیسبووک | ١٤٩ | ٢٧،٧ | ٧٩ | ١٠،٥ | ١٢ | ١،٤ | ٢،٥٧ | ٠،٥٨٩ | ٠،٠٨ | بەرز | ١ |
| یوتیوب | ٢٧ | ٥ | ١٢٧ | ١٦،٩ | ٨٦ | ٩،٩ | ١،٧٥ | ٠،٦٤٢ | ٠،٠٥ | مامناوەند | ٥ |
| واتسئاب | ١٢٩ | ٢٤ | ٩٧ | ١٢،٩ | ١٤ | ١،٦ | ٢،٤٨ | ٠،٦٠٦ | ٠،٠٧ | بەرز | ٢ |
| ئینستاگرام | ٥٧ | ١٠،٦ | ١٠١ | ١٣،٤ | ٨٢ | ٩،٤ | ١،٩٠ | ٠،٧٥٥ | ٠،٠٦ | مامناوەند | ٤ |
| تیکتۆک | ٣٢ | ٥،٩ | ٦٠ | ٧،٩ | ١٤٨ | ١٧ | ١،٥٢ | ٠،٧٢٠ | ٠،٠٥ | مامناوەند | ٨ |
| سناپچات | ١٩ | ٣،٥ | ٢٢ | ٢،٩ | ١٩٩ | ٢٢،٩ | ١،٢٥ | ٠،٥٨٩ | ٠،٠٤ | مامناوەند | ٩ |
| تێلیگرام | ١٥ | ٢،٩ | ١٠٣ | ١٣،٧ | ١٢٢ | ١٤ | ١،٥٥ | ٠،٦١١ | ٠،٠٥ | مامناوەند | ٧ |
| تویتەر | ٢٨ | ٥،٢ | ١٠٩ | ١٤،٥ | ١٠٣ | ١١،٩ | ١،٦٩ | ٠،٦٧١ | ٠،٠٥ | مامناوەند | ٦ |
| ڤایبەر | ٨٢ | ١٥،٢ | ٥٥ | ٧،٣ | ١٠٣ | ١١،٩ | ١،٩١ | ٠،٨٧٥ | ٠،٠٦ | مامناوەند | ٣ |
| کۆی گشتی | ٥٣٨* | ١٠٠ | ٧٥٣ | ١٠٠ | ٨٦٩ | ١٠٠ | | | | | |

خشتەی (٣) نیشانیدەدات، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی بەکارهێنانیان بۆ سۆشیال میدیا بە پلەی یەکەم بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٢,٥٧)، لادانی پێوەری (٠,٥٨٩)، گرنگی ڕێژەیی (٠,٠٨) و ئاستی گرنگی بەرز، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە سامپڵی توێژینەوەکە لەناو پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیادا زیاتر فەیسبووک بۆ مەبەستە دیاریکراوەکانیان بەکاردەهێنن، ئەم ئەنجامە نموونەیەکی بچووککراوەی ئاستی بەرزی بەکارهێنەرانی فەیسبووکە لای زۆرینەی بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لە هەرێمی کوردستاندا و ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەمان، هەروەها سناپچات بەپلەی کۆتایی دێت لە ڕیزبەندی بەکارهێنان لای سامپڵی توێژینەوەکە، بە نێوەندی ژمێرەیی (١،٢٥)، لادانی پێوەری (٠,٥٨٩)، گرنگی ڕێژەیی (٠,٠٤) و ئاستی گرنگی مامناوەند و پلەی نۆیەم، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سروشت و تایبەتمەندی کاری دەستەبژێرێک لە بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیایە لە هەرێمی کوردستاندا، کە کەمتر پلاتفۆڕمەکانی تایبەت بە وێنە و بابەتەکانی کات بەسەربردن بەکاردەهێنن.

پەیوەندیدار بە ڕیزبەندی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی دیکەوە، لای سامپڵی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت واتسئاپ لە ڕیزبەندی دووەمی بەکارهێنان، ڤایبەر لە ڕیزبەندی سێیەم، ئینستاگرام لە ڕیزبەندی چوارەم، یوتیوب وەک سەکۆیەکی ڤیدیۆیی لە ڕیزبەندەی پێنجەمە، هاوکاتیش تویتەر لە ڕیزبەندی شەشەمی بەکارهێنانە، ئەگەرچی وەک لە بەشی تیۆریدا خراوەتەڕوو؛ پلاتفۆڕمێکی شێرگیرە و ناسراوە زیاتر دەستەبژێرە سیاسییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی کورت

* سامپڵی توێژینەوەکە بۆیان هەبووە لە بژاردەیەک زیاتر هەڵبژێرن؛ هەربۆیە ژمارەکە زیادی کردووە.

بەکاریدەهێن، بەڵام ئەم ڕاستییە تائەندازەیەک لای دەستەبژێری دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان پێچەوانەیە، هەرچی پلاتفۆرمی تێلیگرامە ڕیزبەندی حەوتەمی بەکارهێنانی لای سامپڵی توێژینەوەکە وەرگرتووە.

خشتەی (٤)

ڕۆژانەی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە

| ڕیزبەندی | ڕێژەی سەدی | دووبارەبونەوە | بڕگەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| ٢ | ١٦,٦ | ٤٠ | کەمتر لە یەک کاتژمێر |
| ١ | ٦٤,٢ | ١٥٤ | لەیەک کاتژمێر بۆ دوو کاتژمێر |
| ٣ | ١٤,٢ | ٣٤ | لەسێ کاتژمێر بۆ چوار کاتژمێر |
| ٤ | ٥ | ١٢ | لەپێنج کاتژمێر زیاتر |
|  | ١٠٠ | ٢٤٠ | کۆی گشتی |

خشتەی (٤) تایبەتە بە کاتژمێری بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە، تێیدا دەردەکەوێت پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٦٤،٢٪) بە دووبارەبوونەوەی (١٥٤) کەس ڕۆژانە یەک بۆ دوو کاتژمێر پلاتفۆرمەکان بەکاردەهێنن، هاوکات پلەی دووەم و ڕێژەی (١٦،٦٪) بە دووبارەبوونەوەی (٤٠) کەس ڕۆژانە کاتژمێرێک کەمتر بەکاریدەهێنن، (١٤،٢٪) و بە دووبارەبوونەوەی (٣٤) کەس ڕۆژانە سێ بۆ چوار کاتژمێر سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، (١٢) کەسیش کە ڕێژەی (٥٪)ی بەرتوێژان پێکدەهێنێت ڕۆژانە لە پێنج کاتژمێر زیاتر سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن.

بەشێوەیەکی گشتی، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە، ڕۆژانە یەک بۆ دوو کاتژمێر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنی سروشتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە، کە زۆرینەیان سەرەڕای بەرپرسیارێتیان لەناو دەسەڵاتە فەرمییەکان و کاتێکی گونجاویان بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا تەرخانکردووە بە ئامانجی پەیوەندیگرتن لەگەڵ بەکارهێنەران و ئاگاداربوون لە باس و خواسی ڕۆژانە و خواست و داواکاری هاوڵاتیان.

خشتەی (٥)

دیارترین ئەو بابەتانەی لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە جێی بایەخن لە سۆشیال میدیادا

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| سیاسی | ٤٨ | ٢٠ | ١ |
| کۆمەڵایەتی | ٢٧ | ١١,٣ | ٤ |
| ئابوری | ٣١ | ١٢,٩ | ٣ |
| یاسایی ودەستوری | ٧ | ٢,٩ | ١٠ |
| وەرزشی | ١٢ | ٥ | ٨ |
| تەندروستی | ٢٥ | ١٠,٤ | ٥ |
| ئاینی | ١٤ | ٥,٨ | ٦ |
| کلتوری | ٤٠ | ١٦,٧ | ٢ |
| ڕۆشنبیری | ١١ | ٤,٦ | ٩ |
| ژینگە | ١١ | ٤,٦ | ٩ |
| هونەری | ١ | ٠,٤ | ١١ |
| سەربازی | ١٣ | ٥,٤ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (٥) نیشانیدەدات؛ بە پلەی یەکەم دیارترین ئەو بابەتانەی جێی بایەخن لە سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە بابەتە سیاسیەکانن، بە ڕێژەی (٢٠٪) و دووبارەبوونەوەی (٤٨) کەس پلەی یەکەمی بایەخبەندی لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە، ئەمەش ئاماژەیەکی تەواو دروستی ژینگەی میدیاییە لەهەرێمی کوردستاندا، کە پرسە سیاسییەکان پانتاییەکی فراوانی بایەخبەندیان لای وەرگران دروستکردووە، ئەم ئەنجامە تا ئەندازەیەک ڕەنگدانەوەی سروشتی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە لە هەرێمی کوردستاندا، کە بەردەوام گفتوگۆ و کێشمەکێشمەکان سیاسیی و گوزارشتن لە ململانێ پارتەکان و کارەکتەرە سیاسیەکان، بەشێوەیەک زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکەش بایەخ بە بابەتە سیاسیەکان و هەواڵ و زانیاری دامەزراوەکانی حوکمڕانی و حکومەت دەدەن، لەم ڕاستییەوە دەردەکەوێت سۆشیال میدیا وەک ئامرازێکی سیاسی و پەیوەندی سیاسی لەناو کایەی گشتی هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵ دەگێڕێت و کاریگەری لەسەر تاک، گروپ و دامەزراوەکانی حوکمڕانی جێهێشتووە و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری سیاسی هەبووە، ئەم ئەنجامەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە سەبارەت بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانیی دروست، کە زیادبوونی بەشداریی سیاسییە لە پرۆسەی حوکمڕانیدا.

لەلایەکی دیکە، کەمترین ڕێژەی بایەخی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بابەتە هونەرییەکانە، کە تەنها ڕێژەی (٤،٠٪)ی کۆی بەشداربووانی وەرگرتووە، ئەم ئەنجامەش ڕەنگدانەوەی سروشتی سامپڵی توێژینەوەکەیە، کە بەهۆی تایبەتمەندی ئەرکەکانیان زیاتر بایەخ بە پرسە سیاسییەکان و چەند بوارێکی دیکە، لە دەرەوەی بابەتە هونەرییەکان دەدەن. پەیوەست بە بایەخی سامپڵی توێژینەوەکە بە بابەتە یاسایی و دەستوورییەکان، جێگەی سەرنجە، لە کاتێکدا نزیکەی (٥٠٪)ی بەشداربووان دابەشبوون بەسەر پەرلەمانتاران و وەزیرەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و چالاکوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەشێکیان پارێزەرن، بەڵام بایەخیان بۆ پرسە یاسایی و دەستوورییەکان لاوازە، ئەمە لەکاتێکدایە یەکێک لە نیشانەکانی لاوازی بنەماکانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا؛ نەبوونی سەروەری یاسا و دەستوور و کارنەکردنە بە دەقە یاساییەکان و ڕێنماییەکان.

خشتەی (٦)

دیارترین ئەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانەی کە سامپڵی توێژینەوەکە، بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا پشتییپێدەبەستن

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| کۆمپیوتەری ئاسایی | ١٥ | ٦,٣ | ٥ |
| لاپتۆپ | ٢٥ | ١٠,٤ | ٣ |
| تابلێت | ١٨ | ٧,٥ | ٤ |
| مۆبایلی زیرەک | ١٤٨ | ٦١,٦ | ١ |
| هەموویان | ٣٤ | ١٤,٢ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

خشتەی (٦)، لەبارەی ئەو ئامرازانەی سامپڵی توێژینەوەکە پشتیپێدەبەستن بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٦١،١٪) و دووبارەبوونەوەی (١٤٨) کەس لەڕێی مۆبایلی زیرەک و شاشە بچوکەکانەوە بەکارهێنەری پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیان، دواتر هەموو ئامرازەکان بەسەریەکەوە (مۆبایل و کۆمپیوتەری ئاسایی و لاپتۆپ و تابلێت) بە ڕێژەی (١٤،٢٪) و دووبارەبوونەوەی (٣٤) کەس پلەی دووەمی وەرگرتووە، هەروەها لاپتۆپ بە ڕێژەی (١٠،٤٪) و دووبارەبوونەوەی (٢٥) کەس بە پلەی سێیەم و ئامێری تابلێت بە ڕێژەی (٧،٥٪) پلەی چوارەم و کۆمپیوتەری ئاسایی بە ڕێژەی (٦،٣٪) و دووبارەبوونەوەی (١٥) کەس پلەی کۆتایی وەرگرتووە.

ئەنجامی گشتی خشتەکە دەریدەخات؛ بە پلەی یەکەم و دیارترین ئەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانەی کە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا سامپڵی توێژینەوەکە پشتیپێدەبەستن؛ مۆبایلی زیرەکە، ئەمەش دەرئەنجامی ئاسایی بەکارهێنانی مۆبایل و شاشە بچوکەکانە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە و ڕەنگدانەوەی وێنە گەورەکەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیایە لە هەرێمی کوردستاندا.

خشتەی (٧)

شوێنی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ماڵ | ٢٠٤ | ٨٥ | ١ |
| شوێنی کار | ٢٠ | ٨,٣ | ٢ |
| شوێنە گشتییەکان | ١٦ | ٦,٧ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت، لە دیارترین ئەو شوێنانەی کە بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە بەکارهێنراون؛ ماڵ و شوێنی تایبەتی ژیانی بەشداربووانە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەروو، کە زۆرینەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە لە سروشتی ماڵ و لە دەرەوەی شوێن و کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکە گشتیەکان، کاتی تایبەتی خۆیان بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا تەرخاندەکەن.

خشتەی (٨)

ئاستی بەشداریکردن بە کۆمێنت و کاردانەوە لەسەر ناوەڕۆکی هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٩١ | ٣٧,٩ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٢٦ | ٥٢,٥ | ١ |
| بەدەگمەن | ٢٣ | ٩,٦ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

خشتەی (٨)، پەیوەندیدارە بە ئاستی بەشداریکردنی سامپڵی توێژینەوەکە بە کۆمێنت و کاردانەوە بە شێوەی لایک و هاوبەشیکردن لەسەر ناوەڕۆکی ئەو زانیاری و هەواڵانەی لەسەر ڕووپەڕی گشتی دەردەکەون؛ زۆرینەی بەشداربووان بە ڕێژەی (٥٢،٥٪) و دووبارەبوونەوەی (١٢٦) کەس، هەندێکجار کاردانەوەیان هەیە، ڕێژەی (٣٧،٩٪) و دووبارەبوونەوەی (٩١) کەس بە بەردەوام کاردانەوەیان هەیە، لە بەرامبەردا ڕێژەی (٩،٦٪) و دووبارەبوونەوەی (٢٣) کەس بە دەگمەن کاردانەوەیان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکان هەیە.

بەپێی ئەنجامی گشتی خشتەکە دەردەکەوێت؛ ئاستی بەشداریکردن بە کۆمێنت و کاردانەوەی جیاواز لەسەر ناوەرۆکی هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە، بە ڕێژەیەکی بەرز لە بەردەوام و هەندێکجاردا ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ کارایی سامپڵی توێژینەوەکە بە کارلێک و کاردانەوە و بەشداریکردن بە سەرنجدان و هاوبەشیکردن لەسەر ناوەرۆکی هەواڵ و زانیارییەکان، بە دیوێکی دیکەدا، نیشانەیەکی ئەرێنییە کە زۆرینەی کارەکتەرەکانی دامەزراوە فەرمییەکان لەڕێگەی سەکۆکانی سۆشیالمیدیاوە پەیوەندی و کارلێکیان لەگەڵ بەکارهێنەران هەیە و ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی بەدەمەوەچون و وەڵامدانەوەی دامەزراوەکان لەگەڵ هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

خشتەی (٩)

گرنگیدان بە دابەزاندن و ئەرشیفکردنی بابەتی بڵاوکراوەکان لەسەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بۆ دووبارە بینینەوە وخوێندنەوە و گوێگرتن لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٧٩ | ٣٢,٩ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٤٤ | ٦٠ | ١ |
| بەدەگمەن | ١٧ | ٧,١ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٩) دەردەکەوێت؛ گرنگیدان بە دابەزاندن و ئەرشیفکردنی بابەتی بڵاوکراوە لەسەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە بە مەبەستی دووبارە بینینەوە و خوێندنەوە و گوێگرتن لەکاتی گونجاودا، زیاتر لە بەردەوام و هەندێکجاردا ڕەنگیداوەتەوە، بەشێوەیەک بە ڕێژەی (٦٠٪) و دووبارەبوونەوەی (١٤٤) کەس هەندێکجار سود لە تایبەتمەندییە ئەرشیفییەکانی سۆشیال میدیا وەردەگرن، بە پلەی دووەم و ڕێژەی (٣٢،٩٪) و دووبارەبوونەوەی (٧٩) کەس بەشێوەیەکی بەردەوام، تەنها ڕێژەی (٧،١٪) و (١٧) کەس بە دەگمەن سوود لەم تایبەتمەندی و کارئاسانییەی سۆشیال میدیا وەردەگرن، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی، ئاماژەیەکی ئەرێنییە لای سامپڵی توێژینەوەکە، کە کاتێک زانیارییەکی پێویست دەبینن و لەو کاتەدا بواری خوێندنەوە و گوێگرتن و بینینیان نییە، لای خۆیان دەیپارێزن و ئەرشیفی دەکەن، بۆئەوەی کاتێکی تر سوود لەناوەڕۆکی ئەو زانیارییە وەربگرن.

خشتەی (١٠)

ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ١٤٠ | ٥٨,٣ | ١ |
| هەندێکجار | ٨٥ | ٣٥,٤ | ٢ |
| بەدەگمەن | ١٥ | ٦,٣ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

وەک لە خشتەی (١٠) دا دەردەکەوێت؛ ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لای سامپڵی توێژینەوەکە، بە بەردەوامی و هەندێکجار لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، کە دەکاتە ڕێژەی (٩٣،٧٪)ی بەشداربووان، بەشێوەیەک (١٤٠) کەس و بە ڕێژەی (٥٨،٣٪) بە بەردەوامی فەیسبووک بەکاردەهێنن و (٨٥) کەس و بەڕێژەی (٣٥،٤٪) هەندێجار، ئەوانەی بە دەگمەنیش فەیسبووک بەکاریدەهێنن تەنها (١٥) کەسن، کە دەکاتە ڕێژەی (٦،٣٪)ی کۆی سامپڵی توێژینەوەکە.

ئەنجامی گشتی دەردەکەوێت، زۆرینەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە پەیوەست بە دەستەبژێرێک لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک، کە کارەکتەرە دیارەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکانن، بەشێوەیەک بە ئاستی فراوان بەکارهێنەری ئەو پلاتفۆرمەن

و سۆشیال میدیا، وەک ئامرازێکی سیاسیی و پەیوەندی سیاسیی بەکاردەهێنن، ئەمەش مانای ئەوەیە فەیسبووک بووەتە پردی پەیوەندی لەنێوان بڕیاربەدەستان و هاوڵاتیان و ئامرازێکی تەواوکار و یاریدەدەرە هاوشانی دامەزراوەکانی دیکەی میدیا و حوکمڕانی ڕۆڵ دەگێڕێت لە پرۆسەی سیاسیدا.

خشتەی (١١)

مەبەستی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بۆ زانینی هەواڵ و زانیارییەکان | ٣٧ | ١٥,٤ | ٣ |
| بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداو و بابەتەکان | ٣٢ | ١٣,٣ | ٤ |
| بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوڕێیانم | ٤٨ | ٢٠ | ١ |
| بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆم | ١٦ | ٦,٧ | ٦ |
| بۆ خستنەڕووی چالاکییەکانم | ٤١ | ١٧,١ | ٢ |
| بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەکانم | ١٩ | ٧,٩ | ٥ |
| بۆ کۆمێنت و لایککردن و شەیرکردنی بابەتەکان | ٣٢ | ١٣,٣ | ٤ |
| بۆ کات بەسەربردن | ١٥ | ٦,٣ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت؛ بە پلەی یەکەم هۆکاری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە، بۆ گرێدان و بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە لەگەڵ هاوڕێیان و بەکارهێنەرانی دیکە بە ڕێژەی (٢٠٪)، پلەی دووەم لە مەبەستی بەکارهێنانی فەیسبووک بە ڕێژەی (١٧،١٪) بۆ خستنەڕووی چالاکییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەیە، لەبارەی پلەی سێیەم کە ڕێژەی (١٥،٤٪)ە بۆ زانینی هەواڵ و زانیارییەکانە.

ئەوەی لە ئەنجامی گشتی ئەم خشتەدا دەخوێندرێتەوە، زۆرینەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە فەیسبووک بۆ مەبەستەکانی پەیوەندیکردن، بڵاوکردنەوەی چالاکییەکان، زانینی هەواڵ و زانیارییەکان، ئاگاداربوون لە ڕووداو و بابەتەکانی ڕۆژ بەکاردەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا کارلێک و کاردانەوەیان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی دیکەی بەشداربووان بە کۆمێنت و لایک و دووبارە بڵاوکردنەوە هەیە، بە خوێندنەوەیەکی دیکە مانای پشت مەبەستەکانی بەکارهێنانی ئەم پلاتفۆرمەی سۆشیال میدیا نیشانەی ئەرێنییە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە کارا و چالاکن لە بەکارهێنانی فەیسبووک، وەک سەکۆیەکی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و کاریگەری دانان لەسەر خۆیان و ژینگەی دەوروبەریان، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە سروشتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لای سامپڵی توێژینەوەکە لە جیهانی گریمانەییدا زاڵە و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووە.

خشتەی (١٢)

ئاستی پشتبەستن بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بۆ بڵاوکردنەوە و ئاڵوگۆڕی هەواڵ و زانیاری پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٥٦ | ٢٣٫٣ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٤٩ | ٦٢٫١ | ١ |
| بەدەگمەن | ٣٥ | ١٤٫٦ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت؛ ئاستی پشتبەستن بەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بۆ بڵاوکردنەوە و ئاڵوگۆڕی هەواڵ و زانیاری پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە، زیاتر ڕەنگدانەوەی بژاردەکانی هەندێکجار و بەردەوامە، بەشێوەیەک (٦٢،١٪) سامپڵی توێژینەوەکە دەڵێن؛ هەندێکجار بایەخ بەو پرسە دەدەن، ڕێژەی (٢٣،٣٪) وەڵامەکەیان بە بەردەوام بایەخ بە بابەتەکانی حوکمڕانیی دروست لە ڕێی فەیسبووکەوە دەدەن، لە بەرامبەردا (١٤،٦٪) بە دەگمەن بایەخ بەو پرسە دەدەن. بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە جەختکردنەوەیە لە بایەخی زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ زانیاری و هەواڵی پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست، ئەمەش نیشانەیە بۆ بەرزی ئاستی بایەخی سامپڵی توێژینەوەکە بە تۆڕی فەیسبووک وەک یەکێک لەسەرچاوەکانی گەیشتن بە هەواڵ و زانیاری پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.

خشتەی (١٣)

ئاستی متمانەی سامپڵی توێژینەوەکە بەو هەواڵ و زانیاری و دەربڕینانەی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٣٥ | ١٤٫٦ | ٣ |
| هەندێکجار | ١٦٧ | ٦٩٫٦ | ١ |
| بەدەگمەن | ٣٨ | ١٥٫٨ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بە گوێرەی ئەنجامی خشتەی (١٣) دەردەکەوێت ئاستی متمانەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە بەو هەواڵ و زانیاری و دەربڕینانەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پەیوەست بەحوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە؛ زیاتر ڕەنگدانەوەی بەردەوام و هەندێکجارە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سامپڵی توێژینەوەکە، بە ئاستێکی بەرچاو متمانە دەکەن بەو هەواڵ و زانیاری و دەربڕینانەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە. ئەم ئەنجامە لە کاتێکدایە حاڵەتەکانی خراپ بەکارهێنانی

پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک لە ژینگەی سیاسیی و میدیایی هەرێمی کوردستاندا بەربڵاوە، ئەمەش بەو مانایەی زۆرجار زانیارییە بڵاوکراوەکان ناڕاستن و وەک ململانێی سیاسیی و کێبڕکێ و شکاندنی پارتەکان و کارەکتەرەکان بەکاردەهێندرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتیەکان بۆ کەمبوونەوەی متمانەی هاوڵاتیان بە دامەزراوە گشتییەکان؛ گەندەڵی بەربڵاو و کەمی خزمەتگوزاری گشتییە، هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە، کاتێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک زانیاری دەربارەی گەندەڵی دامەزراوەکان و خراپی ئاستی خزمەتگوزارییەکان بڵاودەبێتەوە، بەکارهێنەران متمانەی پێدەکەن و دەبنە جێی بایەخیان.

خشتەی (١٤)

ئاستی گرنگیدان بە هەواڵ و زانیاری پەیوەست بەحوکمڕانیی دروست لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٦٣ | ٢٦,٣ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٥١ | ٦٢,٩ | ١ |
| بەدەگمەن | ٢٦ | ١٠,٨ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٤) دەردەکەوێت، ئاستی گرنگی دان بە هەواڵ و زانیاری لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە؛ زیاتر ڕەنگدانەوەی بەردەوام و هەندێکجارە، لە بەرامبەردا تەنها ڕێژەی (١٠,٨٪) و دووبارەبوونەوەی (٢٦) کەس بە دەگمەن بەر بابەتە پەیوەندیدارەکانی حوکمڕانیی دروست دەکەون، ئەم ئەنجامە نیشانیدەدات سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز گرنگیدەدەن بە هەواڵ و زانیاری و دەربڕین لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پەیوەست بە بنەما و ئاستەنگەکانی بەردەم حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا، لەلایەکی دیکە بەپێی سروشتی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا زانیارییەکان خێرا بڵاودەبنەوە و بە زوویی دەستاودەستە دەکەن لەناو بەکارهێنەراندا، هەربۆیە زۆرجار ئەو زانیاریانەی پەیوەندیدارن بە خراپی ئەدائی دامەزراوەکان و حکومەت جۆرێک لە ڕایگشتی هەفتانە و مانگانە لەناو بەکارهێنەران دەخوڵقێنێت و هەڵمەت و دەنگدانەوەی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە بێگومان ئەم کاردانەوانە لە دنیای خوازەییدا؛ ڕەنگدانەوەی لە دنیای واقیعیش دروست دەکات.

خشتەی (١٥)

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بووەتە ئامرازێک بۆ خستنەرووی هەواڵ و زانیاری پەیوەست بە هۆشیارکردنەوەی تاک و گرووپ سەبارەت بە سەروەری یاسا لەهەرێمی کوردستاندا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٣٩ | ١٦,٣ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٦٩ | ٧٠,٤ | ١ |
| بەدەگمەن | ٣٢ | ١٣,٣ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٥) دەردەکەوێت، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەئاستێکی دیار بووەتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ خستنەرووی هەواڵ و زانیاری پەیوەست بە هۆشیارکردنەوەی تاک و گروپ سەبارەت بە سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سامپڵی توێژینەوەکە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک یەکێک لە ئامرازە میدیاییە یارمەتیدەرەکان بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکەکانیان وەک بەشێک لە بنەماکانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا سەیردەکرێن، بەتایبەت کە سەروەری یاسا بنەمایەکی بنچینەیی حوکمڕانیی دروستە و ئاستەنگەکانی بەردەم دەسەڵاتی قەزا و دادگاکان و جێبەجێنەکردنی یاساکانی پەرلەمان و هەژموونی حیزب بووەتە دیاردەیەکی نەخوازراو لەناو پرۆسەی حوکمڕانی هەرێمدا، بەشێوەیەک بەکارهێنەران کاردانەوەیان ئەو بابەتانە زیاترە و جۆرێک لە کۆدەنگی لەناو بەکارهێنەران دروستکردووە.

خشتەی (١٦)

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هانی سامپڵی توێژینەوەکە دەدات، بۆ بەشداری سیاسیی لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٧٨ | ٣٢,٤ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٣٥ | ٥٦,٣ | ١ |
| بەدەگمەن | ٢٧ | ١١,٣ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

خشتەی (١٦) نیشانیدەدات، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٥٦،٣٪) و دووبارەبوونەوەی (١٣٥) کەس هەندێجار وایدەبینن فەیسبووک، وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن بۆ بەشداری زیاتر لە کاروباری سیاسیی هانیاندەدات، بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی (٣٢،٤٪) و دووبارەبوونەوەی (٧٨) کەس دەڵێن بەردەوام فەیسبووک بۆ بەشداری سیاسیی هانیاندەدات، لەبەرامبەردا تەنها (٢٧) کەس و (١١،٣٪)ی سامپڵەکە دەڵێن بە دەگمەن فەیسبوک هۆکارە بۆ کاراکردنی پرۆسەی بەشداری

سیاسیی. لەو ئەنجامەوە دەردەکەوێت بە ئاستێکی بەرز سامپڵی توێژینەوەکە لەڕێی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک بۆ بەشداری سیاسی هان دەدرێن، ئەمەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی سەرنج و تێبینیەکانیان، دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان، کۆمێنت نووسین لەسەر ناوەڕۆکی بیروڕای ئەوانی دیکە، بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەسامپڵی توێژینەوەکە کەناڵێکی پەیوەندیکردنی بەهێزیان لەگەڵ دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

خشتەی (١٧)

ئاستی کارلێکردن لە ڕێی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک سەبارەت بەشەفافیەت و بە دەستهێنانی زانیاری پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا لەلایەن بەرتوێژانی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٦٣ | ٢٦,٣ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٥١ | ٦٢,٩ | ١ |
| بەدەگمەن | ٢٦ | ١٠,٨ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

ئەنجامی خشتەی (١٧) نیشانیدەدات، سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز کارلێک لەگەڵ تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک سەبارەت بە شەفافیەت و بەدەستخستنی زانیاری پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا دەکات، ئەمەش ئاماژەی ئەرێنییە، کە ئەو دەستەبژێرە لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک واقیعیانە کاردانەوەیان لادروست دەبێت لە بەکارهێنانی تۆڕی فەیسبووک بۆ پرسە سیاسییەکان و ئەو زانیارییانەی پەیوەندیدارن بە ژیانی گشتی، هاوکات خەملاندنی سەرەتایی بۆ بۆچوونی ئەندامانی دیکەی تۆڕی فەیسبووک لەسەر بابەتە گشتیەکان دەکەن، کە ئاستی زانیاری و کاردانەوەکان وەک جۆرێک لە ڕای گشتی ئەلیکترۆنی پێوانەی ڕای گشتی ڕاستەقینەی هاوڵاتیانی پێدەکرێت، لەسەر ئەو بابەتانەی جێی بایەخی دامەزراوەکانی حوکمڕانی و پارت و ئامرازەکانی میدیان، لە دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا دەردەکەوێت فەیسبووک وەک بەربڵاوترین پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا لە هەرێمی کوردستاندا؛ بووەتە ئامرازێکی یارمەتیدەر هاوشانی دامەزراوەکانی دیکەی میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و گەیاندنی خێرای ڕووداوەکان، کە زۆرجار لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتە فەرمییەکانەوە، وەک ئاوێنەی واقیعی خواست و داواکاری و کاردانەوەی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لێی دەڕواندرێت.

خشتەی (١٨)

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و خستنە ژێر بەرپرسیارێتی دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی پەیرەوکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی دروست لەلایەن بەرتوێژانی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٨٤ | ٣٥ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٣٧ | ٥٧,١ | ١ |
| بەدەگمەن | ١٩ | ٧,٩ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٨) دەردەکەوێت، کە سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز دەڕواننە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و خستنە ژێر بەرپرسیارێتی کارەکتەرەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی ڕەنگدانەوەی هەستی بەرپرسیارێتی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان و پەیرەوکردنی بەشێک لە بنەماکانی حوکمڕانیی دروست، بەشێوەیەک بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (٥٧،١٪)ی بەشداربووان بۆچوونیان وایە هەندێکجار تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک، وەک ئامرازێکی فشاری جەماوەری کاریگەری هەیە لەسەر خستنەژێر بەرپرسیارێتی کارەکتەرەکانی حوکمڕانی بۆ لێپرسینەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی پێهەستانی خزمەتگوزارییەکان و کاراکردنی ئیداریی، بە پلەی دووەم و ڕێژەی (٣٥٪)ی بەشداربووان بروایانوایە بە بەردەوام فەیسبووک ئامرازێکی یارمەرتیدەرە بۆ بەهێزکردنی پایەکانی حوکمڕانیی دروست، لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی (٧،٩٪) وەڵامەکانیان نەرێنییە، بەو مانایەی فەیسبووک بە دەگمەن ڕۆڵی ئەرێنی لە چارەسەری کێشەکان و چەسپاندنی حوکمڕانیی دروست دەبینێت، ئەم بۆچوونەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستیەیە کە ئەگەر پلاتفۆڕمەکانی فەیسبووک بەشێوەیەکی دروست بەکارنەهێندرێن، بەپێچەوانەوە دەبنە سەکۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری ساختە و زەمینەسازی بۆ ناسەقامگیری سیاسی و قوڵکردنەوەی کێشە و ململانێی پارت و کەسایەتیە سیاسیەکان، کە دواجار بە زیان بۆ پرۆسەی حوکمڕانی و دروستکردنی کۆدەنگیی نیشتیمانی دەشکێتەوە؛ بە واقعیش دۆخی خراپ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک لە هەرێمی کوردستاندا لە ژینگەی سیاسی و کێبڕکێی پارتەکان بوونی هەیە و زۆرجار کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی پێهەستانی دامەزراوەکان و باڵادەستبوونی گوتاری حیزبی بەسەر ئەرکەکانی دامەزراوە فەرمییەکان جێهێشتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی سامپڵی توێژینەوەکە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە کارا و کاریگەر دەزانن، بۆ ڕەنگدانەوەی هەستی بەرپرسیارێتی لە مامەڵەکردن لەسەر پرسە سیاسییەکان و فشارکردن بۆ گۆڕینی بڕیار و هەڵوێستە سیاسیەکان بە قازانجی بەرژەوەندی گشتی، لەژینگەی میدیایی و سیاسیی هەرێمی کوردستاندا.

خشتەی (١٩)

تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک بووەتە ئامرازێکی یاریدەدەر بۆ خستنەرووی دۆسییەکانی گەندەڵی و فشار دروستکردن لەسەر کاربەدەستان و دامەزراوە و خاوەن بەرژەوەندییەکان لەلای سامپڵی توێژینەوەکەوە

| برگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٩١ | ٣٧,٩ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٢١ | ٥٠,٤ | ١ |
| بەدەگمەن | ٢٨ | ١١,٧ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بە گوێرەی ئەنجامی خشتەی (١٩) دەردەکەوێت، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆچوونیان وایە، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک ئامرازێکی یاریدەدەر بۆ خستنەرووی دۆسیەکانی گەندەڵی ڕۆڵی بینیووە، هاوکات بەکارهێنەران لەڕێی ئەو پلاتفۆرمەی سۆشیال میدیاوە بە ڕەخنەکردنی زیاتری حاڵەتەکان و ئاشکراکردن و دەستاودەستکردنی؛ بوونە هۆکاری فشاردروستکردن لەسەر کاربەدەستان و دامەزراوە و خاوەن بەرژەوەندییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ زیاتر دزێوکردنی دیاردەکە و بەگژداچوونەوەی، ئەمەش ئاماژەیە کە سامپڵی توێژینەوەکە ئەو تێڕوانینەیان لادروست بووە، کە ئەگەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەشێوەیەکی دروست بەکاربهێندرێت؛ دەبێتە کەناڵێکی میدیایی کارا لە پێناو بنەبڕکردنی گەندەڵی و ئامرازێکی جەماوەری بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زیاتر بە ئامانجی خۆبەدوورگرتنی کاربەدەستان لە حاڵەتەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، لە کۆتایدا ڕووندەبێتەوە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک؛ دەتوانن کاریگەری ئەرێنی لەسەر سنووردارکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی دروستبکەن، بە دیوێکی دیکەدا، حوکمڕانیی دروست فەرمانڕەواییەکە دژی گەندەڵییە، کە کەمترین حاڵەتەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی تێدایە و سامانی گشتی تێدا بەفیڕۆناچێت و دەخرێتە خزمەتی کۆمەڵگەوە.

خشتەی (٢٠)

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بووەتە ناوەندێک بۆ وەڵامدانەوەی خێرای داخوازی و داواکاری بەکارهێنەران لای سامپڵی توێژینەوەکەوە

| برگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٨٥ | ٣٥,٤ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٣٦ | ٥٦,٧ | ١ |
| بەدەگمەن | ١٩ | ٧,٩ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢٠) دەردەکەوێت، سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز دەڕواننە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک کەناڵێک بۆ وەڵامدانەوەی خێرای داخوازی و داواکاری

بەکارهێنەران و کارلێک کردن لەگەڵ دامەزراوەکانی حوکمڕانی، بەشێوەیەک زۆرینەی سامپڵەکە و بە پلەی یەکەم تێڕوانیان وایە هەندێجار فەیسبووک ئەو ڕۆڵە دەبینێت بە ڕێژەی (٥٦،٧٪)ی بەشداربووان، بە پلەی دووەم بە بەردەوام فەیسبووک بووەتە ئامرازی وەڵامدانەوەی خێرا، بە ڕێژەی (٣٥،٤٪)، لە بەرامبەردا تەنها (٧،٩٪)ی ڕێژەی بەشداربووان بڕوایانوایە فەیسبووک بە دەگمەن بووەتە کەناڵێکی بۆ وەڵامدانەوەی خێرا، پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا خێرایی وەڵامدانەوەیە لەنێوان نێرەر و وەرگردا، یان بەپێچەوانەوە، هاوکات بنەمایەکی حوکمڕانیی دروستیش بوونی دامەزراوەی کارا و وەڵامدەرەوەیە بۆ خواستەکانی هاوڵاتیان، بەپێی ئەنجامی گشتی ئەم خشتەیە، سامپڵی توێژینەوەکە ئەو تێڕوانینەیان هەیە، کە فەیسبووک دەرفەتی خێرا وەڵامدانەوەی لەنێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و هاوڵاتیان چالاکتر کردووە، ئەمەش بنەمایەکە بۆ بەهێزکردنی یەکێک لە پایەکانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.

خشتەی (٢١)

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بووەتە ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ کارلێک و پەیوەندی بەردەوام لەنێوان بەکارهێنەران و دامەزراوەکانی حوکمڕانی لەلای سامپڵی توێژینەوەکەوە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٨٨ | ٣٦,٦ | ٢ |
| هەندێکجار | ١٤٢ | ٥٩,٢ | ١ |
| بەدەگمەن | ١٠ | ٤,٢ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢١) دەردەکەوێت، بە ئاستێکی بەرز تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلای سامپڵی توێژینەوەکە بووەتە کەناڵێکی یارمەتیدەر لەنێوان بەکارهێنەران و دامەزراوەکانی حوکمڕانی بۆ ڕەخساندنی کارلێک و ئاڵوگۆڕی پەیام و پەیوەندی بەردەوام لەنێوانیان، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ ئەوەی کە سامپڵی توێژینەوەکە تێڕوانینیان وایە، فەیسبووک ئامرازێکی کارا و کاریگەر و خاوەن ڕایەڵەی فراوانی پەیوەندییە لەنێوان بەکارهێنەران و دەسەڵاتداران لەهەرێمی کوردستاندا، یاخود زۆرجار وەک پردی پەیوەندی لەنێوان هاوڵاتیان و کاربەدەستان ڕۆڵدەگێڕێت و کاریگەریی لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیی هەیە، کە ئەمەش هۆکارە بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی دروست، یاخود پەیڕەویکردنی ئەو جۆرە لە حوکمڕانی، کە پێداویستی هەنووکەیی ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسیی و ئیداریی هەرێمی کوردستانە.

خشتەی (٢٢)

تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلای سامپڵی توێژینەوەکە، وەک سەکۆیەکی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری بەشداربووە لە نزیککردنەوەی بۆچوون و دیدگا جیاوازەکان بۆ دروستکردنی جۆرێک لە کۆدەنگی لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٥٨ | ٢٤,٢ | ٣ |
| هەندێکجار | ١٢٠ | ٥٠ | ١ |
| بەدەگمەن | ٦٢ | ٢٥,٨ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

ئەنجامی خشتەی (٢٢) نیشانیدەدات؛ ڕێژەی نیوەی بەشداربووان بڕوایانوایە هەندێکجار فەیسبووک کاریگەری هەبووە لەسەر نزیککردنەوەی ڕوانگە جیاوازەکان و دروستکردنی کۆدەنگی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان، هاوکات ڕێژەی (٢٤،٢٪) دووبارەبوونەوەی (٥٨) کەس دەڵێن بە بەردەوام فەیسبووک ئەو ڕۆڵەی بینیوە، لەبەرامبەریشدا یەک لەسەر چواری سامپڵی توێژینەوەکە تێڕوانینیان وایە بە دەگمەن فەیسبووک توانیویەتی ئامرازێکی یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی خاڵی هاوبەش لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان و دروستکردنی کۆدەنگی نیشتیمانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی سامپڵی توێژینەوەکە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە سەکۆیەکی کاریگەر دەزانن بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر پرسە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش لەلایەک بەشداری سیاسیی لە دنیای مەجازی و ڕەنگدانەوەی لە دنیای واقعی زیاتر دەکات، هاوکاتیش هەندێکجار هاوکارە لە دروستبوونی ڕایگشتی لەسەر ئەو پرس و بابەتانەی لای هاوڵاتیان جێی بایەخن، یاخود کۆدەنگی دروست دەکات لەسەر پرسێک و بابەتێک کە زەمینەی گفتوگۆ لەنێوان گروپە جیاوازەکان و دامەزراوەکان دەسازێنێت، بەتایبەت ئەو کاتانەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی دروست بەکاربهێندرێن، کە ئەمەش بەشێکە لە تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانیی دروست.

خشتەی (٢٣)

کاردانەوە وهەڵوێستی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کاریگەریی لەسەر گۆڕینی بڕیار و هەڵوێستەکانی سامپڵی توێژینەوەکە هەبووە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٦٠ | ٢٥ | ٢ |
| هەندێجار | ١٣٠ | ٥٤,٢ | ١ |
| بەدەگمەن | ٥٠ | ٢٠,٨ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢٣) دەردەکەوێت، کاردانەوە وهەڵوێستی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کاریگەریی لەسەر گۆڕینی بڕیار و هەڵوێست و کردارەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە هەبووە، بەشێوەیەک ڕێژەی (٥٤،٢٪) دووبارەبوونەوەی (١٣٠) کەس، بڕوایانوایە هەندێکجار فەیسبووک فاکتەری گۆڕینی هەڵوێست و بڕیارەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی و نوێنەرانی خەڵک و لایەنە پەیوەندیدارەکان بووە، ڕێژەی (٢٥٪)ش جەختدەکەنەوە بە بەردەوام فەیسبووک کەناڵی فشار بووە بۆ گۆڕانکاری لە بڕیار و ڕاسپاردەکان بە ئاراستەی وەڵامدانەوەی خەڵک، کە بەرئەنجامی ڕەخنە و کاردانەوەکانی بەکارهێنەران بووە، لەبەرامبەردا ڕێژەی (٢٠،٨٪) و دووبارەبوونەوەی (٥٠) کەس دەڵێن، بە دەگمەن تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیبسبووک ئەو ڕۆڵەی بینیووە، لە ئەنجامی گشتی سێ لەسەر چواری سامپڵی توێژینەوەکە لەو بۆچوونە نزیکن کە کاردانەوەکانی بەکارهێنەرانی فەیسبووک ئامرازی گۆڕانکاری بووە؛ لە هەڵوێست و بڕیار و ڕێکارە سیاسیی و ئیدارییەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە سەبارەت بە کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان، یاخود گۆڕانکاریکردن لە ژێر فشاری جەماوەردا، بۆ وەڵامدانەوەی خواست و داواکاری هاوڵاتیان، کە خودی حوکمڕانیی دروست بریتیە لە پەیرەوکردنی جۆرێک لە فەرمانڕەوایی کە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان دەرئەنجامی خواست و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیە.

## خشتەی (٢٤)

## بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و ئاستی هۆشیارییان لەسەر حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا

| ژمارە | سۆشیال میدیا / حوکمڕانیی دروست | لەگەڵیدام زۆر | | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدا نیم | | زۆر لەگەڵیدا نیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئاستی گرنگی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | | | | | |
| ١ | لە کاتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا ئاڵوگۆڕی زانیاری و بۆچوون و سەرنجەکانم پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لەگەڵ هاوڕێکانم دەکەم | ٧١ | ١١,٥ | ٩٨ | ١٠,٢ | ٣٧ | ٤ | ٨ | ١,٢ | ٢٦ | ٥,٩ | ٣,٧٥ | ١,٢٢٦ | ٠,٠٨ | بەرز | ٥ |
| ٢ | لە کاتی بەکارهێنانی فەیسبووکدا گفتوگۆ لەسەر بابەتی بڵاوکراوەی پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستان دەکەم | ٥٩ | ٩,٦ | ١١٤ | ١١,٩ | ٤٠ | ٤,٣ | ٤ | ٠,٦ | ٢٣ | ٥,٢ | ٣,٧٦ | ١,١٣٥ | ٠,٠٨ | بەرز | ٤ |
| ٣ | هەوڵدەدەم دیدو بۆچوونەکانم لەڕێی فەیسبووکەوە سەبارەت بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستان دا بخەمەڕوو | ٨٥ | ١٣,٨ | ١٤٠ | ١٤,٦ | ٥ | ٠,٥ | ٥ | ٠,٧ | ٥ | ١,١ | ٤,٢٣ | ٠,٧٧٢ | ٠,٠٨ | بەرز | ١ |
| ٤ | بەشداری لە هەڵمەت، یان بانگەشە و داکۆکی، یاخود ڕیکلامێکی دیاریکراو لەسەر کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا دا دەکەم. | ٤٥ | ٧,٣ | ١٠٧ | ١١,٢ | ٥٠ | ٥,٤ | ١٠ | ١,٥ | ٢٨ | ٦,٣ | ٣,٥٥ | ١,١٨٨ | ٠,٠٧ | بەرز | ٧ |
| ٥ | لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا هەوڵی بڵاوکردنەوەی بابەتی پەیوەندیدار لەسەر حوکمڕانیی دروست دەدەم. | ٩٠ | ١٤,٦ | ٩٣ | ٩,٧ | ٤٣ | ٤,٧ | ١٠ | ١,٥ | ٤ | ٠,٩ | ٤,٠٦ | ٠,٩٣٣ | ٠,٠٨ | بەرز | ٢ |
| ٦ | زۆربەی کات بابەتی بڵاوکراوەی پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لەسەر ئەکاونتی فەیسبووک وێنایەکی ئەرێنیم لا دروست دەکات و یارمەتی داوم بۆ پێشکەشکردنی پێشنیازی نوێ بۆ دامەزراوەکەم. | ٩٦ | ١٥,٦ | ٤٩ | ٥,١ | ٨٢ | ٨,٩ | ١١ | ١,٧ | ٢ | ٠,٥ | ٣,٩٤ | ١,٠٠ | ٠,٠٨ | بەرز | ٣ |

| | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | زۆربەی کات گروپەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەبنە ئامرازێک بۆ خوڵقاندنی کەشێکی لەباری سیاسیی لەسەر رەهەندی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا. | ٩٦ | ١٥,٦ | ٥٧ | ٥,٩ | ٢٨ | ٣ | ٣٧ | ٥,٦ | ٢٢ | ٥ | ٣,٧٠ | ١,٣٦٧ | ٠,٠٧ | بەرز | ٦ |
| ٨ | بەشێکی زۆری هەواڵ و زانیاریی بڵاوکراوەی پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لەسەر تۆڕی فەیسبووک بە هەڵەو ناڕاست و بێبایەخ دەزانم. | ٢ | ٠,٣ | ٨٤ | ٨,٨ | ١٠٢ | ١١,١ | ٤٩ | ٧,٤ | ٣ | ٠,٧ | ٣,١٤ | ٠,٧٨٨ | ٠,٠٦ | مامناوەند | ٨ |
| ٩ | بابەتە بڵاوکراوەکانی فەیسبوک پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست سەرنجم ڕاناکێشێت. | ٧ | ١,١ | ٣١ | ٣,٢ | ٦٣ | ٩,٥ | ١٢٤ | ١٨,٧ | ١٥ | ٣,٤ | ٢,٥٥ | ٠,٨٩٥ | ٠,٠٥ | مامناوەند | ١١ |
| ١٠ | هەواڵ و زانیاری بڵاوکراوە لەسەر فەیسبوک پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست تووشی دڵەڕاوکێی کردووم و وێنە ڕاستیەکەم بۆ ناخەنەڕوو. | ٧ | ١,١ | ٣٥ | ٣,٦ | ٧٥ | ٨,٢ | ٨٤ | ١٢,٦ | ٣٩ | ٨,٨ | ٢,٥٣ | ١,٠٢٢ | ٠,٠٥ | مامناوەند | ١٢ |
| ١١ | بابەتە بڵاوکراوەکان لەسەر فەیسبوک پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست سەرچاوەکانیان نادیارن و تەنها وەک قسەی بێ کردار ماونەتەوە. | ٦ | ١ | ٤٠ | ٤,٢ | ٧٦ | ٨,٣ | ٩٦ | ١٤,٥ | ٢٢ | ٥ | ٢,٦٣ | ٠,٩٥٠ | ٠,٠٥ | مامناوەند | ١٠ |
| ١٢ | بەهیچ شێوەیەک پشت بە هەواڵ و زانیاری پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نابەستم. | ١٨ | ٢,٩ | ٨ | ٠,٨ | ٧٨ | ٨,٥ | ٧٢ | ١٠,٨ | ٦٤ | ١٤,٥ | ٢,٣٥ | ١,١٢٨ | ٠,٠٥ | مامناوەند | ١٤ |
| ١٣ | لەڕێی پەیجەکانی فەیسبوک؛ زۆربەی کات بابەتە بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست تێگەیشتنی ئەرێنیم لا دروست ناکات. | ١٦ | ٢,٦ | ١١ | ١,١ | ١٠٧ | ١٦,١ | ٥٤ | ٨,١ | ٥٢ | ١١,٨ | ٢,٥٢ | ١,٠٨٦ | ٠,٠٥ | مامناوەند | ١٣ |
| ١٤ | بەکارهێنەر و کارەکتەرە دیارەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نەیانتوانیوە لە کایەی سیاسییدا مەعریفەی گشتی لەسەر حوکمڕانیی دروست گەشە پێبدەن. | ١٦ | ٢,٦ | ٥٣ | ٥,٥ | ٦٦ | ٩,٩ | ٦٢ | ٩,٣ | ٤٣ | ٩,٧ | ٢,٧٤ | ١,١٨٣ | ٠,٠٥ | مامناوەند | ٩ |
| ١٥ | تائێستا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک ئامرازێکی کاریگەر لەلای کارەکتەرانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بەکارنایەت بۆ پراکتیزەکردنی دیدە دروستەکان لەسەر حوکمڕانیی دروستدا. | ٣ | ٠,٥ | ٣٩ | ٤,١ | ٦٧ | ٧,٣ | ٣٨ | ٥,٧ | ٩٣ | ٢١,١ | ٢,٢٥ | ١,١٦٥ | ٠,٠٥ | مامناوەند | ١٥ |
| | **کۆی گشتی** | ٦١٧* | ١٠٠ | ٩٥٩ | ١٠٠ | ٩١٩ | ١٠٠ | ٦٦٤ | ١٠٠ | ٤٤١ | ١٠٠ | | | | | |

* سامپڵی توێژینەوەکە بۆیان هەبووە لە بژاردەیەک زیاتر هەڵبژێرن؛ هەربۆیە ژمارەکە زیادی کردووە.

**ئەنجامی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە، ڕیزبەندی پلەی بڕگەکانی خشتەی (٢٤) بەم شێوەیە هاتووە:**

- بڕگەی یەکەم: پەیوەست بە کاتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بۆچوونەکان دەربارەی حوکمڕانیی دروست لەگەڵ هاوڕێکانیان؛ بە ڕێزبەندی پێنجەم هاتوو، بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٧٥)، لادانی پێوەری (١،٢٢٦)، گرنگی ڕێژەیی (٠،٠٨) و ئاستی گرنگی بەرز، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە، بۆ ئاڵوگۆڕکردنی سەرنج و زانیاری لەسەر حوکمڕانیی دروست لەگەڵ هاوڕێکانیاندا.
- بڕگەی دووەم: پەیوەست بە کاتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی بڵاوکراوەی پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە، بە ڕیزبەندی چوارەم هاتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٧٦)، لادانی پێوەری (١،١٣٥)، گرنگی ڕێژەیی (٠،٠٨) و ئاستی گرنگی بەرز، ئەم ئەنجامە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە سۆشیال میدیا مەودای ئازادییەکان و ئازادی گفتوگۆکردنی لەناو سامپڵی توێژینەوەکە زیاتر کردووە، لەسەر پرسی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.
- بڕگەی سێهەم: بە پلەی یەکەم سامپڵی توێژینەوەکە هەوڵدەدەن دید و بۆچوونەکانیان لەڕێی فەیسبووکەوە سەبارەت بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا بخەنەڕوو، بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٢٣)، لادانی پێوەری (٠،٧٧٢)، گرنگی ڕێژەیی (٠،٠٨) و ئاستی گرنگی بەرز، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا مینەرێکن، بۆ کۆکردنەوەی دیدوبۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.
- بڕگەی چوارەم: سەبارەت بە بەشداری سامپڵی توێژینەوەکە لە هەڵمەت، یان بانگەشە و داکۆکیی، یاخود ڕیکلامێکی دیاریکراو، لەسەر کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەسەر حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، بە پلەی حەوتەمی ڕیزبەندییەکە هاتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٥٥)، لادانی پێوەری (١،١٨٨)، گرنگی ڕێژەیی (٠،٠٧) و ئاستی گرنگی بەرز، ئەمەش بە واتای ڕەخساندنی ئەو هەلەیە، کە سامپڵی توێژینەوەکە، خێراتر و ئاسانتر بە بەراورد لە میدیا کلاسیکییەکان بەشداری لەو هەڵمەت و بانگەشانەدا دەکەن، کە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا هەیە.
- بڕگەی پێنجەم: بە ڕیزبەندەی دووەم، سامپڵی توێژینەوەکە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی پەیوەندیدار لەسەر حوکمڕانیی دروست، بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٠٦)، لادانی پێوەری (٠،٩٣٣)، گرنگی ڕێژەیی (٠،٠٨) و ئاستی گرنگی بەرز، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە لە هاندانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بڵاوکردندەوەی ئەو بابەت و ناوەڕۆکانەی گوزارشت لە حوکمڕانیی دروست لەڕێگەی فەیسبوک و پلاتفۆرمەکانی دیکە دەکەن.
- بڕگەی شەشەم: پەیوەست بە دروستبوونی وێنایەکی ئەرێنی لەبارەی بابەتی پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لەڕێگەی فەیسبووک، بۆ پێشکەشکردنی پێشنیاز و ڕوانگەی نوێ بۆ

دامەزراوەکان لای سامپڵی توێژینەوەکە؛ بە ڕیزبەندی سێیەم هاتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٤)، لادانی پێوەری (١،٠٠)، گرنگی ڕێژەیی (٠،٠٨) و ئاستی گرنگی بەرز، ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و سۆشیال میدیا بە گشتی؛ ئامرازی ڕێگەخۆشکەرن بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکە و پێشنیاز و پێشکەشکردنی پرۆژەی نوێ بۆ دامەزراوەکان و باشترکردنی ئاستی پێهەستانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی.

- بڕگەی حەوتەم: لەبارەی بەکارهێنانی گروپەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، وەک ئامرازێک بۆ خوڵقاندنی کەشێکی لەباری سیاسیی لەسەر بابەتی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، بە ڕیزبەندی شەشەم لەلای سامپڵی توێژینەوەکە هاتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٧٠)، لادانی پێوەری (١،٣٦٧)، گرنگی ڕێژەیی (٠،٠٧) و ئاستی گرنگی بەرز، لەم ئەنجامەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە خزمەتگوزاری دروستکردنی گروپەکان لەناو فەیسبووکدا، ڕێگە و ئامرازێکی کارایە بۆ دەستەبەرکردنی کەشێکی گونجاو و گفتوگۆی سیاسیی لای سامپڵی توێژینەوەکە، پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.
- بڕگەی هەشتەم: لەبارەی "زۆربەی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لەسەر تۆڕی فەیسبووک بڵاودەکرێتەوە؛ بە ناڕاست و بێ بایەخ دەزانم"، لای سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕیزبەندی هەشتەم هاتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،١٤)، لادانی پێوەری (٠،٧٨٨)، گرنگی ڕێژەیی (٠،٠٦) و ئاستی گرنگی مامناوەند، ئەم ئەنجامە دووپاتکردنەوەی سروشتی بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیایە، کە زۆرجار زانیارییەکان بەهۆی ناڕاستی و نادیاری سەرچاوەکانیان سەرنجی بەکارهێنەران ڕاناکێشێت و نابنە جێی متمانەیان، ئەوەش سەلمێنەرە، کە بەشێک لە سامپڵی توێژینەوەکە متمانەیان بەو هەواڵ و زانیارییانە نییە، کە لەبارەی حوکمڕانیی دروست لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە هەرێمی کوردستاندا بڵاودەبێتەوە.
- بڕگەی نۆیەم: لەبارەی "بابەتە بڵاوکراوەکانی فەیسبووک لەبارەی حوکمڕانیی دروست سەرنجم ڕاناکێشێت." لە ڕیزبەندی یازدەهەم لای سامپڵی توێژینەوەکە هاتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٢،٥٥)، لادانی پێوەری (٠،٨٩٥)، گرنگی ڕێژەیی (٠،٠٥) و ئاستی گرنگی مامناوەند، ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنییە لە پرۆسەی باوەڕپێهێنانی سامپڵی توێژینەوەکە، بە بابەتی بڵاوکراوە لەسەر فەیسبووک و تۆڕەکانی سۆشیال میدیا، لەبارەی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.
- بڕگەی دەیەم: لەبارەی هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست؛ تووشی دڵەراوکێی و وێنە ڕاستەقینەم بۆ ناخاتەڕوو، لای سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕیزبەندی دوازدەیەم هاتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٢،٥٣)، لادانی پێوەری (١،٠٢٢)، گرنگی ڕێژەیی (٠،٠٥) و ئاستی گرنگی مامناوەند، ئەم ئەنجامە دەریدەخات لای بەشێک لە سامپڵی توێژینەوەکە بابەتەکانی حوکمڕانیی دروست کاریگەرییان تەنها لە دنیایی خوازەییدا دەمێنێتەوە و ئەم واقیعە ناگوازرێتەوە بۆ چاکسازیی سیاسیی و ئیداریی لە

هەرێمی کوردستاندا، هەربۆیە بەشێک لە هەواڵ و زانیارییەکان بوونەتە هۆکاری بێئومێدیی و نائارامی دەروونی لای بەشێکی سامپڵی توێژینەوەکە.

- بڕگەی یازدەهەم: لەبارەی بابەتە بڵاوکراوەکان پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست و نادیاریی سەرچاوەکانیان و مانەوەی بابەتەکان، وەک دروشمی بێ کردار، لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێزبەندەی دەیەم هاتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٢,٦٣)، لادانی پێوەری (٠,٩٥٠)، گرنگی ڕێژەیی (٠,٠٥) و ئاستی گرنگی مامناوەند، ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنییە بۆ ئەو کاریگەرییەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و سۆشیال میدیا لە زۆربەی بوارەکاندا هەیەتی و ڕەنگدانەوەی بەسەر بابەتی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە.
- بڕگەی دوازدەهەم: بە هیچ شێوەیەک پشت بە هەواڵ و زانیاری پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نابەستم، لای سامپڵی توێژینەوەکە ڕیزبەندی چواردەیەمی وەرگرتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٢،٣٥)، لادانی پێوەری (١،١٢٨)، گرنگی ڕێژەیی (٠,٠٥) و ئاستی گرنگی مامناوەند. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بەشێک لە سامپڵی توێژینەوەکە، پشت بە فەیسبووک و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا نابەستن لەبارەی هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.
- بڕگەی سیازدەهەم: لەبارەی (زۆربەی کات لەڕێی پەیجەکانی فەیسبووک؛ بابەتە بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست تێگەیشتنی ئەرێنیم لا دروست ناکات)، لای سامپڵی توێژینەوەکە ڕیزبەندی سیازدەهەمی وەرگرتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٢,٥٢)، لادانی پێوەری (١،٠٨٦)، گرنگی ڕێژەیی (٠,٠٥) و ئاستی گرنگی مامناوەند، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دروستبوونی وێنایەکی نەرێنی لای بەشێک لە سامپڵی توێژینەوەکە لەڕێی بابەتە بڵاوکراوەکانی فەیسبووک و سۆشیال میدیا پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست.
- بڕگەی چواردەهەم: لەبارەی (بەکارهێنەر و کارەکتەرە دیارەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نەیانتوانیوە لە کایەی سیاسییدا مەعریفەی گشتی لەسەر حوکمڕانیی دروست گەشە پێبدەن)، ڕیزبەندەی نۆیەمی لای سامپڵی توێژینەوەکە وەرگرتووە، بە نێوەندی ژمێرەیی(٢،٧٤)، لادانی پێوەری ( ١،١٨٣)، گرنگی ڕێژەیی (٠,٠٥) و ئاستی گرنگی مامناوەند، بەو واتایەی هێشتا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لای بەشێک لە سامپڵی توێژینەوەکە نەبووەتە ئامرازێکی کارای میدیایی بۆ بەکارهێنەر و کارەکتەرە دیارەکان لە کایەی سیاسیی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە مەعریفەی سیاسیی تاک و گروپەکان لەسەر حوکمڕانیی دروست گەشە پێبدەن.
- بڕگەی پازدەهەم: (تائێستا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، وەک ئامرازێکی کاریگەر لەلای کارەکتەرانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بەکارنایەت بۆ پراکتیزەکردنی دیدە دروستەکان لەسەر حوکمڕانیی دروست)، ڕیزبەندی کۆتایی و پازدەهەمی وەرگرتووە لای سامپڵی توێژینەوەکە، بە نێوەندی ژمێرەیی (٢،٢٥)، لادانی پێوەری (١,١٦٥)، گرنگی ڕێژەیی (٠,٠٥) و ئاستی گرنگی مامناوەند، ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنییە لای بەشێک لە سامپڵی توێژینەوەکە، کە سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەشێوەیەکی دروست بەکارنەهاتووە بۆ پەرەپێدانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.

بەشێوەیەکی گشتی بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٢٤) دەردەکەوێت، کە سامپڵی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم هەوڵدەدەن دید و بۆچوونەکانیان لەڕێی فەیسبووکەوە سەبارەت بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا بخەنەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەئاگایی و گرنگیدان و پەیوەست بوونی دەستەبژێرێک لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک بە یەکێک لە دیارترین پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، کە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە، بۆ دەربڕینی دیدەکانیان لەمەڕ پرسی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها بە پلەی کۆتایی لای بەشێک لە سامپڵی توێژینەوەکە ئاماژە بەوەدراوە؛ کە تائێستا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک ئامڕازێکی کاریگەر لەلای کارەکتەرەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بەکارنەهاتووە، بۆ پراکتیزەکردنی دیدە دروستەکان لەسەر حوکمڕانیی دروست، ئەم ئەنجامەش پشتگیری ئەو بۆچوونانە دەکات، کە هەندێکجار لە ناوەندی زانستی و سیاسیەکان ئاماژە بەوە دەدرێت سۆشیال میدیا ناتوانێت کاریگەری ڕاستەخۆ لەسەر گۆڕانکارییە سیاسیەکان دابنێت، بەڵکو تەنها توڕەیی و ئاستی ڕەخنەکانی هاوڵاتیان لە سەکۆکانی ئینتەرنێتدا قەتیس دەکات و ئەو نارەزایەتییە نابێتە کردار لە ژیانی سیاسییدا؛ هەربۆیە زۆرجار کارەکتەرەکانی دەسەڵات، تەنها وەک ڕووداوی ڕۆژ مامەڵە لەگەڵ هەڵمەتەکانی فەیسبووک و سەکۆکانی دیکەی سۆشیال میدیا دەکەن و دواتر بیردەچنەوە.

**سێیەم/ تاقیکردنەوەی گریمانەکان و شیکردنەوەیان:**

**گریمانەی یەکەم/ پەیوەندی ئاماژەی ئاماریی لەنێوان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا وحوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا:**

خشتەی ژمارە (٢٥)

هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا

| بەکارهێنان / حوکمڕانیی دروست | هاوکێشەی پەیوەستی سپیرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| سۆشیال میدیا | ٠,٩٩٨ | ٤٠,٤٧ | ١٣,١١٢ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٥) نیشانیدەدات، کە هاوکێشەی پەیوەستی لەنێوان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، بە بەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠,٩٩٨) و بەناوەندی ژمێرەیی (٤٠,٤٧) و لادانی پێوەری (١٣,١١٢) و بەهای ئاستی باوەڕی (٠,٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماریی بوونی هەیە.

لێرەدا، ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە تاوەکو سامپڵی توێژینەوەکە، سۆشیال میدیا زیاتر بەکاربهێنن؛ ئەوا هۆشیارییان بەرامبەر حوکمڕانیی دروست لەهەرێمی کوردستاندا زیاد دەکات.

**گریمانەی دوهەم/ جیاوازی ئاماژەی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە، لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەپێی: (ڕەگەز- تەمەن- ئاستی خوێندن-جۆری کار-شوێنی نیشتەجێبوون)دا هەیە:**

خشتەی ژمارە (٢٦)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە، لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی: (ڕەگەز)

| ڕەگەز | دوبارە | ناوەندی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٧٥ | ١٥٢,٨٠ | -١١,٨٤٣ | ١٧,٤٩ | ٥,٩٨٧ | ٠,٠٠٠ |
| مێ | ٦٥ | ٣٣,٥٤ | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢٦) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی ڕەگەز هەیە، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (Z) کە (-١١,٨٤٣) و بە ناوەندی ژمێرەیی (١٧,٤٩) و لادانی پێوەری (٥,٩٨٧) و بە ئاستی باوەڕی (٠,٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە بە بەهای ناوەندی ڕوتبی (١٥٢,٨٠) بەرامبەر (٣٣,٥٤) بۆ ڕەگەزی مێ.

خشتەی ژمارە (٢٧)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی: (تەمەن)

| تەمەن | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە ٣٠ساڵ | ٦٠ | ٢١٠,١٠ | ٢١٦,٤٨٦ | ١٨,٠١ | ٦,٢٤٢ | ٣ | ٠,٠٠٠ |
| لە ٣٠ ساڵ بۆ کەمتر لە ٤٠ ساڵ | ٩٤ | ١٣٣,٧٦ | | | | | |
| لە ٤٠ ساڵ بۆ کەمتر لە ٥٠ ساڵ | ٥٨ | ٥٦,٩٨ | | | | | |
| لە ٥٠ ساڵ زیاتر | ٢٨ | ١٥,٥٧ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢٧) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی تەمەن هەیە، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢١٦,٤٨٦) و بەناوەندی ژمێرەیی (١٨,٠١) و لادانی پێوەری (٦,٢٤٢) و بە پلەی ئازادی (٣) و ئاستی باوەڕی (٠,٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی تەمەنی (کەمتر لە ٣٠ ساڵە) بە بەهای ناوەندی روتبی (٢١٠,١٠) زیاد لە بەهای ناوەندی روتبی تەمەنەکانی دیکەدا.

خشتەی ژمارە (٢٨)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی: (ئاستی خوێندن)

| ئاستی خوێندن | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بنەرەتی | ٤ | ٢٣٤,٥٠ | ٢٠٢,٩٧١ | ١٧,٨١ | ٦,٢٤٧ | ٤ | ٠,٠٠٠ |
| ئامادەیی | ٣٤ | ٢١٩,٨٨ | | | | | |
| دبلۆم | ٤٩ | ١٧٧,٩١ | | | | | |
| بەکالۆریۆس | ١١٦ | ٩٥,٣٨ | | | | | |
| خوێندنی باڵا | ٣٧ | ١٩,٥٧ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢٨) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی ئاستی خوێندن هەیە، بە بەهای ئاماریی تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٠٢,٩٧١) و بە ناوەندی ژمێرەیی (١٧,٨١) و لادانی پێوەری (٦,٢٤٧) و

بەپلەی ئازادی (٤) و ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی ئاستی خوێندنی بنەرەتییە بە بەهای ناوەندی ڕوتبی (٢٣٤,٥٠) زیاد لە بەهای ناوەندی ڕوتبی ئاستی خوێندنەکانی دیکەدا.

خشتەی ژمارە (٢٩)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەرتوێژانی توێژینەوەکە هەیە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەپێی: (جۆری کار)

| جۆری کار | دوبارە | ناوەندی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چالاکوانی مەدەنی | ٧٢ | ٣٦,٧٩ | ٢١٦,٩٣٠ | ١٧,٧١ | ٦,٢٤٦ | ٤ | ٠،٠٠٠ |
| میدیاکار | ٧٥ | ١٠٩,٨٧ | | | | | |
| پەرلەمانتار | ٧٧ | ١٨٥,٨٦ | | | | | |
| وەزیر | ١٣ | ٢٣٢,٠٤ | | | | | |
| ئەنجومەنی دادوەری | ٣ | ٢٣٤,٥٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢٩) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لە بەکارهێنانی سۆشیال بەپێی جۆری کار هەیە، بە بەهای ئاماریی تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢١٦,٩٣٠) و بەناوەندی ژمێرەیی (١٧,٧١) و لادانی پیوەری (٦,٢٤٦) و بە پلەی ئازادی (٤) و ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی ئەنجومەنی دادوەرییە بە بەهای ناوەندی ڕوتبی (٢٣٤,٥٠) زیاد لە بەهای ناوەندی ڕوتبی جۆری کارەکانی دیکەدا.

خشتەی ژمارە (٣٠)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەرتوێژانی توێژینەوە لەبەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەپێی: (شوێنی نیشتەجێبوون)

| شوێنی نیشتەجێبوون | دوبارە | ناوەندی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٨٢ | ١٩٩,٥٠ | ٢٢٠,٢٩٩ | ١٨,٠٤ | ٦,٢٩٦ | ٣ | ٠،٠٠٠ |
| سلێمانی | ٧١ | ١٢٢,٩٧ | | | | | |
| دهۆک | ٥١ | ٦١,٥٣ | | | | | |
| هەڵەبجە | ٣٦ | ١٩,٢٢ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣٠) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون هەیە، بەبەهای ئاماریی تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٢٠,٢٩٩) وبەناوەندی ژمێرەیی (١٨,٠٤) ولادانی پیوەری

(٦,٢٩٦) وپلەی ئازادی (٣) وبەئاستی باوەڕی (٠,٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی شاری هەولێر بەبەهای ناوەندی ڕوتبی (١٩٩,٥٠) زیاد لەبەهای ناوەندی ڕوتبی شارەکانی دیکەدا.

**گریمانەی سێهەم/ جیاوازی ئاماژەی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست، بەپێی: (ڕەگەز- تەمەن- ئاستی خوێندن-جۆری کار-شوێنی نیشتەجێبوون):**

خشتەی ژمارە (٣١)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە، سەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست، بەپێی: (ڕەگەز)

| ڕەگەز | دووبارە | ناوەندی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٢٣ | ١٥٢,٩٩ | -١١,٩٠٥ | ٢٤,٧٢ | ١٥,١٣٩ | ٠,٠٠٠ |
| مێ | ٢٧٦ | ٣٣,٠٢ | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣١) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەبۆچونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست بەپێی ڕەگەز هەیە، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (Z) کە (-١١,٩٠٥) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢٤,٧٢) و لادانی پێوەری (١٥,١٣٩) و بە ئاستی باوەڕی (٠,٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە بە بەهای ناوەندی ڕوتبی (١٥٢,٩٩) بەرامبەر (٣٣,٠٢) بۆ ڕەگەزی مێ.

خشتەی ژمارە (٣٢)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەرتوێژانی توێژینەوەکە سەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست بەپێی: (تەمەن)

| تەمەن | دووبارە | ناوەندی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە ٣٠ ساڵ | ٦٠ | ٢١٠,١٠ | ٢١٦,٤٨٦ | ١٨,٠١ | ٦,٢٤٢ | ٣ | ٠,٠٠٠ |
| لە ٣٠ ساڵ بۆ کەمتر لە ٤٠ ساڵ | ٩٤ | ١٣٣,٧٦ | | | | | |
| لە ٤٠ ساڵ بۆ کەمتر لە ٥٠ ساڵ | ٥٨ | ٥٦,٩٨ | | | | | |
| لە ٥٠ ساڵ زیاتر | ٢٨ | ١٥,٥٧ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣٢) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست بەپێی تەمەن هەیە، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢١٠,١٠) و بەناوەندی ژمێرەیی (١٨,٠١) و لادانی پێوەری

(٦,٢٤٢) و بەپلەی ئازادی (٣) و ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی تەمەنی (کەمتر لە ٣٠ساڵ) بە بەهای ناوەندی روتبی (٢١٠,١٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی تەمەنەکانی دیکەدا.

خشتەی ژمارە (٣٣)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە بۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست بەپێی: (ئاستی خوێندن)

| ئاستی خوێندن | دووبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بنەرەتی | ٤ | ٢٣٤,٥٠ | ٢٠٧,٩٣٧ | ٢٣،٩٥ | ١٧,٨١ | ٤ | ٠،٠٠٠ |
| ئامادەیی | ٣٤ | ٢١٩,٨٨ | | | | | |
| دبلۆم | ٤٩ | ١٧٧,٩١ | | | | | |
| بەکالۆریۆس | ١١٦ | ٩٥,٣٨ | | | | | |
| خوێندنی باڵا | ٣٧ | ١٩,٥٧ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣٣) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەبۆچونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست بەپێی ئاستی خوێندن هەیە، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٠٧,٩٣٧) وبەناوەندی ژمێرەیی (٢٣،٩٥) ولادانی پێوەری (١٧,٨١) وبەپلەی ئازادی (٤) وئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی ئاستی خوێندنی بنەرەتی بەبەهای ناوەندی روتبی (٢٣٤,٥٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی ئاستەکانی دیکەدا.

خشتەی ژمارە (٣٤)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست بەپێی: (جۆری کار)

| جۆری کار | دووبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چالاکوانی مەدەنی | ٧٢ | ٣٦,٠٠ | ٢١٣,٦٩٣ | ٤٧,٧٠ | ٧,٨٢٨ | ٤ | ٠،٠٠٠ |
| میدیاکار | ٧٥ | ١٠٩,٩٦ | | | | | |
| پەرلەمانتار | ٧٧ | ١٨٥,٩٤ | | | | | |
| وەزیر | ١٣ | ٢١٣,٠٠ | | | | | |
| ئەنجومەنی دادوەری | ٣ | ٢٣٩,٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣٤) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکەدا سەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست بەپێی جۆری کار هەیە، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢١٣,٦٩٣) و بەناوەندی ژمێرەیی (٤٧,٧٠) و لادانی پێوەری

(٧٫٨٢٨) و بەپلەی ئازادی (٤) و ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی ئەنجومەنی دادوەری بە بەهای ناوەندی روتبی (٢٣٩,٠٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی جۆری کارەکانی دیکەدا.

خشتەی ژمارە (٣٥)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەبۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست بەپێی: (شوێنی نیشتەجێبوون)

| شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٨٢ | ١٩٩,٣٠ | ٢١٩,٩٢٠ | ٢٥,٢٦٥ | ٧,٨٧٨٥ | ٣ | ٠،٠٠٠ |
| سلێمانی | ٧١ | ١٢٣,٢٣ | | | | | |
| دهۆک | ٥١ | ٦١,٩٠ | | | | | |
| هەڵەبجە | ٣٦ | ١٨,٥٦ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣٥) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە بۆچوونیان دەربارەی حوکمڕانیی دروست بەپێی (شوێنی نیشتەجێبوون) هەیە، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢١٩,٩٢٠) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢٥,٢٦٥) و لادانی پێوەری (٧,٨٧٨٥) و پلەی ئازادی (٣) و بە ئاستی باوەڕی (٠,٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی شاری هەولێر بە بەهای ناوەندی روتبی (١٩٩,٣٠) زیاد لە بەهای ناوەندی روتبی شارەکانی دیکەدا.

## دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:

**یەکەم/ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

لە ئەنجامی کۆکردنەوەی زانیاری، داتاکانی سامپڵی توێژینەوەکە، هەڵسەنگاندنی گریمانەکان و شیکردنەوەیان بە چەند پێوەر و ڕێکارێکی ئاماریی؛ توێژەر لەڕێگەی توێژینەوەکەوە گەیشتووە بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

1. پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی گشتی و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە تایبەتی، بە ئاستێکی بەرز و بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن دەستەبژێرێک لە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا (پەرلەمانتاران، وەزیرەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری، میدیاکار و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی) بەکاردەهێندرێن، ئەمەش ئاستی کاریگەری و بایەخی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لای سامپڵی توێژینەوەکە نیشاندەدات.
2. زۆرینەی زۆری پەرلەمانتاران، وەزیرەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و میدیاکار و چالاکوانان لە هەرێمی کوردستاندا؛ بە پلەی یەکەم پشت بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، پلەی دووەم پلاتفۆڕمی واتسئاپ و پلەی سێیەم پلاتفۆڕمی ڤایبەر دەبەستن، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانەیان و پەیوەندیکردن و ڕاییکردنی ئەرکەکانیان، هاوکات لەو ڕێگەیەوە ئاگاداری کاردانەوە و بۆچوونەکان و پەیامەکانی بەکارهێنەرانی دیکەی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیان سەبارەت بە ئاستی پێهەستانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی.
3. زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە، ڕۆژانە یەک بۆ دوو کاتژمێر پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن لەڕێگەی ئامرازی ئەلیکترۆنی (مۆبایل)، یان شاشە بچوکەکانەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە سەبارەت بە سامپڵی توێژینەوەکە، کە سەرباری بەرپرسیارێتیان لەناو دەسەڵاتە فەرمی و نافەرمییەکان، کاتێکی گونجاویان بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا تەرخانکردووە، بە ئامانجی پەیوەندیگرتن لەگەڵ بەکارهێنەران و ئاگاداربوون لە باس و خواسی ڕۆژانە و خواست و داواکاری هاوڵاتیان، لەم دەرئەنجامەوە دەردەکەوێت پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا تائەندازەیەکی باش بوونە پردی پەیوەندی لەنێوان کاربەدەستان و هاوڵاتیاندا.
4. دیارترین ئەو بابەتانەی جێی بایەخ و سەرنجی سامپڵی توێژینەوەکەن، لەڕێگەی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیاوە؛ بابەتە سیاسیەکانن، ئەمەش ئاماژەیەکی ئاسایی سروشتی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیایە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، کە پرسە سیاسییەکان پانتاییەکی فراوانی بایەخبەندی لای وەرگران داگیرکردووە، بەشێوەیەک گفتوگۆ و کێشمەکێشمەکان گوزارشتن لەو کێشە و قەیرانانەی ڕووبەڕووی سیستمی حوکمڕانی و ململانێی پارتەکان و کارەکتەرە سیاسییەکان دەبنەوە.
5. مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لای زۆرینەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە، بریتیە لە پەیوەندیگرتن لەگەڵ بەکارهێنەران، بڵاوکردنەوەی چالاکییەکان،

زانینی هەواڵ و زانیارییەکان، ئاگاداربوون لە ڕووداو و بابەتەکانی ڕۆژ، لەگەڵ ئەوەشدا کارلێک و کاردانەوەیان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی دیکەی بەشداربووان بە کۆمێنت و لایک و دووبارە بڵاوکردنەوە هەیە، ئەمەش مانای وایە سروشتی ئەو پەیوەندییە گریمانەییە؛ ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووە و کاریگەری لەسەر کاراکردنی ئاستی پێهەستانی کارەکتەر و دامەزراوەکانی حوکمڕانی ئەرێنی بووە.

6. سامپڵی توێژینەوەکە، بە ئاستێکی بەرز، پشت بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەبەستن، بۆ بڵاوکردنەوە و ئاڵوگۆڕی هەواڵ و زانیاری پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کارەکتەرەکانی دەسەڵاتە فەرمییەکان، فەیسبووک وەک ئامرازێکی سیاسیی و یەکێک لەسەرچاوەکانی گەیشتن بە هەواڵ و زانیاری پەیوەست بە حوکمڕانیی دروست بەکاردەهێنن و وەڵامدانەوەیان بۆ بۆچوون و داواکارییەکانی هاوڵاتیان هەیە.

7. تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بووەتە ئامرازێکی بەشداری سیاسیی لە پڕۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش بەرئەنجامی تێڕوانینی پەرلەمانتاران، وەزیرەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری، چالاکوان و میدیاکارانە، بەشێوەیەک سامپڵی توێژینەوەکە جەختدەکەنەوە، کە سۆشیال میدیا کەناڵێکی چالاکە بۆ هاندان و کارایی بۆ بەشداری زیاتری بەکارهێنەران لە پڕۆسەی سیاسیی و دەربڕینی بۆچوونەکانیان لەسەر پرسە گشتییەکان، ئەم دەرئەنجامەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر بەهێزکردنی یەکێک لە بنەماکانی حوکمڕانیی دروست هەیە، کە بەشداری فراوانی هاوڵاتیانە لە کایەی سیاسیی و پڕۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان.

8. یەکێک لە ئامرازە یارمەتیدەرەکان بۆ چاودێری دامەزراوەکانی حوکمڕانی، خستنەڕووی دۆسیەکانی گەندەڵی، ڕەخنەگرتنی زیاتری حاڵەتەکان، ئاشکراکردن و دەستاودەستکردنی لەناو ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەران؛ تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە، بەشێوەیەک بووەتە سەکۆیەک بۆ نیشاندانی لایەنە دزێوەکانی دیاردەکە و پەرەپێدانی هۆشیاری و دروستکردنی فشاری جەماوەری بۆ بەگژداچوونەوەی حاڵەتەکان، ئەم کۆدەنگییە لەناو دنیای گریمانەیی سۆشیال میدیادا؛ کاریگەری ڕێژەیی لەسەر بنەماکانی لێپرسینەوە و چاودێری و بەدواداچوونی دامەزراوەکان هەبووە.

9. لەناو پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیادا، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ئەگەر بەشێوەیەکی دروست بەکاربهێندرێت؛ دەتواندرێت وەک کەناڵێکی میدیایی کارا بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی و بەگژداچوونەوەی دیاردەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی ڕۆڵ بگێڕێت، ئەم دەرئەنجامە لەکاتێکدایە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان؛ بوونی گەندەڵی بەرفراوانە لە هەموو ئاستەکاندا، هەربۆیە سامپڵی توێژینەوەکە کە ژمارەیەک لە کارەکتەرانی دەسەڵاتە فەرمییەکانن، هەڵمەتەکانی بەکارهێنەرانی فەیسبووک بە کاریگەر دەزانن بۆ وەڵامدانەوەی دامەزراوەکان بە ئامانجی سنووردارکردنی دیاردەکە، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیایە بۆ پەرەپێدانی جۆرێک لە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، کە مەبەست لێی حوکمڕانی دژە گەندەڵییە.

10. کارلێکی سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک سەبارەت بە شەفافییەت و بەدەستخستنی زانیاری پەیوەندیدار بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش ئاماژەی ئەرێنییە، کە ئەو دەستەبژێرە لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک واقیعیانە کاردانەوەیان لە بەکارهێنانی تۆڕی فەیسبووک بۆ پرسە سیاسییەکان و ئەو زانیارییانەی لەڕێی ئەو پلاتفۆرمانەوە بڵاودەبنەوە لادروست دەبێت، هاوکات سەکۆکانی سۆشیال میدیای دەرگای زیاتری بە ڕووی هاوڵاتیان و دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا کردووەتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و ڕەخساندنی کەشی گفتوگۆ لەنێوان هاوڵاتیان و بڕیاربەدەستان؛ سەبارەت بەو پرسانەی پەیوەندیدارن بە ژیانی گشتی و کایەی حوکمڕانی.
11. سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز دەڕواننە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بۆ خستنە ژێر بەرپرسیارێتی کارەکتەرەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، بە ئاراستەی ڕەنگدانەوەی هەستی بەرپرسیارێتی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان و پەیڕەوکردنی بەشێک لە بنەماکانی حوکمڕانیی دروست لە کاروباری ئیداریی و بەڕێوەبردندا، بەشێوەیەک تێڕوانینان وایە فەیسبووک وەک پردی پەیوەندی نێوان بڕیاربەدەستان و هاوڵاتیان؛ کاریگەریی ئەرێنی هەبووە بۆ خستنەژێر بەرپرسیارێتی کارەکتەرەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی پێهەستانی خزمەتگوزارییەکان و کاراکردنی ئیداریی، کە بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانیی دروست.
12. تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک میدیاییەکی کۆمەڵایەتی چالاکە؛ بۆ وەڵامدانەوەی خێرای داخوازی و داواکاری بەکارهێنەران و کارلێککردنیان لەگەڵ دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا، بەشێوەیەک زۆرینەی سامپڵی توێژینەکە لە ڕێگەی ئەکاونت و پەیجە گشتییەکانیان بەرکەوتیان لەگەڵ ناوەڕۆکی سەرنج و بۆچوونەکانی بەکارهێنەرانی دیکەدا هەیە، هاوکات خزمەتگوزارییەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک بە ئەرێنی وەسفدەکەن، کە دەرفەتی خێرا وەڵامدانەوەی لەنێوان کارەکتەرەکانی حوکمڕانی و هاوڵاتیان چالاکتر کردووە، ئەم تایبەتمەندییەش زەمینەسازی بۆ بەهێزکردنی یەکێک لە بنەماکانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا دەکات؛ کە بوونی ئیدارەیەکی وەڵامدەرەوە و لێوەشاوەیە.
13. سامپڵی توێژینەوەکە، بە ئاستێکی فراوان بۆچوونیان وایە، کاردانەوە و هەڵوێستی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کاریگەریی لەسەر گۆڕینی بڕیار و هەڵوێست و کردارەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەبووە، بەتایبەت بەهۆی فراوانی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلایەن زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان؛ بە بەردەوام کەناڵی فشاری جەماوەریی بووە بە ئاراستەی وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی خەڵک، بۆ گۆڕانکاری لەو بڕیار و کردارانەی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە، کە لە ئاست خواست و ویستی هاوڵاتیاندا نەبووە، ئەم دەرئەنجامەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ کاریگەریی ڕۆڵی فەیسبووک لە بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.

14. پەرلەمانتاران، وەزیرەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری، میدیاکار و چالاکوان کاریگەریی ئەو هەڵمەت و ڕایگشتی و کۆدەنگییانەی لەناو ئەو تۆڕە گریمانەییانە دروستدەبێت؛ دەربارەی پرس و بابەتە گشتییەکان، کە گوزارشتن لە ڕەخنەگرتن لە ئاستی خزمەتگوزاری و پێهەستانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی؛ بە ئەرێنی دەبینن لەسەر دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیار لە هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەک لەڕێی ئەو زانیارییانەوە خەملاندن بۆ ئاستی پێشبینی و داواکاری هاوڵاتیان دەکرێت، ئەو دۆخە کاریگەری ڕێژەیی لەسەر ڕەفتار و ئاستی مەعریفی کارەکتەرەکان و جۆری بڕیارەکان دادەنێت، یاخود دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لە چۆنیەتی داڕشتنی بڕیارەکان، ئەمە لە کاتێکدایە، خودی حوکمڕانیی دروست بریتیە لە پەیڕەوکردنی جۆرێک لە فەرمانڕەوایی، کە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان دەرئەنجامی خواست و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیە.
15. سامپڵی توێژینەوەکە، بە پلەی یەکەم هەوڵدەدەن دید و بۆچوونەکانیان لەڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە سەبارەت بە حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا بخەنەڕوو، ئەم دەرئەنجامەش ئاماژەیە بە ئاستێکی بەرز لە گرنگیدان و ئاگایی و پەیوەست بوونی ئەو دەستەبژێرە لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک بۆ گەیاندنی دیدوبۆچوونەکانیان لەمەڕ پرسی حوکمڕانیی دروست، لەبەرامبەردا، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بڕوایانوایە تائێستا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک ئامرازێکی کاریگەر لەلای کارەکتەرەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە هەریمی کوردستاندا بەکارنەهاتووە بۆ پراکتیزەکردنی دیدە دروستەکان لەسەر حوکمڕانیی دروست، ئەم دەرئەنجامە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە هەرچەندە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەرفراوانە، بەڵام کاریگەریی ئەو بەکارهێنانە لەسەر واقعی پرۆسەی سیاسیی و دەرکردنی بڕیار و هەنگاوە سیاسیەکان لەناو دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا لاوازە.
16. لەبارەی هەڵسەنگاندنی گریمانەکان، دەرکەوتووە پەیوەندی ئاماژەی ئاماریی لەنێوان بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و حوکمڕانیی دروستدا هەیە، بەشێوەیەک تاوەکو سامپڵی توێژینەوەکە سۆشیال میدیا زیاتر بەکاربهێنن، ئاستی هۆشیاریان بەرامبەر شێوازی حوکمڕانیی دروست زیاد دەکات و کاریگەریی ئەرێنی دروست دەکات لەسەر بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا.
17. لە بارەی جیاوازیی ئاماژەی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە، لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک بەتایبەتی و هۆشیاریان سەبارەت بە پرسی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا؛ ڕەنگدانەوەی جیاوازییەکان دەردەکەوێت، لە هەریەک لە تایبەتمەندی دیموگرافی ڕەگەز، تەمەن، ئاستی زانستی، جۆری کار و شوێنی نیشتەجێبوندا، ئەمەش ئەو جۆراوجۆرییەی سامپڵی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، کە توێژەر لەکاتی شیکاری ئەنجامەکاندا پشتی پێبەستوون بۆ هەریەک لە گۆڕاوی سەربەخۆ و وابەستە.
18. بەشێوەیەکی گشتی، سامپڵی توێژینەوەکە، بە پلەی یەکەم هەوڵدەدەن دید و بۆچوونەکانیان لەڕێی فەیسبووکەوە سەبارەت بە حوکمڕانیی دروست بخەنەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاستی ئاگایی و بایەخبەندی دەستەبژێرێک لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک بە

پلاتفۆرمەکابی سۆشیال میدیا، بۆ دەربڕینی دیدەکانیان لەبارەی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەرامبەردا بەشێک لە سامپڵی توێژینەوەکە بڕوایانوایە؛ تائێستا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک ئامرازێکی کاریگەر لەلای کارەکتەرەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانی بەکارنەهاتووە، بۆ پراکتیزەکردنی دیدە دروستەکان لەسەر حوکمڕانیی دروست و پەیڕەوکردنی بنەماکانی، ئەم ئەنجامەش پشتگیری ئەو بۆچوونانە دەکات، کە کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕانکارییە سیاسیەکان و شێوازی حوکمڕانی؛ کاتی و سنووردارن لە ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا.

**دووەم/ ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:**

دوای خستنەڕووی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێک دەخاتە بەردەم دەسەڵاتە فەرمی و نافەرمییەکانی سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان و کارەکتەرەکانیان، بە ئامانجی دروست بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و خستنەگەڕیان بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی دروست، کە بتوانێت وەڵامگۆی خواست و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بێت.

**أ/ ڕاسپاردەکان:**

١- گرنگیدانی زیاتر بە پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلایەن دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، ڕوونکردنەوەی دیوە شاراوەکانی داهات و خەرجی، خەمڵاندنی ڕایگشتی، بەهێزکردنی ڕایەڵەی پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوڵاتیان و وەڵامدانەوەی داواکارییەکان.

٢- بەپێی سروشتی سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان، پارتە سیاسیەکان ڕۆڵی بنچینەیی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا دەگێڕن، لەبەرئەوە دروست بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک لەڕێی پارتەکانەوە، هۆکارێکە بۆ کێبڕکێی دروست و پەیوەندیگرتنی ئاسان لەگەڵ جەماوەر و دەنگدەران بۆ قەناعەتپێکردن و پشتگیریان.

٣- ڕێکخستن و ئەنجامدانی چەند کۆنفرانس و دیدار و وۆرکشۆپێک لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکا و ناوەندە میدیاییەکان، بۆ کاراکردنی ڕۆڵی ئەو دوو دەسەڵاتە و کاراکردنی سەکۆکانی سۆشیال میدیا و فەیسبووک، تا نوێنەرایەتیەکی باشتری داخوازییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بکەن.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەلایەن زانکۆکان و ناوەندە زانستییە پەیوەندیدارەکان لەسەر گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوە لە ڕەهەند و لایەنەکانی دیکەی سۆشیال میدیا و کاریگەریی لەسەر ژیانی گشتی و پرۆسەی سیاسی و کاراکردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانی.

**ب/ پێشنیازەکان:**

١- هەرێمی کوردستان زۆر پێویستی بە پیادەکردنی حوکمڕانیی دروست و پەرەپێدان و چاکسازی گشتگیر لە هەموو بوارەکاندا هەیە، هەربۆیە توێژەر پێشنیاز دەکات بۆ دامەزراوە فەرمییەکانی حوکمڕانی (پەرلەمان، حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری)، وەک کەناڵێکی بەشداری سیاسیی و چاودێری دامەزراوەکانی حوکمڕانی؛ پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک زیاتر بەکاربهێنن، تا لەو ڕێگەیەوە کەناڵەکانی پەیوەندییان لەگەڵ هاوڵاتیان و بەکارهێنەران بەهێزتر بکەن و جەماوەر بەشدارییپێبکەن لە داڕشتنی بڕیار و یاسا و ڕێکارە ئیدارییەکان.

٢- پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی میدیا، گرنگی زیاتر بدەن بە بەکارهێنانی سەکۆکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بە جۆرێک وەک کەناڵی خوڵقاندنی ڕایگشتی و دروستکردنی کۆدەنگی و بەڕێوەبردنی هەڵمەت ئەلیکترۆنی

بەکاریانبهێنن، تا لەو ڕێگەیەوە هەر یەکێکیان بەپێی تایبەتمەندی خۆی؛ هەوڵبدەن ببنە کەناڵی فشار و پردی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا، بە ئامانجی نوێنەرایەتیکردنێکی ڕاستەقینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا وەک ئامرازی بەدیهێنانی چاکەی گشتی و بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانی دروست.

٣- بابەتەکانی سۆشیال میدیا و حوکمڕانیی دروست دوو چەمکی هاوچەرخی ناو زانستی میدیا و پەیوەندی سیاسین، ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەلایەن توێژەران و ئەکادیمیستان لەناو زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بایەخێکی زۆری بۆ فراوانکردنی مەعریفەی زانستی و هۆشیارکردنەوەی زیاتری بەکارهێنەران، بەئامانجی دروست بەکارهێنانی سەکۆکانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، هاوکات ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی زیاتری پەیوەندی نێوان میدیا و سیاسەت، پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و دامەزراوەکانی حوکمڕانی، ڕۆڵی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە پەرەپێدانی شەفافییەت و بەڕێوەبردنی هاوچەرخدا، هەموو ئەم بابەتانە بەسەریەکەوە زنجیرەیەک پرسی پڕ بایەخن بۆ دەرخستنی کاریگەریی میدیای نوێ بەسەر کایەکانی ژیان و ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە بۆ هێنانەدی ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### زمانی کوردی

### توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان:


